شکاندنی بتێك له بته‌کان

# عومەری کوڕی خەتاب

# شێرەکەی ئیسلام یان کەمتیارەکەی بیابان


**نوسینی**

**دکتور پشتیوان عەبدوڵا**

**ناسراو به الامام العلامة عبدالمکار بن عبدالمنتقم بن عبدالضار بن عبدالیاهو**

هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب : شکاندنی بتێک لەبتەکان - عومەری کوڕی خەتاب
شێرەکەی ئیسلام یان کەمتیارەکەی بیابان
بابـــــەت : ڕوونکردنەوەیەکی ئاینیی
نوســــینی : دکتور پشتیوان عەبدوڵا
چـــــاپ : چاپی یەکەم 2019
تیـــــراژ : 100 دانە
نـــــرخ : 12000 دینار

پێشکەشە بە :

پیرۆز نەهاوەندی و قوربانیانی ڕێگای ئازادی و دادپەروەری

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

فخرالعالمين محمدی کوڕی ئامینة صـــلعم  تاکە بنیاتنەری کەڵت و ئایدۆلۆژیای ئیسـلامیزم نییە بەڵکو بە درێژایی ١٤ سـەدەی ڕابردوو ، ئیسـلام بەردەوام گۆڕانکاری بەسـەر دا هاتووە و سـەروسـیمای پێدراوە ، بۆ ئەوەی بتوانێت بمینێتەوە و لە ناو نەچێت ، چونکە ئیسلام وەك کەڵتێك سەراتاپای بنەماکانی لەگەل سروشت و ئاکار و ڕەوشـــتی مرۆڤ ناکۆکە. لەبەر ئەوە بە بەردەوامی وە نەوە لە دوای نەوە هاتووە خۆی نوێکردۆتەوە و جوانکاری بەســـەرخۆیدا هێناوە. زاناکان بەردەوام هاتوون ســـەدە لە دوای ســـەدە و دەیە لە دوای دەیە و نەوە لە دوای نەوە ، بەشـــێك  لە توراسی ئیســـلامیان تضـــعیف و بێبنەما و باتل کردۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت هەڵ بکات لەگەل پیشکەوتن و شارستانیەت . بۆ نمونە سـەبارەت بە خەتەنەی کچان چەندەها فەرمودەی راست و صحیح هەیە وە  بۆ ماوەی ١٤ سەدە ئیسلام کچانی هەتك کرد ، ئەمرۆ هاتوون و دەڵێن خەتەنە هیچ پەیوەندی بە ئیســـلامەوە نییە بەڵکو داب و نەریتی کەلتورەکانە . نمونەی تر : بەشـودانی منداڵان لەسـەر بێشـکە کە محمد خۆی پیادەی کردووە وە  ڕەگ و ریشـــەی لە قورئاندا هەیە  ، ســـمێڵ قوتە موسـەقەفەکانی سـەردەم هاتوون و دەڵێن بە شـودانی منداڵان کەلتورە و هیچ پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە .

بەلاتانەوە ســـەیر نەبێت دوای چەند ســـاڵێکی تر ســـمێڵ قوتە  ئەفەندیەکان بڵێن حیجاب و نیقاب هیچ پەیوەندی بە ئیســـلامەوە نییە بەڵکو کەلتوری هەندێك لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکانە.

وە  ئەم ئەفەندیانە تەنانەت دەقە پتەوەکانی قورئان لە مەتن و مانای راسـتەقینەی خۆی بەلارێدا دەبەن وە تفســـیر و شرۆڤەیەکی بۆ دەکەن کە بەقەد دووری نێوان زەوی ئاســـمان لەگەل مانا و مەتنی دەقەکە جیاوازە . وە هاتوون کردوویانن بە ئیعجازی زانســـتی قورئان. بۆ نمونە کاتێك قورئان لە ئایەتی ٢١٦ ســـورەتی مانگا دەڵێت:

**كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ**

( ئەی موسـلمانان ) شـەڕ کردنتان لەسـەر نوسراوە ، لەگەل ئەوەش رقتان لە شـەڕ کردنە ، وە ڕەنگ بێت رقتان لە شـتێك بێت بەڵام بۆتان باش بێت وە ڕەنگ بێت خۆشیتان بە شتێك بێت بەڵام بۆتان خراپ بێت ، اللە دەزانێت و ئێوە نازانن

دەقێکی پتە و ڕونە  کە دەڵێت جیهاد فەرزە . وە هیچ مانایەکی تر هەڵناگرێت.
وە قورئان دان بەوە دەنێت کە دوو جۆر ئایەت لە قورئاندا هەن ، جۆرێکیان پتەون (محکم) کە  بنەمای قورئانن ، وە جۆرێکیان ( متشابهات- لێڵ و نارۆشن) کە هیچ کەسێك تفسیر و شرۆڤەکەی نازانێت تەنها  الله اکبر ( محمد) نەبێت. هەروەك لە ئایەتی ٧ سورەتی ال عمران هاتووە:

**هُوَ الَّذِي أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ ۖ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ ۗ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ ۗ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ**

الله بوو کە قورئانی لە لای خۆیەوە بۆ محمد دابەزاند، وە قورئان  ئایەتی پتەو و رونی تێدایە کە  بنەما و دایکی  قورئان وە ئایەتی تر کە  لێڵ و نارۆشنن ( متشابهات) ، بەڵام ئەم موسلمانانەی کە دڵیان لە ڕێگای ڕاست بەلارێدا چووە  ، پیادەی ئەم دەقانە دەکەن کە لێڵ و نارۆشنن بۆ نانەوەی فیتنە و ئاژاوە وە لە خۆیانەوە شرۆڤەی دەکەن، لەگەڵ ئەوەش کە هیچ کەسێك جگە لە الله  شرۆڤەکەیان نازانێت  وە ئەهلی علم ( مەلا و پیاوانی ئاینی)  دەڵێن لەگەڵ ئەوەش شرۆڤە و مانایان نازانین بەڵام ئیمانمان هێنا چونکە ئیمان دەهێنین  بە هەموو شتێك کە لە لایەن اللهوە دابەزیووە.

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت :

یەکەم : دوو جۆر ئایەت لە قورئاندا هەن : محکم ( ڕون و پتەو)  و متشابە (لێڵ و نارۆشن)

دووەم : ئایەتە پتەو رونەکان  بریتین لە  بنەما و دایکی قورئان ( ام الکتاب) واتە ماناکانیان ڕونە و تفسیر و شرۆڤەی جیا لە خۆیانەوە ناگرن

سێهەم : ئایەتی متشابهات ( لیڵ و نارۆشن) کە هیچ کەسێك ماناکەی نازانێت تەنها الله اکبر ( محمد) نەبێت

چوارەم : ئەهلی علم ( مەندیل لەسەر و ریش پانەکان و سمێڵ قوتەکان )  لەگەڵ ئەوەش لە مانای ئایەتە متشابهاتەکان تێناگەن بەڵام ئیمان دەهێنن چونکە لە لایەن الله اکبرەوە دابەزیووە.

پینجەم : ســمێل قوتە ئەفەندیەکانی ســەردەم ، بە حوکمی ئەوەی موونافیقن و دەیانەوێت جوانکاری بۆ ئیســلام بکەن ، جەخت دەکەنە ســەر ئایەتە لێل و نارۆشــنەکان و بە کەیفی گونی خۆیان تفســیر و شرۆڤەی دەکەن . بۆ نمونە : قورئان و ئیعجازی زانستی

ابن کثیر لە تفسـیری ( و ما یعلم تاویله الله – هیچ کەسـێك شرۆڤەی نازانێت تەنها الله نەبێت ) دەلێت : ابن عباس گوتویەتی : ئایەتەکانی قورئان چوار جۆرن: یەکێکیان ڕونە و هیچ کەسێك نیە لە ئایەتەکە تێنەگات ( واتە پێویست بە شرۆڤە ناکات) وە جۆرێکیان عەرەب دەزانێت مانای چیە چونکە قورئان زمانی خۆی دابەزیووە ، وە جۆرێکیان زانایانی شارەزای ڕووچوو لە زانستی قورئان لێی تێدەگەن، وە جۆرێکیان هیچ کەسێك جگە لە الله نازانێت شرۆڤەکەی چییە.

کەچی سمێل قوتێك دێت و دەڵێت : بە کەیفی گونی خۆی ئایەتە پتەوەکان شرۆڤە دەکات لەگەڵ ئەوەش ماناکەی ڕونە و پێویست بە شرۆڤە ناکات وە یان دەلێن من شرۆڤەی ابن عباس و ابن مسعود و جریر و جابر و عبدالله بن عمرم قبول نییە وە یان دێت ئایەتێکی لێڵ و نارۆشن دەهێنێت و دەڵێت لەم ئایەتەدا ئیعجازی زانستی هەیە.

جلال الدین الســیوطی لە الاتقان فی علوم القران ج٦ لاپەرە ٢٣٤٦ ئاماژە بە فەرمودەیەکی صحیحی محمد صلعم دەکات کە گوتویەتی :

إن في أمتي قوما يقرءون القرآن ينثرونه نثر الدقل ، يتأولونه على غير تأويله

لە میلەتەکم خەلکانێك دەبن کە قورئان دەخوێننەوە وە وەك خورما پەرش و بڵاوی پێدەکەن وە شرۆڤەیەکی جیای بۆ دەکەن لە شرۆڤە راستەقینەکەی خۆی.

عومەری کوری خەتاب کەسێکە کە لە دوای محمد ، زۆرترین کاریگەری هەبووە لە سـەر دروسـتکردن و سـەروسـیما دان بە ئایدۆلۆژیای محمدیزم و ئیسـلامیزم . وە کاریگەری زۆری هەبووە لە سـەر قورئان . چەندەها دەقی قورئان لەسـەر داواکاری عومەر دابەزیووە وە چەند دەقێکی قورئانی لە کار خســتووە ، چەندەها داهێنانی لە شەریعەت و فیقهی ئیسلامیدا کردووە.

عومەری کوری خەتاب کەســێکە کە مەندیل لەســەرە ریش پانەکان لە مینبەری مزگەوتەکان وە بانگیشەرانی ئیسلام لە کۆڕ و کۆبونەوەکان بە کەسێکی دادپەروەر و

شێری ئیسلام ناویدەبن . بە  شێوەیەك باسی دادپەروەری عومەر دەكەن مەگەر تەنها خودای جیهانەكان بە قەد عومەر دادپەروەر بووبێت.
بەڵام سەرتاپای ئەم قسانەی مەلاكان و بانگیشەرانی ئیسلام دەیكەن جگە لە درۆیەكی شاخدار هیچی تر نییە، عومەری كوڕی الخطاب  نەك دادپەر و شێر نەبووە بەڵكو كەسێكی زۆر نادادپەر و مونافیق و بێ ئەخلاق  بووە. وە كەسێكی بالتەجی و هەمەجی و دڕندە و فاشیست بووە. وە نەك شێر نەبووە بەڵكو كەمتیارێكی تەلەكەباز بووە.
لە سەردەمی عومەری كوڕی خەتاب زۆرترین دەستدرێژی كراوەتە سەر میلەتانی فارس و كورد و ئاشوری و كلدان و ئەرمەنی و سریانی و عیبری و قیبتی و ئەمازیغ .
بە فەرمانی عومەر خەلكێكی زۆری بێتاوانی ئەم میلەتانە دەكوژرێن و قەسابی دەكرێن وە زۆرێك لە ژن و كچ و منداڵەكانیان دەكرێن بە كۆیلە ، دەستدرێژیان دەكرێتە سەر و لە بازاڕەكانی كۆیلەدا دەفرۆشرێن.
ئەم پەرتوكە پەردە هەڵدەماڵێت لە سەردرۆی شاخداری بانگیشەران و مەلاكانی ئیسلام  سەبارەت بە عومەری كوڕی خەتاب .
ئەم  پەرتوكە،  كە تایبەتە بە كەسایەتی عومەری كوڕی خەتاب ،  تەنها نمونەیەكە بۆ پەردە هەڵماڵین بە ڕوی درۆی شاخداری مەلاكان و بانگیشەرانی ئیسلام ، كە نەوە لە دوای نەوە لە مینبەری مزگەوتەكان و كۆڕ و كۆبوونەوەكان درۆیان لەگەڵ خەڵكدا كردووە و خەڵكیان گەوجاندووە  لە پێناو بەرژەوەندیەكانی خۆیان.  وە هەموویان باش دەزانن كە عومەر كەسێكی نادادپەروەر و بێرەوشت و ستەمكار و ریاكار بووە.
ئایدۆلۆژیایەك كە سەرتاپای بێرەوشتی و رەگەزپەرستی و نادادپەروەریە ناكرێت ببێتە سەرچاوەی رەوشتی جوان و دادپەروەری بۆ كەسانێك كە پابەندن بەم ئایدۆلۆژیایە.
تێبینی : هەموو ئەم سەرچاوانەی لەم پەرتوكەدا ئاماژەیان پێكراوە سەرچاوەی سونن وە هەر هەموو فەرمودەكان صحیحن .

## شكۆمەند كردن و مەزن كردنی عومەر

له توراسی سونەدا سەدەها فەرمودە هەن کە دروست کراون بۆ شکۆمەند کردنی عومەری کوڕی خەتاب . ئیسلام لە سەر بنەمای درۆ هاتووە وە دەتوانێت تەنها بە درۆ بمینێتەوە ، وە تاوەکو درۆ رەواجی هەبێت ، ئیسلام دەمینێت.

الهیثمی لە مجمع الزوائد و منبع الفوائد : کتاب المناقب : مناقب عمر بن الخطاب رضی الله عنه باب ان الله جعل الحق علی لسان عمر وقلبه ( الله هەقی خستۆتە سەر زمان و ناو دڵی عومەرەوە) ژمارە ١٤٤٢٩ دەڵێت:

طارق بن شهاب دەلێت دەمانگوت : ئارامی لەسەر زمانی عومەر دادەبەزێت

وە هەمان سەرچاوەی پیشوو بە ژمارە ١٤٤٢١ وە سنن الترمذی کتاب المناقب باب في مناقب عمر بن الخطاب رضي الله عنه ژمارە ٣٦٨٢ :

محمد صلعم فورموویەتی : الله هەقی خستۆتە سەر زمان و ناو دڵی عومەرەوە

وە لە صحیح البخاری کتاب الصلاة : ابواب استقبال القبلة ژمارە ٣٩٤ هاتووە کە عومەری کوڕی الخطاب دەڵێت :

وافقت ربي فی ثلاث ( خوداکەم هاوڕام بوو لە ٣ شتدا ) ئایەتی قیبلە گۆڕێن و حیجاب کردنی ژنەکانی محمد و هەرەشە کردن لە ژناکانی محمد کە ئەگەر چاك نەبن ئەوا الله بە تەلاقدانیان دەدات.

وە محمد زۆر حەوداڵی ئەوە بووە کە یەکێك لە دوو عومەرەکە ببن بە موسلمان :

سنن الترمذی کتاب المناقب باب فی مناقب عمر بن الخطاب رضی الله عنه ژمارە ٣٦٨١ وە مسند احمد مسند المکثرین من الصحابة مسند عبدالله بن عمر رضی الله تعالی عنهما ژمارە ٥٦٦٣ دەڵێت محمد صلعم نیزای بۆ الله اکبر دەکرد و دەیگوت:

اللهم اعز الاسلام باحب هذین الرجلین الیك بابی جهل او بعمر بن الخطاب

واتە الله گیان ئیسلام بەهێز بە یەکێك لەم دوو پیاوەی کە لای تۆ خۆشەویسترینیایە ، یان ابی جهل یان عومەری کوری الخطاب

وە دەڵێت : خۆشەویسترین پیاویان لای الله اکبر عومەری کوڕی الخطاب بوو

وە لە المستدرك علی الصحیحین کتاب معرفة الصحابة رضی الله تعالی عنهم باب لو کان نبي بعدی لکان عمر ژمارە ٤٥٥١ هاتووە کە محمد صلعم گوتویەتی :

لو کان بعدی نبي لکان عمر بن الخطاب

ئەگەر پێغەمبەر لە دوای من ببوایە ئەوا عومەری کوڕی الخطاب دەبوو
الحاكم و الهيثمی و الترمذی و الالبانی دەڵێن ئەم فەرمودەیە صحيحة
وە لە تاريخ مدينة دمشق ج٤٤ لاپەرە ٤٩ هاتووە کە محمد صلعم فەرمویەتی :
لە کاتی شەورۆییم بۆ ئاسمانەکان ، بینیم لە سەر عرش نوسرابوو : هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت وە محمد پێغەمبەری اللهیە وە ابو بكر الصديقە وە عمر الفاروقە
وە لە هەمان سەرچاوەی پێشوو ج٤٤ لاپەرە ٥٠-٥١ هاتووە کە محمد صلعم گوتویەتی:
الله راستی خستۆتە سەر زمان و دڵی عومەرەوە ، وە عمر الفاروقە ، الله لە ڕێگایەوە جیاکاری کردووە لە نێوان باطل و هەق
وە کاتێك ابو حکم ( ابو جهل) نابێت بە موسلمان محمد بەردەوام دەبێت لە نیزا کردن و دەڵێت:
اللهم ايد دينك بعمر بن الخطاب ( الله گیان پشتیوانی لە ئاینەکەت بکە بە عومەری کوڕی الخطاب)
وە لە صحيح البخاری كتاب فضائل الصحابة باب مناقب عمر بن الخطاب ابی حفص القرشی العدوي رضی الله عنه ژمارە ٣٤٨٠ هاتووە کە محمد گوتویەتی :
يا ابن الخطاب و الذی نفسي بيده ما لقيك الشيطان سالكا فجا قط الا سلك فجا غير فجك
واتە : ئەی کوڕی خەتاب سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە هەر جارێك شەیتان لە ڕێگایەك چاوی پێتدەکەوێت ئەوا ڕێگاکەی بۆ ڕێگایەکی تر جیا لە ڕێگاکەی تۆ دەگۆڕێت.
واتە شەیتان بە شەیتانی خۆی لە عومەری کوڕی الخطاب ترساوە لە کاتێکدا شەیتان لە خودا نەترساوە.
هەڵبەتە لێرەدا محمد ناراستەوخۆ بە عومەری کوڕی الخطاب دەڵێت : تۆ لە شەیتان شەیتانتریت.
وە لە مسند احمد مسند باقی الانصار : حديث بريدة الاسلمي رضی الله عنه ژمارە ٢٢٤٨٠ هاتووە کە محمد صلعم گوتویەتی :

ان الشيطان ليفرق منك يا عمر
واتە : شەیتان لێت دەترسێت ئەی عومەر
وە لە سنن الترمذی کتاب المناقب باب في مناقب عمر بن الخطاب رضي الله عنه ژمارە ٣٦٩١ هاتووە کە محمد صلعم گوتویەتی :
اني لانظر الى شياطين الانس و الجن قد فروا من عمر
واتە من سەیری شەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکە دەکەم کە لە دەستی عومەر ڕایان کرد
وە لە مجمع الزوائد و منبع الفوائد کتاب المناقب باب مناقب عمر بن الخطاب رضي الله عنه باب خوف الشيطان من عمر رضي الله عنه ( ترسی شەیتان لە عومەر) ژمارە ١٤٤٤٣ هاتووە کە محمد صلعم گوتویەتی :
ان الشيطان لا يلقى عمر منذ اسلم الا خر لوجهه
لەم ڕۆژەوەی عمر ئیسلام بووە ، هەر چەند جارێك شەیتان چاوی بە عومەر دەکەوێت بە سەرچاویدا دەکەوێت ( واتە شەیتان کرنۆش بۆ عمر دەبات)
وە ابن عساکر لە تاریخ مدینة دمشق ج٤٤ لاپەرە ١١٧ دەڵێت محمد صلعم گوتویەتی :
من ابغض عمر فقد ابغضنی ومن احب عمر فقد احبني وان الله باهى بالناس عشية عرفة عامة و ان الله باهى بعمر خاصة
واتە : ئەوەی قینی لە عومەر بێت ئەوا قینی لەمن دەبێت وە ئەوەی عومەری خۆش بووبێت ئەوا منی خۆش دەوێت ، وە الله بە شێوەیەکی گشتی لە ئێوارەی عرەفە خۆی بە خەڵك هەڵدەکێشێت وە الله بە تایبەت خۆی بە عومەر هەڵدەکێشێت.
صحيح مسلم کتاب فضائل الصحابة باب من فضائل عمر رضى الله عنه ژمارە ٤٤٠٨ دەڵێت محمد صلعم گوتویەتی :
چوومە ناو بەهەشتەوە خانویەك یان کۆشك و تەلارێکم بینی ، پرسیم : ئەوە هی کێیە؟ گوتیان ئەوە هی عومەری کوڕی الخطابە . ویستم بچمە ژوورەوە بەڵام دواتر گوتم عومەر ئیرەیی هەیە وە نەچووم.
وە لە السيرة النبوية لابن هشام ج١ لاپەرە ٣٤٢ هاتووە کە ابن مسعود گوتویەتی :

ئیسـلام بوونی عمر ( بۆ موسـلمانانی مکة) فتح بوو ، وە کۆچ کردنی ( بۆ مدینة ) بۆ ئیسـلام سـەرکەوتن بوو وە دەسـەڵاتەکەی رەحمەت بوو ، وە لای کعبة نوێژمان نەدەکرد تاوەکو عمر نەبوو بە ئیسلام ، کاتێك موسلمان بوو ، شەڕی قورەیشەکانی کرد تاوەکو لای کعبة نوێژی کرد وە لەگەڵیدا نوێژمان کرد.

ابن عســاکر لە تاریخ مدینة دمشــق ج٤٤ لاپەرە ٢٢٦ ئاماژە بە فەرموودەیەکی محمد صلعم دەکات کە گوایە گوتویەتی :

لە ئاسـمانی دونیا ٨٠ هەزار فریشـتە هەن کە داوای لێبوردەیی بۆ کەسـێك دەکەن کە ابوبکر و عومەری خۆش دەوێت وە لە ئاسمانی دووەم ٨٠ هەزار فریشتە هەن کە نەفرەت لە کەسێك دەکەن کە رِقی لە ابو بکر و عومەرە

وە ابن عسـاکر لە هەمان سـەرچاوەی پێشـوو لاپەڕە ١٢٢ ئاماژە بە فەرموودەیەکی تری محمد دەکات کە گوایە گوتویەتی :

ئەوەی درۆ بە نـاوی منەوە بکات ، تۆبەش بکات دەبێت بکوژرێت وە ئەوەی سـوکایەتیم پێ بکات ئەگەر تۆبەش بکات دەبێت بکوژرێت وە ئەوەی سـوکایەتی بە ابو بکر بکات ئەگەر تۆبەش بکات دەبێت بکوژرێت وە ئەوەی سـوکایەتی بە عومەر بکات ئەگەر تۆبەش بکات دەبێت بکوژرێت.

وە لە ســنن الترمذی کتاب المناقب باب مناقب عبدالرحمن بن عوف رضی الله عنه ژمارە ٣٧٤٧ وە مسـند احمد : مسـند العشرـة المبشرـین بالجنة ژمارە ١٩٣ هاتووە:

محمد ئاماژە بە ١٠ کەس لە یاوەرەکانی دەکات کە بەهەشـتین : ابو بکر و عومەر و عثمان و علی و طلحة و الزبیر و عبدالرحمن بن عوف و سعد و سعید و ابو عبیدة بن الجراح .

پوختەی ئەم قسە و باسانەی سەرەوە سەبارەت بە عومەری کوڕی الخطاب :

یەکەم : محمد ئاواتە خواز بووە کە عومەری کوڕی الخطاب ببێت بە ئیســلام وە هەمیشە نیزای بۆ الله اکبر کردووە کە دڵی عومەر نەرم بکات بۆ ئیسلام

دووەم: ئیسلام لە مکە خۆی ئاشکرا کرد وە لە قۆناغی کاری نهێنی پێی نایە قۆناغی کاری ئاشکرا لە دوای ئیسلام بوونی عومەر

سـێهەم : قورەیشـەکان لە عومەری کوڕی الخطاب دەترسـان و لە کەسی تر نەدەترسان

چوارەم: الله اکبر لە ڕێگای عومەرەوە هەق و ناهەق جیاکردۆتەوە

پینجەم : الله اکبر لە چەند دەقێکی قورئاندا لەگەل عومەری کوری الخطاب هاوڕا بووە

شـەشـەم: شـەیتانی جنۆکە و مرۆڤ لە دەسـت عومەری کوڕی الخطاب ڕایان کردووە

حەوتەم : شەیتان ( ئیبلیس) بەڕادەیەك لە عومەری کوڕی الخطاب ترساوە کە یان لە دەسـتی عومەر رایکردووە وە یان ڕێگای خۆی گۆڕیوە وە یان کرنۆشی بۆ عومەر بردووە

هەشـتەم: ئەوەی قینی لە عومەر بێت ئەوا قینی لە محمدە وە ئەوەی عومەری خۆش بووێت ئەوا محمدی خۆش دەوێت

نۆیەم : الله اکبر بە عومەری کوڕی الخطاب خۆی هەلکیشاوە

دەیەم : لە سـەر عرش ئاماژە بە ناوی عومەر کراوە کە الفاروقە ( واتە جیایی دەکات لە نێوان هەق و ناهەق)

یانزەهەم : ئەگەر پێغەمبەر هەبووایە لە دوای محمد ئەوا بە دڵنیاییەوە عومەر دەبوو بە پێغەمبەر

دوانزەهەم : عومەری کوڕی الخطاب یەکێکە لەم ١٠ کەسـەی کە مسـۆگەری وە بە بێ حساب و کتاب و لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە

لە پەرتوکەدا تەواوی ئەم تێڕوانینـانەی سـەرەوە بە بەلگەی سـونەوە بە درۆ دەخەینەوە و دەیسـەلمێنین عومەری کوڕی الخطاب ئەم سـیفاتانەی خوارەوەی هەبووە:

یەکەم : بەد رەوشت و سەرسەری بووە

دووەم: شـك و گومانی لە پێغەمبەرایەتی محمد هەبووە وە گوایە هەوڵی کوشـتن و تیرۆر کردنی محمدی داوە

سێهەم : درندە و بالتەجی بووە

چوارەم : جبان و ترسنۆك و نامەرد بووە

پینجەم : زۆر نادادپەروەر بووە
شەشەم : بەچەباز و مێباز بووە
حەوتەم : دەستبەرداری خمر و شراب خواردنەوە نەبووە
هەشتەم : منکوح و مابون بووە
نۆیەم : کەسێکی فاشیست بووە کە شانازی بە عەرەب بوونەوە کردووە
دەیەم : کوشت و کوشتاری کورد و داگیرکردنی کوردستان لەسەر دەمی عومەری کوڕی خەتاب و بە فەرمانی عومەر ئەنجام دراوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ڕەچەڵەکی عومەری کوڕی خەتاب

ناکۆکیەکی زۆر لە نێوان زانایان و مێژوونوسان و نوسەرانی سیرە و نەسەب ناسەکانی ئیسلام هەیە سەبارەت بە ڕەچەڵەکی عومەری کوڕی الخطاب .

الذهبی له سیر اعلام النبلاء ج٢٨ لاپەرە ٦٨ دەڵێت
عمر الفاروق : عومەر کوڕی خەتاب کوڕی نفیل کوڕی عبدالعزی کوڕی ریاح کوڕی قرط کوڕی رزاح کوڕی عدي کوڕی کعب کوڕی لؤي یە ، ئەمیری ئیمانداران ، باوکی حفص قورەیشی العدوی یە ، الفاروق رەزای اللەی لێ بێت
وە دایکی ناوی حنتمة کچی هشامی مخزومی ، خوشکی ابو جهلة ، لە ساڵی ٦ کۆچی کاتێك تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو ، ئیسلام بوو.
ابن عبدالبر لە الاستیعاب فی معرفة الاصحاب ج٣ لاپەرە ٢٣٥ باب حرف العین باب عمر ژمارە ١٨٩٩ ( عمر بن الخطاب) دەڵێت:
دایکی ناوی حنتمة کچی هاشم کوڕی المغیرة کوڕی عبدالله کوڕی عمر کوڕی مخزومە
وە هەندێك دەڵێن دایکی عمر ناوی حنتمة کچی هشام کوڕی المغیرة یە. وە هەر کەسێك وایگوتبێت ئەوا هەڵەی کردووە. چونکە ئەگەر وابووایە ئەوا دەبوو بە خوشکی ابو جهل کوڕی هشام و الحارث کوڕی هشام کوڕی المغیرة . بەڵام وانییە، بەڵکو ( حنتمة) کچی مامیانە
بەڵام ابن الکلبی لە الصلابة في معرفة الصحابة ج٣ لاپەرە ٢١٢ دەڵێت:
نفیل ( باپیرەی عمر) لە لای کلب بن لؤی بن غالب وشتروان بوو . ئیجا بوو بە وشتروانی عبدالمطلب کاتێك کلب بن لؤی مرد ، وە صهاك ( داپیرەی عمر دەكات) لای عبدالمطلب شوان بوو، رۆژێکیان نفیل و صهاك لە لەوەڕگایەك بەیەك دەگەن ، وە نفیل ئەشقی صهاك دەبێت ، بەڵام عبدالمطلب دەپێیەکی لە پێست لەبەر صهاك کردبوو وە قوفلی لێدابوو وە کلیلەکەی لای خۆ دانابوو ، بۆ ئەوەی هیچ پیاوێك نەتوانێت سێکسی لەگەڵدا بکات .
دەڵێت : نفیل لە شیری مەڕ ،رۆنەکەی گرت و لە دەوروبەری ئەم پیستەی دا کە لەبەر صهاك بوو تاوەکو توانی بۆشاییەك دروست بکات ، وە سێکسی لەگەڵ صهاك کرد وە صهاك دووگیان بوو ، بەڵام عبدالمطلب پێینەزانی ، صهاك کوڕێکی بوو بە ناوی الخطاب ( باوکی عمر) وە فرێی دایە سەر زبڵدانێك وە ژنێکی یهودی بەناوی جنازە هەڵیگرتەوە و بەخێوی کرد . کاتێك خطاب گەورە بوو خەریکی کاری دار کیشان بوو ( حطاب) ، رۆژێکیان توشی صهاك بوو ، بینی صهاك سمتی

گەورەیە وە ئارەزوی کەوتە سـەر صـهاك وە سـێکسی_ لەگەلدا کرد وە صـهاك دووگیان بوو وە کچێکی بوو بە ناوی حنتمة . کچەکەی فرێ دا ، هشـام بن المغیرة هەڵی گرتەوە و بەخێوی کرد . وە الخطاب هاتووچۆی هشام بن المغیرەی دەکرد . کاتێك حنتمة گەورە بوو ، الخطاب حنتمەی لە هشـــام خواســـت ، وە لە نێوان حنتمة و الخطاب ، عمر لە دایك بوو.

ابن الکلبی لە نێوان ساڵی ١١٠ بۆ ٢٠٤ کۆچی ژیاوە وە هەرچی مێژوو نوسی ئیسلام هەیە بابەتیان لە ابن الکلبی وەرگرتووە.

ابن حجر لە لســـان المیزان ج٦ لاپەرە ١٩٦ وە الذهبی لە ســـیر اعلام النبلاء ج٦ لاپەرە ٢٤٩ دەلێن کەسێکی بلیمەت بوو لە نەسەب دیاری کردن

وە ابن ماجة و الترمذی فەرموودەیان لە ابن الکلبی وەرگرتووە.

وە مێژووناسـانی وەك الطبری و البلاذری و ابن مسـعود و ابن سـعد شـتیان لە ابن الکلبی وەرگرتووە.

بەڵام بە هۆی راســتگۆیی لە دیاری کردنی ڕەچەلەکی عومەری کوڕی خەتاب بە شیعە تاوانباریان کردووە.

وە ابن کثیر لە البدایة و النهایة ج٣ لاپەرە ٣١٦ وە محمد عبدالوهاب بحیری لە فتح الرباني لترتیب مســند الامام احمد بن حنبل لاپەرە ١٧١ ســەبارەت بە زید بن عمرو بن ففیل دەڵێن

و کان الخطاب -والد عمر بن الخطاب- عمه و اخاه لامه ، و ذلك لان عمرو بن نفیل کان قد خلف علی امراة ابیه بعد ابیه و کان لها من نفیل اخوه الخطاب

واتە الخطاب -باوکی عومەری کوڕی خەتـاب- مام و برای زید بوو لە دایکیەوە ، چونکە عمرو ( باوکی زید) لە ژنی باوکی لە دایك بوو لە دوای مردنی باوکی ، وە برایەکی هەبوو لە نوفەیل وە لە هەمان ژن بە ناوی خەتاب

ڕونکردنەوە:

واتە نفیل ( باپیرەی عومەر) لەگەل داپیرەی ( صـــهاك) دوو کوڕیان دەبێت : بە ناوی خەتاب ( باوکی عومەر) وە عمرو. ئینجا نفیل دەمرێت . عمرو نایکات بە نامەردی دایکی خۆی نیکاح دەکات ( واتە صـــهاك نیکاح دەکات) . ئینجا عمرو

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ صـهاك كوڕێكیان دەبێت بە ناوی زەید. کەواتە خەتابی باوكی عومەر دەكاتە برا و مامی زەید.

وە فەرموودەیەك هەیە کە دەیســـەلمێنێت ژنێكی یهودی شـــیری داوە بە عومەری كوڕی خەتاب .

الهیثمی مجمع الزوائد و منبع الفوائد كتاب العلم باب لیس لاحد قول مع رســـول الله صـــلعم ژمـارە ٨١٠ ( الهیثمی دەڵێـت الطبری ئەم فەرموودەیەی ریوایەت كردووە وە پیاوەكانی جێگای متمانەن ) دەڵێت:

ابی درداء دەڵێت : عومەری كوڕی خەتاب بە بەشـــێك لە تەورات هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی ئەی پێغەمبەری الله ئەم تەوراتەم لە برایەكم وەرگرت لە بنی زریق . دەڵێت سـیمای پێغەمبەر گۆڕدرا . دەڵێت عبدالله بن زید گوتی ئەی عومەر هەی الله ئەقلت بسڕـێتەوە ئەی ســـیمای پێغەمبەر نابینێت ( واتە تورە بوو) .

عومەر گوتی : بە الله وەك خودا وە بە ئیســـلام وەك ئـاین وە بە محمـد وەك پێغەمبەر وە بە قورئان وەك ڕابەر ڕازی بووین ، پێغەمبەر بەم قســـەیەی عومەر سیمای ئاسایی بۆوە.

تێبینی : بنی زریق خێڵێكی یهودی بوون ، وە عومەر دەڵێت برایەكم لە بنی زریق ، وە نالێت هاوڕێیەكم ، وە برا لە ناو عەرەب وە لە توراسی ئیســـلامی یەكێك لە دوو مانا دەبەخشێت یەكەم : برا لە دایك و باوك دووەم : برای شیرەخۆری

واتە عومەر و ئەم كەسەی كە تەوراتی بە عومەر داوە بەیەكەوە شیریان خواردووە.

وە چەندەها فەرمووده هەن كە ئاماژە بەوە دەكەن هەرچەند جارێك یاوەرەكانی محمد ئاماژەیان بە نســـب و ڕەچەلەك كردووە، عومەر شـــلەژاوە و بابەتەكەی داخستووە

عبدالرزاق الصنعانی لە المصنف ج١١ لاپەرە ٣٧٩ ژمارە ٢٠٧٦٩ دەڵێت انس بن مالك گوتی پێغەمبەری الله لە مینبەردا گوتی : هەر پرسـیارێكم لێدەكەن لێمبكەن ، ســـوێند بە الله وەڵامتان دەدەمەوە . انس دەڵێت : عبدالله بن حذافة گوتی ئەی پێغەمبەری الله كێ باوكی منە؟ پێغەمبەر گوتی حذافة باوكتە. ئینجا زیاتر پرسـیاریان كرد و پێغەمبەر گوتی پرسـیارم لێ بكەن . انس دەڵێت : عمر هەڵسـایەوە و گوتی :

رازی بووین بە الله وەك خودا وە بە ئیسلام وەك ئاین وە بە محمد وەك پێغەمبەر . دەڵێت پێغەمبەر بێدەنگ بوو کاتێك عومەر وایگوت.

وە الهیثمی لە مجمع الزوائد و منبع الفوائد ج٧ لاپەرە ١٨٨ ئاماژە بە هەمان فەرموودەکەی انس دەکات وە دەڵێت عومەر گوتی

ئەی پێغەمبەری الله ئێمە زۆر دەمێك نابێت لە سەردەمی جاهیلی دەژیان ، تکایە عەیب و کەم و کورپیمان دەرمەخە ، واز لەم بابەتە بهێنە هەی الله عەفوت بکات.

الهیثمی دەڵێت ابو یعلی ئاماژەی بەم فەرمودەیە کردووە وە ( رجاله رجال صحیح) واتە ئەم پیاوانەی فەرمودەی لێیان وەرگرتووە راست و راستگۆن.

وە السیوطی لە الدر المثور في تفسیر بالماثور لە تفسیری ئایەتی ١٠١ سورەتی المائدة دەڵێت ابو هریرة گوتی :

پێغەمبەری الله هات بۆ مزگەوت ، تورە بوو وە سیمای سور ببۆوە ، لەسەر مینبەر دانیشت. پیاوێك هات و گوتی ئەی پێغەمبەری الله باوکم لە کوێیە؟ پێغەمبەر گوتی لە دۆزەخە. پیاوێکی تر هەلسایەوە و گوتی ئەی پێغەمبەری الله باوکم کێیە؟ پێغەمبەر گوتی باوکت حذافة یە . دەڵێت : عومەری کوری خەتاب هەلسایەوە و گوتی رازی بووین بە الله وەك خودا وە بە ئیسلام وەك ئاین وە بە محمد وەك پێغەمبەر وە بە قورئان وەك رابەر ، ئەی پێغەمبەری الله ئێمە زۆرێك نابێت جاهیل و موشریك بووین ، الله دەزانیت (الله اعلم) کێ باوکمانە ، ئەوەبوو تورەیی دامرکایەوە ، وە ئەم ئایەتە دابەزی ( ئایەتی ١٠١ سورەتی المائدة )

**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ**

ئەی ئیمانداران پرسیار سەبارەت بە شتانێك مەکەن کە کاتێك بۆتان بەدیار دەکەوێت خراپ بێت بۆتان.

وە هەروەها السیوطی ئاماژە بە فەرموودەیەکی تر دەکات و دەڵێت

دەربارەی ئایەتی ( لا تسالوا عن اشیاء ان تبد لکم تسؤکم ) دەڵێت رۆژێك پێغەمبەر تورە بوو وە لەسەر مینەر هەلسایەوە و گوتی پرسیار بکەن وە هەر پرسیارێك بکەن ئەوا وەڵامتان دەدەمەوە ، پیاوێك لە بنی سهم بە ناوی عبدالله بن حذافة ، کە خەڵك تانەیان لێی دەدا ، هەلسایەوە و گوتی ئەی پێغەمبەری الله باوکم کێیە؟ پێغەمبەر گوتی باوکت فلانە کەسە وە بە ناوی باوکی بانگی کرد ، عومەر هەلسایەوە

و پێی پێغەمبەری ماچ کرد و گوتی ئەی پێغەمبەری الله رازی بووین بە الله وەك خودا وە بە تۆ وەك پێغەمبەر وە بە قورئان وەك پیشڕەو ، وازمان لێ بێنە هەی الله عەفوت بکات ، عومەر وازی لە پێغەمبەر نەهێنا تاوەکو بڕوای پێ هێنا کە واز بهێنێت . پێغەمبەر گوتی الولد للفراش و العاهر للحجر ( واتە منداڵ بۆ سەرجێگا و لەش فرۆش بۆ بەرد ) ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

وە لە کنز العمال للمتقی الهندی ج١٣ لاپەرە ٤٥٤ بە ژمارە ٣٦١٧٧ وە السیوطی لە الدر المنثور فی تفسیر بالماثور لە تفسیری ئایەتی ١١٥ سورەتی طه هاتووە ابن عباس دەڵێت لە عومەری کوڕی خەتابم پرسی دەربارەی ئایەتی ( لا تسالوا عن اشیاء ان تبد لکم تسؤکم ) ، دەلێت عومەر گوتی : هەندێك پیاوی کۆچکردوو کێشە هەبوو لە نەسەبیان ، رۆژێکیان گوتیان سوێند بە الله ئەگەر بمانەوێت ئەوا الله ئایەتێك لە قورئان دادەبەزێنێت سەبارەت بە نەسەبمان ، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی کە خوێندتەوە.

پوختە:

عومەر لە رەچەلەکی خۆی ترساوە لەبەر ئەوە چەند جارێك ئاماژە بە بابەتی رەچەلەك کراوە شلەژاوە و هەوڵیداوە بابەتەکە دابخات. وە تەنانەت داوا لە محمد دەکات کە عەیب و کەم کوڕیان دەرنەخات وە هەروەها دەڵێت الله هەر خۆی دەزانێت باوکمان کێن.

هەواڵنامەی کتێب

بە گوێرەی سەرچاوەکانی سونە چاوەکانی عمری کوڕی الخطاب خێل بووە . وە عمر کەم و کوڕی خلقی هەبووە و تا بڵێی کەر پیاو و کەم ئەقل بووە. رەنگ بێت هۆکارەکە جیناتی بووبێت چونکە باوکی عمر، الخطاب لەگەل دایکی خۆیدا ( الصهاك) جوت بووە و کچێکیان بووە بە ناوی حنتمة ، ئینجا باوکی عمر ( الخطاب) لەگەل ( حنتمة) هاوسەرگیری کردووە و عومەریان بووە.

وە لە پیش ئیسلامدا هاوسەرگیری کردن لەگەل دایکدا حرام نەبووە وە ئیسلام هاتووە حرامی کردووە ، وەك ئایەتی ٢٣ سورەتی النساء دەلێت

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ

ئەی پیاوان دایکانتان بۆ هاوسەرگیری لێتان حرام کران

واته پیشــووتر حرام نەبووە. وە پیاوان ســێکس و هاوســەرگیریان لەگەل دایکیان کردووە.
سیر اعلام النبلاء  ج٢٨ لاپەرە ٧٠-٧١ دەلێت:
عمر پیاوێکی بالا بەرزی قەبە بوو ، زۆر کەچەڵ بوو ، زۆر ســور بوو ، گوپەکانی تۆزێك کاڵ بوون ، وە چەناگەی گەورە بوو . بەڵام خەڵکانێکی تر دەڵێن کە رەش بوو.
ابن عبدالبر لە الاستیعاب فی معرفة الاصحاب ج٣ لاپەرە ٢٣٥ دەلێت:
عمر رەنگی رەش بوو ، زۆر رەش بوو ، بالا بەرز بوو ، ریشی زۆر بوو
وە دەڵیت زۆربەی ئەهلی علم دەلێن عمر زۆر رەش  بوو بەڵام ابو رجاء العطاردی دەلێت عومەر رەنگی زۆر سپی بوو وە چاوەکانی سور بوون.
وە دەڵێت : عبدالله کوری عمر گوتویەتی :  رەنگ رەشی لە خاڵەکانمان بۆمان هاتووە
لە راســتیدا مشــت و مرێکی زۆر هەیە لە پەرتوکەکانی ( الســیرة) ســەبارەت بە رەنگی پیســتی عومەر ، هەموو پاســاوێك دەهێننەوە بۆ ئەوەی بلێن نەخێر رەنگی پیســتی رەش نەبووە بەڵکو سپی بووە. چونکە ئیسلام ئاینێکی راسیست و فاشیستە وەك ئەوەی بلێیت مرۆڤی رەنگ سپی پلەیەك یان چەند پلەیەکی لە مرۆڤی پیست رەش لەسەرەوەتر بێت
وە ئەلبەتە دەبێت وابکەن چونکە نوســەری قورئان دەلێت کافرەکان لە رۆژی قیامەت رەنگی پیستیان رەش دەبێت. ئایەتی ٦٠ سورەتی الزمر دەڵێت:
وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ
واتە: دەبینیت کە لە رۆژی قیامەت ئەوانەی نکۆڵیان لە الله کردووە ســیماکانیان رەش بووە.
لەبەر ئەوە نوســەرانی ( الانســاب ) دەڵێن عومەر خۆی ســپی پیســت بوو بەڵام لە ســاڵی الرمادة ( ســاڵی وشــکە ســاڵی و نەهاتی) زەیتی زۆر خوارد لەبەر ئەوە رەنگی پێستی رەش ببوو.
ابن عبدالبر لە الاستعاب فی معرفة الاصحاب ج٣ لاپەرە ٢٣٦ دەڵێت
و زعم الواقدی ان سمرة عمر و ادمته انما جاءت من اکله الزیت عام الرمادة

واته الواقدی گوتویەتی : ڕەنگ ئەســـمەری و ڕەنگ ڕەش بوونی عمر هۆکارەکەی ئەوەبوو کە لە ساڵی الرمادة زەیتی زۆر خواردبوو.

تێبینی : ساڵی الرمادة ساڵی ١٦ کۆچی بوو کە بۆ ماوەی ١٠ مانگ وشکە ساڵی بوو لە دورگەی عەرەبی.

وە بە حوکمی ئەوەی ڕەنگی زەیتی زەیتون ڕەش بووە ، ئەوا عومەر ڕەنگی ڕەش ببوو

محمد بن حبیب البغدادی لە پەرتوکی المنمق فی اخبار قریش لاپەرە ٤٠٥

فصـــل : الحولان من قریش ( واتە پیاوە خێلەکانی قورەیش) : ئاماژە بە کۆمەڵێك ناو دەکات کە یەکێکیان عومەری کوڕی الخطابە

وە ابن کثیر لە البدایة و النهایة ج٤ لاپەرە ١٣٤ دەڵێت:

عومەر ڕەزای اللهی لێبێت پیاوێکی باڵا بەرزی قورسی دەســـتە چەپ و کەچەڵ و هەردووك چاو خێل و ڕەنگ ڕەش بوو

ابن ابی حدید لە شرح نهج البلاغة ج١٢ لاپەرە ٣٩ دەڵێت:

عمرو بن العاص کە والی میسر بوو هات بۆ مدینة بۆ لای عومەری کوڕی الخطاب . عمر پێیگوت : لە کەیەوە لە ڕێگایت؟ گوتی : لە بیســـتەوە . عومەر گوتی : وەك ئاشـــقێك بە ڕێگاوە بوویت . عمرو گوتی : ســـوێند بە الله من وەکو خەلك نیم کە ژنە کۆیلە من بخەنە ژێر باڵی خۆیانەوە وە یان لە ناو پەڕۆی خوێنی سوری مانگانەدا هەڵبگیرێم.عمر گوتی ئەوە وەڵامی ئەم پرســـیارە نییە کە لە تۆم کرد بەلام مریشـــك هێلکە لە لمدا دادەنێت کە کەلەشـێرێك بەسـەریدا فسیوە بەڵام کەسێکی تر خۆی دەکاتە خـاوەنی هێلکەکە. عمرو ڕۆیشـــت وە دەم و چاوی بەم قســـەیەی عمر شلەژابوو.

ابن ابی حدید دەڵێت : عمرو شـــانازی بەســـەر عومەردا کرد چونکە دایکی خەتاب ژنێکی زنجی بوو وە بە باتەحلی ناسراو بوو وە ناوی صهاك بوو وە دایکی عمرو قەحپە بوو .

الزبیدی لە تاج العروس ج١٣ لاپەرە ٦٠٢ دەڵێت :

( صهك) واتە ژنە کۆیلەی ڕەش .

وە الصاغانی گوتویەتی : صهاك کغراب ( وەك قەلە ڕەشکە)

وە لسان العرب لە ج٤ لاپەرە ٢٤٣ پیتی الحاء : حنتم دەڵێت

حنتم واتە هەوری رەش

وە دایکی عمر ناوی ( حنتمة ) بووە واتە بە مانای هەوری رەش دێت.

ابن قتيبة الدينوری لە پەرتوکی الامامة و السیاسة فصل : تخلف سعد بن عبادة رضی الله عنه عن البیعة ( بیعەت نەدانی سعد بن عبادة) لاپەرە ١٤ دەلێت:

سعد بن عبادە بە عومەری کوری خەتابی گوت : سوێند بە الله ئەگەر توانایم هەبوایە هەلبستمەوە ، دەبوایە وەك شێر هاوارم بکردایە کە تۆو یاوەرەکەتیان بەدەرکردن بدایە وە دەمناردیت بۆ لای خەلکانێك کە پاشکۆیان بوویت نەك پاشکۆت بوون، وە سوك نەك ئازیز لایان.

ئەم قسە و باسە لە کاتی مردنی محمد بووە ، کە کیشمەکێش لە نێوان ئەنسارەکان لە لایەك وە عمر و ابوبکر لە لایەکی ترەوە لە ئارادا بووە بۆ بەدەستەوە گرتنی خلافەت.

سعد بن عبادة سەرۆکی خێلی خزرج دەبێت وە یەکێك دەبێت لەم کەسانەی کە دەبێت بە ئیسلام کاتێك هێشتا محمد کۆچی نەکردبوو بۆ مدینة

دواتر کاتێك عومەری کوڕی خەتاب دەبێت بە خلیفە ، مدینە جێدەهیلێت و دەچێت بۆ شام ، وە عمری کوری خەتاب لە شام تیرۆری دەکات.

سعد بە عومەر دەلێت : تۆ لە قورەیش نیت بەلکو پاشکۆیانیت و خۆت پێیانەوە هەلواسیوە.

وە خودی قورئان رەت دەکاتەوە کە ولید بن المغیرە بن مخزوم ( ابو جهل) کە خوشك و برای هەبووبێت ، کەواتە چۆن دەکرێت حنتمة ( دایکی عمر) خوشکی هشام بووبێت؟

ئایەتی ١١ سورەتی المدثر دەلێت

**ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا**

ئەی محمد بۆ من جێبهێلە ئەم کەسەی بەتەنها دروستم کردووە

الواحدی لە اسبابی نزولی ئەم ئایەتە دەلێت : الله مەبەستی ولید بن المغيرة یە کە بەتەنها دروستی کردووە.

کەواتە بە هیچ جۆرێك ناکرێت ولید خاڵی عمر بووبێت وە حنتمة دایکی عومەر خوشکی ولید بن المغيرة بووبێت.

اليعقوبی له تاريخ اليعقوبی ج٢ لاپەرە ١٧٤ دەڵێت عمرو بن العاص گوتی
له دوای ابو بكر :ثم ولي الاعسر الاحول ابن حنتمة
واته ئینجا ئەم توند وتیژە چاو خێڵە ی کوڕی حنتمة بوو بە خلیفە
وە لە روانگەی ئیسـلامەوە ، محمد و باوك و باپیرانی و منداڵەکانی وە یاوەرانی محمد و باوك و باپیران و منداڵەكانیان زۆڵن ( اولاد الزنا) .
ئایەتی ٣ سورەتی النور دەڵێت:
الزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ ۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ
پیاوی زیناکەر هیچ کەسێك ( نیکاح ) ناکات تەنها ژنێکی زیناکەر یان ژنێکی مشریك نەبێت وە ژنی زیناکەر هیچ کەسێك ( نیکاحی) ناکات تەنها پیاوی زیناکەر یان مشریك نەبێت ، وە ئەوە حرام کراوە لەسەر ئیمانداران
ئەم ئایەتە دەڵێت : هاوسەرگیری نێوان مشریکەکان زینایە و حلال نیە
واتە هەرچی هاوسەرگیری پیش ئیسلام هەبووە ، بە هاوسەرگیریەکانی محمد ، دایك و باوكی محمد و باپیرانی، هەر هەمووی زینا بووە
وە سورەتی النور ساڵی سێهەمی کۆچی لە دوای سورەتی الحشر ( ئاوارە و دەربەدەری بنی نضیر ) دابەزیووە. واتە محمد ١٦ ساڵ پێغەمبەر بووە کاتێك سورەتی النوری دابەزاندووە . وە ئەوکات محمد کۆمەڵێك ژنێکی هەبووە.
الله اكبر دواتر لە ئایەتی ٥٠ سورەتی الاحزاب ژنەکانی محمد بۆ محمد حلال دەکات ، ئایەتەکە دەڵێت:
يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ
ئەی پێغەمبەر ئەو ژنانەتمان حلال کرد کە کرێکانیانت ( مارەیی) داوە.
سورەتی الاحزاب لە ساڵی پێنجی کۆچی دابەزیووە
واتە کاتێك محمد ١٨ ساڵ بوو پێغەمبەر بوو ئینجا ژنەکانی بۆی حلال کران. واتە منداڵەکانی محمد هەر هەموویان زۆڵن.
وە لە دورگەی عەرەبی نکاحی سەیرو سەمەرە باو بووە و لە ئارادا بووە. بە پێویستی دەزانم تیشکێك بخەمە سەر جۆرەکانی هاوسەرگیری لە دورگەی عەرەبی بۆ ئەوەی رون بێتەوە کە هەر هەموو یاوەرەکانی محمد زۆڵ بوون:

یەكەم : مخادنة  ( خاوەن هاوسەر بەڵام دۆست دەگرێت)
ئایەتی ٢٥ سورەتی النساء دەلێت
ولا مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ
وە وەك دۆست ( نیكاحی) ئەو ژنانە مەكەن كە خاوەن هاوسەرن
الطبری دەلێت ژنێك كە خاوەن هاوســەر بوو ، دۆســتێكی بۆ خۆی دەگرت وە پیاوێك كە خاوەن هاوسەر بوو دۆستێكی بۆ خۆی دەگرت ، وە ئەم حالەتە باو بوو وە ئاسایی بوو
دووەم :  الشغار ( ژن بە ژن )
صحیح البخاری كتاب النكاح باب الشغار ژمارە ٤٨٢٢
دوو پیاو كچەكانیان دەگۆڕیەوە
سێهەم : نكاح متعة ( گانی خۆشی)
ئایەتی ٢٤ سورەتی النساء دەڵێت:
**فمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ**
ئەی پیوان هەر كاتێك بە كێرتان خۆشیتان كە ژنان وەرگرت ئەوا كرێكانیان پێبدەن بە مشـــتێك خورما یان ئارد یان برێك پارە پیاو بۆ ماوەیەكی دیاریكراو لەگەل ژندا رایدەبوارد.
چوارەم: البدل ( گۆڕینەوەی ژن )
دوو پیاو ژنەكانیان لەگەل یەكدا دەگۆڕیەوە
ئایەتی ٥٢ سورەتی الاحزاب دەڵێت:
وَلَا أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَاجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ
(ئەی محمد) نابێت لەمەودوا هیچیتر ژنەكانت بگۆڕیتەوە تەنانەت ئەگەر هاتوو سەرسامی ژنانی تر بیت.
الطبری دەڵێت :
كانت العرب في الجاهلية يتبادلون بأزواجهم؛ يعطي هذا امرأته هذا ويأخذ امرأته
عەرەب لە سەردەمی جاهیلی ژنەكانیان دەگۆڕیەوە ، پیاوێك ژنەكەی خۆی دەدا بە پیاوێك وە لە بەرامبەریدا پیاوەكە ژنەكەی خۆی دەدا بە پیاوەكە

وه داده عـائيشــه دايكى ئيمـانـداران ، پســپۆر له بوارى ســێكســۆلۆجى ، له فه‌رمووده‌یه‌کدا ئاماژه به چوار جۆرى ترى هاوســه‌رگیرى ده‌کات که له ناو عه‌ره‌بدا باو بووه:

صحيح البخارى كتاب النكاح باب من قال لا نكاح الا بولي ژماره ٤٨٣٤ :

پینجه‌م : استبضاع

ده‌ڵێت : كاتێك ژنێك له ســوڕى مانگانه‌ى پاك ده‌بۆوه مێرده‌كه‌ى ده‌ینارد بۆ لاى پیاوێکى تر بۆ ئه‌وه‌ى ماوه‌يه‌ك له‌گه‌ڵیدا بمینێته‌وه و له‌گه‌ڵیدا جوت بێت ، بۆ ئه‌وه‌ى مندالى لێى ببێت. وه كاتێك ده‌گه‌ڕایه‌وه ، مێرده‌كه‌ى له‌گه‌ڵیدا نه‌ده‌خوت تاوه‌کو بزانێت له پیاوه‌كه‌ى تر دووگیان بووه یان نه‌بووه.

عه‌ره‌ب ژنه‌كانیان ده‌نارد بۆ لاى پیاوانێکى ناودار وه‌ك شاعیر و سوارچاك و قاره‌مان بۆ ئه‌وه‌ى ره‌چه‌له‌كیان باش بیت

شه‌شه‌م: رهط ( كۆمه‌ڵ )

عائیشه ده‌ڵێت : له ١٠ پیاو که‌متر له‌گه‌ل ژنێك سێكسیان ده‌كرد وه كاتێك ژنه‌كه دووگیان ده‌بوو و مندالى ده‌بوو ، منداله‌كه‌ى ده‌كرد به كوڕى پیاوێکیان كه خۆى دیارى ده‌كرد

ابن ابى الحدید له شرح نهج البلاغة ج٦ لاپه‌ره ٢٨٣ ده‌لێت:

( النابغة) دايكى عمرو بن العاص بوو ، ٤ پیاو له **هه‌مان** کاتدا ســێكســیان له‌گه‌ڵدا كرد : ابو لهب بن عبدالمطلب ، امية بن خلف الجمحى ، هشــام بن المغيرة المخزومى و العـاص بن وائـل الســهمى. النـابغـة عمروى بوو وه به العـاص بن وائیلیه‌وه لكاند .

حه‌وته‌م : نكاح البعولة

نیكاحى ئاسایى كه پیاوێك داواى ده‌ستى کچێك یان ژنێك له مالێك ده‌كات

هه‌شته‌م : البغايا ( خاوه‌ن ئاڵا سوره‌كان)

عائیشه ده‌لێت له‌ش فرۆشه‌كان كه له‌سه‌ر ده‌رگاكانیان ئاڵایان هه‌ڵده‌دا

الطبرى له شرۆڤه‌ى ئایه‌تى ٣ سوره‌تى النور ده‌ڵێت:

ابن عباس دەڵێت لەم ئایەتەدا الله حرامی کردووە پیاوان نکاحی لەش فرۆشـــەکان بکەن وە هیچ کەسـێك نیکاحیان لەگەلدا ناکات مەگەر ئیماندارێکی زیناکەر نەبێت وە یان موشرکێك

وە دەڵێت : لە ســەردەمی جاهیلی ژنـانێکی لەش فرۆش هەبوون کە لەســەر دەرگاکانیان ئاڵا هەبوون وەك ئاڵای بەیتارەکان کە لە رێگایەوە دەناسرانەوە

وە الطبری دەڵێت : جریج و عکرمة ناوی ٩ لەم ژنە خاوەن ئاڵایایەیان هێناوە لەگەل ئەوەش ژمارەیان زۆر لە ٩ زیاترە : ام مهزول ژنە کۆیلەی ســائب بن ابی ســائب المخزومی ، ام علیط ژنە کۆیلەی صــفوان بن امیة ، حنة القبطیة ژنە کۆیلەی العاصی بن وائل ( باوکی عمرو بن العاص) ، مریة ژنە کۆیلەی مالك بن عمیلة بن السباق بن عبدالدار ، حلالة ژنە کۆیلەی سهیل بن عمرو ، ام سوید ژنە کۆیلەی عمرو بن عثمان المخزومی ، سریفة ژنە کۆیلەی زمعة بن اسود ، فرسة ژنە کۆیلەی هشــام بن ربیعة بن حبیب بن حذیفة بن جبل بن مالك بن عامر بن لؤی ، وە قریبا ژنە کۆیلەی هلال بن انس بن جابر بن نمر بن غالب بن فهر .

رضوان الله علیهم.

نۆیەم : نکاح المقت ( ژنی باوك)

ئایەتی ١٩ سورەتی النساء دەڵێت:

**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهًا**

ئەی ئیمانداران بۆتان حلال نییە کە بە زۆری ژنان میراتی بکەن

البغوی دەڵێت : ئەم ئایەتە لەسـەر خەڵکی مدینە دابەزی ، لە سـەردەمی جاهیلی و ســەرەتای ئیســلام ، کاتێك ژنێك مێردەکەی دەمرد ، کوڕی پیاوەکە دەهات و دەیگوت ئەم ژنە مولکی منە وە تەنها بۆ من هەیە کە نیکاحی بکەم

واتە قورئـان دەڵێت بە زۆری نیکاحیـان نەکەن ، بەلام ئەگەر پێیـان خۆش بوو ئاساییە.

بەلام ٣ ئایەت دواتر ( لە ئایەتی ٢٢ سـورەتی النسـاء) ئەم ئایەتەی سـەرەوە نسـخ دەبێت و دەڵێت بە هیچ جۆرێك بۆتان نییە ژنەکانی باوکتان نیکاح بکەن

ئایەتەکە دەڵێت :

**وَلَا تَنكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ**

وە ئەی پیاوان نیکاحی ژنەکانی باوکانتان مەکەن تەنها ئەوانە نەبێت کە لە رابردوودا ڕویداوە.

دەیەم : نکاح السبي و ملك اليمين ( نکاحی ژنی بە کۆیلە کراو و کەنیزەك)

ژنانیان دەفراند و سێکسیان لەگەڵیاندا دەکرد

وە ئەوە دەقی قورئانی زۆری لەسەرە و تا ئێستا حلالە

ئایەتی ٥-٦ سورەتی المؤمنون :

وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ إِلَّا عَلَىٰ أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ

ئەم پیاوانەی نێوگەڵیان دەپارێزن تەنها لە ژنەکانیان و کەنیزەکانیان نەبێت ، ئەوانە لۆمە ناکرێن.

یانزەهەم : نکاح مشترك ( فرە مێردی)

ژنێك چەند مێردێکی هەبوو

دوانزەهەم : نکاح المحارم

وەك هاوسەرگیری کردن لەگەل دایك و خوشك و کچ و ئامۆژن و هتد

کە ئایەتی ٢٢ سورەتی النساء حرامی دەکات

وە زۆر شێوازی تر لە هاوسەرگیری

هەر لەبەر ئەوە نە محمد وە نە یاوەرەکانی لە دایك بووی هاوسەرگیریەکی پاك و بێگەردن. هەر هەموویان زۆڵن و منداڵی زینان.

وە عمری کوڕی الخطاب کەسێك بووە مێباز بووە وە بەردەوام مەست و سەرخۆش بووە

لە سنن الکبری للبیهقی کتاب الشهادات : جماع ابواب من تجوز شهادته ومن لا تجوز باب شهادة اهل الاشربة ژمارە ٢٠٣٤٧ هاتووە عمر کوڕی الخطاب ئیعتراف دەکات کە ئالودە بووە بە خمر

وإني كنت لأشرب الناس لها في الجاهلية

عمری کوڕی خەتاب ژیانی منداڵی و هەرزەکاری دژوار بووە وە باوکی لەگەڵیدا توند و تیژ بووە:

هەواڵنامەی کتێب

محب الدين الطبري له الرياض النضرـــة فى مناقب العشرـــة ج٢ لاپەره ٣٢٥ ژماره ٨٤٧ دەڵێت عمر کوڕی الخطاب کاتێك ئەمیری ئیمانداران بوو وه له حج بوو گوتی :

الحمد لله و لا اله الا الله  به کەسێك دەدات هەر شتێك که خۆی بیەوێت ، من لەم دۆڵەدا – ضجنان – وشتروانیم بۆ خەتاب دەکرد ، وه خەتاب ( واته باوکی) پیاوێکی به کین و توند و تیژ بوو ، ماندووی دەکردم کاتێك کارم دەکرد وه لێی دەدام کاتێك کەمتەرخەمیم دەکرد . ئێستا بەیانی دەکەمەوه و ئێواره دەکەمەوه  وه  له کەس ناترسم تەنها الله نەبێت.

عمر دەڵێت وشتروان بووم وه دەڵێت که باوکی لەگەڵیدا زۆر خراپ بووه .

ابن زنجوية له الاموال ج٣ لاپەره ٢٠٤ دەڵێت :

لَقَدْ رَأَيْتُنِي وَأُخَيَّةً لِي وَإِنَّا لَنَرْعَى عَلَى أَبَوَيْنَا نَاضِحًا لَهُمَا

دەتبینی که من و برایەکم  ( هاوڕێیەك ) وشتری باوکمان دەلەوەڕاند

وه دەڵێت :

فَإِذَا طَلَعَتِ الشَّمْسُ أَلْقَيْتُ النُّقْبَةَ عَلَى أُخْتِي وَخَرَجْتُ أَتْبَعُهَا عُرْيَانًا

وه کاتێك خۆر هەڵدەهات  ، پەردەیەکەم دەخسته سەر خوشکم ، و به ڕوتی بەدوایدا دەردەچووم.

وه البلاذری له انساب الاشراف ج٧ لاپەره ٣٨ دەڵێت عمر کوڕی خەتاب ( کاتیك ئەمیری ئیمانداران بوو بۆ حج له مکة بوو ) گوتی :

لەم شوێنەدا منت دەبینی که وشترەکانی خەتابم ( واته باوکی) لابوو ، وه خەتاب توند و تیژ و به قین بوو ، جارێکیان له دایکمی دەدا و جارێکیان دارکاری منی دەکرد وه ئیمرۆ من له خەلك دەدەم و هیچ کەسێك له سەرەوەی من نیه

بەڵام چیرۆکی زینده به چاڵ کردنی کچ له لایەن عمر بن الخطابەوه ، زانایانی ئیسلام تضعیفیان کردووه ، بەلام عباس محمود العقاد له پەرتوکی عبقرية عمر له لاپەره ٢٢١ ئاماژەی پێکردووه و دەڵێت:

کاتێك عومەر کوڕی خەتاب لەگەل یاوەرەکانی دادەنیشت وه کاتێك تۆزێك پێدەکەنی یەکسەر دەگریا . خەڵکەکه لێیان پرسی که بۆچی دەگریت؟ گوتی له سەردەمی جاهیلی بتمان له خورما دروست دەکرد، دەمانپەرست ئینجا دەمانخوارد

هەولێرنامە کتێب

، لەبەر ئەوە پێدەکەنم ، بەڵام گریانم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کچێکم هەبوو ، بردم زیندە بە چاڵی بکەم ، کاتێك زەویم هەڵدەکۆڵی کچەکەم فوی لە ریشـــم دەکرد بۆ لابردنی تۆز ، بە زیندوویی خستمە ژێر چاڵەوە.

ابن عبد ربە لە العقد الفرید ج١ لاپەرە ٤٦ دەڵێت :

عمرو بن العاص تورە بوو و گوتی : ئەی محمد بن ســلمة ، ڕوی زەمانە ڕەش بێت کە تیایدا عمرو بن العاص لە ژێر دەستی عومەری کوڕی خەتابە . سوێند بە الله ، خەتاب و عومەر چەمکە داریان بە سەر سەریان دەکیشا .

پوختە :

یەکەم : عمر ئەسل و نەسەب و رەچەلەکی نادیارە

دووەم : عومەر وەك یاوەرەکانی منداڵی زینایە و زۆڵە

ســێهەم : عومەر کەســێك بووە کە پیســت رەش بووە ، بەلام بە حوکمی ئەوەی ئیسلام ئایدۆلۆژیایەکی راسیستە ، ئەوا توراسی ئیسلامی ، هەروەك چۆن محمدیان کردووە بە سپی پێست ، بە هەمان شێوە عومەریان کردووە بە سپی پێست

چوارەم : وە عومەری کوڕی خەتاب کەم و کوڕی خەلقی هەبووە ، ئەوە حالەتێکی زۆر ئاساییە ، بەلام لە توراسی ئیسلامیدا ئاسایی نییە

پێنجەم : پەروەردەی منداڵی و هەرزەکاری عومەر زۆر سەخت بووە و باوکی ئازار و ئەشکەنجەی داوە ، وە ئەوە کارکردی لەسەر کەسایەتی عومەر هەبووە .

شەشەم: عومەر کەسێکی ئالودە بووە بە خمر و شراب و مێبازی

حەوتەم : عومەر رقی لە ژن و مێینە بۆتەوە

هەشتەم : ولید بن المغیرة خاڵی عومەر نییە.

# ئیسلام بوونی عومەر

زیاتر لە ١٠ چیرۆکی دژ بە یەك هەن سەبارەت بە چۆنیەتی ئیسلام بوونی عومەری کوڕی خەتاب ، هەر چیرۆکە و لە ئاوازێك دەخوێنێت وە بەتەواوی جیایە و ناکۆکە بە چیرۆکەکانی تر.

ابن هشام لە السيرة النبوية ج١ لاپەرە ٤٢٢ دەڵێت :

عومەری کوڕی خەتاب لە دوای کۆچی یەکەمی موسلمانان بۆ حبشة ئیسلام بوو ، کە لە مانگی رەجەبی ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتی محمد صلعم بوو.

ابن سعد لە الطبقات الكبرى ج٣ لاپەرە ٢٦٩ دەڵێت :

عومەری کوڕی خەتاب لە ساڵی شەشەمی پێغەمبەرایەتی محمد صلعم ئیسلام بوو

الذهبی لە سير اعلام النبلاء ج٢٨ لاپەرە ٦٨ دەڵێت :

عومەری کوڕی خەتاب لە ساڵی شەشەمی پێغەمبەرایەتی محمد صلعم ئیسلام بوو وە ئەوکات تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو

ابن عبدالبر لە الاستعاب فی معرفة الاصحاب ج٣ لاپەرە ٢٣٦ دەڵێت:

عومەری کوڕی خەتاب لە دوای ٤٠ پیاو و ١١ ژن ئیسلام بوو

وە ابن حجر لە فتح الباری ج٧ لاپەرە ٣٨ دەڵێت:

قال لقد رأيتني وما أسلم مع رسول الله صلى الله عليه وسلم الا تسعة وثلاثون رجلا فكملتهم أربعين

عومەر گوتی : تەنها ٣٩ کەس لەگەل پێغەمبەری الله بوون و ئیسلام بوون . کاتێك من بووم بە ئیسلام چلەمینم بۆیان تەواو کرد.

صفی الرحمن المباركفوری لە رحيق المختوم ج١ لاپەرە ٩٠ دەڵێت:

عومەری کوڕی خەتاب لە مانگی ذی الحجة ساڵی شەشەمی پێغەمبەرایەتی محمد صلعم ئیسلام بوو ، ٣ رۆژ لە دوای حمزە . وە پێغەمبەر دەیگوت : الله ئاینەکەت بە هێز بکە بە یەکێك لەم دوو پیاوەی لە لاتەوە خۆشەویسترینیایە : عومەری کوڕی خەتاب یان ابی جهل بن هشام . خۆشەویستریان لای الله عومەری کوڕی خەتاب بوو.

الذهبی له سیر اعلام النبلاء : الصحابة رضوان الله علیهم : السابقون الاولون ج١ لاپەرە ١٤٤-١٤٥ ئاماژە بە ٥٠ ناو دەکات کە پێش حمزە و عمربن الخطاب ئیسلام بوون:

١-خديجة بنت خويلد ٢- علي بن أبي طالب ٣- أبو بكر الصديق ٤-زيد بن حارثة النبوي ٥-عثمان ( بن عفان) ٦-الزبير (بن العوام) ٧- سعد بن أبي وقاص ٨- طلحة بن عبيد الله ٩- عبد الرحمن بن عوف ١٠- أبو عبيدة بن الجراح ١١- ابو سلمة بن عبدالاسد ١٢-الأرقم بن أبي الأرقم بن أسد بن عبد الله بن عمر ١٣-عثمان بن مظعون الجمحي ١٤-عبيدة بن الحارث بن المطلب المطلبي ١٥-سعيد بن زيد بن عمرو بن نفيل العدوي ١٦-أسماء بنت الصديق ١٧-خباب بن الأرت الخزاعي ١٧- عمير بن أبي وقاص ١٨- أخو سعد ١٩-عبد الله بن مسعود الهذلي

٢١-مسعود بن ربيعة القارئ من البدريين ٢٠-سليط بن عمرو بن عبد شمس العامري ٢٢و٢٣--عياش بن أبي ربيعة بن المغيرة المخزومي و ژنەکەی أسماء بنت سلامة التميمية ٢٤-خنيس بن حذافة السهمي ٢٥-عامر بن ربيعة العنزي ٢٦-عبد الله بن جحش بن رئاب الأسدي ٢٧و٢٨-جعفر بن أبي طالب الهاشمي وە ژنەکەی أسماء بنت عميس ٢٩و٣٠و٣١و٣٢-حاطب بن الحارث الجمحي و ژنەکەی فاطمة بنت المجلل العامرية و خطابی برای و ژنەکەی فكيهة بنت يسار٣٣ و٣٤ - معمر بن الحارث و السائب ولد عثمان بن مظعون٣٥و٣٦-المطلب بن أزهر بن عبد عوف الزهري و ژنەکەی رملة بنت أبي عوف السهمية ٣٧-النحام نعيم بن عبد الله العدوي ٣٨-عامر بن فهيرة مولى الصديق ٣٩ و ٤٠ -خالد بن سعيد بن العاص بن أمية و ژنەکەی أميمة بنت خلف الخزاعية ٤١-حاطب بن عمرو العامري ٤٢-أبو حذيفة بن عتبة بن ربيعة العبشمي ٤٣-واقد بن عبد الله بن عبد مناف التميمي اليربوعي ٤٤و٤٥و٤٦و٤٧-خالد و عامر و عاقل و اياس بنو البكير بن عبدياليل الليثى ٤٨-عمار بن ياسر بن عامر العنسي بنون ٤٩- صهيب بن سنان بن مالك النمرى ٥٠- ابو ذر جندب بن جنادة الغفارى.

لەم ناوانە ٤٢ دانە پیاون وە ٨ دانە ژنن .

ژنەکان :

یەکەم : خدیجە کچی خویلد ( ژنی محمد)
دووەم: اسماء کچی ابو بکر الصدیق
سێیەم : اسماء کچی سلامة التمیمیة ( ژنی عیاش بن ابی ربیعة بن المغیرة المخزومی)
چوارەم : اسماء کچی عمیس ( ژنی جعفر بن ابی طالب الهاشمی : ئامۆزای محمد)
پێنجەم : فاطمة کچی المجلل العامریة ( ژنی حاطب بن الحارث الجمحي)
شەشەم : فکیهة کچی یسار ( ژنی خطاب بن الحارث الجمحي)
حەوتەم : رملة کچی ابی عوف السهمیة ( ژنی المطلب بن ازهر بن عبد عوف الزهری)
هەشتەم : امیمة کچی خلف الخزاعیة ( ژنی خالد بن سعید بن العاص بن امیة)
وە لە لیستی پیاوەکان ناوێکی تێدایە بە ناوی سعید بن زید بن عمرو بن نفیل العدوی
واتە عمری کوڕی خەتاب ٣ رۆژ لە دوای حمزە اسلام بووە ، وە ئەوکات ژمارەی موسلمانان تەنها ٥٠ کەس بوون ، ٨ دانەیان ژن و ٤٢ دانە پیاو بوون.
ابن عبدالبر لە الاستعاب في معرفة الاصحاب ج٤ لاپەرە ٨٩٢ ژمارە ٤٠٥٦ دەڵێت فاطمة کچی الخطاب بن نفیل بن عبدالعزی القریشیة العدویة خوشکی عومەری کوڕی الخطاب بوو وە ژنی سعید بن زید بن عمرو بن نفیل بوو. وە دەڵێن پیش مێردەکەی ئیسلام بوو وە دەلێن لەگەل مێردەکەی بەیەکەوە ئیسلام بوون. وە ئەوە پیش ئەوەی عومەر ئیسلام بێت.
ابن الاثیر لە اسد الغابة في معرفة الصحابة : کتاب النساء باب الفاء : فاطمة بنت الخطاب بن نفیل بن عبدالعزی دەڵێت:
فاطمة ژنی سعید بن زید بن عمرو بن نفیل العدوی بوو . سعید بن زید یەکێکە لەم ١٠ کەسەی مژدەی بەهەشتیان پێدراوە.
تێبینی :
لە لیستی یەکەم موسلمانەکان ناوی زاواکەی عومەر کوڕی الخطابی تێدایە بەڵام ناوی خوشکی عومەری تێدا نیە

وە ئەوەی سـەیرە ناوی کچەکانی محمدی تێدانیە : زینب و ام کلثوم و رقیة و فاطمة

وە ئاساییە کە ناوی فاطمة ی تێدا نەبێت چونکە مندال بووە. بەڵام ئەوەی سەیرە ناوی ٣ کچە گەورەکەی خدیجەی تێدا نییە . وە هەروەها ناوی ( ام رمان) دایکی عائیشە و ژنی ابو بکری تێدا نییە.

البلاذری لە فتوح البلدان ج٣ لاپەرە ٥٨٠ ژمارە ١١٠٤ ئاماژە بە ناوی خوێندەوارەکانی قورەیش دەکات لە کاتی سەرهەڵدانی ئیسلام و دەڵێت تەنها ١٧ کەس لە قورەیش خوێندەوار بوون :

١- عومەر بن خەتاب

٢- علی بن ابی طالب

٣-عثمان بن عفان

٤-ابو عبیدة بن جراح

٥-طلحة بن عبیدالله

٦- یزید بن ابی سفیان

٧-ابو حذیفة بن عتیبة

٨-حاطب بن عمرو ( برای سهیل کوڕی عمروالعامری)

٩-ابو سلمة کوڕی عبدالاسدالمخزومی

١٠- ابان بن سعید بن العاصی بن امیة

١١- خالید بن سعید بن العاصی بن امیة

١٢-عبدالله بن سعد بن ابی سرح العامری

١٣- حویطب بن عبدالعزی العامری

١٤-ابو سفیان بن حرب بن امیة

١٥-معاویة بن ابی سفیان

١٦-جهیم بن الصلت بن مخرمة بن المطلب بن عبدالمناف

١٧- العلاء بن الحضرمی ( لە هاوپەیمانی قوریش بوو)

وە ناوی زاواکەی عومەر لە لیستی خوێندەوارەکانی قورەیشدا نییە . بە واتایەکی تر زاواکەی عومەری کوڕی الخطاب نەخوێنەوار بووە.

هەواڵنامەی کتێب

ئەم دوو تێبینی کە زۆر گرنگن بۆ بەدرۆخستنەوەی هەندێك لە چیرۆکەکانی چۆنیەتی بە ئیسلام بوونی عومەری کوڕی خەتاب:

١-فاطمة بنت الخطاب ( خوشکی عومەر و ژنی سعید بن زید) لە لیستی موسلمانە سەرەتاییەکان نییە . وە کاتێك عومەر موسلمان بووە ، خوشکی عومەر موسلمان نەبوو

٢-سعید بن زید بن نفیل ( زاواکەی عومەر و مێردی فاطمة کچی خەتاب) نەخوێنەوار بووە.

ابن کثیر لە البدایة و النهایة : کتاب سیرة رسول الله صلعم باب هجرة من هاجر من اصحاب رسول الله من مکة الی ارض حبشة ج٤ لاپەرە ١٦٦ دەڵێت

واقدی دەڵێت چوون بۆ حبشة لە مانگی رەجەبی ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتی محمد صلعم وە ١٠ پیاو و ٤ ژن بوون

وە لە لاپەرە ١٩٦ دەڵێت : ابن اسحاق گوتی : ئیسلام بوونی عومەر لە دوای دەرچوونی هەندێک لە یاوەرەکانی پێغەمبەر بوو بۆ حەبەشە.

ئیمام محمد بن عبدالوهاب لە مختصر سیرة الرسول لاپەرە ٨٣ دەڵێت:

لە ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتی محمد صلعم ، پێغەمبەر فەرمانی بە یاوەرەکانی کرد کە بۆ حبشة کۆچ بکەن کاتێك ئازار و ئەشکەنجە لەسەر موسلمانان توندتر بوو وە گوتی لە حبشة پیاوێك هەیە کە ستەم لە هیچ کەسێك ناکات .

وە دەڵێت : ١٢ ژن و پیاو ( لە موسلمانان ) کۆچیان کرد بۆ حبشة . وە ئاماژە بە ناوی ٧ کەسیان دەکات : عثمان بن عفان و ژنەکەی رقیة ( کچی پێغەمبەر) ، الزبیر و عبدالرحمن بن عوف و ابن مسعود و ابو سلمة و ژنەکەی

وە دەڵێت : دەرچوونیان بۆ حبشة لە مانگی رجب بوو ، وە شعبان و رمضان لە حبشة مانەوە ، ئینجا لە مانگی شوال گەڕانەوە مکة ، کاتێك هەواڵی ئەوەیان پێگەیشت کە نێوانی پێغەمبەر و قورەیش باش بۆتەوە

وە دەڵێت : هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێغەمبەر سورەتی ( النجم) ی بۆ قورەیشەکان خوێندەوە، وە کاتێك پێغەمبەر لە کاتی خوێندنەوەی سورەتەکە گەیشتە ئەم شوێنەی کە دەڵێت ( افرایتم اللات و العزی و مناة الثالثة الاخری) شەیتان ئەم وتەیەی خستە سەر زمانی پێغەمبەر کە دەڵێت ( تلك الغرانیق العلی

وان شفاعتهن لترتجى) وه مشريكه‌كان گوتيان محمد هه‌رگيز به‌م شێوه‌یه وبه باشى باسى خوداكانى ئێمه‌ى نه‌كردووه وه ئێمه ده‌زانين كه الله رزق ده‌دات و ده‌ژێنێت و ده‌مرێنێت به‌ڵام خوداكانى ئێمه لاى الله شه‌فاعه‌ت ده‌كه‌ن . كاتێك سوره‌ته‌كه ( له كۆتـاييـدا) ده‌لێـت ( كرنۆش ببه) پێغه‌مبه‌ر كرنۆشى برد ، وه له‌گه‌ڵيـدا هه‌موو موسلمانه‌كان و مشريكه‌كان كرنۆشيان برد.( ته‌واو)

واته كاتێك ســوره‌تى النجم دابه‌زيووه و محمد بۆ مشرــيكه‌كانى خوێندۆته‌وه وه له كاتى خوێنده‌وه شــه‌يتان وته‌ى خســتۆته ســه‌ر زارى محمد وه محمد گوتويه‌تى بته‌كانى قوره‌يش له اللات و العزى و المناة و بته‌كانى تر شــتانێكى مه‌زنن و شــه‌فاعه‌تيان لاى الله به هه‌ند وه‌رده‌گيرێت وه كاتێك ســوره‌ته‌كه ته‌واو بووه ( ســوره‌ته‌كه له كۆتايى فه‌رمان به كرنۆش كردن ده‌كات) محمد و موســلمانان و مشريكه‌كان كردنۆشيان بۆ كعبه و بته‌كان بردووه، هه‌واڵه‌كه گه‌يشتۆته موسلمانانى كۆچ كردوو بۆ حبشة كه هيچ كيشه‌يه‌ك نه‌ما له نێوان محمد و مشريكه‌كان. له‌به‌ر ئه‌وه موسلمانان له حه‌به‌شه‌وه بۆ مكه گه‌ڕاونه‌ته‌وه

وه ئه‌م ڕوداوه له مانگى شـعبان و رمضـان له سـاڵى پينجه‌مى پێغه‌مبه‌رايه‌تى محمد صلعم رويداوه

السيوطى له الاتقان في علوم القران ج١ لاپه‌ره ١٦٨ ده‌ڵێت:

جابر بن زيد ده‌ڵێت يه‌كه‌م سوره‌ت الله له قورئان دايبه‌زاند له مكه سوره‌تى (اقرا باسم ربك) ئينجا (ن و القلم) ئينجا ( يا ايها المزمل) ئينجا ( يا ايها المدثر) ئينجا ( الفاتحة) ئينجا (تبت يدا ابى لهب) ئينجا ( اذا الشمس كورت) ئينجا ( سبح اسم ربك الاعلى) ئينجا (و الليل اذا يغشى) ئينجا ( والفجر) ئينجا ( الضحى) ئينجا (الم نشرــح) ئينجا (و العصرــ) ئينجا (والعاديات) ئينجا (الكوثر) ئينجا (الهاكم) ئينجا (ارايت الذى يكذب) ئينجا (الكافرون) ئينجا (الم تر كيف) ئينجا (قل اعوذ برب الفلق) ئينجا ( قل اعوذ برب الناس) ئينجا (قل هو الله احد) ئينجا ( النجم) ئينجا ( عبس)

واته ريزبه‌ندى دابه‌زينى سوره‌ته‌كان به‌م شێوه‌يه بووه:

**العلق ، القلم ، المزمل ، المدثر ، الفاتحة ، المسـد ، التكوير ، الاعلى ، الليل ، الفجر ، الضحى ، الشرح ، العصر ، العاديات ، الكوثر، التكاثر ، الماعون ، الكافرون ، الفيل ، الفلق ، الناس ، الاخلاص ، ئينجا النجم ئينجا عبس**

چەند خاڵێکی گرنگ :

یەکەم: سورەتی النجم کە لە مانگی شعبان -رمضانی ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتی محمد صلعم دابەزیووە ، سورەتی ژمارە ٢٣ یە ، واتە بەر لە دابەزینی سورەتی النجم ٢٢ سورەتی تر دابەزیووە

دووەم: محمد سـورەتی النجم لە لای کعبە بۆ مشرـیکەکان دەخوێنێتەوە . واتە محمد بە ئاشکرا پێغەمبەرایەتی کردووە.

سیهەم : خوشکی عومەری کوڕی خەتاب لە لیستی موسلمانانی سەرەتایی نەبووە کاتێك عومەر دەبێت بە ئیسلام

چوارەم : تەنها ١٣ کەس لە ناو قورەیش خوێنەوار بوون وە زاواکەی عومەر خوێنەوار نەبووە

پێنجەم : عومەر لە دوای ٤٠-٥٠ کەس دەبێت بە موسلمان

شەشەم: عومەر لە ساڵی پینجەمی پیغەمبەرایەتی محمد صلعم ئیسلام دەبێت ، لە دوای کۆچ کردنی هەندێك لە موسلمانەکان بۆ حەبەشە

حەوتەم: عومەر ٣ رۆژ لە دوای حمزە دەبێت بە ئیسلام

ئەم حەوت خاڵە هەموو چیرۆکەکانی چۆنیەتی ئیسـلام بوونی عومەر بە درۆ دەخەنەوە

چیرۆکی ژمارە یەك : سورەتی الحاقة

مسـند احمد بن حنبل مسـند العشرـة المبشرـين بالجنة مسـند الخلفاء الراشـدين مسـند عمر بن الخطاب ژمارە ١٠٢ وە ابن عسـاكر لە تاريخ مدينة دمشـق ج٤٤ لاپەرە ٢٨ وە ابن الاثير لە اسد الغابة ج٤ لاپەرە ٥٣ :

**قال عمر بن الخطاب خرجت أتعرض رسـول الله صـلى الله عليه وسـلم قبل أن أسـلم فوجدته قد سـبقني إلى المسـجد فقمت خلفه فاسـتفتح سـورة الحاقة فجعلت أعجب من تأليف القرآن قال فقلت هذا والله شـاعر كما قالت قريش قال فقرأ " إنه لقول رسول كريم وما هو بقول شاعر قليلا ما تؤمنون " قال**

فقلت كاهن قال " ولا بقول كاهن قليلا ما تذكرون تنزيل من رب العالمين ولو تقول علينا بعض الأقاويل لأخذنا منه باليمين ثم لقطعنا منه الوتين فما منكم من أحد عنه حاجزين " إلى آخر السورة قال فوقع الإسلام في قلبي كل موقع

عمری کوڕی خەتاب گوتی: پێش ئەوەی ببم بە ئیسلام ، دەرچووم بۆ ئەوەی ڕوبەڕوی پێغەمبەری الله ببمەوە ، بینیم پێش من گەیشتە کعبە ، لە پشتی وەستام ، دەستی کرد بە خوێندنەوەی سورەتی ( الحاقة) سەرسام بووم بە دارشتنی قورئان. گوتم سوێند بە الله هەروەك قورەیش دەڵێن ( محمد) شاعیرە. دەڵێت : پێغەمبەر خوێندیەوە

إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ قَلِيلًا مَّا تُؤْمِنُونَ ( ئایەتی ٤٠-٤١ سورەتی الحاقة) ( لە راستیدا ووتەی پەیامبەرێکی بەڕیزە وە وتەی شاعیرێك نییە بەڵام کەم کەس ئیمان دەهێنێت)

ئینجا ووتم قسەی کاهینێکە ، پێغەمبەر گوتی

**وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَاجِزِينَ**

( ئایەتی ٤٢-٤٦ سورەتی الحاقة) ( وە وتەی کاهینێك نییە ، بەڵام کەمتان بیردێتەوە ، دابەزینە لە لایەن خودای جیهانەکان وە ئەگەر لە خۆیەوە قسەمان بۆ هەڵببەستێت ، ئەوا بە دڵنیاییەوە بە راستەمان دەیگرین ئینجا خوێنبەری ملی دەبڕین وە کەستان ناتوانن ڕێگامان لێ بگرن)

عمر دەڵێت ئیسلام کەوتە هەموو شوێنێکی دڵمەوە

تێبینی:

وەك پیشوو بە بەلگەوە ئاماژەمان کرد کاتێك عومەر ئیسلام بوو ، ٢٣ سورەت لە قورئاندا دابەزیبوو وە سورەتی ژمارە ٢٣ سورەتی النجم بوو. ئەم چیرۆکە پێمان دەڵێت محمد سورەتی الحاقة ی بۆ عمر خوێندۆتەوە، وە ئەوکات سورەتی الحاقة دانەبەزیبوو

ئەوەی سەیرو و سەمەرەیە سورەتی الحاقة سورەتی ژمارە ٧٨ لە روی زیجیرەبەندی دابەزینەوە. واتە لە دوای سورەتی النجم ٥٤ سورەتی تر دابەزیووە ئینجا سورەتی

الحاقة دابەزیووە. واتە سورەتی الحاقة چەند ساڵێك لە دوای ئیسلام بوونی عومەر دابەزیووە.

دەرەنجام : چیرۆکەکە درۆیە و دارێژراوە

چیرۆکی ژمارە دوو: سورەتی طه

الطبقات الكبرى لابن سعد ج٣ لاپەرە ٢٦٧ ، تاريخ المدينة لابن شبة النميري ج٢ لاپەرە ٦٥٧-٦٥٨ ، المنتظم فی تـاريخ الملوك والامم لابن الجوزی ج٤ لاپەرە ١٣٢-١٣٣ وە دلائل النبوة للبيهقی باب ذكر اسلام عمر بن الخطاب ژمارە ٥٤٦ :

انس دەڵێت : عمری كوڕی خەتاب لەماڵەوە دەرچوو شـــمشـــێر بەدەســـتیەوە ، پیاوێك لە بنی زهرة توشی بوو و گوتی : بۆ كوێ دەچیت ئەی عومەر؟ گوتی دەچم محمد دەكوژم . پیاوەكە گوتی ئەی لە دەســـت بنی هاشـــم و بنی زهرة بۆ كوێ دەرۆیت؟ عومەر گوتی وادەبینم تۆ ئاینەكەی خۆت جێهێشتوە و ئیسلام بوویت . پیاوەكە گوتی ئەی عومەر شتێكی سـەیرو سـەمەرەترت پێبڵێم ؟ خوشـكەكەت و زاواكەت ئیسلام بوون و دەستبەرداری ئاینەكەت بوون. دەڵێت : عومەر یەكسـەر چوو بۆ ماڵی خوشكی و زاواكەی و بە بێ مۆڵەت لێیان چووە ژوورەوە ، وە پیاوێكیان لابوو بە ناوی خباب بن الارت ، كاتێك خباب هەســتی كرد عومەر هات ، خۆی شـــاردەوە . كاتێک عومەر لێیان چووە ژوورەوە گوتی : ئەو دەنگەی گوێم لێبوو چی بوو؟ وە خوشـــكی و زاواكەی ســـورەتی ( طه)یان دەخوێندەوە . گوتیان هیچ نەبوو قســـە و باس بوو لە نێوان خۆماندا دەمانكرد.عومەر گوتی یان ئیســـلام بوون؟ زاواكەی گوتی : ئەی عومەر ئەی ئەگەر هەقتر بێت لە ئاینەكەی تۆ؟ عومەر كەوتە ســـەر زاواكەی و خراپ لێیدا وە خوشـــكەكەی هات عومەر لە مێردەكەی دوور بخاتەوە ، عومەر یەك مشتی بە خوشكەكەی كیشا كە خوێن لە دەم و چاوی هات . عومەر گوتی ئەم نوسـینەم بدەنێ دەخوێنمەوە . خوشـكەكەی گوتی پیســـیت ( رجس)

لَّا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ ( ئایەتی ٧٩ سورەتی الواقعة)

واتە تەنها مرۆڤی پاك دەبێت دەستی لێبدات

هەلسـەـــە برۆ دەســـت نوێژ بگرە .عومەر هەلســـا و چوو دەســـتنوێژی گرت و نوســینەکەی گرت و ســورەتی (طه) ی خوێندەوە، تاوەکو گەیشــتە ئەم شــوێنەی سورەتەکە کە دەڵێت :

**إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي** (ئایەتی ١٤ سورەتی طه)

لە راستیدا من اللهم ، وە هیچ خوادایەك نییە تەنها خۆم نەبم ، دەکەواتە بمپەرستن وە نوێژ بکەن بۆ وەبیرهاتنەوە. ئینجا عومەر گوتی محمدم نیشـــان بدەن ، کاتێك خباب گوێی لەمە بوو ، هاتە دەرەوە و گوتی : مژدە ئەی عومەر

دواتر عومەر لەگەل خباب دەچێت بۆ لای محمد و شایەتومانی دەهێنێت

سەرنج و تێبینی سەبارەت بەم چیرۆکە:

یەکەم : وەك گوتمان خوشکی عومەر و زاواکەی نەخوێنەوار بوون وە خوشکەکەی عومەر پیش عومەر ئیسلام نەببوو

دووەم: قورئانی نوسراو و لە مکة ؟ لە راستیدا ناچێتە ئەقلەوە

سێهەم : سورەتی ( طه) لە زنجیرە بەندی دابەزینەوە سورەتی ژمارە ( ٤٥) ە واتە ، ٢٢ سورەت لە دوای سورەتی النجم دابەزیووە.

وە ســورەتی الواقعة لە زنجیرەبەندی دابەزینەوە ژمارە (٤٦) ە واتە ٢٣ ســورەت لە دوای سورەتی النجم دابەزیووە.

دەرەنجام : سەرتاپای چیرۆکەکە درۆیە و دارێژراوە

چیرۆکی ژمارە سێ : سورەتی الحدید

الســیوطی لە الدر المنثور ج٦ لاپەرە ١٧٠ ئاماژە بە چیرۆکێکی تری ئیســلام بوونی عومەری کوڕی خەتاب دەکات کە البزار و ابن عســـاکر و ابن مردویە و ابو نعیم لە الحلیة و البیهقی لە دلائل النبوة ئاماژەیان پێکردووە . چیرۆکەکە دەڵێت:

**عن عمر قال كنت أشـد الناس على** رسول الله صلى الله عليه وسلم **فبينا أنا في يوم حار بالهاجرة في بعض طريق مكة إذ لقيني رجل فقال عجبا لك يا ابن الخطاب انك تزعم انك وانك وقد دخل عليك الامر في بيتك قلت وما ذاك قال هذه أختك قد أســلمت فرجعت مغضـبا حتى قرعت الباب فقيل من هذا قلت عمر فتبادروا فاختفوا مني وقد كانوا يقرؤن صـحيفة بين أيديهم تركوها أو نسـوها فدخلت حتى جلست على السرير فنظرت إلى الصحيفة فقلت ما هذه ناولينيها قالت انك لست**

**من أهلها انك لا تغتسل من الجنابة ولا تطهر وهذا كتاب لا يمسه الا المطهرون فما زلت با حتى ناولتنيها ففتحتها فإذا فيها بسم الله الرحمن الرحيم فلما قرأت الرحمن الرحيم ذعرت فألقيت الصحيفة من يدي ثم رجعت إلى نفسيـ فاخذتها فإذا فيها بسم الله الرحمن الرحيم سبح لله ما في السماوات والأرض وهو العزيز الحكيم فكلما مررت بـ اسم من أسماء الله ذعرت ثم ترجع إلى نفسيـ حتى بلغت آمنوا بالله ورسوله وأنفقوا مما جعلكم مستخلفين فيه فقلت أشهد أن لا اله الا اله وأن محمدا رسول الله**

عومەر دەڵێت : توندوتیژترین کەس بووم بەرامبەر بە پێغەمبەری الله صلعم ، وە رۆژێکی گەرم کاتێك لە هاجرة بووم لە ڕێگایەك لە ڕێگاکانی مكة ، پیاوێك توشم بوو و گوتی : بەلامەوە سەیرە ئەی کوڕی خەتاب تۆ دەڵێت من و من بەڵام مەسەلەکە گەیشتۆتە ماڵی خۆتان . گوتم ئەم مەسەلەیە چییە؟ گوتی : ئەوە خوشکەکەت ئیسلام بووە. ئەوەبوو بە توڕەیی گەڕامەوە مکە ، وە لە دەرگام دا ، گوتیان کێیە؟ گوتم عومەر ، ئەوەبوو شتیان لێم شاردەوە ، وە پەڕاوێکیان لابوو دەیانخوێندەوە وە لە بیریان کردبوو کە بیشارنەوە ، کاتێك لەسەر قەرەوێلە دانیشتم نوسینەکەم بینی ، گوتم ئەوە چییە، بیدە بە من . گوتیان تۆ شایستەی ئەوە نیت چونکە غوسل ناکەیت لە دوای جوت بوون وە خۆت پاك ناکەیتەوە ، وە ئەم پەرتوکە ( تەنها پاکەکان بۆیان هەیە دەستی لێبدەن- لا یمسه الا الطاهرون ئایەتی ٧٩ سورەتی الواقعة) ، زۆر پێداگریم کرد تاوەکو کەوتە بەردەستم ، وە کردمەوە ، بینیم نوسراوە : ( بسم الله الرحمن الرحیم ) کاتێك ( الرحمن الرحیم)م خوێندەوە ، شلەژام ، نوسینەکەم لە دەستم فڕێ دا ، ئینجا دووبارە گرتمەوە ، بینیم نوسراوە :

**سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۖ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ** (ئایەتی ١ سورەتی الحدید)

وە هەر چەند جارێك بە ناوی الله تێپەڕ دەبووم لە کاتی خوێندنەوە دەشلەژیم ، تاوەکو ئەم شوێنە خوێندمەوە کە دەڵێت:

**آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ** (ئایەتی ٧ سورەتی الحدید)

ئینجا گوتم : اشهد ان لا اله الا الله و ان محمد رسول الله

تێبینی و سەرەنج سەبارەت بەم چیرۆکە:

یەکەم : قورئانی نوسراو ناچێتە ئەقلەوە بەتایبەتی نە خوشکی عومەر وە نە زاواکەی خوێندەوار بوون

دووەم : سورەتی الحدید سورەتێکی مەدەنی یە ( واتە لە مدینە دابەزیووە) لە دوای شەری خندق ( الاحزاب) . شەری خندق لە سالی پینجەمی کۆچی بووە. واتە لە نێوان سورەتی النجم و سورەتی الحدید ٧١ سورەت دابەزیووە. سورەتی النجم ٨ ساڵ بەر لە کۆچ کردنی محمد بۆ مکة دابەزیووە، بەڵام سورەتی الحدید ٦ ساڵ لە دوای کۆچ کردنی محمد بۆ مدینە دابەزیووە. واتە سورەتی الحدید لایەنی کەم ١٤ ساڵ لە دوای سورەتی النجم دابەزیووە.

دەرەنجام : ئەم چیرۆکە درۆیە و دروست کراوە

چیرۆکی ژمارە چوار: مەڕ و ماڵات عومەر دەکەن بە ئیسلام

بن طرهوني السلمي لە صحيح السيرة النبوية ( السيرة الذهبية) ج٢ لاپەرە ٣٢٩ وە كنز العمال للمتقى الهندى ج١٢ لاپەرە ٥٥٢ ژمارە ٣٥٧٤٤ دەڵێت:

عن عمر قال كنت جالسا مع أبي جهل وشيبة ابن ربيعة، فقال أبو جهل يا معشر قريش إن محمدا قد شتم آلهتكم وسفه أحلامكم وزعم أن من مضى من آبائكم يتهافتون في النار، ألا ومن قتل محمدا فله علي مائة ناقة حمراء وسوداء وألف أوقية من فضة. فخرجت متقلدا السيف متنكبا كنانتي أريد النبي صلى الله عليه وسلم، فمررت على عجل يذبحونه فقمت أنظر إليهم، فإذا صائح يصيح، من جوف العجل

يا آل ذريح

أمر نجيح

رجل يصيح بلسان فصيح

يدعو إلى شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله

فعلمت أنه أرادني، ثم مررت بغنم فإذا هاتف يهتف يقول

يا أيها الناس ذوو الأجسام

ما أنتم وطائش الأحلام ومسندو الحكم إلى الأصنام

فكلكم أراه كالانعام أما ترون ما أرى أمامي

من ساطع يجلو دجى الظلام

قد لاح للناظر من تهام

أكرم به لله من إمام قد جاء بعد الكفر بالاسلام

والبر والصلات للارحام

فقلت: والله ما أراه إلا أرادني، ثم مررت بالضمار

فإذا هاتف من جوفه ترك الضـمار وكان يعبد وحده * بعد الصلاة مع النبي محمد إن الذي ورث النبوة والهدى * بعد ابن مريم من قريش مهتد سـيقول من عبد الضـمار ومثله * ليت الضمار ومثله لم يعبد فاصبر أبا حفص فإنك آمن * يأتيك عز غير عز بني عدي لا تعجلن فأنت ناصر دينه * حقا يقينا باللسـان وباليد فوالله لقد علمت أنه أرادني! فجئت حتى دخلت على أختي فإذا خباب ابن الأرت عندها وزوجها فقال خباب ويحك يا عمر! أسـلم، فدعوت بالماء فتوضـأت ثم خرجت إلى النبي صلى الله عليه وسلم، فقال لي: قد استجيب لي فيك يا عمر! أسلم، فأسلمت وكنت رابع أربعين رجلا ممن أسلم، ونزلت

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللَّهُ وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ ( ئايەتی ٦٤ سورەتی الانفال)

عمر دەڵێت لەگەل ابو جهل و شـيبة بن ربيعة دانيشـتبووم ، ابو جهل گوتی : ئەی پياوانی قريش ، محمد جوێنی بە خوداكانتان دا و سـوكايەتی بە خەونەكانتان كرد وە دەڵێت باوك و باپيرانتان لە دۆزەخدا دەبن ، هەر كەسـێك محمد بكوژێت ئەوا ١٠٠ وشـتری سـور و رەش و هەزار ئۆقيە زيوی پێدەدەم.عومەر دەڵێت گوتم من دەيكوژم ، بە شـمشـێرەكەم بۆ لای پێغەمبەر دەرچووم ، بە لای خەلكانێك تێپەڕ بووم بەرخێكيان سـەردەبڕی ، وەسـتام و سـەيرم كرد ، گوێم لێبوو دەنگێك لە ناو بەرخەكەوە هات و گوتی :

ئەی خەڵكی ئاژەڵی سەربڕاو

كارێكی سەركەوتوو

پياوێك بە زمانێكی ڕەوان هاوار دەكات

بۆ شايەتومانی بانگيش دەكات

هيچ خودايەك نييە تەنها الله نەبێت

وە محمد پێغەمبەری الله يە

زانیم کە ئەم دەنگە مەبەســتی منە ئینجا بەلای مەڕ تێپەر بووم ، دەنگێك هات و دەیگوت:
ئەم مەڕەش چەند بەیتێك هۆنراوەی بۆ دەخوێنێتەوە و دەڵێت پێغەمبەرێك بە ئیسلامەوە هاتووە ئیمانی پێبهێنن
عومەر دەڵێت زانیم مەبەستی من بوو ، ئینجا بە لای ضمار ( بتێك بوو کە عباس بن مرداس و خەلکەکەی دەیانپەرست) تێپەڕ بووم  و دەنگێك لە ناو بتەکە دەهات و دەیگوت:
بتەکەش چەند بەیتێك هۆنراوە دەخوێنێتەوە و دەڵێت دەســتبەرداری بت بن و اللەی تاك و تەنها بپەرستن و ئیمان بە محمد بهێنن
وە بتەکە دەڵێت : خۆزگە بت و نمونەی بت نەدەپەرســتران ، دان بە خۆتا بگرە ئەی باوکی حفص ( واتە عومەر) تۆ ئیمان دەهێنێت
عومەر دەڵێت زانیم مەبەستی من بوو . عمر دەڵێت هاتم بۆ ماڵی خوشــکم و لە سەر دەستی خەباب ئیمانم هێنا وە من چل و چوارەمین کەس بووم کە ئیمانم هێنا . وە لەسەر من ئەم ئایەتەی قورئان دابەزی کە دەڵێت :
ئەی پێغەمبەر اللە پشتیوانیتە لەگەل ئیمانداران ( ئایەتی ٦٤ سورەتی الانفال)
وە تـاریخ الطبری لە ج٢ لاپەرە ٤٥ وە ابو نعیم لە دلائـل النبوة ئـامـاژەیـان بەم چیرۆکە کردووە.
تێبینی و سەرنج :
یەکەم : بەرخێکی ســەربڕا و مەڕێك و بتێك داوا لە عومەر دەکەن ئیمان بە اللە و محمد بهێنێت
دووەم: عومەر دەڵێت کاتێك ئیسلام بووم ، ئایەتی ٦٤ سورەتی الانفال دابەزی
ئسـورەتی الانفال سـورەتێکی مەدینەیە و سـەبارەت بە شـەری بدر دابەزیووە کە لە سالی ٢ کۆچی بوو
دەرەنجام : چیرۆکێکی خورافی و بێبەنامەیە
چیرۆکی ژمارە پێنج: هات بۆ ماڵی خدیجە و ئیمانی هێنا
ابن عساکر تاریخ مدینة دمشق ج٤٤ لاپەرە ٣٥ وە کنز العمال المتقی الهندی ج٤ لاپەرە ٦٠٤ ژمارە ٣٥٨٨٧ دەڵێت:

فقال عمر بن الخطاب أنا فأتي العين رسول الله (صلى الله عليه وسلم) فقال يا رسول الله إن عمر بن الخطاب يأتيك فكن منه على حذر فلما أن صلى رسول الله (صلى الله عليه وسلم) صلاة المغرب قرع عمر بن الخطاب الباب وقال افتحي يا خديجة فلما أن دنت قالت من هذا قال عمر قالت يا نبي الله هذا عمر فقال من عنده من المهاجرين وهم تسعة صيام وخديجة عاشرتهم ألا تشتفي يا رسول الله فنضرب عنقه قال لا ثم قال اللهم أعز الدين بعمر بن الخطاب فلما دخل قال ما تقول يا محمد قال أقول أن تشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأن محمدا عبده ورسوله

خەلك گوتيان ئەی پێغەمبەری الله ئاگاداری خۆت بە عومەری كوڕی خەتاب دێت بۆ لات ، كاتێك كاتی نوێژی مغريب بوو ، عومەر لە دەرگای دا ، پێغەمبەر گوتی ئەی خديجە دەرگا بكەرەوە . خديجە گوتی كێيە ؟ عومەر گوتی منم عومەر . خديجە گوتی ئەی پێغەمبەری الله عومەرە ، ٩ كەس لە كۆچكردوەكان لای پێغەمبەر بوون بە خەديجەوە ١٠ كەس بوون ، گوتيان پێغەمبەری الله لە ملی بدەين . پێغەمبەر گوتی نەخێر ئينجا گوتی : الله پالپشتی لە ئاينەكەت بكە بە عومەری كوڕی خەتاب . كاتێك عومەر هاتە ژوورەوە گوتی ئەی محمد چی بلێم ، گوتی بلێ اشهد ان لا اله الا الله تاك و تەنهايە و هيچ شەريكێكی نييە وە محمد بەندە و پێغەمبەريەتی .

عومەر دەلێت شايەتومانيم هێنا

چيرۆكی ژمارە شەش: لای كعبە ئيمان دەهێنێت

الاصبهانی لە حلية الاولياء و طبقات الاصفياء ج١ لاپەرە ٤٠ وە ابن ابي شيبة لە المصنف ج٨ لاپەرە ٣٤٣ ژمارە ٥٢١٨ دەلێت:

**قال عمر بن الخطاب فاخرجت من البيت فدخلت في أستار الكعبة في ليلة قارة فجاء النبي صلى الله عليه و سلم فدخل الحجر وعليه نعلاه فصلى ما شاء الله ثم انصرف قال فسمعت شيئا لم أسمع مثله قال فخرجت فاتبعته فقال من هذا قلت عمر قال يا عمر ما تتركني ليلا ولا نهارا فخشيت أن يدعو علي فقلت أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أنك رسول الله قال فقال يا عمر استره قال فقلت والذي بعثك بالحق لأعلننه كما أعلنت الشرك**

عومەر دەڵێت : شەوێك لەماڵەوە دەرچووم و چووم خۆم لە پشت پەردەی كعبە شــاردەوە ، پێغەمبەر هات ، چووە ناو كعبە وە دوو نعلی لە پا بوو ، وە نوێژی كرد ئینجا رۆیشــت وە لێی گوێم لە شــتێك بوو كە هەرگیز گوێم لێ نەببوو ، بەدوایەوە رۆیشتم ، گوتی ئەوە كێیە؟ گوتم عومەر ، گوتی ئەی عومەر بە شەو و رۆژ وازمان لێ ناهێنیت ، ترســام كە نیزام لێ بكات ، ئەوەبوو گوتم : اشـهد ان لا اله الا الله وە تۆ پێغەمبەری اللەیت . گوتی ئەی عومەر بیشارەوە ( ئاشكرای مەكە) گوتم سوێند بەوەی تۆی بە هەق ناردووە دەبێت وا ئاشــكرای بكەم هەروەك چۆن بە ئاشــكرا مشریك بووم

چیرۆكی ژمارە حەوت : لە ماڵی ابن ارقم ئیمان دەهێنێت

**الاصــبهانی لە حلیة الاولیاء و طبقات الاصــفیاء ج١ لاپەرە ٤٠ وە ابن الجوزی لە مناقب امیر المؤمنین عمر بن الخطاب الباب الثامن اســلام عمر بن الخطاب لاپەرە ١٥ دەلێت**

**عن ابن عباس قال سألت عمر رضي الله تعالى عنه لأي شيء سميت الفاروق قال أسلم حمزة قبلي بثلاثة أيام ثم شرح الله صدري للاسلام فقلت الله لا إله إلا هو له الأسماء الحسنى فما في الأرض نسمة أحب إلي من نسمة رسول الله صلى الله عليه و سلم قلت أين رسول الله صلى الله عليه و سلم قالت أختي هو في دار الأرقم بن الأرقم عند الصفا فأتيت الدار وحمزة في أصحابه جلوس في الدار ورسول الله صلى الله عليه و سلم في البيت فضربت الباب فاستجمع القوم فقال لهم حمزة مالكم قالوا عمر قال فخرج رسول الله صلى الله عليه و سلم فأخذ بمجامع ثيابه ثم نثره نثرة فما تمالك أن وقع على ركبته فقال ما أنت بمنته يا عمر قال فقلت أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله قال فكبر أهل الدار تكبيرة سمعها أهل المسجد**

ابن عباس دەلێت پرســیار لە عومەر كرا بۆچی ناوت لێنرا الفاروق ، گوتی : حمزە ٣ رۆژ پیش من بوو بە ئیســلام ، ئەوەبوو الله دڵی فراوان كردم بۆ ئیســلام وە گوتم ( الله لا اله الا هو له الاســماء الحســنى) وە هیچ كەســێك لە زەویدا نیە ، كە لە پێغەمبەر لە لامەوە خۆشەویستر بێت ، گوتم پێغەمبەر لە كوێیە؟ خوشكم گوتی لە ماڵی الارقم بن الارقمە لای صفا ، هاتم بۆ ماڵەكەی ، وە حمزە لای دانیشتبوو

، وە پێغەمبەر لەوێ بوو ، لە دەرگام دا ، خەلکەکە کۆبونەوە ، حمزە گوتی ئەوە چیتانە ، گوتیان عومەرە، پێغەمبەری الله هاتە دەرەوە یەخەی گرتم و گوتی وازت نەهێنا ئەی عومەر ، ئەوەبوو گوتم اشـهد ان لا اله الا الله محمد عبدە و رسـولە ، خەلکەکە تەکبیریان کرد کە تەنانەت خەلکی لای کعبە گوێیان لێبوو.

دەیەها چیرۆکی تری دژ بە یەك هەن سـەبارەت بە چۆنیەتی ئیسـلام بوونی عومەر بەلام بە شێوەیەکی گشتی کەم تا زۆر لەم ٧ چیرۆکەوە نزیکن کە ئاماژەم پێیان کرد ابن سـعد لە الطبقات الکبری ج٢ لاپەرە ٢٤٩ وە ابن عسـاکر لە تاریخ مدینة دمشق لاپەرە ٤٣ دەلێن:

کاتێك عومەر ئیسـلام بوو ، جبرایل دابەزی و گوتی :ئەی محمد فریشـتەکانی ئاسمانی بە بۆنەی ئیسلام بوونی عومەر شادی دەکەن

لەبەر ئەوە دیار نییە کەی و چۆن عومەر ئیسـلام بووە . وە ئەم چیرۆکانە دروست کراون بۆ پێکانی چەند مەبەستێك :

یەکەم: مەزن کردنی کەسایەتی عومەری کوری خەتاب

دووەم: مەزن کردنی قورئان : کە عومەر لە ژێر کاریگەری قورئان ئیسلام بووە

سێهەم : بەلآم ئەم ٣ پارچە هۆنراوەی بەرخێکی سەربراو و مەرێك و بتێك گوتویانە ، زۆر جوانتر و رەوانتر و پوختتر و مانا بەخشترن لە دەقەکانی قورئان .

**وە الهیثمی لە مجمع الزوائد ومنبع الفوائد کتاب المناقب باب مناقب عمر بن الخطاب رضی الله عنە** ژمارە ١٤٤١٠ بە اسـنادێکی صحیح ئاماژە بە فەرمودەیەك دەکات و دەلێت:

ابن مسـعود گوتویەتی : ئیسـلام بوونی عومەر فتح بوو ، کۆچ کردنی بۆ مدینة سـەرکەوتنی ئیسـلام بوو ، دەسـەلاتەکەی ( کاتێك بوو بە خلیفة) رەحمەت بوو ، سـوێند بە الله نەماندەتوانی لای کعبة نوێژ بکەین تاوەکو عومەر بوو بە ئیسـلام ، کاتێك عومەر بوو بە ئیسلام شەری قورەیشەکانی کرد ئینجا بانگی کردین و نوێژمان لای کعبة کرد

وە هەمان سەرچاوەی پیشوو بە ژمارە ١٤٤١٢ بە اسناداێکی حسن دەلێت:

ابن عباس گوتویەتی : یەکەم کەس ئیسلام بوونی خۆی ئاشکرا کرد عومەری کوری خەتاب بوو.

وه السیوطی له تاریخ الخلفاء لاپەره ٩٠ دەڵێت:
صــهیب گوتی کاتێك عومەری کوڕی خەتاب بوو بە ئیســلام ، به ئاشــکرا خۆی ڕاگەیاند و ئیسـلام سـەرکەوت . له دەورەی کعبه بە بازنە دانیشـتین و تەوافمان به دەورەیدا کرد ، وه هەر کەســێك رق و قینی بەرامبەرمان دەردەبڕی و قســەیەکی پێمان دەگوت وەلاممان دەدایەوە
بەڵام له راسـتیدا ئیسـلام تەنانەت بۆ یەك سـاتیش له مکة نهێنی نەبووە و خودی قورئان دان بەم راســتیه دەنێت. کەواته چۆن دەکرێت عومەری کوری خەتاب یەکەم کەس بووبێت کە بە ئاشکرا ئیسلام بوونی خۆی راگەیاندبێت.
هەندێك لەم ئایەتانەی کە ئاماژەن بەوەی ئیسلام له مەککه نهێنی نەبووە:
یەکەم ٦ ســورەت کە محمد دایبەزاندووە ، ریزبەندیەکەیان بەم شــێوەیە بووە :
العلق ، القلم ، المزمل ، المدثر ، الفاتحة ، المسد
ئەلبەته سورەتی الفاتحة ناکۆکی زۆری لەسەرە وه زۆرێك دەلێن له مدینة دابەزیووە.
سورەتی یەکەم : العلق ( ١٩ ئایەتە)
الطبری دەلێت و هي مكية باجماع و هي اول ما نزل من القران ( واته به کۆی گشتی موسلمانان سورەتێکی مەکی یە ، وه یەکەم سورەتە کە له قورئان دابەزیووە)
کاتێك محمد له ئەشکەوتی حراء بوو ، بوونەوەرێك ئایەتی ١-٥ بۆ محمد دابەزاند ئایەتی ٦-١٩ هێرش دەکاتە ســەر عمرو بن هشــام بن المغیرة ( ابو جهل) که دەڵێت:
نەخێر له راستیدا مرۆڤ سەرەڕۆیە
چونکە کە خۆی بینی بێمنەت دەبێت
له راستیدا بۆ لای خوداکەت دەگەڕێنەوە
ئایا ئەوەت بینیوە کە نەهی دەکات
له بەندەیەك کە نوێژ دەکات
ئایا دەزانیت ئەگەر لەسەر هیدایەت بێت
وه یان فەرمان بە چاکە بکات
ئایا بینیت کە نکۆڵی کرد و پایدۆزی کرد

هەوڵنامەی کتێب

ئایا نازانێت کە اللە دەبینێت
نەخێر ، ئەگەر وازنەهێنێت ئەوا بە پەرچەمی (قاقۆل) ڕایدەکێشین
قاقۆلدارە درۆزنە گوناهبارە
با یاوەر و پیاوەکانی بانگ بکات
وە ئێمەش فریشتەکانی دۆزەخ بانگ دەکەین
نەخێر ، گوێڕایەڵی مەکە و کرنۆش ببە وە نزیك بەرەوە
القرطبی دەڵێت : قیل نزلت السورة کلها فی ابی جهل ( دەڵێت هەموو سورەتەکە لەسەر ابی جهل دابەزیووە)
الطبری دەڵێت ( أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَىٰ ئایەتی ٩ ) ان هذه الایة وما بعدها نزلت في ابي جهل بن هشام ( ئەم ئایەتە و ئایەتەکانی دواتر سەبارەت بە ابی جهل بن هشام دابەزیوون)
ابن کثیر نزلت في ابی جهل (لە سەر ابی جهل دابەزیوون)
محمد تەنها ٥ ئایەتی بۆ هاتووە یان دابەزیووە ( ئایەتی ١-٥) ئینجا یەکسەر ( لە ئایەتی ٦-١٩) هێرش دەکاتە سەر عمرو بن هشام بن المغیرة ( ابو جهل)
ئایەتی ١-٥ دەڵێت :
بخوێنەوە بە ناو خوداکەت کە دروستی کردووە
مرۆڤی لە کلۆیەك خوێن دروست کردووە
بخوێنەوە وە خوداکەت ڕێزدارترینە
کە بە پێنوس فێری کردووە
مرۆڤی فێرکرد ئەم شتەی کە نەیدەزانی
یەکسەر دوای ئەم ٥ ئایەتە محمد لە ئایەتی (٦-١٩) هێرش دەکاتە سەر عمرو بن هشام بن المغیرة. ئەوەی سەیرە لە ٥ ئایەتی یەکەم ئاماژە بە ناوی خوداکەی محمد (اللە) نەکراوە وە کەس نازانێت بەرنامەی محمد چییە. وە محمد خۆی لە شك و گوماندا بووە ، وە کاتێك ٥ ئایەتی یەکەمی لە ئەشکەوتی حراء بۆ دادەبەزێت، محمد دەتۆقێت و دەشڵەژێت ، بە پەلە دەگەڕێتەوە بۆ لای خدیجە و دەڵێت زملونی زملونی ( دامپۆشن ، دامپۆشن ) وە بە خدیجە دەڵێت وابزانم شەیتان دەستی لێم وەشاندووە

صحيح البخاری کتاب بدء الوحی ژماره ٤ :
فقال اقرأ باسـم ربك الذي خلق خلق الإنسـان من علق اقرأ وربك الأكرم فرجع بها رسـول الله صـلى الله عليه وسـلم يرجف فؤاده فدخل على خديجة بنت خويلد رضي الله عـنـهـا فـقـال زمـلـوني زمـلـوني فـزمـلـوه حـتى ذهـب عـنـه الـروع فقال لخديجة وأخبرها الخبر لقد خشـيت على نفسي- فقالت خديجة كلا والله ما يخزيك الله أبدا

محمد دەڵێت دوای ئەوەی بۆ جاری سـێهەم بوونەوەرەکە لە ئەشـکەوتی حراء قورگی گرتم و هیلاکی کرد ، ئینجا بەریدام و گوتی :

**اقْرَأْ بِاسْـمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ  خَلَقَ الْإِنسَـانَ مِنْ عَلَقٍ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ** (ئایەتی ١-٥ )

پێغەمبەری الله گەڕایەوە  ماڵەوە ، دڵی دەلەرزی ، هـات بۆ لای خـدیجە کچی خویلد رەزای اللهی لێبێت ،گوتی : دامپۆشـن ، دامپۆشـن . دایانپۆشی تاوەکو ترسەکەی رۆیشت ، باسی ڕوداوەکەی بۆ خدیجە کرد و گوتی لە خۆم ترسام ( کە شـەیتان دەسـتی لێ وەشـاندبم) خدیجە گوتی : نەخێر هەرگیز وەلاهی الله هەرگیز ریسوات ناکات.

کەچی یەکسـەر دوای ئایەتی ٥ محمد هیرش دەکاتە سـەر عمرو بن هشـام بن المغيرة.

سورەتی دووەم : القلم ( ٥٢ ئایەتە)

لە سـەرەتای ئەم سـورەتە ( ئایەتی ١-٤) ، نوسـەری قورئان وەڵام بە  قورەیشـەکان دەداتەوە کە بە محمدیان گوتووە شێت ( مجنون)

**ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ما أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ وَإِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ**

نون ، وە سوێند بە پێنوس و ئەوەی دەنوسرێت
(ئەی محمد) تۆ بە نیعمەتی خوداکەت شێت نیت
وە بە دڵنیاییەوە پاداشتێکی نەبڕاوەت دەبێت
وە تۆ لەسەر کاراکتەرێکی مەزنیت

هەولێنامەی کێتێر

ئەم چوار ئایەتە پێمان دەڵێن کە قورەیشـــەکان بە محمدیان گوتوە شـــێت وە نوسـەری قورئان وەلامیان دەداتەوە و دەڵێت سـوێند بە نون و پێنوس و ئەوەی بە پێنوس دەنوسرێت محمد شێت نییە.

ئینجا نوسەری قورئان لە ئایەتی ١٠-١٦ هێرش دەکات :

(ئەی محمد) گوێڕایەڵی کەسانێك مەبە کە سوێندی بەتاڵ دەخۆن

لەکەدارکەری و بوهتانکەرکە قسە دێنێت و دەبات

رێگر لە چاکە ،دەستدرێژیکەر و گوناهبار

توندوتیژ ئینجا دوای ئەوە زۆڵ

وە تەنانەت ئەگەر خاوەن کوڕ و سامان بێت

وە کاتێك ئایەتەکانی ئێمەی بۆ دەخوێندرێتەوە دەڵێت : ئەفسانەکانی پێشینانن

سەرە لوتی داغ دەکەین

القرطبی دەڵێت : ( **وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ**) الشعبی و سدی و ابن اسحاق دەڵێن مەبەسـتی الاخنس بن شریقه، وە مجاهید دەڵێت مەبەسـتی اسـود بن عبد یغوث یان عبدالرحمن بن اسـودە ، وە مقاتل دەڵێت مەبەسـتی ولید بن المغیرةیە وە ابن عباس دەڵێت مەبەستی ابوجهل بن هشامە

واتە لە ســـورەتی دووەم کە محمد دایبەزاندووە ، جارێکی تر هێرش کردن بۆ ســـەر کەسێکلە مشریکەکان هەیە.

سورەتی سێیەم: المزمل ( ٢٠ ئایەتە)

ئایەتی ١٠-١٣ هێرش دەکاتە سەر گەورە پیاوانی قورەیش :

**وَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَاهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلً**

**وَذَرْنِي وَالْمُكَذِّبِينَ أُولِي النَّعْمَةِ وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلً**

**إِنَّ لَدَيْنَا أَنكَالًا وَجَحِيمًا**

**وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ وَعَذَابًا أَلِيمًا**

واتە: ئەی محمد دان بەخۆتا بگرە بەرامبەر بەم قسـانەی دەیکەن وە خۆتان لێیوە بە دوور بگرە دوورگرتنێکی جوان ، وە بۆ منیان جێبهێلە ئەوانەی نکۆڵی دەکەن ، با تۆزێـك بۆ خۆیـان بژین ، ئەلبەتە ئێمە کۆت و زنجیر و دۆزەخمـان هەیە ، وە خۆراکێکی دڕکاوی کە دەخنکێنێت وە ئەشکەنجەیەکی ئازار بەخش

القرطبی دەڵێت : نزلت في صناديد قريش ورؤساء مكة من المستهزئين ( دابەزی لەسەر گەورە پیاوانی قورەیش و سەرکۆکەکانی مکە کە گاڵتەیان دەکرد)

سورەتی چوارەم : المدثر ( ٥٦ ئایەتە)

ئایەتی ١-٥ نوسـەری قورئان فەرمان بە محمد دەکات کە خۆی لە بتەکان بە دوور بگرێت و خۆی پاك بکاتەوە و بانگیشی خەلك بکات بۆ ئیسلام :

**يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ قُمْ فَأَنذِرْ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ**

ئەی کەمامکدار ، هەلسـە بانگیش بکە ، وە خوداکەت مەزن بکە ، وە جلەکانت پاك کەرەوە، وە خۆت لە گلاوی بە دوور بگرە

القرطبی لە تفسیری ئایەتی ( **وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ** ) دەلێت

فاجتنبوا الرجس من الأوثان

وە الطبری دەلێت ( الرجز) هی الاوثان ، واتە ( رجز واتە بتەکان )

واتە نوسـەری قورئان فەرمان بە محمد دەکات کە خۆی لە بت پەرسـتی بە دوور بگرێت.

وە ئەم شرۆڤەیە ١٠٠ ٪ راستە ، چونکە سورەتی الشرح ئایەتی ١-٤ پێمان دەلێت کە محمد بت پەرست بووە:

**أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ**

واتە : ( محمد) ئەی سـینەمان تونیکار نەکردیت ، وە گوناهەکانتمان لانەبرد ، کە پشتیان چەماندبوویەوە وە ناومان بەرز نەکردیتەوە

ئەم چوار دەقە پێمان دەلێت کە محمد بەڕادەیەك گوناهی زۆر بووە کە بە هۆی زۆری گوناهەکانیەوە کە گوناهی قورس بوون ، پشتی چەمابۆوە

الطبری دەلێت :

وحططنا عنك ثقل أيام الجاهلية التي كنت فيها ( وە قورسـاییەکانی رۆژگارەکانی جاهیلیمان تیاتدا لابرد)

الضحاك دەلێت الشرك الذی كان فيه ( واتە ئەو شرکەی کە تیایدا بوو)

قتادة دەلێت : الذنوب الذی اثقلته ( ئەو گوناهانەی کە پێغەمبەریان قورس کردبوو)

وە هەروەها الطبری لە تفسیری ئایەتی ٧ سورەتی الضحی دەلێت

وَوَجَدَكَ ضَــــالًّا فَهَدَىٰ  ( تۆی بینی بەلارێدا چووبیت ئینجا هیدایەتی دایت) :
پێغەمبەر لەسەر رێبازی قەومەکەی بوو بۆ ماوەی چل ساڵ
واتە بت پەرست بوو وەکو قەومەکەی
لە ئایەتی ١١-٣٠ سورەتی المدثر ، نوسەری قورئان جارێکی تر هیرش دەکاتە سەر ولید بن المغیرة (باوکی خالد بن الولید) وە سوکایەتی پێدەکات:
بۆ من جێبهێڵە ئەوەی وەك تاقانە دروستم کردووە
وە پارەیەکی زۆرم پێیبەخشیووە
وە مندال هەروەك دەبینن
وە هەموو شتێکم بۆی فەراهەم کردووە
ئینجا چاوی لەوەیە کە بۆی زیاد بکەم
نەخێر بۆ ئایەتەکانمان سەرسەخت بوو
بە سەرخستن و دابەزین ( لە چیایەکی دۆزەخدا)  ماندووی دەکەم
لە راستیدا بیری کردەوە و تەخمینی کرد
دەك داوەشێت بۆ خۆی و تەخمین کردنی
ئینجا داوەشێت بۆ خۆی و تەخمین کردنەکەی
ئینجا سەیری کرد
ئینجا خۆی مرومۆچ کرد و گرژ کرد
ئینجا رۆیشت و لوت بەرزی کرد
وە گوتی ئەوە (قورئان) تەنها سحرێکە لە کەسانی تری وەرگرتووە
لە راستیدا ئەوە ( قورئان) تەنها وتەی مرۆڤە
رایدەکیشم و سوری دەکەمەوە لە دۆزەخ ( سقر)
وە تۆ چوزانیت ( سقر) چییە
هیچ شتێك ناهێلیتەوە کە نەیسوتێنێت
پێست رەش دەکات
نۆزدە فریشتەیان لەسەرە
الواحدی النیسابوری سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتانە دەلێت:

هەولێر کتێب

ولید کوڕی المغیرة هات بۆ لای پێغەمبەر وە پێغەمبەر قورئانی بۆی خوێندەوە وە دواتر ئیمانی نەهێنا و گوتی قورئان ووتەی مرۆڤە و ئیمانی نەهێنا.

واتە  بە هۆی ئەوەی ولید کوڕی المغیرة ،ئیمانی بە محمد  نەهێناوە ، نوســەری قورئان لەم ٢٠ ئایەتەدا سوکایەتی بە ولید دەکات.

سورەتی شەشەم: المسد ( ٥ ئایەتە)

لەم پینج ئایەتە ، نوســەری قورئان ســوکایەتی بە  عبدالعزی بن عبدالمطلب (ابو لهب) و ژنەکەی دەکات  و دەڵێت:

دەستت برزێت ابو لهب دەك داوەشێیت

سامان و ئەوەی بەدەستی هێناوە سودیان بۆی نابێت

لە ئاگرێکی کڵپەداردا دەسوتێنرێت

وە ژنەکەی دار هەڵدەگرێت

وە لە گەردەنیدا ملوانکەیەك لە توك هەیە

الواحدي النیسابوری سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە دەڵێت:

ابن عباس دەڵێت رۆژێکیان پێغەمبەر صلعم بۆ ســەر صـفا ســەرکەوت و گوتی : هۆی خەڵکینە . قورەیش کۆبونەوە و گوتیان ئەی محمد چیتە و چی بووە؟ گوتی ئەگەر پێتان بڵێم دووژمنەکانتان بە بەیانیان و ئێواران لە ناوتانن بڕوام پێدەکەن؟ گوتیـان بەڵێ .گوتی من بۆ ئـاگادار کردنەوەی ئێوە هـاتووم لەســەر و بەنـدی ئەشکەنجەیەکی ئازار بەخش ( واتە رۆژی قیامەت) . ابو لهب ( مامی محمد) گوتی دەك داوەشـێیت بۆ ئەوە ئێمەت بانگ کرد. ئەوەبوو الله ئەم سـورەتەی دابەزاند و گوتی : دەستت برزێت ابو لهب دەك داوەشێیت ( تبت یدا ابی لهب و تب) تاوەکو کۆتایی سورەتەکە.

وە محمد لە سورەتەکانی تردا بەردەوام دەبێت لە سوکایەتی بە خەڵك و قورەیش .

ئەم ٦ ســورەتەی یەکەمی قورئان دەیســەلمێنن کە شــتێك بە ناوی ماوەی نهێنی ئیســلام بوونی نەبووە تاوەکو عومەری کوڕی خەتاب بێت ، بە ئاشــکرا ئیســلام بوونی رابگەیەنێت .

ئەم سورەتانە و دەیەها سورەتی تری مەکە پێمان دەلێن کە ئیدعای موسلمانان و توراسی ئیسلامی بۆ بوونی ماوەی نهێنی کارکردنی ئیسلام لە چەند ساڵی یەکەمدا درۆیەکی شاخدارە و ئیدعایەکی بێبنەمایە.

بەڵام بۆ مەزنکردنی عومەری کوڕی خەتاب هاتوون و دەلێن تاوەکو عومەر نەبوو بە ئیسلام ، ئیسلام نهێنی بوو.

وە سورەتی النجم بەلگەی یەکلاکەرەوەیە بۆ بە درۆ خستنەوەی ئیدعای توراسی ئیسلامی و موسلمانان کە ئیسلام لە سەرەتا نهێنی بووە وە محمد و موسلمانان چەند سالێك بە نهێنی کاریان کردووە بۆ بلاوکردنەوەی ئیسلام. وە پیشوو بە بەڵگەوە سەلماندمان کە عومەری کوڕی خەتاب لە دوای دابەزینی سورەتی النجم ئیسلام بووە.

ئایەتی ٥٢ سورەتی الحج دەلێت

**وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّا إِذَا تَمَنَّىٰ أَلْقَى الشَّيْطَانُ فِي أُمْنِيَّتِهِ فَيَنسَخُ اللَّهُ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ آيَاتِهِ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ**

( ئەی محمد) لە پیش تۆدا هیچ پێغەمبەرێك و پەیامنێرێکمان نەناردووە کە کاتێك خۆزگەیەکیان هەبووبێت شەیتان وتەی نەخستبێتە خۆزگەکەیەوە ، وە اللە ئەوە دەسڕێتەوە کە وتەی شەیتانە ، ئینجا اللە حوکم بە ئایەتەکانی خۆی دەکات، اللە زانا و دانایە

الواحدی النیسابوری دەربارەی هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە دەڵێت:

ڕۆژێکیان پێغەمبەر صلعم لە گردبونەوەیەك لە گردبوونەوەکانی قورەیش دانیشتبوو کە خەڵکێکی زۆر ئامادە بوون ، وە پێغەمبەر صلعم خۆزگەی دەکرد کە اللە شتێکی بۆ دانەبەزێنێت کە قورەیشەکان سڵی لێ بکەنەوە و زیاتر لێی دووربکەونەوە، ئەوەبوو اللە سورەتی (النجم) ی دابەزاند و پێغەمبەر خوێندیەوە ( النجم اذا هوی) ، وە کاتێك ئەم دوو ئایەتەی خوێندەوە کە دەلێت ( افرایتم اللات و العزی و مناة الثالثة الاخری) شەیتان، هەروەك پێغەمبەر خۆزگەی دەخواست، دوو ئایەتی خستە سەر زمانی پێغەمبەر( تلك الغرانیق العلی وان شفاعتهن لترتجی) واتە ( ئەوانە شتانێکی مەزنن وە بە دڵنیاییەوە شەفاعەتیان لە لای اللە بە هەند

وەردەگیرێت) کاتێك قورەیشـــەکان گوێیان لەمە بوو دڵیان زۆر خۆش بوو ، وە پێغەمبەر بەردەوام بوو تاوەکو کۆتایی سورەتەکە کە دەڵێت

فَاسْجُدُوا لِلَّهِ وَاعْبُدُوا ( کرنۆش بۆ الله ببەن و بیپەرستن)

پێغەمبەر کرنۆشی برد ، هەموو موســـلمانان وە هەرچی موشریکی لای کعبە هەبوو کرنۆشـــیان برد ، وە لای کعبە موســـلمانێك و موشریکێك نەما کە کرنۆش نەبەن تەنها الولید کوڕی المغیرة و احیحة ســـعید کوڕی العاص نەبێت ، بە هۆی ئەوەی پیر بوون نەیـانتوانی کرنۆش ببەن بەڵام خۆڵی بطحـائیـان بە دەســـتەوە گرت و خستیانە سەر نێوچەوانیانەوە.

واتە: موســـلمانان ئامادەی ئەم گردبوونەوەی محمد بوون لەگەل موشریکەکان . واتە موشریکەکان دەیانزانی کێ موسلمانە و پیادەکەری محمدە.

پوختە:

یەکەم : گشت چیرۆکەکانی چۆنیەتی ئیسلام بوونی عومەری کوڕی خەتاب درۆن و دروست کراون

دووەم: کاتی ئیسـلام بوونی عومەری کوڕی خەتاب دیار نیە بەلام لە دوای دابەزینی سورەتی النجم بووە

سێهەم : محمد لە سەرەتاوە بە ئاشکرا کاری کردووە وە شتێك لە ئیسلامدا بوونی نییە بە ناوی ماوەی کارکردنی نهێنی

چوارەم: هەموو موسلمانان لە لایەن قورەیش و موشریکەکانەوە ناسراو بوون

پینجەم : ئایا عومەری کوڕی خەتاب هیچ کارکردێکی لە ســـەر زیاد بوونی ژمارەی موسلمانان هەبووە ؟

صـــفی الدین المبارکفوری لە الرحیق المختوم لاپەرە ١٥٨ ســـەبارەت بە شـــەڕی بەدری گەورە دەڵێت:

ژمارەی ســـوپای موســـلمانان ٣١٣ بۆ ٣١٧ کەس بوون ، ٨٢-٨٦ کەســـیان کۆچ کردووەکانی مەککە بوون ، ٦١ کەسیان سەر بە هۆزی ئەوس بوون ، ١٧٠ کەسیان سەر بە هۆزی خزرج بوون

واتە ژمارەی موسـلمانە کۆچ کردووەکان لە سـاڵی دووی کۆچی ( ١٠ سـاڵ لە دوای ئیسـلام بوونی عومەر) ٨٦ کەس بووە. وە کاتێك عومەر بوو بە ئیسـلام ژمارەی پیاوانی موسلمان ٤٠ بۆ ٥٠ پیاو بوون .

کەواتە : ژمارەی موسلمانانی پیاو لە یەکەم پینج سال بەر لە ئیسلام بوونی عومەر ٤٠ پیاو بوون وە ١٠ ساڵ لە دوای ئیسلام بوونی عومەر دەبن بە ٨٠ پیاو

بە شـێوەیەکی تر لە پێنج سـاڵی یەکەم ، سـاڵانە ٨ پیاو لە خەڵکی مەککە ئیسـلام بوون ، بەڵام لە دوای ئیسلام بوونی عومەر ساڵانە ٤ پیاو لە خەڵکی مەککە ئیسلام بوون. کەواتە ئەگەر عومەر کارکردی هەبووبێت ،ئەوا کارکردێکی نێگەتیف بووە.

وە قورئان لە ئایەتی ٢٦ الانفال دان بەم راستیەدا دەنێت:

**وَاذْكُرُوا إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِي الْأَرْضِ**

وە لە یادتان بێت کە ئێوە کەم بوون و بێتوانا بوون لە زەویدا

البغوی دەڵێت : واتە لە یادتان بێت ئەی کۆچکردووەکان کاتێك ئێوە لە مەککە ژمارەتان کەم بوو و لاواز بوون.

دەرەنجام : چیرۆکەکان دروسـت کراون بۆ مەزن کردنی عومەری کوڕی خەتاب . ئیسـلام لە ژێر ناوی توحید و یەکتایی وە لەناو بردنی بتەکان و فرەخودایی و شرك ، دەیەها بتی تری دروسـت کردووە ، یەکێك لەم بتانە کە موسـلمانان دەیپەرسـتن عومەری کوڕی خەتابە.

وە بە هیچ شـێوەیەك موسـلمانان لە مەککەدا نەدەچەوسـێنراوە ، وە محمد کۆچی کرد بۆ مدینة دوای ئەوەی توانی پشتیوانی صعالیکەکان و ئەوس و خزرج بەدەست بهێنێت بۆ شەڕکردن. ئەگینا موسلمانان ناچار نەبوون مەککە جێبهێلن.

وە کاتێك محمد کۆمەڵێك لە پیاوەکانی بە سـەرکردایەتی عوسـمانی کوڕی عفان نارد بۆ حەبەشـە بۆ لای النجاشی ، بۆ یەك مەبەست بوو : بۆ بەدەسـت هێنانی کۆمەك و پشتیوانی بوو بۆ شەڕ کردن لە ژێر ناوی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی

ابن كثير لە السـيرة النبوية ج٢ لاپەرە ٢٠-٢٣ باسی قسـە و باسـێك دەکات کە لە نێوان موسلمانان و نەجاشی پادشای حەبەشە ڕویداوە

نجاشی لێیان دەپرسـێت : هاوڕێکەتان ( واتە محمد) دەربارەی کوڕی مریەم چی دەڵێت؟

عمرو بن العاص دەڵێت :  وتەی الله دەڵێت کە  الله گوتویەتی ( هو روح الله و کلمته) واته رۆحی الله و وتەکەیەتی.
جعفر بن ابی طالب ( ئامۆزای محمد) لە وەڵام بە پرسیارەکەی نجاشی دەڵێت :
فعبد الله ورسوله وكلمته ألقاها إلى مريم وروح منه
واتە : بەندەی الله و پێغەمبەریەتی وە وتەیەکە کە الله بە مریەمی دا وە روحی اللەیە
وە جعفر دەڵێت : وأمرنا أن نعبد الله ولا نشرك به شيئا، أمرنا بالصلاة والزكاة والصيام
واتە : وە فەرمانی پێمان کردووە کە تەنها الله بپەرستین وە بە هیچ شتێك شرکی پێنەکەین ، وە فەرمای پێمان کردووە نوێژ بکەین و زەکات بدەین و بەرۆژوو بین
وە النجاشی دەپرسێت کە هیچ دەقێکی قورئانتان لایە
فقرأ عليه صدرا من " كهيعص " فبكى والله النجاشي حتى أخضلت لحيته
جعفر لە وەلامدا سورەتی (کهیعص) واتە ( مریەم) ی بۆ دەخوێنێتەوە وە دەڵێت سوێند بە الله نجاشی گریا تاوەکو ریشەکانی بە فرمێسك تەڕ بوون
سەرتاپای ئەم چیرۆکە  درۆیە و لە دروست کردنی ابن اسحاق دجالە،  ابن کثیرو الطبری و ابن عساکر و هەموو نوسەرانی سیرة لە ابن اسحاقیان وەرگرتووە
بۆ درۆیە؟
یەکەم : موسلمانان ساڵی پینجەمی پێغەمبەرایەتی محمد کۆچ دەکەن بۆ حەبەشە ( بەر لە دابەزینی سورەتی النجم)
دووەم : قورئان بۆ جاری یەکەم دەڵێت ( عیسا ابن مریەم رۆحی الله و وتەیەتی کە داویەتی بە مریەم ) لە سورەتی ( النساء) ە ، وە سورەتی النساء سورەتێکە لە مدینە دابەزیووە.
ئایەتی ١٧١ سورەتی النساء :
إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللَّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَىٰ مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِّنْهُ
واتە جعفر و عمرو بن العاص ئەم دەقەی سورەتی النساء بۆ النجاشی دەخوێننەوە کەواتە یان دەبێت قورئانێکی ئامادەکراو هەبووبێت ، بەم شێوەیە زانیویانە وە یان ئەم چیرۆکە درۆیە و دروست کراوە

دووەم:  جعفر ( کهیعص) واتە ( ســـورەتی مریەم) بۆ نجاشی دەخوێنێتەوە ، وە سـورەتی مریەم سـورەتی ژمارە ٤٤ لە روی ریزبەندی دابەزینەوە ، واتە ٢١ سـورەت لە دوای سـورەتی النجم دابەزیووە. کەواتە سـورەتی مریەم نابێت دابەزیبێت کاتێك موسلمانان کۆچیان بۆ حبشە کردووە.

وە ئەم چیرۆکانەی باسی ئازار و ئەشکەنجەدانی بلال و سمیة بنت الخیاط  و عمار بن یاسر دەکەن هەر هەمووی درۆن  و لە لایەن ابن اسـحاق دروسـت کراون . بە ئیعترافی زانایانی ئیسلام  ابن اسحاق کەسێکی درۆزن و جادوگەر و تەلەکەباز و مێباز و ساختەچی بووە.

بۆ نمونە الذهبی لە سیر اعلام النبلاء ج١ لاپەرە ٣٥٢ دەلێت

هشـام بن عروة لە باوکیەوە بیسـتویەتی کە ورقة کوڕی نوفل بەلای بیلالەوە تێپەڕ بوو کە بە هۆی ئیسـلام بوونی ئازار و ئەشـکەنجە دەدرا ، ورقة گوتی دان بە خۆتا بگرە ئەی بیلال

البخاری لە کتاب التعبیر ژمارە ٦٥٨١ دەلێت : بە ماویەکی کەم لە دوای هاتنی وەحی بۆ پێغەمبەر ، ورقة مرد.

وە عروة بن الزبیر ( کە دەکاتە باوکی هشـام) سـالّی ٢٣ کۆچی لە دایك بووە ( واتە ٣٦ سالّ لە دوای مردنی ورقة کوڕی نوفل لە دایك بووە) کەواتە ناکرێت عروة هیچ شتێکی لە ورقة بیستبێت.

وە الحاکم لە المسـتدرك علی الصـحیحین کتاب التفسـیر تفسـیر سـورة النحل باب حکایة اسارة عمار بن یاسر بید الکفار ژمارە ٣٤١٣ دەلێت

موشریکەکان عمار بن یاسریان گرت وە بەریان نەدا تاوەکو جوێنی بە پێغەمبەر نەدا و بە باشی باسی خوداکانیانی نەکرد

ئەم فەرمودەیە کە اسـنادی هەیە  بە هیچ جۆرێك ئاماژە بەوە ناکات کە عمار ئازار و ئەشکەنجە درابێت وە یان سمیةی دایکی بە دەستی کافرەکان کوژرا بێت.

ابن اثیر لە اسـد الغابة ج٤ لاپەرە ٤٣ باسی چیرۆکی ئازار و ئەشـکەنجەی عمار و کوشتنی دایکی دەکات و دەلێت:

وهو من السابقين الأولين إلى الاسلام وهو حليف بني مخزوم وأمه سمية وهي أول من استشهد في سبيل الله عز وجل وهو وأبوه وأمه من السابقين وكان اسلام عمار بعد بضعة وثلاثين وهو ممن عذب في الله

(عمار) یەکێك بوو لەوانەی یەکەم کەس بوو بوو بە ئیســـلام ، وە هاوپەیمانی بنی مخزوم بوو وە دایکی ، سمیة ، یەکەم شـەهید بوو لە پێناو اللە ، وە عمار و باوك و دایکی لە موسلمانە یەکەمەکانن ، وە عمار لە دوای ٣٠ و هەندێك کەس موسلمان بوو ، وە ئازار درا لە پێناو اللە

ئەم چیرۆکە لە سیرة النبویة ابن اسحاق وەرگیراوە وە سەنەدی نی یە.

ئازار دان و کوشــتنی ســمیة بە دەســتی کافرەکان درۆیەکی تری دروســت کراوە لە لایەن ابن اسحاقەوە.

وە لە دوای کۆچ کردنی محمد و یاوەرەکانی بۆ مدینة ، هەندێك لە موســـلمانان لە مەککە مابوونەوە بێ ئەوەی ئازار و ئەشکەنجە بدرێن.

چەند ئایەتێکی قورئان ئاماژە بەوە دەکەن کە موســلمانان لە مەککە ژیانیان دەکرد بێ ئەوەی توشی کێشەیەك بن :

ئایەتی ٩٧ سورەتی النساء:

**إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ ۚ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا ۚ فَأُولَٰئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَسَاءَتْ مَصِيرًا**

ئەم ( ئیماندارانەی) فریشتەکان دەیانمرێنن ، ستەمیان لە خۆیان کردووە ،

( فریشـــتەکان ) پێیان دەڵێن : لە کوێ بوون ؟ دەڵێن : ئێمە لە خاکێك بووین بێ دەســـەلات بووین . (فریشـــتەکان) دەڵێن : ئەی خاکی اللە فراوان نەبوو بۆ ئەوەی کۆچی بۆ بکەن . ئەوانە جێگایان دۆزەخە وە خراپترین چارەنوسە.

محمد لە رێگای ئەم ئایەتە ( کە ئایەتێکی مدینەیە) موسلمانانی مەککە دەترسێنێت کە ئەگەر کۆچ نەکەن بۆ مـدینـة و لە مەککەدا بمێننەوە ئەوا دۆزەخی دەبن. بێ گومان محمد ئەم هەرەشەیەی کردووە چونکە پێویستی بە پیاو بووە بۆ شەڕکردن

القرطبی دەڵێت:

المراد بها جماعة من أهل مكة كانوا قد أسلموا وأظهروا للنبي صلى الله عليه وسلم الإيمان به ، فلما هاجر النبي صلى الله عليه وسلم أقاموا مع قومهم

مەبەستی کۆمەڵێکە لە خەڵکی مەککە ، کە موسڵمان بوون وە پشتیوانی پێغەمبەریان دەکرد و ئیمانیان پێی هێنابوو ، کاتێك پێغەمبەر کۆچی کرد ( بۆ مدینة) ، ئەم خەڵکانە لەگەل کەس و کار و قەومی خۆیان لە ( مەککە) مابوونەوە.

وە ئایەتی ١٩٦ سورەتی البقرة دەڵێت

وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ ( حەج و عومرە بۆ الله بکەن)

سورەتی البقرة یەکەم سورەتە لە مدینة دابەزیووە ، کەچی فەرمان بە موسلمانان دەکات حج و عومرە بۆ مەککە بکەن. ئەگەر هاتوو موسلمانان هەرەشەی موشریك و کافرەکانیان لەسەر بوایە ، چۆن دەکرا ئەم دەقە دابەزێت.

پوختە:

چیرۆکەکان دروست کراون و درۆن

هەواڵنامەی کتێب

# عومەر و قورئان

قورئان تەنها لە نوسینی محمد نی یە بەڵکو زۆرێك لە یاوەرەکانی محمد لە قورئاندا ئایەت و دەقیان هەیە . وە گومانی تێدا نیە کە زۆرێك لە سورەتەکانی مەککە لە نوسینی ورقە کوڕی نەوفەلن.

صحیح البخاری کتاب التعبیر ژمارە ٦٥٨١ وە صحیح مسلم کتاب الایمان باب بدء الوحی ژمارە ١٦٠ سەبارەت بە ورقە کوڕی نوفل دەڵێت:

وكان امرأ تنصر في الجاهلية وكان يكتب الكتاب العربي فيكتب بالعربية من الإنجيل ما شاء الله أن يكتب

وەرەقە ( ئامۆزای خدیجة) پیاوێك بوو کە لەسەردەمی جاهیلی ببوو بە مەسیحی وە پەرتوکی عەرەبی دەنوسی ، بە زمانی عەرەبی ئەوەی الله ئارەزووی بکردایە لە ئیجیلەوە وەردەگرت و دەنوسی.

عومەری کوڕی خەتاب یەکێکە کە چەندەها دەقی لە قورئاندا هەیە . وە عومەر هەرچی ویستووە لە قورئاندا بێت ، داوای لە محمد کردووە ، وە محمد ئایەتێکی بۆ دابەزاندووە.

هەر لەبەر ئەوە محمد گوتویەتی :

ان الله جعل الحق على لسان عمر و قلبه ( الله هەق خستۆتە سەر زمان و دڵی عومەرەوە)

وە هەروەها محمد گوتویەتی :

لو كان بعدي نبي لكان عمر بن الخطاب ( ئەگەر پێغەمبەر لە دوای من هەبووایە ئەوا عومەری کوڕی خەتاب دەبوو)

وە السیوطی لە تاریخ الخلفاء لاپەرە ٢٢٤-٢٢٧ فصل فی موافقات عمر رضی الله عنە دەڵێت :

ابن مردوية فەرمودەیەکی اخراج کردووە کە مجاهید گوتویەتی :

كان عمر يرى الراي فينزل به القران ( عومەر تێڕوانینێکی دەبوو ، قورئان یەکسەر وەك تێڕوانینەکەی عومەر دادەبەزی)

وە دەڵێت ابن عســـاكر فەرمودەیەکی لە علی بن ابی طـالـب اخراج کردووە کە گوتویەتی :

ان فی القران لرايا من راى عمر ( بەشێکی قورئان بیروڕای عومەرە)

وە ابن عمر گوتویەتی : ما قال الناس في شيء وقال فيه عمر ، الا جاء القران بنحو ما يقول عمر ( ئەگەر خەلك تێڕوانینێکیان دەربارەی شتێك هەبووایە ، وە عومەر تێڕوانینێکی هەبووایە ، ئەوا قورئان وەك تێڕوانینەکەی عومەر دادەبەزی)

وە الســـيوطی دەڵێت : هەندێك کەس ئەم ئایەتانەی کە هاوڕا بە تێڕوانینی عومەر دابەزیوون گەیاندۆتە زیاتر لە بیست ئایەت

وە دەڵێت البخاری و مسلم فەرمودەیەکیان اخراج کردووە کە عومەر گوتویەتی

وافقت ربي فی ثلاث ، قلت : يا رســـول الله لو اتخذنا من مقام إبراهيم مصـــلی فنزلت وَاتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى وقلت يا رسول الله يدخل على نسائك البر والفاجر فلو أمرتهن يحتجبن فنزلت آية الحجاب، واجتمع نســـاء النبي صـــلى الله عليه وسلم في الغيرة فقلت عسى ربه إن طلقكن أن يبدله أزواجاً خيراً منكن فنزلت كذلك

واتە : لە ٣ شـــتدا خوداکەم هاوڕام بوو ،گوتم : ئەی پێغەمبەری الله ئەگەر مقام ابراهيم (كعبە) بکەین بە قیبلە ، ئەوەبوو دابەزی ( مقامی ئیبراهیم بکەن بە قیبلة ) قوە گوتم ئەی پێغەمبەری الله خەلکی باش و خراپ دێن بۆ لای ژنەکانت ، ئەگەر فەرمانیان پێبکەیت حجاب بپۆشـــن ، ئەوەبوو ئایەتی حجاب دابەزی ، وە ژنەکانی پێغەمبەر بە هۆی غیرەوە ســـەنگەریان لە پێغەمبەر گرت ، گوتم بەڵکەم خوداکەی ( محمـد) بە تەلاقـدانتـان دەدات وە دەتـانگۆڕێتەوە بە ژنـانێکی بـاشـــتر لە ئێوە ، ئەوەبوو وەحی بەم شێوەیە دابەزی

عومەر لەم فەرمودەیەدا دەڵێت الله اکبر لە ٣ شـــتدا لەگەڵیدا هاوڕا بووە ، وە ٣ ئایەتی بەم شێوەیە دابەزاندووە کە عومەر داوای کردووە ( داوای لە محمد کردووە)

یەکەم : گۆڕینی قیبلە بۆ کعبە، ئایەتی ١٢٥ سورەتی البقرة :

**وَاتَّخِذُوا مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى**

دووەم : ئایەتی حیجاب کردنی ژنەکانی محمد. ئایەتی ٥٩ سورەتی الاحزاب

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا

ئەی پێغەمبەر بە ژنەکانت و کچەکانت و ژنانی ئیمانداران بڵێ جلابیب بەسەر خۆیاندا بهێنن ، ئەوە کەمترین شتە بۆ ئەوەی بناسرێنەوە و ئازار نەدرێن

وە عائیشە تاکید دەکاتەوە کە عومەر پێداگری کرد کە ئایەتی حجاب دابەزێت

صحیح البخاری کتاب الوضوء باب خروج النساء الی البراز ( دەرچوونی ژنان لە ماڵەوە بۆ گوکردن) ژمارە ١٤٦ :

عن عائشة أن أزواج النبي صلعم كن يخرجن بالليل إذا تبرزن إلى المناصع وهو صعيد أفيح فكان عمر يقول للنبي صلعم احجب نساءك فلم يكن رسول الله صلعم يفعل فخرجت سودة بنت زمعة زوج النبي صلعم ليلة من الليالي عشاء وكانت امرأة طويلة فناداها عمر ألا قد عرفناك يا سودة حرصا على أن ينزل الحجاب فأنزل الله آية الحجاب

عائیشە دەڵێت ژنەکانی پێغەمبەر صلعم بە شەو دەردەچوون بۆ مناصع کە چۆڵەوانی بوو بۆ گوکردن ، عومەر بە پێغەمبەری دەگوت ژنەکانت حیجاب بکە ، بەڵام پێغەمبەر حیجابی نەدەکردن ، شەوێکیان سودة کچی زمعة ی ژنی پێغەمبەر دەرچوو وە ژنێکی باڵا بەرز بوو ، عومەر بانگی کرد : ئەی سودة دەتناسینەوە ، ئەوەبوو عومەر پێداگری کرد کە ئایەتی حجاب دابەزێت تاوەکو الله ئایەتی حجابی دابەزاند

سێیەم : هەرەشە لە ژنەکانی محمد بە تەلاق دان : ئایەتی ٥ سورەتی التحریم

عَسَىٰ رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَاتٍ مُّؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا

وە السیوطی دەڵێت : مسلم اخراجی کردووە کە عومەر گوتویەتی

**وافقت ربي فی ثلاث : في الحجاب ، و في اساری بدر ، و في مقام ابراهیم**

واتە : خوداکەم هاوڕام بوو لە ٣ ئایەتدا : لە حیجاب ، لە دیلەکانی بدر ، لە مقامی ئیبراهیم ( گۆڕینی قیبلة)

سەرچاوە : صحیح مسلم کتاب فضائل الصحابة باب من فضائل عمر بن الخطاب رضي الله عنه ژمارە ٢٣٩٩.

چوارەم: دیلەکانی بدر : ئایەتی ٦٧ سورەتی الانفال

مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِي ٱلْأَرْضِ ۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنْيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ

بۆ پێغەمبەر نەبووە دیلی هەبێت تاوەکو زەوی خەڵتانی خوێن نەکات ، ئێوە سامانی دونیایتان دەوێت بەڵام الله رۆژی دوایی دەوێت ، وە الله عزیز و دانایە

صحیح مسلم کتاب الجهاد و السیر باب الامداد بالملائكة في غزوة بدر و اباحة الغنائم ژمارە ١٧٦٣ وە اسباب النزول للواحدی النیسابوری دەڵێن:

عومەری کوڕی خەتاب گوتی لە شەڕی بدر ٧٠ موشریکمان کوشت و ٧٠ موشریکمان بە دیل گرت . پیغەمبەری الله راوێژی بە من و ابو بکر و علی کرد سەبارەت بە دیلەکان . دەڵێت : ابو بکر گوتی بە پارە ئازادیان بکەین ( فدية) ، دەڵێت من گوتم با لە ملیان بدەین و بیانکوژین .. پێغەمبەر رایەکەی ابوبکری بە دڵ بوو و بە پارە ئازادی کردن. دەڵێت بۆ بەیانی چووم بۆ لای پێغەمبەر بینیم پێغەمبەر و ابو بکر دانیشتوون و دەگرین ، گوتم ئەی پێغەمبەری الله بۆچی دەگرن ، ئەگەر شتێك شایستەی گریان بێت لەگەڵیاندا دەگریم . دەڵیت پێغەمبەر گوتی : بە هۆی ئەوەی دیلەکانمان بە پارە ئازاد کرد ، ئازار و ئەشکەنجەی الله زۆر لێم نزیك بوو ، نەدەبوایە ئازادیان بکەین دەبوایە بە قسەی تۆم بکردایە و دیلەکانمان بکوشتایە ، وە الله ئەم ئایەتەی دابەزاندووە ( ئایەتی ٦٧ سورەتی الانفال)

وە السیوطی دەڵێت : المزی لە التهذیب دەڵێت : نزل القران بموافقته في اسرى بدر و في الحجاب و في مقام ابراهيم و في تحريم الخمر

واتە قورئان دابەزیوە بە هاوڕایی عومەر لە دیلەکانی بدر و حیجاب و مقام ابراهیم و حرام کردنی ئەلکهول ( خمر )

پێنجەم : حرام کردنی ئەلکهول : ٣ ئایەت دابەزیووە

١- ئایەتی ٢١٩ سورەتی البقرة :

يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا ۗ

(ئەی محمد) پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ئەلکهول و مەیسەر ، بڵێ تیایاندا گوناهێکی گەورە و سود بۆ خەڵك هەیە ، وە گوناهەکەیان گەورەترە لە سودەکەیان

هەروەك لە دەقەكە دیارە پرسیار لە محمد كراوە دەربارەی ئەلكهول
وە اســباب النزول للواحدی دەلێت : عومەری كوری خەتاب یەكێك بوو لەوانەی
هات بۆ لای پێغەمبەر وە گوتی : فەتوامان بۆ بدە دەربارەی ئەلكهول كە ئەقل
ناهێلێت وە قومار كە پارە بە فیرۆ دەدات ، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی
٢- ئایەتی ٤٣ سورەتی النساء:
يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنتُمْ سُكَارَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ
ئەی ئیمانداران نوێژ مەكەن كاتێك ســەرخۆشــن تاوەكە دەزانن كە لە كاتی نوێژ
كردندا چی دەڵێن.
٣- ئایەتی ٩٠-٩١ سورەتی المائدة
**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**
**إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ**
ئەی ئیمانداران بێگومان ئەلكهول و قومار و ئەنساب و ئەزلام، گلاون ،لە كارەكانی
شەیتانن ، لەبەر ئەوە خۆتان لێیانەوە بە دوور بگرن ، بۆ ئەوەی رزگارتان بێت
لە راســتیدا شــەیتان دەیەوێت لە رێگای ئەلكهول و قومار دووبەرەكی و قین بخاتە
نێوانتانەوە وە دوورتان بخاتەوە لە زكری اللە وە لە نوێژ كردن ، ئەرێ كۆتاییتان
هێنا؟
الحاكم لە مســتدرك علی الصــحیحین كتاب الاطعمة باب ذكر احادیث تحریم
الخمر ژمارە ٧٣٠٦ وە النســائی كتاب الاشربة باب تحریم الخمر ژمارە ٥٥٤٠
دەلێت
عومەر گوتی اللهم بین لنا فی الخمر فنزلت یا ایها الذین امنوا لا تقربوا الصــلاة و
انتم سكاری، فدعا النبی صلعم عمر فتلاها علیه ، فكانها لم توافق من عمر الذی
اراد فقال اللهم بین لنا فی الخمر فنزلت یسالونك فی الخمر و المیسر قل فیهما اثم
كبیر و منافع للناس واثمهما اكبر من نفعهما ،فدعا النبی صــلعم عمر فتلاها علیه
فكانها لم توافق من عمر الذی اراد ،فقال اللهم بین لنا فی الخمر فنزلت یا ایها
الذین امنوا انما الخمر و المیسر و الانصاب و الازلام رجس من عمل الشــیطان

فاجتنبوه  حتى انتهى الى قوله فهل انتم منتهون ، فدعا النبى صـــلعم عمر فتلاها عليه ، فقال عمر انتهينا انتهينا يا رب
الحاكم دەڵێت هذا حديث صحيح الاسناد
واتە : عومەر گوتی الله ئایەتێکی ڕونمان بۆ حرامکردنی ئەلکهول بۆ دابەزێنە ، ئەم ئایەتە دابەزی کە دەڵێت ئەی ئیمانداران نوێژ مەکەن کاتێك ســەرخۆشــن تاوەکو دەزانن چی دەڵێن ، پێغەمبەر عومەری بانگ کرد و ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوە ، بەڵام وادیار بوو کە ئەم دەقە  لەگەل ئەوەی عومەر دەیویســـت  نەدەهاتەوە، وە گوتی : الله دەقێکی رونمان بۆ دابەزێنە بۆ حرام کردنی ئەلکهول ، ئەم ئایەتە دابەزی کە دەڵێت : پرســـیارت لێ دەکەن ســـەبارەت بە ئەلکهول و قومار بڵێ گوناهێکی گەورە و سودێکیان بۆ خەڵك تێدایە  بەڵام گوناهەکەیان گەورەترە لە سودەکەیان ، پێغەمبەر بانگی عومەری کرد و بۆی خوێندەوە ، بەڵام ئەم ئایەتە لەگەل ئەوە نەدەهاتەوە کە عومەر دەیویســـت  وە گوتی : الله دەقێکی ڕونمان بۆ حرام کردنی ئەلکهول بۆ دابەزێنە . ئەم ئایەتە دابەزی کە دەڵێت (ئەی ئیماندارن بێگومان ئەلکهول و قومار و ئەنساب و ئەزلام ، گڵاون ، لە کارەکانی شەیتانن ، لەبەر ئەوەی لێیان دوور بن ) تاوەکو ئەم شـــوێنەی دەڵێت ( ئەرێ کۆتایتان هێنا ؟) ، پێغەمبەر بانگی عومەری کرد و بۆی خوێندەوە ، عومەر گوتی کۆتاییامان هێنا کۆتاییمان هێنا ئەی خودا.
شەشەم : فتبارك الله احسن الخالقين  ( ئايەتی ١٤ سورەتی المؤمنون)
القرطبی و ابن کثیر دەڵێن
کاتێك ئایەتی ١٤ سورەتی المؤمنون دابەزی :
**ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْـــغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْـــغَةَ عِظَامًا فَكَسَـــوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ**
ئینجا تۆواومـان کرد بە کڵۆیەك خوێن ، وە کڵۆ خوێنەکەمـان کرد بە پـارچەیەك گۆشت ئینجا گۆشتەکەمان کرد بە ئیسقان ، وە ئێسقانەکانمان بە گۆشت دەورە دا ئینجا خەلقێکی نوێمان دروست کرد
کاتێك عومەر گوێی لەم ئایەتە بوو ( انشـاناه خلقا اخر) گوتی ( فتبارك الله احسـن الخالقين )

ئەوەبوو الله دایبەزاند ( تبارك الله احسن الخالقین)
وە الواحدی النیسابوری لە اسبابی نزولی ئەم دەقەدا دەلێت
ونزلت: {وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلإِنْسَانَ مِن سُلاَلَةٍ مِّن طِينٍ} إلى قوله تعالى: {ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقاً آخَرَ} فقلت: (فتبارك الله أحسن الخالقين.) فنزلت: {فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَالِقِينَ}
وە ئەم ئایەتە دابەزی ( و لقد خلقنا الانسان من سلالة من طین ) تاوەکو ئەم شوێنەی دەلێت ( ثم انشاناه خلقا اخر) ( عمر ) دەلێت گوتم ( فتبارك الله احسن الخالقین) ، ئەوەبوو دابەزی ( فتبارك الله احسن الخالقین).
السیوطی لە تاریخ الخلفاء لاپەرە ٢٢٦ دەلێت:
ابي عبدالله الشیبانی لە پەرتوکی ( فضائل الامامین) دەلێت : وافق عمر ربە فی احدی وعشرین موضعا ( عمر هاوڕای خوداکەی بووە لە بیست و یەك بابەتدا)
پرسیار : دیارە عومەر لە شتەکانی تردا هاوڕای الله اکبر نەبووە؟
خۆی لە راستیدا شەرم دەکەن بڵێن الله اکبر هاوڕای عومەر بووە. بەڵام کاتێك دەڵێن عومەر هاوڕای خوداکەی بووە لە ٣ یان ٤ یان ٢٠ بابەتدا ، واتە عومەر لە شتەکانی تردا هاوڕای الله اکبر نەبووە. وە ئەوە کوفرە.
حەوتەم : نوێژ لە سەر گۆڕی مونافیقەکان مەکە ( ئایەتی ٨٤ سورەتی التوبة)
وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓۖ إِنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُوا وَهُمْ فَاسِقُونَ
واتە : وە نوێژ لە سەر هیچ کامێك لە مردووەکانیان مەکە ، وە لەسەر گۆڕەکانیان ئیقامە (نوێژ) مەکە ، ئەوانە کافر بوون بە الله و پێغەمبەرەکەی وە وەك خراپەکار (فاسق) مردن
**صحیح البخاری کتاب الجنائز باب الکفن في القمیص الذی یکف او لا یکف و من کفن بغیر قمیص ژمارە ١٢١٠ وە صحیح مسلم کتاب فضائل الصحابة باب من فضائل عمر رضی الله عنە** ژمارە ٤٤١٣ دەلێت:
کاتێك عبدالله بن ابي ابن سلول مرد ( کە پیاوێکی مونافیق بوو) کورەکەی هات بۆ لای پێغەمبەر و داوای کراسەکەی کرد بۆ ئەوەی بۆی بکات بە کفن وە داوای لە پێغەمبەر کرد کە نوێژ لە سەر جەنازەکەی بکات ، پێغەمبەر کراسەکەی دایێ و چوو نوێژی لەسەر کرد.عومەر کراسەکەی پێغەمبەری گرت و گوتی دەچیت نوێژی

لەسەر دەکەیت لە کاتێك اللە نەهی لێت کردووە نوێژی لەسەر بکەیت؟ پێغەمبەر گوتی بەڵکو اللە منی ئازاد کردووە کە نوێژ بکەم یان نەکەم ( استغفر لهم او لا تستغفر لهم سبعين مرة) واتە ( داوای لێبوردەییان بۆ بکەیت وە یان داوای لێبوردەییان بۆ نەکەیت ، ٧٠ جار ) وە زیاتر لە ٧٠ جار داوای لێبوردەیی بۆ دەکەم ، عومەر گوتی مونافیقە. ئەوەبوو پێغەمبەر نوێژی لەسەر کرد ، وە اللە ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەڵێت ( و لا تصل على احد منهم مات ابدا و لا تقم على قبره)

هەشتەم : بەرۆژوو بوون ( ئایەتی ١٨٧ سورەتی البقرة)

**أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَائِكُمْ ۚ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ ۗ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ ۖ فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ ۚ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ**

بۆتان حلال کرا لە شەوانی بەرۆژوو بوو ( رەمەزان) گان لەگەل ژنەکانتان بکەن ، ژنەکانتان پۆشاکی ئێوەن وە ئێوە پۆشاکی ئەوانن ، اللە زانی کە ئێوە خیانەتتان لە خۆتان دەکرد ، وە لێتان خۆش بوو و لێتان بوری ، وە ئێستا گانیان لەگەڵدا بکەن وە ئەوە بکەن کە اللە بۆتانی داناوە ، وە بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو هێلی سپی لە هێلی رەش جیادەکەنەوە لە بەیانیان ، ئینجا بەرۆژوو بن تاوەکو شەو

الواحدی النیسابوری لە ( اسباب النزول) دەڵێت:

لە سەرەتا لە رەمەزاندا کاتێك موسلمانان نوێژی عیشایان دەکرد ژن و خواردن و خواردنەوەیان لێ حرام دەبوو تاوەکو شەوی دواتر، بەڵام هەندێک پیاو یەکێك لەوانە عومەر پابەندی ئەوە نەبوو ، وە گانی لەگەل ژنەکەیدا کرد، ئەوەبوونارەزایەتیان دەربری لای پێغەمبەری اللە ، وە اللە ئەم ئایەتەی دابەزاند.

وە هەروەها البخاری لە کتاب الصوم باب قول اللە تعالى وکلوا و اشربوا حتى يتبين لكم الخط الابيض من الخط الاسود من الفجر ژمارە ١٨١٨ وە الواحدی لە اسباب النزول پێمان دەڵێن کاتێك جبرایل ئەم ئایەتەی دابەزاند وشەیەکی لە بیر کردبوو ، ووشەی ( في الفجر) ئەوەبوو دواتر دایبەزاند:

**عن سهل بن سعد قال أنزلت وكلوا واشربوا حتى يتبين لكم الخيط الأبيض من الخيط الأسود ولم ينزل من الفجر فكان رجال إذا أرادوا الصوم ربط أحدهم في**

رجله الخيط الأبيض والخيط الأســود ولم يزل يأكل حتى يتبين له رؤيتهما فأنزل الله بعد من الفجر فعلموا أنه إنما يعني الليل والنهار

سـهل بن سـعد دەڵێت : ئەم ئايەتە دابەزی ( بخۆن و بخۆنەوە تاوەكو داوی سـپی لە داوی رەش جیادەكەنەوە ) وە ( لە بەيانيان -من الفجر) دانەبەزيبوو ، كاتێك پياوێك بەرۆژوو دەبوو دوو داوی لە پێكانی دەبەسـت داوێكی سـپی و داوێكی رەش ، وە بەردەوام لە شـــەودا دەيخوارد تاوەكو داوە سـپی و رەشـــەكەی لەيەك جيا دەكردەوە ، ئەوەبوو الله ( من الفجر -لە بەرەبەيان ) ی دابەزاند ، وە موسـلمانان زانيان كە مەبەستی تاريك و ڕونی بەيانی يە.

نۆيەم : ئەوەی دووژمنی جبرايل بێت ( ئايەتی ٩٨ سورەتی البقرة)

**مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَالَ فَإِنَّ اللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَافِرِينَ**

هەر كەسێك دژی الله و فريشـتەكانی و پێغەمبەرەكانی و جبرايل و ميكايل بێت ئەوا الله دووژمنی كافرەكانە

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت :

عومەر هات و چۆی يهوديەكانی دەكرد ، رۆژێكيان گوتيان ئەی عومەر ئێمە رقمان لە جبرايلە چونكە فريشـــتەی توندوتيژيە بەڵام خۆشـيمان بە ميكايل دێت چونكە فريشتەی رەحمەتە ، عومەر دەڵێت گوتم هەر كەسێك دژی جبرايل و ميكايل بێت ئەوا الله دووژمنيەتی ئەوەبوو ئەم ئايەتە دابەزی.

دەيەم : ئيمان ناهێنن تاوەكو تۆ نەكەن بە حكم ( ئايەتی ٦٥ سورەتی النساء)

**فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا**

وە سوێند بە خوداكەت ( ئەی محمد) ئيمان ناهێنن تاوەكو تۆ نەكەن بە ناوبژيوان لە كيشەكانيان ئينجا كاتێك تۆ بڕيار دەدەيت هيچ شتێك لە دڵياندا نامينێت وە بە تەواوی تسليم بە بڕيارەكەی تۆ دەبن

ابن ابی حاتم الرازی لە تفسيرەكەی ج٣ لاپەرە ٩٩٤ ژمارە ٥٥٦٠ دەڵێت:

دوو پياو كێشـــەيان هەبوو ، چوون بۆ لای پێغەمبەری الله بۆ ئەوەی ناوبژيوانيان بكات ، دانەيەكيان كە بڕيارەكە لە بەرژەوەندی نەبوو ، رازی نەبوو ، بە پياوەكەی تری گوت بـا بچين بۆ لای عومەری كوڕی خەتـاب ، چوون بۆ لای عومەر ، وە

پیاوەکە گوتی ئەی کوڕی خەتاب پێغەمبەری الله حوکمی کردین بەلام من بە حوکمەکەی رازی نەبووم ، هاتین بۆ لای تۆ . عومەر گوتی بوەستن لەبەردەم دەرگا ئێستا دەگەڕێمەوە ، چووە ماڵەوە و شمشێرەکەی هێنا و لە ملی ئەو پیاوەی دا کە بە بڕیارەکەی پێغەمبەر رازی نەبوو ، ئەوەی تریان ڕایکرد بۆ لای پێغەمبەر وە گوتی عومەر پیاوەکەی تری کوشت . پێغەمبەر گوتی لەم بڕوایەدا نەبووم کە عومەر بوێری تێدا بێت موسلمان بکوژێت ، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەڵێت ( سوێند بە خوداکەت ئیمان ناهێنن تاوەکو تۆ نەکەن بە ناوبژیوان تاوەکو کۆتایی ئایەکەتە) واتە ئەوانە ئیمانداران نین وە دەستی عومەر خۆش بێت.

وە السرخسی لە شرح السیر الکبیر ج١ لاپەرە ٢٧٠ ، وە مقاتل بن سلیمان لە تفسیرەکەی ، وە السیوطی لە الدر المنثور لە تفسیری ئایەتی ٦٠ سورەتی النساء وە الواحدی لە اسباب النزول ئایەتی ٦٠ سورەتی النساء باسی هەمان چیرۆك و ڕوداو دەکەن

وە دەڵێن کاتێك جبرایل ئایەتی ٦٥ سورەتی النسائی دابەزاند گوتی :

ان عمر فرق بین الحق و الباطل ، فسمی الفاروق

واتە عومەر هەق و ناهەق لەیەك جیاکردەوە وە ناوی لێنرا الفاروق

یانزەهەم : زۆرێك لە خەلکانی پیشوو وە کەمێك لەوانەی دواتر ( ئایەتی ١٢-١٣ سورەتی الواقعة)

ثُلَّةٌ مِّنَ الْأَوَّلِينَ

وَقَلِيلٌ مِّنَ الْآخِرِينَ

زۆرێك لە خەڵکانی پێشوو وە کەمێك لە خەڵکانی دواتر ( دەچنە بەهەشتەوە)

اسباب النزول للواحدی دەلێت :

کاتێك ئەم دوو ئایەتە دابەزین ، عومەر دەستی بەگریان کرد و گوتی ئەی پێغەمبەری الله ئیمانمان بە تۆ هێنا و بڕوامان پێت کرد، وە لەگەل هەموو ئەوانە تەنها کەمێکمان دەچینە بەهەشتەوە ؟ ئەوەبوو الله ئایەتی ٣٩-٤٠ سورەتی الواقعەی دابەزاند :

ثُلَّةٌ مِّنَ الْأَوَّلِينَ

وَثُلَّةٌ مِّنَ الْآخِرِينَ

واته : زۆرێك له خەڵكانی پیشوو وه زۆریك له خەڵكانی دواتر

ئەوەبوو پێغەمبەر عومەری بانگ كرد و گوتی الله كردی به زۆرێك له خەڵكانی پیشـــوو وه زۆرێك له خەڵكانی دواتر . عومەر گوتی رازی بووین به خوداكەمان و رازی بووین به پێغەمبەرەكەمان

تاوەكو قسەی عومەر دەشكێت ملی شەیتان بشكێت. باشه ؟

دوانزەهەم : كونەكەم گۆڕی ( ئایەتی ٢٢٣ سورەتی البقرة)

**نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ ۖ وَقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُمْ**

ژنەكانتان كێڵگەتانن چۆن ئارەزوو دەكەن وابیانكێڵن

مسـند احمد مسـند بنی هاشـم مسـند عبدالله بن عباس بن عبدالمطلب عن النبی صــلعم : بداية مســند عبدالله بن العباس ژماره ٢٦٩٦ وه ســنن الترمذی كتاب تفسير القران باب و من سورة البقرة ژماره ژماره ٢٩٨٠ دەڵێت:

ابن عباس گوتی عومەری كوڕی خەتاب هات بۆ لای پێغەمبەری الله و گوتی ئەی پێغەمبەری الله تیا چووم . پێغەمبەر گوتی بۆچی تیا چوویت ؟ عومەر گوتی دوێنێ شــەو شــوێنەكەیەم گۆڕی ( شــوێنی جوت بوون) ، پێغەمبەر بێدەنگ بوو وه هیچ وەڵامێكی نەدایەوە ، ئینجا ئەم ئایەتە دابەزی.

هەروەك ڕونە عومەر چی ویستوە نوسەری قورئان ئایەتێكی بۆی دابەزاندووە و دڵی عومەری نەشكاندووە

كەواتە وەحی تەنها دانابەزێت بەڵكو سەردەكەوێت ئینجا دادەبەزێت . واته :

له عومەری كوڕی خەتابەوە ----> الله اكبر ------> جبرايل گيان -----> محمد فخر العالمين ----> نوســەری وەحی -----> موســلمانان ----> میلەتی كوردی بەستەزمان

## عمر  وەك پیاوێكی نامەرد و ترسنۆك

## حیز بە خاڵی خۆی دەوێرێت

لای موسـلمانان وا باوە كە عومەری كوڕی خەتاب  پیاوێكی ئازا و مەرد و بوێر بووە بەلام لە راستیدا زۆر نامەرد و ترسنۆك بووە. سەرچاوە ئیسلامیەكانی سونە پێمان دەلێن كە عومەری كوڕی خەتاب لە هەموو ئەو شـــەڕانەی كە  محمد كردوویەتی ڕایكردووە .

وە ئیسلام  بە سەركردایەتی محمد چوار شەڕی ڕوبەڕوبوونەوەی ئەنجام داوە، كە هەر چواریان لەگەل عەرەبە موشریكەكان بووە ؛  شـــەڕی بەدر و شـــەڕی ئوحد و شەڕی خەندەق ( احزاب) و شەڕی حنین .

لە هەموو ئەم شـــەڕانەدا عومەر رایكردووە ، وە بە هەموو شـــەڕەكان عومەر بە ئیعترافی خۆی یەك كەسی كوشتووە كە خاڵی خۆی بووە.

عومەر لە حنین و ئوحد ڕادەكات وە لە كاتێك موسلمانان ئابلوقەی خەیبەر دەدەن ، عومەر ناتوانێت شورای خەیبەر بشكێنێت و دەشكێت چونكە شەڕ ناكات.

بەلام عومەر كەســێكی ئینتهازی بووە ، هەمیشــە تـاكتیكانە كاری كردووە بۆ بەدەســتەوە گرتنی دەســەلات ، وە ئەوە هۆكارێك بووە كە حفصــەی كچی داوە بە محمد. وە تەنانەت داوای فاطیمة ی لە محمد كردووە ، بەلام محمد فاطیمةی نەداوەتێ .

بەڵام لە هەمان كاتدا محمد زۆر لە عومەر ترسـاوە ، عومەر هەرچیەكی ویسـتووە محمد بۆی دابین و جێبەجێ كردووە چونكە عومەر پیاوێكی حیز فورسەت بووە.

السهیلی لە روض الانف ج٢ لاپەرە ١٣٢ دەلێت:

ابن شـــهاب دەلێت كاتێك عومەر لە مزگەوت دانیشـــتبوو ( كاتێك خلیفە بوو) ، سـعید ابن العاص بەلایەوە تێپەڕ بوو و سڵاوی لێكرد ، عومەر بە سـعیدی گوت : سوێند بە الله من لە شەڕی بدر باوكی تۆم نەكوشت بەڵام خاڵی خۆم ، العاص بن هشامم ، كوشت.

سـعید بن العاص گوتی خۆ ئەگەر كوشتبێتت ئەوا تۆ لەسـەر هەق بوویت  وە ئەو لەسەر ناهەق ( باطل) بوو .

عومەر سەرسام بوو بەم قسەیەی سعید  وە دەستەکانی لەیەك خشاند و گوتی :
قورەیش باشترین کەسانی ئیسلامن وە مەزنترین کەسانن لە ئەمانەت وە هەر
کەسێك خراپەی قورەیشی بووبێت ئەوا الله سەروژێری دەکات.
وە تاکە کەس کە عومەر لە شەڕ و جەنگی ڕوبەڕوبوونەوەدا دەیکوژێت العاصی بن
هشام دەبێت ، کە گوایە خاڵی عومەر دەبێت.
ئایەتی ٢٢ سورەتی المجادلة دەڵێت
لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا
آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم
بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ
وَرَضُوا عَنْهُ ۚ أُولَٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ ۚ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ
نابینیت  کە خەڵانێك ئیمانیان بە الله و ڕۆژی دوایی هەبێت ، هاوسۆزیان بۆ
کەسانێك هەبێت کە دژایەتی الله و پێغەمبەرەکەی بکەن وە تەنانەت ئەگەر
باوکانیان یان کوڕەکانیان وە یان براکانیان وە یان کەس و کاریان بن ، ئەوانە ئیمان
لە دڵیاندا نوسراوە وە پشتیوانی دەکرێن بە ڕۆحێك لە لایەن اللهوە ، وە دەیانباتە
بەهەشتێك کە ڕوبار لە ژێریەوە دەڕوات ، کە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە ، الله
لەوانە ڕازیەیە وە ئەوانە لە الله ڕازین ، ئەوانە لایەنگری اللهن ، ئەی لایەنگرانی الله
سەرکەوتوو نین؟
وە الواحدی سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە دەڵێت :
عومەر لە ڕۆژی بدر خاڵی خۆی ، العاص بن هشام بن المغيرة، ی کوشت
ابن کثیر لە البداية و النهاية ج٤ لاپەرە ٢٦٤ وە ابن عساکر لە تاریخ دمشق ج٢٤
لاپەرە ٣٩٢ ژمارە ٢٩٣٢ دەڵێن:
لە شەڕی ئوحد عومەری کوڕی خەتاب ڕایدەکرد و ضرار بن خطاب بە دوای
کەوتبوو
لە دواوە سەرە ڕمەکەی لە  عومەر دەدا و دەیگوت : ڕاکە ئەی کوڕەکەی خەتاب
ناتکوژم

له شــەڕی ئوحد موســلمانان دەشــكێن و ڕادەكەن ، ضرار بن خطاب كە ئەوكات پیاوێكی مشرــیك دەبێت  بە دوای عومەری كوڕی خەتاب دەكەوێت و پێی دەڵێن ڕاكە ئەی عومەر مەترسە ناتكوژم.

لە شەڕی ئوحد تەنانەت جبرایل و میكایل ڕادەكەن بەڵام پێموایە جبرایل لە میكایل خێراتر ڕایكردبێت چونكە ٦٠٠ باڵی هەیە.

صحیح البخاری كتاب المغازی باب غزوة احد ژمارە ٣٨١٥ دەڵێت:

ابن عباس دەڵێت پێغەمبەری الله صلعم لە غەزوی احد گوتی ئەوە جبرایلە سەری ئەسپەكەی گرتووە كە چەكی لەسەرە

صحیح مسلم كتاب الفضائل باب في قتال جبرایل و میكائیل عن النبي صلعم یوم بدر ژمارە ٢٣٠٦ :

**عن سـعد قال رأیت عن یمین  رسـول الله صـلى الله علیه وسـلم وعن شـماله یـوم أحـد رجـلین  عـلیهـما ثـیـاب بـیـ ـاض مـا رأیـتـهـمـا قـبـل ولا بعد یعني جبریل ومیكائیل علیهما السلام**

سعد بن ابي وقاص گوتی لە شەڕی ئوحد دوو پیاوم بینی كە جلی سپیان لەبەردابوو، دانەیەكیان لە دەستە ڕاست و دانەیەكیان لە دەستە چەپی پێغەمبەری الله بوو ، وە نە پیشووتر بینیبوومن وە نە دواتر بینیوومەوە واتە جبرایل و میكایل.

وە ابن كثیر لە السیرة النبویة ج٣ لاپەرە ٥١ دەڵێت:

البیهقی لە الدلائل  دەڵێت جابر گوتی موســلمانان  لە شــەڕی ئوحد ڕایان كرد وە كاتێك پێغەمبەر بەســەر چیادا ســەركەوت تەنها ١١ كەسی ئەنســار و طلحة بن عبیـدالله لەگەڵیـدا بوون. موشریكەكان بە دوایان كەوتن ، پێغەمبەری گوتی كێ ڕوبەڕویان دەبێتەوە ، طلحة گوتی من ئەی پێغەمبەری الله.

السـیوطی لە الدر المنثور في التفسـیر بالماثور وە الطبری لە جامع البیان فی تفسـیر القران وە الطبرسی لە مجمع البیان لە تفســیری ئایەتی ١٥٥ ســورەتی ال عمران دەڵێن:

عومەری كوڕی خەتاب لە ڕۆژێكی هەینیدا لە مینەری مزگەوت وتاری پیشــكەش كرد و بەشێك لە سورەتی ال عمرانی خوێندیەوە . عومەر سورەتی ال عمرانی بە لاوە

نایاب بوو لەبەر ئەوە کاتێك ووتاری پێشکەش دەکرد لەم سورەتە دەیخوێندەوە ، کاتێك گەیشتە ئەم شوێنە کە دەڵێت

إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْا مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ ( ئایەتی ١٥٥ سورەتی ال عمران)

( ئەوانەی لە ئێوە ڕایان کرد کاتێك دوو کۆمەڵەکە بەیەك گەیشتن ، ئەوا شەیتان بەسەریاندا زاڵ بوو و وای کرد ڕابکەن)

ئینجا عومەر گوتی لە شەڕی ئوحد شکاین وە من ڕامکرد تاوەکو چوومە سەر چیا ، منت دەبینی کە دەتگوت بزنە کێویم لە سەر چیا وە خەڵك هاواریان دەکرد و دەیانگوت محمد کوژرا . گوتم هەر کەسێك ببینم بڵێت محمد کوژرا ئەوا دەیکوژم ، تاوەکو لەسەر چیاکە کۆبووینەوە. ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی ( ان الذین تولوا منکم یوم التقی الجمعان ).

عومەر دەڵێت ڕامکردووە وەوەك بزنە کێوی وابووم لەسەر چیا

وە الرازی لە تفسیر الکبیر ، مفاتح الغیب بۆ تفسیری هەمان ئایەت دەڵێت

ومن المنهزمین عمر ( عومەر یەکێك بوو لە ڕاکردووەکان)

النیسابوری لە غرائب القران و رغائب الفرقان ج٢ لاپەرە ٢٨٧ لە شرۆڤەی ئایەتی ١٥٥ سورەتی ال عمران

**إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْا مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ** ( ئەوانەی لە ئێوە ڕایان کرد ئەم ڕۆژەی دوو کۆمەڵەکە بەیەك گەیشتن) دەڵێت هەواڵەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کۆمەڵێکی کەم لە موسلمانان ڕایان کرد و دوورکەوتنەوە ، هەندێکیان تەنانەت تاوەکو ناو مدینة ڕایان کرد وە هەیان بوو بۆ دەوروبەر ڕایان کرد ، وە عومەر یەکێك بوو لە ڕاکردووەکان.

وە ابن ابي شيبة لە المصنف ج٨ لاپەرە ٥٢٢ دەڵێت:

لە غەزوی خەیبەر پێغەمبەر ابو بکری لەگەڵ موسڵمانان بۆ هێرش کردن نارد ، بەڵام شکستی هێنا و گەڕایەوە ، ئینجا عومەری نارد کە شکا و گەڕایەوە ئینجا پێغەمبەر گوتی بەیانی ئاڵاکە دەدەمە دەست کەسێك کە الله و پێغەمبەرەکەی خۆش دەوێت وە الله و پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێت ، وە فتح دەکات و ڕاناکات . ئەوەبوو پێغەمبەر ئاڵاکەی دا بە عەلی.

وە صحیح مسلم کتاب فضائل الصحابة باب من فضائل علي بن ابی طالب رضی الله عنه ژمارە ٢٤٠٦ وە صـــحیح البخاری کتاب المغازی باب غزوة خیبر ژمارە ٣٩٧٣ دەڵێت:

پێغەمبەری الله صـلعم لە ڕۆژی خەیبەر گوتی بەیانی ئەم ئاڵایە دەدەم بە کەسـێك کە الله و پێغەمبەرەکەی خۆش دەوێت وە الله و پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێت ، وە الله فتحی خەیبەر لەسەر دەستی ئەو دەکات.

فەرموودەکە دەڵێت: پێغەمبەر صـــلعم ڕۆژی دواتر ئاڵاکەی دا بە علی کوڕی ابی طالب

وە المستدرك علی الصحیحین کتاب المغازی و السرایا ج٣ ژمارە ٤٤٠١ دەڵێت:

لە غەزوی خەیبەر، پێغەمبەر عومەری کوڕی خەتابی وەك ســـەرکردەی ســـوپاکە ناردە ســـەریان بەڵام زۆری نەخایاند شـــکا و گەڕایەوە وە یاوەرەکان دەیانگوت عومەر ترسنۆکە وە عومەر دەیگوت یاوەرەکان ترسنۆکن

الحاکم دەڵێت هذا حدیث صحیح اسناد

وە لە شەری حنین ( کە لە دوای فتحی مکە بوو) عومەر جارێکی تر ڕادەکات

صحیح البخاری کتاب المغازی باب قول الله تعالی و یوم حنین اذ اعجبتکم کثرتکم فلم تغن عنکم شیئا ژمارە ٤٠٦٧ باوکی قتادة دەڵێت

کاتێك ڕۆژی حنین بوو موســـلمانێك شـــەڕی لەگەڵ موشریکێك دەکرد بینیم موشریکێك لە دواوە بۆ موسـلمانەکە هات و ویسـتی بیکوژێت ، بە پەلە ڕامکرد بۆ موشریکەکەی دواوە، دەستی هەڵبڕی و ویستی بە شمشێر لێمبدات ئەوەبوو من بە شـمشێر لێمدا و دەستم بڕی ، ئینجا موسلمانان شکان و ڕایان کرد وە من ڕامکرد ، بینیم عومەر کوڕی خەتاب لەگەڵ خەڵك رایدەکرد ، گوتم ئەوە خەڵك چی بەسـەر هاتووە؟ عومەر گوتی ئەوە فەرمانی اللەیە

وە صحیح ابن حبان ج١٥ لاپەرە ٤٩٨ ژمارە ٧٠٢٨ :

عائیشـــە دەڵێت لە غەزوی خەندەق لەماڵەوە چوومە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانم چ باسـە. لە دواوەم گوێم لە دەنگی ڕۆیشـتن بوو ئاوڕم دایەوە و بینیم سـعد بن معاذە لەگەل حارث بن اوسی برازای وە قەلغانێکی پێیە، ئەوەبوو لە سەر زەوی دانیشتم ، زۆر لە سعد ترسام کە شتێکی لێبێت ، چونکە پیاوێکی باڵا بەرز و چوارشانە بوو وە

دەســت و قاچەکانی لە دەرەوە بوون. دواتر هەلســام و ڕۆیشــتم بۆ باخچەیەك ، بینیم چەند نەفەرێك لە موســلمانان دانیشــتوون کە عومەری کوڕی خەتابیان لەگەڵدایە . دەڵێت : عومەر پێی گوتم ئەوە چی دەکەیت لێرە ســوێند بە الله تۆ بووێر و ئازایت.

عومەر لە دواوەی هێلی بەرگری لە باخچەیەك دانیشــتووە. ڕەنگ بێت باخچەی پاشا بووبێت وەك مامۆستا عومەر دزایی دەڵێت

باخچەی پاشا لەوبەر ئاوە

خێلی دوژمن دەورەی داوە

واتە : عومەر لە هەموو شەرەکان ڕایکردووە وە کەسێکی ترسنۆك بووە.

محمد لە فەرموودەیەك کە لە صحیح البخاری کتاب الحدود باب رمي المحصنات بە ژمارە ٦٤٦٥ پێمان دەڵێت یەکێك لە ٧ گوناهە گەورەکە ڕاکردنە لە کاتی شەڕ و جیهاد. فەرموودەکەیە دەڵێت:

محمد صلعم گوتی خۆتان لە ٧ گوناهە گەورەکە ( موبقات) بە دوور بگرن : شرك بە الله ، سحر ، کوشتن بە بێ هەق ، ڕیبا ، خواردنی پارەی هەتیو ، ڕاکردن لە ڕۆژی جیهاد ، بوهتان کردن بۆ ژنانێکی بێگوناهی ئیماندار.

وە الله اکبر لە ئایەتی ١٥-١٦ ســورەتی الانفال فەرمان بە ئیمانداران دەکات کە لە کاتی شــەڕدا ڕانەکەن وە دەڵێت هەر کەسـێك رابکات ئەوا چارەنوســەکەی دۆزەخ دەبێت:

**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ الْأَدْبَارَ**
**وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ فَقَدْ بَاءَ بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ**

واتە: ئەی ئیمانداران ئەگەر لە شــەڕدا ڕووبەڕوی کافرەکان بوونەوە ، نەکەن قونیان تێبکەن ( واتە ڕانەکەن) وە هەر کەســێك لەم ڕۆژە قونیان تێبکات ، مەگەر بە مەبەســتی تـاکتیـك یـان بۆ پەیوەســـت بوون بە کۆمەڵێکی ترەوە بێـت ، ئەوا بەدڵنیاییەوە تورەیی الله ی بەســـەرخۆیدا هێناوە وە چارەنوسی دۆزەخ دەبێت کە خراپترین چارەنوسە.

واتە ئەگەر موسلمان لە کاتی شەڕکردن لەگەڵ کافرەکان ڕایکرد ئەوا

یەك : تورەیی اللەی بەسەر خۆیدا هێناوە
دوو: چارەنوسی دۆزەخ دەبێت
واتە عومەر گوناهێکی زۆر گەورەی کردووە
وە ابن هشام لە السیرة النبویة : امر الحدیبیة في اخر سنة ست وذکر بیعة الرضوان و الصلح بین رسول الله صلعم و بین سهیل بن عمرو : خروج رسول الله : عثمان رسول محمد الی قریش ج٢ لاپەرە ٣١٥ دەڵێت:
پێغەمبەر داوای لە عومەر کرد بچێت بۆ مەککە و قسە لەگەڵ گەورە پیاوانی قورەیش بکات وە پێیان بڵێت کە سەردانی کعبە هاتوون و بۆ شەڕ نەهاتوون .
عومەر گوتی پێغەمبەری الله من لە قورەیشەکان دەترسم .
ئەوەبوو پێغەمبەری الله عثمان بن عفانی بۆ لای ابو سفیان و گەورە پیاوانی قورەیش نارد و پێی ڕاگەیاندن کە بۆ شەڕ نەهاتوون بەڵکو بۆ حج هاتوون.
واتە عومەر سەرپێچی بڕیارەکەی محمدی کردووە
ئایەتی ٣٦ سورەتی الاحزاب دەڵێت
**وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا**
وە بۆ هیچ پیاوێك و ژنێکی ئیماندار نەبووە کە ئەگەر الله و پێغەمبەرەکەی بڕیاریان لەسەر شتێك دا هەڵبژاردەیەکیان هەبێت ، وە هەر کەسێك سەرپێچی الله و پێغەمبەرەکەی بکات ، ئەوا توشی لادانێکی ڕون هاتووە.
وە ابن ابي الحدید لە شرح نهج البلاغة ج١٢ لاپەرە ١٧٩ دەڵێت
و قالوا کیف لا یزال الشیطان یسلك فجا غیر فجه و قد فر مرارا من الزحف في احد و حنین و خیبر و الفرار من الزحف من عمل الشیطان و احدی الکبائر الموبقة
وە گوتیان : چۆن تاوەکو ئێستا شەیتان ڕێگایەکی جیاواز دەگرێت لە ڕێگای عومەر وە چەند جارێك لە شەڕدا ڕایکردووە ، لە ئوحد و حنین و خەیبەر ، وە راکردن لە کاتی شەڕ و جیهاد کارێکە لە کارەکانی شەیتان وە یەکێکە لە گوناهە هەرە گەورەکان.
پوختە و دەرەنجام :
یەکەم : عومەر کە ناویان ناوە شێرەکەی ئیسلام لە راستیدا کەمتیارێکی بیابان بووە چونکە کەسێکی ترسنۆك و نامەرد بووە و لە هەموو شەڕەکاندا ڕایکردووە

دووەم:  لە هەموو شـــەڕەکاندا ، عومەر تەنها یەك کەسی کوشـــطووە کە ئەویش خاڵی خۆی بووە . کورد گوتەنی : حیز تەنها بە خاڵی خۆی دەوێرێت
سـێهەم : عومەر سـەرپێچی بڕیاری محمدی کردووە و لە ڕێگای راســت ( صراط المستقیم) لایداوە
واتە بە کوردیەکەی خۆمان عومەر ئەندامی حیزبی هەرێ هات بووە.

هەواڵنامەی کتێب

## عومەر : شك و گومان و نیفاق

عومەر بۆ یەك سات بڕوای بەوە نەبووە کە محمد پێغەمبەرێکی نێردراو بێت ، بەڵام بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و لە ڕوانگەی بەرژەوەندی عەرەب پەرستیەوە دەبێت بە ئیسلام و لەگەڵ محمد دەکەوێت

ئەوەی وادەکات شـــك و گومانەکەی بەرامبەر بە محمد ببێت بە یەقین ، داوای عومەر دەبێت لە محمد کە ســەبارەت بە بابەتی جیا ئایەت دابەزێنێت ، وە محمد کت و مت وەك ئەوەی عومەر داوای کردووە و گوتویەتی ئایەت دادەبەزێنێت

عومەر بە محمد دەڵێت ئەی پێغەمبەری الله تۆم لە هەموو کەســێك خۆشـــتر دەوێت تەنها لە خۆم نەبێت ، بەم قسەیە محمد نیگەران دەبێت و دەڵێت سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئیمان ناهێنیت و ئیمانت نابێت تاوەکو منت لە خۆت خۆشـتر نەوێت. عومەر چاری ناچار دەبێت و دەڵێت : ئێسـتا تۆم لە خۆم خۆشـتر دەوێت . محمد دەڵێت

الان یا عمر ( واتە ئێستا ئیمانت تەواوە)

ســـەرچاوە : صـــحیح البخاری کتاب الایمان و النذور باب کیف کانت یمین النبي صـلعم ژمارە ٦٢٥٧ وە المسـتدرك علی الصـحیحین کتاب معرفة الصـحابة رضی الله عنهم ذکر مناقب عبدالله بن هشـــام بن زهرة القریشی ـــ رضی الله عنه ژمارە ٥٩٧٧.

وە دوای ئەوەی حفصـة مێردەکەی دەمرێت و دەبێت بە بێوەژن ، عومەری کوڕی خەتاب سەروسەودای سیاسی بە حفصةی کچی دەکات ( هاوسەرگیری سیاسی)

صحیح البخاری کتاب المغازی باب شهود الملائکة بدرا ژمارە ٣٧٨٣:

لە دوای شـــەڕی بدر ، مێردەکەی حفصـــة ( کچی عومەر) کە ناوی حنیس بن حذافة السـهمي بوو، دەمرێت . عومەری کوڕی خەتاب بەدوای مێردد ا دەگەڕێت بۆ کچەکەی، وە داوا لە چەند پیاوێك دەکات کە کچەکەی نیکاح بکەن لەوانە : عثمان بن عفان و ابو بکر الصدیق ، بەڵام بە هەر هۆکارێك بێت حفصەیان ناوێت . عومەر زۆر توڕە و نیگەران دەبێت ، محمد ئاگادار دەکرێتەوە. محمد بۆ ڕازیکردنی دڵی ڕازیکردنی عومەر نیکاحی حفصة دەکات.

محمد  له ســاڵی ٨ کۆچی حفصــة تەلاق دەدات ( دوو ســاڵ بەر لە مردنی) بەڵام دواتر دەیگێڕێتەوە
ســنن ابی داود کتاب الطلاق باب المراجعة ژمارە ٢٢٨٣ ، ســنن ابن ماجة کتاب الطلاق باب حدثنا ســوید بن ســعید ژمارە ٢٠١٦ ، المســتدرك على الصــحيحين كتاب الطلاق باب ليس منا من خبب امراة على زوجها او عبدا على ســيده ژمارە ٢٨٥١ :
پێغەمبەری الله حفصةی تەلاق دا ئینجا گەڕاندیەوە
الحاكم دەڵێت هذا حديث صــحيح، وە الذهبي لە مجمع الزوائد ومنبع الفوائد دەڵێت صحيح وە الالباني لە السلسلة الصحيحة دەڵێت صحيح
وە الحاكم لە هەمان سەرچاوەی پیشوو بە ژمارە ٢٨٥٠ دەڵێت
انس گوتی کاتێك پێغەمبەر حفصـــةی تەلاق دا ، فەرمانی پێکرا کە بیگێڕێتەوە ، ئەوەبوو حفصةی گەڕاندەوە
الحاكم دەڵێت هذا حديث صــحيح الاســناد، وە الذهبي و شــيخ الالباني دەڵێن صحيح
ئاخۆ دەبێت کێ بێت فەرمانی بە محمد کردبێت کە حفصة بگێڕێتەوە؟
ئێستا جبرايل دێتە ناو مەسەلەکە
المســتدرك على الصــحيحين كتاب معرفة الصــحابة رضى الله عنهم باب نزول جبرايل لفسـخ طلاق حفصـة  ( دابەزینی جبرايل بۆ هەڵوەشـاندنەوەی تەلاق دانی حفصة) ژمارە ٦٨١٧ :
قيس بن زيد دەڵێت کاتێك پێغەمبەر حفصـــةی تەلاق دا ،  قدامة و عثمان کوڕی مظعون کە خاڵی حفصة بوون  چوون بۆ لای حفصة. حفصة  گریا و گوتی  سوێند بە الله بە تێری تەلاقی نەدام. پێغەمبەر هات و گوتی : جبرايل ســڵاوی لێبێت هات بۆ لام و گوتی ئەی محمد حفصـــة بگێرەوە چونکە ژنێکە بەرۆژوو دەبێت و نوێژی شـــەوانە دەکات ( صـــوامة قوامة)، وە بڕیار دراوە کە دەبێت ژنی تۆ بێت لە بەهەشت.
الحاكم : بێدەنگی کردووە لە اسنادی ئەم فەرمودەیە بەلام شیخ الالبانی دەڵێت ئەم فەرمودەیە حسنە.

رۆژێکیان کاتێك حفصـــة لە ماڵ نابێت ، محمد ، ماریەی قبتی ( کەنیزەك بوو) کە بە دیاری لە مقەوقەسـەوە بۆی هاتبوو ، دەهێنێت بۆ ماڵی حفصـة و خەریکی گاینی دەبێت. حفصة بەسەردا دێتەوە و دەبینێت محمد لەسەر جێگای خەوتنی خەریکی ماریەیە .حفصـــة بەم کارەی فخر العالمین زۆر نیگەران و تورە دەبێت . محمدی فخرالعالمین بە حفصة دەڵێت : ئەی پێغەمبەری الله ئەم کارەت کرد لە ماڵەکەی من و لەسەر جێگاکەی من و لە رۆژی من ؟

محمد بەلێن بە حفصـــة دەدات کە جارێکی تر نزیك ماریە نەبێتەوە و گانی لەگەڵدا نەکات. حفصـــة بڕوا بەم بەڵێنەی محمد ناکات و دەڵێت : ئەی پێغەمبەری الله چۆن لە خۆتی حرام دەکەیت لەکاتێکدا الله حلالی کردووە ( ملك الیمین حلالە) ، محمدی فخرالعالمین بۆ ئەوەی حفصـة بڕوای بێت ، سـوێند بە الله دەخوات کە ماریەی لە خۆی حرام کرد. وە بە حفصـــة دەڵێت کە ئەم نهێنیەی بپارێزێت و هەواڵەکە بڵاونەکاتەوە ، بەلام حفصـــة لای عائیشـــە باس دەکات و هەواڵەکە بڵاودەبێتەوە.

کورد گوتەنی قسـە بکەوێتە زارێك دەکەوێتە شـارێك . هەموو مدینە و موسـلمانان بە مەسەلەکە دەزانن.

دوای ئەوەی حفصـــة نهێنیەکەی محمد ناپارێزێت و هەواڵەکە بڵاودەبێتەوە ، محمد سورەتێکی ١٢ ئایەتی ( سورەتی التحریم) دادەبەزێنێت بۆ دوو مەبەست :

یەکەم : هەلوەشاندنەوەی سوێندەکەی ( ئایەتی ١-٢)

**يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ ۖ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ ۚ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ**
**قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ ۚ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ ۖ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ**

ئەی پێغەمبەر بۆچی ئەوەی الله بۆی حلال کردوویت لە خۆت حرام دەکەیت ، وادەکەیت بۆ رازی کردنی ژنەکانت ، الله لێبووردەیە و میهرەبانە

الله ، بۆ ئێوەی حلال کردووە ، هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانتان ، الله پشتیوانیتانە وە ئەو زانا و دانایە.

الله اکبر بە محمد دەڵێت قەت شـــەرم ناکەیت بۆ رازیکردنی دڵی ژنەکانت کەنیزەك کە حلالە لە خۆت حرام کردووە. وە دەڵێت دەتوانیت ئەم سوێندەی خواردووتەوە هەلیوەشێنیتەوە و کەفارەت بکەیت.

ماریە لە قبتیەکانی میسرـــ بوو وە زۆر جوان بووە. محمد خۆی بۆ نەگیراوە. لەبەر ئەوە بە زووترین کاتێك ئەم دوو ئایەتەی دابەزاندووە بۆ ئەوەی ســـوێندەکەی هەلوەشێنێتەوە و جارێکی تر سێکسی لەگەڵدا بکات.

دووەم: هەرەشە کردن لە عائیشە و حفصة ( ئایەتی ٣-١٢ سورەتی التحریم )

دەڵێت باشـــترە بۆ ئەم دووژنەت تۆبە بکەن ئەگەر تۆبە ناکەن و بەردەوام بن لە دژایەتیت ئەوا:

١-ڕەنگ بێت الله بە تەلاقدانیان بدات وە الله ژنانێکی پەردەدار ( پاکیزە) یان بێپەردە (بێوەژن) بۆ پێغەمبەر بهێنێت

٢- الله و فریشتەکان و جبرایل وپیاوانی سالح پشتیوانی پێغەمبەرن

٣-دۆزەخمان هەیە کە ســـوتەمەنیەکەی خەڵك و بەردن وە پاســـەوانانی دۆزەخ فریشـــتەی تورە و توند وە بە زەبر و زەنگن وە پابەندی بڕیارەکانی اللهن ( واتە واسیتە و بەرتیل قبوڵ ناکەن). جا ئێوەش کەیفی خۆتانە

٤-لە رۆژی قیامەت هیچ پاساوێك قبوڵ ناکرێت

٥-تۆبە بکەن بەڵکەم الله لە گوناهەکانتان دەبوورێت و دەتانباتە بەهەشـــتەوە کە روباری بە ژێردا دەڕوات

٦-مونافیق و کافرەکان جێگایان دۆزەخە ، وای کە دۆزەخ شوێنێکی چەند ناخۆشە

٧-ژنی نوح و ژنی لوط خراپەکاریان کرد ، بەڵام مێردەکانیان ( نوح و لوط) کە پێغەمبەر بوون نەیانتوانی لە رۆژی قیامەت شـــەفاعەتیان بۆ بکەن، وە پێیان گوترا دەی بڕۆنە دۆزەخەوە

٨-ژنی فیرعەون ژنێکی باش بوو وە گوتی الله گیان کۆشـك و تەلارێکم لە تەنیشـت خۆت بۆ دروست بکە و ئارەزوو دەکەم دراوسێت بم

٩-مریەمی دایکی عیسا پارێزگاری لە قوزی خۆی کرد و ژنێکی پاك بوو

هەموو موفەســـیرەکان وپەرتوکەکانی اســـباب النزول کۆکن ســـەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە وە ئاماژە بەم چیرۆکە و ڕوداوە دەکەن.

وە هۆکاری تەلاق دانی حفصـــة بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نهێنیەکەی محمد ئاشـکرا دەکات.

وە  لە روانگەی ئیسلامەوە ئەم کارەی حفصة  ( الخيانة العظمى) ( خیانەتی مەزن ) دادەنرێت

صـحيح مسـلم كتاب النكاح باب تحريم افشـاء سر المراة ژمارە ٢٥٩٧  محمد صلعم فەرمویەتی :

إن من أشر الناس عند الله منزلة يوم القيامة الرجل يفضي إلى امرأته وتفضي إليه ثم ينشر سرها

خراپترین خەڵکانێك لای الله  لە رۆژی قیامەت :ژن و مێردێکن کە لای خەڵك نهێنی یەکتر دەدرکێنن.

وە لە سنن ابی داود کتاب الادب باب في نقل الحديث ژمارە ٤٨٧٠  محمد صلعم فەرمویەتی

إن أعظم الأمانة عند الله يوم القيامة الرجل يفضي إلى امرأته وتفضي إليه ثم ينشر سرها

مەزنترین خیانەت لە ئەمانەت لای الله لە رۆژی قیامەت : پیاوێك نهێنی لای ژنەکەی دەبێت و ژنێك نهێنی لای پیاوەکەی دەبێت ، ئینجا نهێنیەکە لای خەڵك دەدرکێنن و بڵاوی دەکەنەوە.

بە گوێرەی ئەم فەرمودەیە بێت :

یەکەم : هەموو ژنەکانی محمد گەورەترین خیانەتیان لە ئەمانەت کردووە ، چونکە چەندەها فەرمودەیان گێڕاوەتەوە باسی سـەرجێی خۆیان لەگەل محمد صـلعم دەکەن. لەبەر ئەوە ئەم ژنانە خراپترین کەس دەبن  لای الله لە رۆژی قیامەت.

دووەم: محمد گەورەترین خیانەتی لە ئەمانەت کردووە وە خراپترین کەسـە لای الله لە رۆژی قیامەت چونکە نهێنی ژووری خەوتنی بۆ خەلك باس کردووە.

صحيح مسلم كتاب النكاح باب ندب من راى امراة فوقعت فى نفسـه الى ان ياتى امراته او جاريته فيواقعها ( پیاوێك ژنێك دەبینێت ، ئارەزوی گان کردن دەکەوێتە ناخیەوە ، ئینجا دێت بۆ لای ژنەکەی یان ژنە کۆیلەکەی دەیگێت) ژمارە ١٤٠٣ ، جابر دەڵێت:

پێغەمبەری الله لەگەل یاوەرەکانیدا دانیشــتبوو ، ژنێکی بینی ، رۆیشــت و چوو بۆ لای زەینەبی ژنی کە خەریکی چاك کردنی پیســـت بوو ، پێغەمبەر خۆی لە زەیبەن بەتاڵ کردەوە ئینجا گەڕایەوە لامان.

الذهبی لە تاریخ الاسلام ج٢ لاپەرە ٤٤٥ دەلێت:

لە ســاڵی ٧ کۆچی حاطب بن ابی بلتعة لە مقوقس لای پادشــای میسر گەڕایەوە ودیاری پادشـــای میسر کە ماریەی قبتی و ســیرینی خوشــکی و ماینێك بە ناوی دولدول و کەرێک بە ناوی یعفوری لەگەڵ خۆی بۆ پێغەمبەر هێنابوو ، پێغەمبەر ماریەی بۆ خۆی دانا و ســیرینی خوشــکی پیشــکەش کرد بە حســان بن ثابت ( کە شاعیری محمد بوو).

کەواتە تەلاق دانی حفصــة لە دوای ســاڵی ٧ کۆچی و لە دوای دابەزینی ســورەتی تحریم بووە.

محمد لە ساڵی دووەمی کۆچی و لە دوای شەڕی بدر حفصة دەهێنێت وە ئەوکات روی راســـتەقینەی عومەر بۆ محمد رۆشـــن و دیار نەبووە .بەڵام کاتێك محمد دەبینێت کە عومەر مونافیق و هەڵپەرســـتە وە شـــك و گومان لە پێغەمبەرایەتی محمد دەکات ، ترســـاوە کە لە رێگای حفصـــەی کچی شـــتێك لە محمد بکات. ئەگەری زۆر هەیە ئەوەیان هۆکاری دووەم بووبێت کە محمد حفصـــەی تەلاق دابێت.

بەلام لە هەمان کاتدا محمد لە عومەر ترساوە

ابن کثیر لە السیرة النبویة ج٣ لاپەرە ٣١٢ دەلێت

غزوة الحدیبیة وقد کانت في ذي القعدة سنة ست بلا خلاف

غزوة ( صلح) ی حدیبیة مانگی ذی القعدةی ساڵی ٦ کۆچی بوو بە بێ جیاوازی واتە هەر هەموو مێژوونوسان و زانایانی ئیسلام کۆکن کە پەیمانی حدیبیة مانگی ذی القعدةی ساڵی ٦ کۆچی بوو.

حدیبیة ناوچەیەکە نزیك بە مەککە ، محمد لەگەل ١٤٠٠ لە یاوەرەکانی لە مدینە بەرێ دەکەوێت بە نیازی ســەردانی کردنی کعبە و عومرە کردن بەڵام قورەیشــەکان رێگای پێنادەن . دواتر محمد لە حدیبیة پەیمانی ئاگر بەســت لەگەل قورەیشــەکان دەبەستێت.

محمد له مدینة بەڵێن به یاوەرەکانی دەدات که دەچنه ناو مەککه و عومره دەکەن بەڵام کاتێك قورەیشەکان رێگای پێنادەن ، عومەر له پێغەمبەرایەتی محمد دەکەوێته شك و گومانەوه و دەلێت : محمد بەڵێنی دا که عومره دەکەین بەڵام قورەیشەکان رێگایان نەدا کەواته چۆن دەکرێت محمد پێغەمبەر بێت.

وه کاتێك محمد دەگاته ناوچەی حدیبیة پەیمان و بەیعەت له یاوەرەکانی وەردەگرێت که ئەگەر رێگایان نەدا بچنه مەککەوه ئەوا تا مەرگ شەڕ بکەن . ئەم بەیعەت و پەیمانه به بەیعەتی رضوان ناسراوه

ئایەتی ١٨ سورەتی الفتح دەلێت:

**لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنْزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا**

الله رازی بوو لەم ئیماندارانەی که له ژێر درەختەکه پەیمانیان به تۆ ( محمد) دا ، وه زانی که چی له دڵیاندایه ،وه ئارامی دابەزانده سەریان وه پاداشتی دانەوه به فەتحێکی نزیك

البغوی له معالم التنزیل دەلێت

وكان الناس يقولون : بايعهم رسول الله صلى الله عليه وسلم على الموت

واته خەڵك دەلێن : پێغەمبەر پەیمانی لێیان وەرگرت که تا مەرگ شەڕ بکەن

تفسیر الجلالین دەلێت :

وهم ألف وثلاثمائة أو أكثرثم بايعهم على أن يناجزوا قريشاً وأن لا يفرّوا، وعلى الموت

یاوەرەکان ١٣٠٠ کەس یان زیاتر بوون وه پەیمانیان به پێغەمبەر دا که تا مەرگ شەڕی قورەیش بکەن و رانەکەن

الطبری دەلێت :

بايعوه على مناجزة قريش الحرب، وعلى أن لا يفرّوا

پەیمانیان به پێغەمبەر دا که شەڕ لەگەل قورەیشدا بکەن وه رانەکەن

هەروەك له مەتنی ئایەتەکه و له شرۆڤەی موفەسیرەکان بۆ ئایەتەکه رونه که محمد بەیعەتی له یاوەرەکانی وەرگرتووه که پەیمان بدەن تاوەکو مەرگ شەڕ لەگەل قورەیشەکان بکەن ئەگەر رێگایان نەدا بچنه مەککەوه.

هەوالنامەی کتێب

ئێستا با بزانین هەلویستی عومەری کوڕی خەتاب چی بووە:

محمد داوا لە عومەر دەکات بچێت بۆ مەککە وە قسە لەگەل ابو سفیان و سەرانی قورەیش بکات ، بەڵام عومەر دەترسێت و ناچێت

ابن هشام السیرة النبویة ج٢ لاپەرە ٣١٥ :

پێغەمبەر داوای عومەری کرد بچێت بۆ مەککە ، بۆ ئەوەی قسە لەگەل قورەیشەکان بکات کە بۆ عومرە هاتوون ، عومەر گوتی ئەی پێغەمبەری الله من لە قورەیش دەترسم.

دواتر محمد صلعم عثمان بن عفان بۆ مەککە دەنێرێت

وە عومەر بەم سەرپێچیەی بڕیاری محمد کافر بووە هەروەك ئایەتی ٣٦ سورەتی الاحزاب دەڵێت

**وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا**

وە بۆ پیاو و ژنی ئماندار نەبووە کە ئەگەر الله و پێغەمبەرەکەی بڕیارێکیان دا ، هەلبژاردەیەکیان هەبێت ، وە هەر کەسێك سەرپێچی بڕیاری الله و پێغەمبەرەکەی بکات ئەوا توشی بەلارێدانێکی گەورە هاتووە.

وە لە صحیح مسلم کتاب الامارة باب استحباب مبایعة الامام الجیش عند ارادة القتال و بیان بیعة الرضوان تحت الشجرة ژمارە ١٨٥٦ جابر دەڵێت:

لە رۆژی حدیبیة ١٤٠٠ کەس بووین کە بەیعەتمان دا . عومەر دەستی کەسێکی تەك خۆی گرتبوو لە ژێر درەختی ( سمرة) وە گوتی پەیمانمان دا کە ڕانەکەین بەلام پەیمانمان نەدا کە تاوەکو مەرگ شەڕ بکەین.

واتە : عومەر دەلێت من تاوەکو مەرگ شەڕ ناکەم وە پەیمان نادەم کە تاوەکو مەرگ شەڕ بکەم.

وە لە هەمان سەرچاوەی پیشوو بە ژمارەی فەرموودە ١٨٥٨ جابر دەلێت

جد بن قیس الانصاری خۆی لە ژێر وشترەکەی شاردبۆوە و بەیعەتی نەدا

بەڵام جابر لە هەمان سەرچاوەی پیشوو لە فەرمودەیەکدا دەلێت

پەیمانمان دا کە ڕانەکەین بەلام پەیمانمان نەدا بۆ مەرگ

بێگومان ئەوە قسـەیەکی هیچ و پوچە ، کاتێك مرۆڤ لە شـەڕدا پەیمان دەدات کە ڕانەکات واتە پەیمان دەدات کە تاوەکو مەرگ شـــەڕ بکات. ئەگینا پەیمان بە ڕانەکردن مانایەکی نابێت.

بەڵام لە هەمان سـەرچاوەی پێشـوو بە ژمارە ١٨٦٠ وە صـحیح البخاری کتاب الاحکام باب کیف یبایع الناس الامام ژمارە ٦٧٨٠ هاتووە کە سلمة دەڵێت :

بەیعەتمان بە پێغەمبەر دا بە مەرگ ( واتە تاوەکو مەرگ شەڕ بکەین)

بەڵام کاتێك بەڵێنەکەی محمد سـەبارەت بە چوونیان بۆ مکە و عومرە کردنیان ڕاست دەرنەچوو، عومەر شك و گومان لە پێغەمبەرایەتی محمد دەکات.

صـحیح ابن حبان کتاب السـیر باب الموادعة و المهادنة : ذکر ما یسـتحب الامام اسـتعمال المهادنة بینە و بین اعداء الله اذا رای بالمسـلمین ضـعفا یعجزون عنه ج١١ لاپەرە ٢٥٥-٢٥٦ ژمارە ٤٨٧٢ :

**فقال عمر بن الخطاب رضوان الله عليه والله ما شـككت منذ أسـلمت إلا يومئذ فاتيت النبي صلى الله عليه وسلم فقلت ألست رسول الله حق قال بلى قلت ألسنا على الحق وعدونا على الباطل قال بلى قلت أوليس كنت تحدثنا أنا سـنأتي البيت فنطوف به قال بلى فخبرتك أنك تأتيه العام قال لا قال فإنك تأتيه فتطوف به قال فأتيت أبا بكر** الصديق **رضوان الله عليه فقلت يا أبا بكر أليس هذا نبي الله حقا قال بلى قلت أو لسـنا على الحق وعدونا على** الباطل **قال بلى قلت فلم نعطي الدنية في ديننا إذا قال أيها الرجل إنه رسول الله.**

عومەری کوڕی خەتاب گوتی سـوێند بە الله لەم ڕۆژەی بووم بە ئیسـلام شـك و گومانم لە پێغەمبەر نەکردووە تەنها لە حدیبیة نەبێت، کاتێك هاتم بۆ لای پێغەمبەری الله و گوتم : ئەی تۆ پێغەمبەری الله نیـت؟ گوتی بەڵێ پێغەمبەرم، گوتم : ئەی ئێمە لەسـەر هەق نین و دووژمنەکانمان لەسـەر نەهق و باتل نین ؟ گوتی بەڵێ

گوتم ئەی بە ئێمەت نەگوت کە دێین بۆ کعبە و تەواف دەکەین؟ گوتی بەڵێ بەڵام بە تۆم گوت کە ئەمسـاڵ تەواف دەکەین؟ گوتم نەخێر . گوتی ڕۆژێك دێیت و تەواف لە کعبە دەکەیت. ئینجا چووم بۆ لای ابو بکر الصدیق وگوتم : ئەی ابوبکر ئایا ئەوە بە ڕاسـتی پێغەمبەری الله نی یە؟ گوتی بەڵێ پێغەمبەرە ، گوتم ئەی ئێمە

لەسەر هەق نین و ئەوان لەسەر باطل ( ناهەق) نین؟ گوتی بەڵێ . گوتم : کەواتە بۆچی ئاینەکەمان ریسوا بکەین؟ ابو بکر گوتی : ئەی پیاو ، محمد بە راستی پێغەمبەری اللەیە.

وە هەمان فەرموده بە دەستکاریەوه لە صحیح مسلم کتاب الجهاد و السير باب صلح الحديبية في الحديبية بە ژمارە ١٧٨٥ وە صحيح البخاری کتاب الجزية باب اثم من عاهد و غدر بە ژمارە ٣٠١١ هاتووه:

ئەم بەشەی فەرمودەکە کە عومەر دەڵێت تەنها لە رۆژی حديبية شك و گومانم لە پێغەمبەرایەتی محمد کرد ، لابراوە

وە محمد صلعم بە عومەر دەڵێت : يا ابن الخطاب اني رسول الله ( ئەی کوڕی خەتاب بە راستی من پێغەمبەری اللەم )

وە رۆژێکیان محمد تەورات بە دەستی عومەری کوڕی خەتابەوە دەبینێت و زۆر تورە دەبێت وە بە عومەر دەڵێت : چیە شك و گومان لە قورئان دەکەن؟

مسند احمد بن حنبل : باقي مسند المكثرين : مسند جابر بن عبدالله رضى الله عنه ژمارە ١٤٣٧٦ جابر دەڵێت

أن عمر بن الخطاب أتى النبي صلى الله عليه وسلم بكتاب أصابه من بعض أهل الكتب فقرأه النبي صلى الله عليه وسلم فغضب فقال أمتهوكون فيها يا ابن الخطاب والذي نفسي بيده لقد جئتكم بها بيضاء نقية

عومەری کوڕی خەتاب نوسینێکی لە ئەهلی کتاب ( یهودیەکان) وەرگرتبوو و هات بۆ لای پێغەمبەری الله . پێغەمبەر صلعم نوسینەکەی خوێندیەوە و تورە بوو وە گوتی : ئەی کوڕی خەتاب چیە شك و گومان دەکەیت؟ ، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ، بە پاکی و سپێتی قورئانم بۆ ئێوە هێناوە .

تێبینی : ئەم فەرموودەیە دەلێت محمد نوسینەکەی خوێندەوە و تورە بوو کەواتە چۆن دەکرێت محمد نەخوێنەوار بووبێت؟

هەوڵی تیرۆر کردنی محمد لە عقبە ( کاتێك لە تبوك دەگەڕێتەوە) :

محمد بۆ یەك سات بێ شەڕ و کوشت و کوشتار نەیتوانیووە . محمد صلعم ساڵێك بەر لە مردنی ، سوپایەکی گەورە ئامادە دەکات و دووری ١٢٠٠ کیلۆمەتر دەبڕێت بۆ قەسابی کردنی خەڵك و بە دەستهێنانی کچان و ژنانی قژ زەردی رۆمی و

هەولنامەی کتێب

فەرهود و تاڵانی . محمد لە ساڵی ٩ کۆچی سوپایەکی ٣٠ هەزاری کۆدەکاتەوە بۆ هێرش کردنە سەر ڕۆمەکان لە تەبوك ( کە دەکاتە سنوری ئوردن) .

ئایەتی ١٢٣ سورەتی التوبة دەڵێت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قَاتِلُوا الَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ الْكُفَّارِ وَلْيَجِدُوا فِيكُمْ غِلْظَةً ۚ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ

ئەی ئیمانداران شەڕی ئەم کافرانە بکەن کە دراوسێتانن وە وابکەن کە توندوتیژیتان تیادا ببینن ، وە بزانن کە الله لەگەل خوداپەرستانە

الطبری لە شرۆڤەی ئەم ئایەتە دەڵێت:

**ابدأوا بقتال الأقرب فالأقرب إليكم دارًا، دون الأبعد فالأبعد. وكان الذين يلون المخاطبين بهذه الآية يومئذ، الروم, لأنهم كانوا سكان الشأم يومئذ, والشأم كانت أقرب إلى المدينة من العراق**

واتە : لە سەرەتا شەڕی ئەو کافرانە بکەن کە لێتانەوە نزیکن ، ئینجا ئەوانەی لێتانەوە دوورن . ئەوانەی ئەم ئایەتە مەبەستیەتی ڕۆمەکانن ، چونکە ئەوکات لە شام بوون ، وە شام نزیکترە و عیراق دوورترە لە مدینة.

ابن کثیر دەڵێت:

**أمر الله تعالى المؤمنين أن يقاتلوا الكفار أولا فأولا الأقرب فالأقرب إلى حوزة الإسلام ؛ ولهذا بدأ رسول الله صلى الله عليه وسلم بقتال المشركين في جزيرة العرب ، فلما فرغ منهم وفتح الله عليه مكة والمدينة ، والطائف ، واليمن واليمامة ، وهجر ، وخيبر ، وحضرموت ، وغير ذلك من أقاليم جزيرة العرب ، ودخل الناس من سائر أحياء العرب في دين الله أفواجا شرع في قتال أهل الكتاب ، فتجهز لغزو الروم الذين هم أقرب الناس إلى جزيرة العرب ، وأولى الناس بالدعوة إلى الإسلام لكونهم أهل الكتاب ، فبلغ تبوك ثم رجع لأجل جهد الناس وجدب البلاد وضيق الحال ، وكان ذلك سنة تسع من هجرته ، عليه السلام**

الله فەرمان بە ئیمانداران دەکات کە شەڕ لەگەڵ کافرەکان بکەن ، لە سەرەتا ئەو کافرانەی کە لە ئیسلام نزیکن . لەبەرئەوە پێغەمبەری الله سەرەتا دەستی کرد بە شەڕ کردنی موشریکەکانی دورگەی عەرەبی ، وە کاتێك لە شەڕکردنیان تەواو بوو و الله فتحی مەککە و مەدینە، و تائیف ، یەمەن ، یمامە ، هجر و خەیبەر و حضرموت

، و شـــوێنەکانی تری دوورگەی عەرەبی بۆ پێغەمبەرەکەی کرد و خەڵکی هەموو شـــوێنەکانی دورگەی عەرەبی بە پۆل هاتنە ناو ئیســـلامەوە ، اللە شـــەرعیەتیدا بە شـەڕکردن لەگەڵ ئەهلی کتاب . ئەوەبوو موسـلمانان خۆیان بۆ هێرش کردنە سـەر رۆمەکان ئامادە کرد ، چونکە نزیکترن لە دوورگەی عەرەب وە نزیکترین کەسـانێکن کە بۆ ئیســـلام  بانگیش بکرێن چونکە ئەهلی کتـابن . پێغەمبەر و ســـوپاکەی گەیشتنە تەبوك بەڵام بە هۆی ئەوەی سوپاکە توشی هیلاکی و ماندوویی و تەنگەژە و مەشـــەقەت بوون ، ســـوپاکە لە تەبوك گەڕایەوە، ئەوە لە ســـاڵی ٩ کۆچی بوو (تەواو).

سـەرچاوە ئیسـلامیەکان دەڵێن غەزوی تەبوك لە مانگی رەجەبی سـاڵی ٩ کۆچی بوو. محمد و سـوپاکەی  شـکسـتیان هێنا  و بە دەسـت بەتاڵی بۆ مدینة گەڕانەوە و هیچ غەنیمەیەکیان بەدەســـت نەهێنا . تەبوك نزیك بە  ١٢٠٠ کیلۆمەتر لە مدینەوە دوورە ، وە رێگای مدینە بۆ تبوك بیابانە.  محمد و سـوپاکەی لە چوونیان بۆ تەبوك و گەڕانەوەیان بۆ مدینە توشی برســـیەتی و تینویەتی هاتن وە مانگی رەجەب ئاو و هەوا زۆر گەرم بووە . لەبەر ئەوە  قورئان بە کاتی سـەختی ( سـاعة العسرـة) ناوی دەبات .

کاتێك محمد ســـوپاکەی بۆ تەبوك ئامادە دەکات بەڵێن بە خەڵك دەدات کە دەستکەوتێکی باشیان دەبێت وە کچان و ژنانی قژ زەردی رۆمی بەدەست دەهێنن .

ئایەتی ٤٩ سورەتی التوبة دەڵێت

وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ ائْذَن لِّي وَلَا تَفْتِنِّيۚ أَلَا فِي الْفِتْنَةِ سَـــقَطُواۗ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ

واتە هەیانە ( خەڵکی عەرەب) دەڵێن ( ئەی محمد) مۆڵەتم بدەرێ بمێنمەوە ( واتە بۆ تبوك لەگەڵتـدا نەیەم) وە توشی فیتنە (ئـاژاوە) م مەکە . ئەی (ئەم خەڵکانە) خۆیان نەکەوتنە داوی فیتنەوە ، وە دۆزەخ بە دڵنیاییەوە دەورەی کافرەکانی داوە.

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت:

ئەم ئایەتە لەســـەر جد کوڕی قەیسیـــ موناڤیق دابەزی. کاتێك پێغەمبەری اللە سـوپای بۆ غەزوی تەبوك ئامادە دەکرد بە جد کوڕی قەیسیـ گوت : ئەی ابا وهب ( واتە جد) ئارەزوو ناکەیت بە قەسـابی کردنی بنی اصـفر ( رۆمەکان) وە بەدەسـت

هێنــانی کچــان و ژنــانی قژ زەردی رۆمی؟ جــد کوڕی قەیس لە وەلامــدا گوتی: پێغەمبەری الله من بە ژنان توشی فیتنە دەبم ، باشــترە مۆڵەتم بدەیتێ بمێنمەوە و لەگەڵتاندا نەیەم وە بە پارە کۆمەکت دەکەم. ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی (تەواو)
 هەندێك لە یاوەرە و جەنگاوەرەکانی محمد کە لە سوپاکەی تەبوك بەشداربوون ، لە ڕیگای گەڕانەوەیان بۆ مدینة ، شـــك و گومان لە پێغەمبەرایەتی محمد دەکەن کاتێك بینیان کە هیچ کامێك لە بەڵێنەکانی محمد راسـت دەرنەچوون وە لە هەمان کــاتــدا توشی نەهــامەتی وەك برســـیەتی و تینویەتی هــاتن وە نەیـان توانی هیچ غەنیمەیەك بەدەســـت بهێنن. هەندێکیان قســـە دژ بە محمد دەکەن و قســـەی پێدەڵێن. لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ مـدینە ، لە شـــوێنێك بە نـاوی عقبة ( کە ٣٥٠ کیلۆمەتر لە عەمانی پایتەختی ئوردن و ٧٠٠ کیلۆمەتر لە مەدینەوە دوورە)   ١٤- ١٥ کەس لە یاوەرەکان هەوڵی کوشتنی محمد دەدەن .

ئایەتی ٧٤ سورەتی التوبة :

**يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ مَا قَالُوا وَلَقَدْ قَالُوا كَلِمَةَ الْكُفْرِ وَكَفَرُوا بَعْدَ إِسْـلَامِهِمْ وَهَمُّوا بِمَا لَمْ يَنَالُوا ۚ وَمَا نَقَمُوا إِلَّا أَنْ أَغْنَاهُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ مِن فَضْلِهِ ۚ فَإِن يَتُوبُوا يَكُ خَيْرًا لَّهُمْ ۖ وَإِن يَتَوَلَّوْا يُعَذِّبْهُمُ اللَّهُ عَذَابًا أَلِيمًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ۚ وَمَا لَهُمْ فِي الْأَرْضِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ**

ســـوێند دەخۆن بە الله  کە هیچ قســـەیەکیان دژ بە پێغەمبەرنەکردووە و هیچ قسەیەکیان پێی نەگووتوە بەڵام قسەی کوفریان کرد و کافر بوون لە دوای ئیسلام بوونیان ، وە هەوڵی پیلانگێڕیان دا بەڵام بۆیان نەچووە سەر. وە لە ریسوایی رزگاریان نابێت مەگەر الله و پێغەمبەرەکەی فەزلیان پێبدەن،  وە باشـترە کە تۆبە بکەن، وە ئەگەر تۆبە نەکەن ئەوا الله ئەشکەنجەیەکی خراپیان لە دونیا و لە قیامەت دەدات ، وە لە زەویدا نە پشت وە نە پشتیوانیان دەبێت.

ئەم ئایەتە ئاماژە بە دوو شت دەکات

یەکەم: کۆمەڵێك قسەیان بە محمد گوتووە و دژ بە محمد قسەیان کردووە

دووەم: کۆمەلێك پیلانگێڕیان دژ بە  محمد کردووە

الطبری دەڵێت :

( يحلفون بالله ما قالوا و قد قالوا كلمة الكفر) نـــــزلت في الجلاس بن ســـويد بن الصــامت قال  إن كان ما جاء به محمد حقًّا, لنحن أشرُّ من الحُمُرنا هذه التى نحن عليها

دەڵێت  سەبارەت بە الجلاس بن سويد بن الصامت دابەزی چونكە گوتی : ئەگەر ئەوەی محمد هێناویەتی ( پێغەمبەرایەتی) راســـت بێت ، ئەوا ئەگەر ئێمە وەك ئیسلام بمێنینەوە ئەوكات بە دڵنیاییەوە ئێمە لە كەرەكانمان كەرترین.

وە دەڵێت كەســـێكی تر گوتویەتی: فوالله ما مثلنا ومَثَلُ محمد إلا كما قال القائل ســـمن كلبك ياكلك ( واتە : ســـوێند بە الله نمونەی ئێمە و محمد تەنها وەك ئەو ووتەیەیە كە دەڵێت : ســـەگەكەت قەڵەو بكە ئینجا دەتخوات ) واتە كاتێك محمد لە مەككەوە كۆچی كرد ئێمە باوەشمان بۆی كردەوە كەچی خەریكە بمانخوات.

ابن الجزى الكلبى لە تخريج الاحاديث و الاثار لاپەرە ٦٥٠ ژمارە ٥٤٥ دەڵێت

( و يحلفون بالله ما قالوا) سـەبارەت بە جلاس بن ســـويد دابەزی چونكە گوتی : ئەگەر ئەوەی محمد دەڵێت راست بێت ئەوا ئێمە كە كەرەكانمان كەرترین

وە دەڵێت پێغەمبەر دوو مانگ لە تبوك مایەوە و ئایەتی قورئانی بۆ دادەبەزی وە ئەم مونافیقانەی كە لە مدینە مابوونەوە و لەگەڵیدا نەهاتبوون بۆ تەبوك ، لەكەدار و عەیب دار دەكردوە دەیگوت ئەوانە گڵاون ، ئەوەبوو ئەوانەی كە كەس و كاریان بوون و لە تەبوك بەشـدار بوون ، گوێیان لەم قسـانەی پێغەمبەر بوو ، لەبەر ئەوە جلاس بن سويد گوتی :  سوێند بە الله ئەگەر ئەم قسانەی محمد  دژ بە براكانمان و پیاوماقولانمان دەیكات ڕاست بێت ئەوا ئێمە لە كەرەكانمان خراپترین

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت:

خرج المنافقون مع رســـول الله صـــلى الله عليه وســـلم إلى تبوك فكانوا إذا خلا بعضـهم إلى بعضـه سـبوا رسـول الله صـلى الله عليه وسـلم وأصـحابه، وطعنوا في الدين

دەڵێـت : مونـافیقەكان لەگەڵ پێغەمبەری الله  بۆ تەبوك دەرچوون. وە كاتێك بەتەنها لەگەڵ یەك دەبوون جوێنیان بە پێغەمبەر دەدا و ســـوكایەتیان پێی دەكرد و تانەیان لە ئاینەكەی دەدا

وە دەڵێت ( هموا بما لم ينالوا) :

قال الضحاك: هموا أن يدفعوا النبي صلى الله عليه وسلم ليلة العَقَبة، وكانوا قوماً قد أجمعوا على أن يقتلوا رسول الله صلى الله عليه وسلم، وهم معه. فجعلوا يلتسمون غِرّته، حتى أخذ في عَقَبَةٍ، فتقدَّم بعضهم، وتأخر بعضهم، وذلك كان ليلاً، قالوا: إذا أخذ في العقبة دفعناه عن راحلته في الوادي، وكان قائده في تلك الليلة عمَّار بن ياسر، وسائقه حُذَيفة، فسمع حُذَيفة وقع أخفاف الإبل، فالتفت فإذا هو بقوم متلثمين ، فأنزل الله تعالى قوله:{وَهَمُّواْ بِمَا لَمْ يَنَالُواْ}

ضحاك دەلێت : له شەوی عقبة هەوڵیاندا کە پێغەمبەر فڕێ بدەنە خوارەوە ( له بەرزایی بۆ ناو دۆڵەکە) . کۆمەلێك کەسکە لە سوپاکەی پێغەمبەر بوون ویستیان پێغەمبەر بکوژن . بەدوای پێغەمبەردا ڕۆیشتن تاوەکو لە عقبة توشی بوون ، هەندێکیان بە پێشی کەوتن وە هەندێکیان لە دواوە بوون . ئەم کارە لە شەو ڕویدا وە گوتیان : کاتێك دەگاتە سەر عقبة ئەوا لەسەر وڵاغەکەی فڕێی دەدەینە خوارەوە بۆ ناو دۆڵەکە . عمار بن یاسر و حذیفة (بن یمان) یاوەری پێغەمبەر بوون. حذیفة گوێی لە دەنگی قاچی وشتر بوو ، کاتێك ئاوڕی دایەوە بینی کۆمەلێك کەسانی دەمامکدارن. ئەوەبوو الله ئەم دەقەی دابەزاند کە دەلێت ( هەوڵیاندا بەڵام بۆیان نەچووە سەر).

وە ئایەتی ١١٧ سورەتی التوبة دەلێت

**لَّقَد تَّابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ مِن بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّهُ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ**

الله له پێغەمبەر وە لە کۆچکردوو ( مهاجر) و ئەنسارەکانی بووری، ئەوانەی لە ساتی سەختی ( تەبوك) لەگەڵ پێغەمبەر بوون ، دوای ئەوەی خەریك بوو دڵی کۆمەڵێکیان شك و گومان بکات ، ئینجا لێیان بورا وە بۆیان بەخشندە و میهرەبانە

ئەم ئایەتە دەلێت کۆمەڵێك شك و گومانیان لە پێغەمبەرایەتی محمد کردووە

الرازی لە التفسیر الکبیر ، مفاتیح الغیب دەلێت:

فقال عمر: خرجنا في قيظ شديد وأصابنا فيه عطش شديد، حتى أن الرجل لينحر بعيره فيعصر فرثه ويشربه

عومەر گوتی : لە بارودۆخێکی دژوار دەرچووین وە  توشی تینویەتیەکی سەخت بووین ، تەنانەت پیاو هەبوو کە وشترەکەی سەردەبڕی و پیسایییەکەی دەکوشی و ئاوەکەی دەخواردەوە.

الطبری لە جامع البیان  دەڵێت:

خرجوا في غزوة تبوك الرجلان والثلاثة على بعير، وخرجوا في حرّ شديد، وأصابهم يومئذ عطش شديد، فجعلوا ينحرون إبلهم فيعصرون أكراشها ويشربون ماءها

دوو و سێ پیاو بە سەر پشتی وشترێك وە لە ئاو و هەوایەکی زۆر گەرمدا بۆ تبوك دەرچوون ، توشی تینویەتیەکی سەخت هاتن و سەری وشتریان دەبڕی و پیساییەکەیان دەکوشی و ئاوەکەیان دەخواردەوە.

موسلمانان بە هۆی تینویەتیەوە پیسایی وشتریان کوشیوە بۆ ئەوەی ئاوەکەی بەدەست بهێنن و بخۆنەوە ، بەڵام سەرچاوە ئیسلامیەکان چەندەها موعجیزەیان بۆ محمد داتاشیوە و دروست کردووە کە گوایە لە ڕێگای مدینە- تبوك – مدینە کردوویەتی وەك

یەکەم: وەی وەی بارانە

ابن عبدالبر لە التمهید ج١ لاپەرە ٢٢٤-٢٢٥ دەڵێت:

ابوبکر گوتی ئەی پێغەمبەری الله نیزایەکمان بۆ بکە باران ببارێت خەریکە ملمان لێدەبێتەوە لە تینویەتی ، ئەوەبوو پێغەمبەر دەستی خۆی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە وە هیشتا دەستی خۆی دانەگرتبوو ، هەور دروست بوو وە باران بە لێزمە باری.

دووەم: محمد بیخاڵ و گەلی عەلی بەگ بە پەنجەکانی دروست دەکات

صحیح مسلم کتاب الفضائل باب في معجزات النبي صلعم ژمارە ٧٠٦ دەڵێت:

پێغەمبەر کانیاوێکی تەقاندەوە

سێهەم : خۆراك زاوزێ دەکات و زیاد دەبێت

صحیح مسلم کتاب الایمان ژمارە ٢٧

عومەر داوا لە محمد دەکات کە خەریکە لە برسانا بمرن ، محمد دەڵێت هەرچی خواردنی لایە با بیهێنێت و بیخاتە سەر ئەم بەرماڵە ، هەرچی لایانە دەیخەنە سەر بەرماڵەکە وە محمد نیزا دەکات و خواردنەکە زۆر دەبێت. وە دەڵێت خواردمان

تاوەکو باش تێربووین ئینجا هەرچی لامان بوو پرمان کرد لە خواردن وە تەنانەت هەندێك مایەوە.
ئگەر وابێت ئەی بۆچی گو و پیسایی وشترتان دەخوارد و دەخواردەوە ؟
و الله اعلم.
پوختە :
یەکەم : محمد بەڵێنی داوە کە غەنیمەیەکی باش و کچان و ژنانی قژ زەردی رۆمی بەدەست دەهێنن ، بۆ ئەوەی خەڵك پەیوەست بن بە سوپاکەیەوە
دووەم: محمد کەسێکی شەڕانگێز بووە وە لە ١٠ ساڵی کۆتایی ژیانیدا تەنانەت بۆ یەك سات بێشەڕ نەیتوانیوە ، ساڵێك بەر لە مردنی دووری ١٢٠٠ کیلۆمەتر دەبڕێت بۆ شەڕ کردن و کوشت و کوشتار و بە کۆیلە کردنی کچان و ژنانی قژ زەردی رۆمی.
ابن حجر لە فتح الباری ج٧ لاپەرە ٣٢٨ کتاب المغازی سەبارەت بە ژمارەی شەڕ و هێرشەکانی محمد دەڵێت:
ابن سعد و ابن اسحاق و الواقدی دەڵێن پێغەمبەر ٢٧ شەڕ (غزوة) ی کردووە
وە عبدالرزاق بە اسنادێکی صحیح لە سعید بن المسیب دەڵێت پێغەمبەر ٢٤ شەڕ (غزوة)ی کردووە.
بەڵام ( سرایا ) ( ناردنی گروپی چەکداری بۆ سەر خەڵك ) : ابن اسحاق دەڵێت ٣٦ ، الواقدی دەڵێت ٤٨ وە ابن الجوزی دەڵێت ٥٦ ، المسعودی دەڵێت ٦٠ دانە. وە الحاکم لە الاکلیل دەڵێت بە غەزو و سەراپاکان زیاترن لە ١٠٠ دانەن.
سێهەم : هەرچی عەرەبی دوورگەی عەرەب هەبوو، بە کافر و مشریك و موسلمان و موونافیق ، محمد لە سوپاکەی کۆیکردۆتەوە ، وە بەلای محمد گرنگ نەبووە کە موسلمانان یان موسلمان نین ، گرنگ ئەوەبوو کە لە ژێر سەرکردایەتی خۆی و لە پێناو شکۆمەندی میلەتی عەرەب و دروست کردنی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی بجەنگن
ئیمام الزیعلی لە نصب الرایة في تخریخ احادیث الهدایة ج٣ لاپەرە ٤٢٤ دەڵێت:
ئیمام شافعی دەڵێت : پێغەمبەر رێگای نەدا موشریکەکان لە ریزی سوپاکەی لە شەڕی بدر بەشدار بن ، بەڵام لە غەزوی خەیبەر کە دوو ساڵ دواتر بوو ، پێغەمبەر

هەندێك یەهودی بنی قنیقاعی لە سوپاکەی بەکارهێنا وە لە غەزوی حنین کە ساڵی هەشتی کۆچی بوو صفوان بن امیةی بەکارهێنا کە کەسێکی مشریك بوو.
واتە محمد تەنها لە شەری بدر رەتی کردۆتەوە کە موشریکەکان لە ریزی سوپاکەی بەشدار بن بەڵام دواتر رێگای داوە موشریکەکان لە ریزی سوپاکەی بەشدار بن.
واتە یەکتایی و توحید بەلای محمدەوە گرنگ نەبووە، چونکە محمد لە بنەڕەتەوە ئاینێکی بۆ مەبەستی نەتەوەپەرستی عەرەب و دروست کردنی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی و بەرزکردنەوەی شکۆمەندی تاکی عەرەب دروست کردووە.
چوارەم: سوپاکەی محمد توشی ناخۆشی و نەهامەتیەکی زۆر دەبن وە توشی برسی بوون و تینویەتیەکی زۆر دێن، تەنانەت یاوەرەکانی ڕیخی وشتر دەکوشن و ئاوەکەی دەخۆنەوە . لە ئاکامدا سوپاکەی محمد شکست دەهێنێت و بە دەست بەتاڵی بۆ مدینە دەگەڕێتەوە.
پینجەم : بۆ زۆرێك لە یاوەرەکان ڕون دەبێتەوە کە محمد گەندە پێغەمبەرە و پێغەمبەرێکی راستگۆ نییە چونکە پێشبینی و بەڵێنەکانی ڕاست دەرناچن. لەبەر ئەوە هەندێکیان قسە بە محمد دەڵێن وە گروپێکیان هەوڵی کوشتنی دەدەن.
پرسیار : ئەم کەسانە کێ بوون کە هەوڵی کوشتنی محمدیان دا؟
بەر لەوەی محمد لەگەڵ سوپاکەی بۆ تەبوك بەرێکەون، علی کوڕی ابی تالیب وەك بەرپرسی مدینە لە شوێنی خۆی دادەنێت.
ئەم کارەی محمد دەبێتە هۆی نیگەرانی هەندێك لەم یاوەرانەی کە نیازی بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتیان هەبوو لە دوای مردنی محمد.
صحیح البخاری کتاب فضائل الصحابة باب مناقب علي بن ابي طالب رضی الله عنه ژمارە ٣٥٠٣ وە صحیح مسلم کتاب فضائل الصحابة باب من فضائل علي بن ابي طالب رضی الله عنه ژمارە ٢٤٠٤ :
پێغەمبەر بە علی گوت : هەروەك هارون بۆ موسا چۆن بوو، تۆ بۆ من وایت بەڵام لە دوای من پێغەمبەر نابێت
المصنف لعبدالرزاق کتاب المغازی باب من تخلف عن النبي صلعم في غزوة تبوك ژمارە ٩٧٤٥ و مسند احمد مسند العشرة المبشرین بالجنة مسند ابی اسحاق سعد بن ابی وقاص ژمارە ١٥٣٥ :

سـعد بن ابی وقاص گوتی کاتێك پێغەمبەر بۆ تەبوك دەرچوو، علی کوڕی ابی تالیی لە شـوێنی خۆی وەك بەرپرسی مدینە دانا . علی گوتی ئەی پێغەمبەری الله ئارەزوو ناکەم  دەربچیت ئەگەر منت لەگەڵدا نەبێت ، پێغەمبەر گوتی : رازی نابیت کە هارون بۆ موسا چۆن بوو، تۆ بۆ من وابیت ؟ بەڵام لە دوای من پێغەمبەر نابێت.

محمد لە رێگای ئەم کارەی پەیامێکی بە موســلمانان و یاوەرەکانی داوە کە لە دوای خۆی عەلی دەبێت بە جێگرەوەی.

وە ئەم کەســانەی کە خۆیان بۆ بەدەســتەوە گرتنی دەســەلات خۆش کردبوو ، لە دوای مردنی محمد ، زۆر نیگەران دەبن.

لە مجمع الزوائد و منبع الفوائد کتاب الایمان باب منە في المنافقين ژمارە ٤٢٥ هاتووە : کاتێك محمد و سـوپاکەی لە رێگا دەبن بۆ مدینە ، محمد کەسـێك بۆ ناو ســوپاکە دەنێرێت کە بە دەنگی بەرز رادەگەیەنێت : هیچ کەســێك رێگای عقبة نەگرێت چونکە پێغەمبەر ئەم رێگایە دەگرێت و پێیدا دەڕوات .

کاتێك شــەو دادێت ، محمد بە یاوەری عمار بن یاسر و حذیفة بەســەر گردی عقبەدا دەڕوات کۆمەلێك دەمامکدار رێگای لێدەگرن وە عمار ڕوبەڕویان دەبێتەوە ، دواتر کۆمەڵەکە پاشەکشە دەکەن و دەڕۆن تێکەڵ بە سوپاکەی محمد دەبنەوە . محمد بە حذیفة دەڵێت دەیانناســیت ؟ حذیفة دەلێت دەمامکدار بوون بەڵام هەر هەموویان دەناسم.

وە فەرموودەکە  دەڵێت : دوای ئەم ڕوداوە رۆژێك یەکێك لە عمار دەپرســێت : چەند کەس بوون ئەوانەی ویستیان پێغەمبەر بکوژن؟ عمار دەڵێت ١٤ کەس ، وە ئەگەر تۆیان تێدا بووایت دەبوون بە ١٥ کەس

الهیثمی دەلێت رواه الطبراني في الكبير و رجاله ثقات

لەم فەرموودەیە حذیفة دەلێت هەر هەموویان دەناســم وە دواتر  پیاوێك لە عمار دەپرســێت کە گروپەکە چەند کەس بوون . بەڵام الهیثمی پێمان نالێت ئەم پیاوە کێیە کە پرسیاری لە عمار کردووە.

وە الهیثمی ( لە هەمـان پەرتوك و بـاب)  ئـامـاژە بە فەرموودەیەکی تری الطبراني دەکات کە الزبير بن البكار ئاماژە بە ١٢ ناو دەکات لەم کەسـانەی هەوڵی کوشـتنی

محمدیان داوە،  بەڵام الهیثمی بێدەنگی کردووە سەبارەت بە اسنادی فەرموودەکە
: ناوەکان بریتین لە :

١- معتب بن قشير بن مليل

٢- وديعة بن ثابت بن عمرو بن عوف

٣- جد بن عبد الله بن نبتل بن الحارث

٤- الحارث بن يزيد الطائي

٥- أوس بن قبطي

٦- الجلاس بن سويد بن الصامت

٧- سعد بن زرارة

٨و ٩- سويد و راعش

١٠- قيس بن عمرو بن فهد

١١- زيد بن اللصيب

١٢- سلالة بن الحمام

کێشەکانی ئەم فەرموودەیە:

یەکەم : ئەم فەرموودەیە بێبنەمایە چونکە اسنادی نییە. لەبەر ئەوە الهیثمی بێدەنگی کردووە لە پۆلین کردنی فەرموودەکە.

دووەم : ئەم کۆمەڵەی ویستیان محمد بکوژن ژمارەیان ١٤-١٥ کەس بوون ، بەلام ئەم فەرموودەیە ئاماژە بە ١٢ کەس دەکات. واتە ئاماژە بە ناوی ٣ کەس نەکراوە.

سێهەم : لە پەرتوکەکانی سیرەی یاوەرەکان گەڕام بە دوای هەندێك لەم ناوانە ، بەڵام هیچم نەدۆزیەوە ، واتە ناوی وەهمین و دروست کراون

چوارەم : الذهبی لە سیر اعلام النبلاء دەڵێت:

الزبير بن بكار لە ساڵی ١٧٢ کۆچی لە دایك بووە ( ج٣ لاپەرە ٣١٢)

حذيفة بن يمان لە دوای کوژرانی عثمان لە مدائن دەمرێت(  واتە ٣٥ کۆچی مردووە)     ( ج٢ لاپەرە ٣٦٩)

عمار بن ياسر  ساڵی ٣٥ کۆچی لە ڕەقەی سوریا دەکوژرێت

واتە  الزبير بن بكار ١٣٧ ساڵ لە دوای مردنی حذيفة و عمار لە دایك بووە .

هەواڵنامەی کتێب

کەواتە ئەم فەرموودەیە بۆ بەلارێدا بردنی راسـتیەکان و شـاردنەوەی ناوی کەسـە حەقیقەیەکان.
پێنجەم : گریمان ئەم ١٢ ناوە راستن ئەی ٣ کەسەکەی تر کێن؟ بۆچی ئاماژەی بە ناوەکانیان نەکردووە؟
لە صـحیح مسـلم کتاب صـفات المنافقین و احکامهم بە ژمارە ٤٩٨٥ هاتووە ، دواتر پیاوێك پرسـیار لە حذیفة دەکات کە چەند کەس بوون وە ئایا ئەو کەسـێکە لە مونافیقەکان .بەڵام مسـلم لە فەرموودەکە ئاماژە بە ناوی ئەم پیاوە ناکات کە پرسیار لە حذیفة دەکات
ابن کثیر لە البدایة و النهایة ج٧ لاپەرە ١٨٧ دەڵێت ئەم پیاوەی پرسیاری لە حذیفة کرد عومەر بوو:
عومەری کوڕی خەتاب لە حذیفەی پرسی: سـوێندت بە الله دەدەم کە ئایا من یەکێکم لەم کەسانە ؟ گوتی نەخێر
وە ابن کثیر لە السیرة النبویة ج٤ لاپەرە ٣٦ دەڵێت
**قُلْنَا يَا رَسُـولَ اللهِ أَولا تَبْعَثُ إِلَى عَشَـائِرِهِمْ حَتَّى يَبْعَثَ إِلَيْكَ كُلُّ قَوْمٍ بِرَأْسِ صَاحِبِهِمْ؟ قَالَ لَا أَكْرَهُ أَنْ تَتَحَدَّثُ الْعَرَبِ بَيْنَهَا أَن مُحَمَّدًا قَاتل بقَوْمه**
حذیفة و عمار دەڵێن گوتمان ئەی پێغەمبەری الله چۆنە داوا لە کەس و کاریان بکەین کە سـەریان ببڕن و کەلە سـەرەکانیان بۆمان بنێرن؟ پێغەمبەر گوتی حەز ناکەم عەرەب بڵێن محمد قەومی خۆی کوشت.
تێبینی : گروپێکی پێکهاتوو لە ١٤-١٥ کەسی لە یاوەرەکان هەوڵی کوشتنی محمدیان داوە بەڵام محمـد دەڵێـت نـایـانکوژم چونکە عەرەبن بەڵام محمـد بە بێ هیچ هۆکارێك جینۆسـایدی بنی قریظەی کرد وە لە چەند کاتژمێرێك سـەری ٦٠٠-٩٠٠ پیاو و مێردمنداڵی بڕی وە ژن و منداڵەکانیانی کرد بە کۆیلە.
ئەوە بەلگەیە ڕونە کە محمد کەسێکی نەتەوە پەرست و فاشیست بووە.
وە لە صـحیح مسـلم کتاب صـفات المنافقین و احکامهم ژمارە ٤٩٨٣ وە ٢٧٧٩ هاتووە:
حذیفة دەڵێت پێغەمبەر صلعم فەرمووی:

في أصحابي اثنا عشر منافقا فيهم ثمانية لا يدخلون الجنة حتى يلج الجمل في سم الخياط ثمانية

له یاوەرەکانم ١٢ مونافیق هەن ، کە ٨ دانەیان ناچنە بەهەشتەوە تاوەکو وشتر بە کونە دەرزیدا تێپەڕ نەبێت

هەمان سەرچاوەی پیشوو ژمارە ٢٧٨٠ دەڵێت

في أمتي اثنا عشر منافقا لا يدخلون الجنة ولا يجدون ريحها حتى يلج الجمل في سم الخياط ثمانية منهم تكفيكهم الدبيلة سراج من النار يظهر في أكتافهم حتى ينجم من صدورهم

لە میلەتەکم ١٢ مونافیق هەن کە ناچنە بەهەشتەوە وە تەنانەت بۆنی بەهەشت ناکەن تاوەکو وشتر بە کونە دەرزیدا تێپەڕ نەبێت ، ٨ دانەیان ئازار دەدرێن بە شێوەیەك کە کڵپەی ئاگر لە شانیەوە تێپەڕ دەبێت و لە سینگیانەوە دێتە دەرەوە.

ابن قیم لە زاد المعاد في هدی خیر العباد فصل رجوع النبی صلعم من تبوك لاپەرە ٤٧٧ دەڵێت :

پێغەمبەر لە حذیفەی پرسی هیچ کامێك لەم کەسانەت دەناسی ؟ حذیفة گوتی وڵاغی فلانە کەس و فڵانە کەسم ناسیەوە.

وە لە لاپەرە ٤٧٩ دەڵێت:

ابن اسحاق دەربارەی ئەم ڕوداوە دەڵێت ، پێغەمبەراللە بە حذیفەی گوت : اللە ناوی خۆیان و ناوی باوکیانی پێ گوتم ، ان شاء اللە بەیانیەکەی ناوەکانیانت پێ دەڵێم ، کاتێك بەیانی داهات پێغەمبەر گوتی ئەم کەسانەم بۆ بانگ بکەن :

١-عبداللە بن ابي سلول

٢-سعد بن ابي سرح

٣-ابا خاطر الاعرابی

٤-عامر

٥-ابا عامر

٦-الجلاس بن سوید بن الصامت کە گوتی واز ناهێنین تاوەکو ئەمشەو محمد لەسەر عقبة فڕێ نەدەینە خوارەوە وە ئەگەر محمد و یاوەرەکانی لە ئێمە باشتر بن دە کەواتە ئێمە مەڕومالاتین و ئەوان شوانن وە ئێمە بێئەقلین و ئەوان ئاقلن.

هەواڵنامەی کتێب

٧-مجمع بن حارثة
٨-مليحا التميمى (كە کەل و پەلی کعبەی دزی و لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە)
٩-حصن بن نمير (كە خورمای سەدەقەی دزی)
١٠-طعيمة بن ابريق
١١-عبدالله بن عيينة
١٢-مرة بن ربيع

ابن قيم ئەم ناوانە بە درۆ دەخاتەوە و دەڵێت بەلام ابن اســحاق خۆی دەڵێت عبدالله بن ابي سلول لە تبوك بەشدار نەبوو.

وە هەروەها دەڵێت سعد بن سرح هەرگیز نەبوو بە ئیسلام بەڵكو كورەكەی عبدالله بن سرح بوو بە ئیسلام و دواتر هەڵگەرایەوە ئینجا لە فتحى مەككە كاتێك پێغەمبەر ویستی بیكوژێت ، عثمان شەفاعەتی بۆی كرد و نەكوژرا

وە دەڵێت ابن اسحاق لە سیرەكەی دەربارەی ابو اسحاق دەڵێت: كاتێك پێغەمبەر كۆچی كرد بۆ مدينة ، ابو عامر مدینەی جێهێشـــت و چوو بۆ مەككە ، وە كاتێك فتحى مەككەی كرد، مەككەی جێهێشـت و چوو بۆ تائيف وە كاتێك فتحى تائيفى كرد ، تائيفى جێهێشت و چوو بۆ شام.

واتە ابن قيم دەڵێت ئەم لیستە درۆیە و ابن اسحاق كەسێكی درۆزنە.

وە مقاتل بن ســـليمان كە خوێندكارێكی ابن عباس ( ئامۆزای محمد) بووە وە لە سـالی ١٥٠ كۆچیدا مردووە ، لە تفسیری ئایەتی ٧٤ سـورەتی التوبة ئاماژە بە ناوی ئەم ١٥ كەسە دەكات كە هەوڵی تیرۆر كردنی محمدیان داوە و دەڵێت:

منهم عبد الله بن أبي سـەرۆكی مونافیقەكان، عبد الله بن سـعد بن أبى سرح، طعمة بن أبيرق، الجلاس بن سـويد، مجمع بن حارثة، أبو عامر بن النعمان، أبو الخواص، مرارة بن ربيعة، عامر بن الطفيل، عبد الله بن عتيبة، مليح التميمى، حصـــن بن نمير، پیاوێكی تر ، ئەوانە ١٢ پیاو ، وە أبو لبابة و هلال بن أمية و كعب بن مالك ( شاعير) تۆبەیان كرد . وە ١٥ پیاو بوون

هەروەك ابن قيم گوتی ابو عامر لە شـــام بوو وە عبدالله بن ابي لە تبوك بەشـــدار نەبوو.

وە مقاتل لە لیستی ١٢ ناوی یەكەم دەڵێت ( رجل اخر) ئاماژە بە ناوەكەی ناكات.

واته ١٢ کەس ناوەکانیان دیارە بەڵام ٣ ناوەکەی تر دیار نین.
وە عبدالله بن ابي سرح کە برای شیرە خۆرەیی عثمان بوو ، کاتێك عثمان دەبێت بە خلیفە ، دەیکات بە حاکمی میسر . واتە ئەو کەسەی دەستی هەبوو لە تیرۆرکردنی محمد دەکرێت بە حاکمی میسر.
کاتێك مقاتل دەڵێت پیاوێکی تر واتە پیاوەکە زۆر لە محمد نزیك بووە . واتە ئەگەری زۆر هەیە عومەر بووبێت.
پرسیار : بۆچی عومەر پرسیاری لە حذیفة کردووە کە ئایا محمد ناوی هێناوە لە لیستی ئەم ١٥ کەسە؟
ابن حزم لە المحلى بالاثار کتاب الحدود ، مسالة المرتد تعريفه و حكمه ، مسالة التعريف بالمنافقين والمرتدين ج١٢ لاپەرە ١٦٠ دەڵێت:
لە فەرمودەیەکەدا هاتووە کە الوليد بن جميع دەڵێت حذیفة پێی گوتم کە ابوبکر و عومەر و عثمان و طلحة و سعد بن ابی وقاص لەم گروپە بوون کە ویستیان پێغەمبەر بکوژن.
ابن حزم دەڵێت
بەڵام ئەم فەرموودەیەی حذیفة بێبنەمایە چونکە لە رێگای ( الوليد بن جميع)ەوە گێردراوەتەوە ، وە الولید مردووە وە نازانین کێ فەرموودەکەی داناوە ،الولید هەواڵێك دەگێرێتەوە کە ابوبکر و عمر و عثمان و طلحة و سعد بن ابي وقاص رەزای اللهیان لێبێت ویستویانە پێغەمبەر صلعم بکوژن وە لە عقبة فرێی بدەنە خوارەوە.
وە ابن حزم دەڵێت : ئەم هەوڵە درۆیە
بەڵام ئەوەی سەیرە مسلم و بوخاری و البيهقى و احمد و النسائى و ابن سعد و الطبرى فەرموودەیان لە الولید بن جميع ( القرشي الزهري الكوفي) وەرگرتووە.
کەواتە پیاوێکە جێگای متمانەیە.
المزي لە تهذيب الكمال دەربارەی الوليد بن عبدالله بن جميع بە ژمارە ٦٧١٤ دەڵێت:
عبدالله بن احمد بن حنبل لە باوکیەوە ( امام احمد ) گوێ لێ بووە کە ولید جێگای متمانەیە وە ابو داود دەڵێت کێشەیەك نابینم لە الولید . اسحاق بن منصور و

العجلی دەڵێن جێگای متمانەیە .ابو زراعة دەڵێت کیشـەیەکی تیادا نابینم . ابو حاتم دەڵێت ( صالح الحدیث) واتە فەرمودەکانی تەندروستن. ابن حبان لە پەرتوکی پیاوە خاوەن متمانەکان ئاماژەی پێ کردووە. البخاری لە پەرتوکی الادب المفرد ئاماژەی پێکردووە و فەرموودەی لێی وەرگرتووە. وە دەڵێت هەموو ئەم کەســانەی پەرتوکی سونە و فەرموودەیان هەیە ، فەرموودەیان لێی وەرگرتووە تەنها ابن ماجة نەبێت.

کەواتە الولید بن جمیع پیاوێکە جێگای متمانەیە و فەرموودەکەی راستە.

ابن ابي شیبة لە المصنف ج١٤ لاپەرە ١٠١ کتاب الفتن ژمارە ٣٨٣٨٦ دەڵێت:

پیاوێك لە مونافیقەکان لە سـەردەمی دەسـەڵاتی عومەر مرد ، حذیفة نوێژی لەسـەر جەنازەی پیاوەکە نەکرد .عومەر لە حذیفەی پرسی ئەو پیاوە لە خەڵکەکەیە ( واتە ئەوانەی ویستیان محمد تیرۆر بکەن )؟ حذیفة گوتی بەڵێ .عومەر گوتی تۆ خاتری الله پێم بڵێ منیش لەوانم ؟ حذیفة گوتی نەخێر

ئەو کاتەی عومەر ئەم پرسـیارەی کە حذیفە کردووە ، عومەر دەســەلاتدار بووە لەبەر ئەوە حذیفە رەنگ بێت راستی نەگوتبێت.

واتە : حذیفة نوێژی لەسەر مونافیقەکان نەکردووە.

پرسـیار : کاتێك عومەر مرد ئایا حذیفة نوێژی لەسـەر کرد ؟ نەخێر لەگەل ئەوەش کە حذیفة ئەوکات لە مدینة بوو.

صحیح البخاری کتاب فضائل الصحابة باب قصة البیعة و الاتفاق علی عثمان بن عفان و فیە مقتل عمر بن الخطاب رضی الله عنهما ژمارە ٣٤٩٧ دەلێت:

عمرو بن میمون دەڵێت عومەرم بینی لەگەڵ حذیفة بن الیمان و عثمان بن حنیف وەستابوو چەند رۆژێك بەر لە کوژرانی.

واتە کاتێك عومەر کوژرا ، حذیفة بن الیمان لە مدینة بووە ، بەڵام ســەرچاوە ئیسلامیەکان دەلێن صهیب بن سنان نوێژی لەسەر جەنازەی عومەر کرد

الذهبی سیر اعلام النبلاء ج٢ لاپەرە ١٨ :

کاتێك عومەر مرد ، صـهیب بن سـنان نوێژی لەســەر جەنازەکەی کرد. صـهب کەسێك بوو کە تازە ببو بە ئیسلام

بەڵام لەگەل ئەوەش حذیفة کە ژیرترینی موســلمانان بوو و حافزی قورئان بوو نوێژی لەسەر عومەر نەکردووە.

واته عومەر یەکێـك بووە لەم ١٥ کەســه مونـافیقەی کە هەوڵی تیرۆر کردنی محمدیان دابوو.

ابو بکر و عومەر وعثمان و طلحة و الزبیر بن عوام و ســعد بن ابی وقاص خاڵی هاوبەشیان بریتی بووە لە بەدەستەوە گرتنی دەسەلات لە دوای مردنی محمد ، وە لە پێناو ئەم مەبەست و مەرامە دژایەتی عەلی بن ابی تالیبیان کردووە.

علی کوڕی ابی طالب لە ڕوداوی ئیفك ( نێوان عائیشــه و صــفوان ) بە محمد صـلعم دەڵێت : عائیشــه تەڵاق بدە ، چ زۆرە ژن زۆرن . وە دەڵێت ئەگەر بڕوا بە من ناکەیت ئەوا بانگی خزمەتکارەکەی عائیشە بکە هەموو شتێك دەزانێت.

صــحیح البخاری کتاب کتاب المغازی باب الافك ژمارە ٣٩١٠ محمد لە ڕوداوی ئیفك راوێژ بە چەند کەسـانێك دەکات ،یەکێك لەم کەسـانە علی کوڕی ابی طالب دەبێت . علی بە محمد دەڵێت:

**فَقَالَ يَا رَسُــولَ اللَّهِ لَمْ يُضَـيِّقِ اللَّهُ عَلَيْكَ، وَالنِّسَــاءُ سِــوَاهَا كَثِيرٌ، وَسَـلِ الْجَارِيَةَ تَصْدُقْكَ**

ئەی پێغەمبەری الله ، الله ژن هێنانی بۆ تۆ ســەخت نەکردووە وە ژنانی تر جگە لە عائیشــه بۆ تۆ زۆرن وە برۆ پرســیار لە خزمەتکارەکەی عائیشــه (بریرة) بکە و ڕاستیەکەیت پێ دەڵێت. بەڵام دواتر بریرة دەترسێت ڕای خۆی دەگۆڕێت ، خۆی لە نیوان دوو تاشە بەرددا دەبینێتەوە ، لە نێون محمد و عەلی.

وە کاتێك بورەیرە راســتیەکە بە محمد ناڵێت ، عەلی کوڕی ابی طالب لە بورەیرە دەدات

السـیرة النبویة ابن هشــام ج٢ لاپەرە ١٧٢ ، تاریخ الطبری ج٢ لاپەرە ٢٦٧ وە ابن کثیر لە البدایة و النهایة ج٤ لاپەرە ١٨٥ دەڵێن

کاتێك پێغەمبەر بانگی بورەیرەی کرد و پرسـیاری لێی کرد ، عەلی هەلسـایەوە و زۆر خراپ لە بورەیرەی دا و گوتی درۆ مەکە و ڕاستیەکە بە پێغەمبەر بڵێ.

وە ابن عبدالبر لە الاستعاب في معرفة الاصحاب ج٤ لاپەرە ١٧٩٥ دەڵێت :

بریرة ژنە کۆیلەیەك بوو کە عائیشە لە بنی هلال کڕی

وە لە هەمان فەرموودەی بوخاریدا هاتووە کە محمد بە عائیشە دەڵێت:

**فَإِنْ كُنْتِ بَرِيئَةً، فَسَــيُبَرِّئُكِ اللَّهُ، وَإِنْ كُنْتِ أَلْمَمْتِ بِذَنْبٍ، فَاسْــتَغْفِرِي اللَّهَ وَتُوبِي إِلَيْهِ، فَإِنَّ الْعَبْدَ إِذَا اعْتَرَفَ ثُمَّ تَابَ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ**

ئەگەر بێگوناه بیت ، ئەوا الله بێتاوانت دەكات ، وە ئەگەر گوناهێكت كردبێت ، داوای لێبوردەیی لە الله بكە و تۆبە بكە ، چونكە ئەگەر بەندەیێك ئیعترافی كرد بە گوناهەكەی و تۆبەی كرد ئەوا الله تۆبەكەی قبوڵ دەكات.

علی كوڕی ابی طالب بە محمد دەڵێت كە عائیشـــة ( كچەكەی ابوبكر) زینای كردووە و تاوانبارە.

واتە محمد شك و گومان لە عائیشە دەكات.

وە طلحة بن عبیدالله كە ئامۆزای عائیشـــە بوو دەیگوت ئەگەر محمد مرد ئەوا عائیشە نكاح دەكەم

ابن بشـــكوال لە كتاب غوامض الاســـماء المبهمة ج٢لاپەرە ٧١٢ ئاماژە بە فەرموودەیەكی ابن عباس دەكات كە گوتەیەتی :

**فَلَمَّا ضُرِبَ عَلَيْهِنَّ الْحِجَابُ قَالَ رَجُلٌ مِنْ قُرَيْشٍ وَهُوَ طَلْحَةُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ أَنُنْهَى أَنْ نَدْخُلَ عَلَى بَنَاتِ عَمِّنَا وَنُكَلِّمَهُنَّ إِلا مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ أَمَا وَاللَّهِ لَوْ قَدْ مَاتَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لأَتَزَوَّجَنَّ عَائِشَةَ فَنَزَلَتْ هَذِهِ الآيَةُ**

كاتێك حیجاب بەسەر ژنەكانی پێغەمبەر سەپێندرا ، پیاوێك لە پیاوەكانی قورەیش كە طلحة كوڕی عبدالله بوو گوتی محمد ڕێگامان لێدەگیرێت كە قسە لەگەڵ كچی مامەكانمان بكەین تەنها لە پشـــت پەردەوە ( حجابەوە) نەبێت ، ســـوێند بە الله ئەگەر محمد صلعم مرد ئەوا هاوسەرگیری لەگەڵ عائیشـة دەكەم، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

وە هەر لەبەر ئەم قسەیەی طلحة محمد لە بەشێك لە ئایەتی ٥٣ سورەتی الاحزاب ، شوكردنەوەی ژنەكانی ، لە دوای مردنی ، حرام دەكات:

وَلَآ أَن تَنكِحُوٓاْ أَزۡوَٰجَهُۥ مِنۢ بَعۡدِهِۦٓ أَبَدًا

وە هەرگیز نابێت لە دوای مردنی پێغەمبەر ژنەكانی نیكاح بكەن

الیسوطی لە الدر المنثور في التفسیر بالماثور لە تفسیری ئەم ئایەتدا دەڵێت:

بلغنا أن طلحة بن عبيد الله قال: أيحجبنا محمد عن بنات عمنا، ويتزوج نســاءنا من بعدنا، لئن حدث به حدث لنتزوجن نساءه من بعده. فنزلت هذه الاية

طلحة بن عبيدالله دەیگوت : محمد ڕێگامان لێ دەگرێت  کە قسە لەگەڵ کچی مامیمان بکەین تەنها لە پشت پەردەوە نەبێت، وە کاتێك ئێمە دەمرین هاوسەرگیری لەگەڵ ژنەکانمان دەکات ، ئەگەر محمد مرد ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێت ژنەکانی مارە بکەمەوە، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی

طلحة بن عبيدالله یەکێك بوو لەم ١٠ کەسەی بەڵێنی بەهەشتیان پێدرابوو وە لە شەڕی جمل بە دەستی پیاوەکانی علی بن ابي طالب دەکوژرێت.

وە کاتێك عائیشە دەبێت بە هەرزەکار ( کە مرۆڤ لەم تەمەنەدا حەز و ئارەزوی خۆشەویستی و سێکسی دەگاتە لوتکە) محمد تەمەنی دەبێت نزیك بە ٦٠ ساڵ .

وە بە حوکمی ئەوەی محمد لایەنی کەم ١١ ژنی دەبێت جگە لە چەند کەنیزەیەك ، ئەوا محمد لە ١٠ شەودا شەوێك لای عائیشە دەمینێتەوە .

وە عائیشە لە فەرمودەیەکدا دەڵێت محمد توانای ئەنجامدانی کاری سێکسی نەبووە

صحيح البخاری کتاب الصوم باب مباشرة الصائم ژمارە ١٨٢٦ عائیشە دەڵێت

كان النبي صلى الله عليه وسلم يقبل ويباشر وهو صائم وكان أملككم لإربه

ابن منظور لە لسان العرب : پیتی ( الالف) : وشەی ( ارب) ج١ لاپەرە ٨١ دەڵێت

وله تأويلان : أحدهما أنه الحاجة ، والثاني أرادت به العضو ، وعنت به من الأعضاء الذكر خاصة

وشەی (ارب) دوو مانای هەیە : یەکێکیان واتە پێداویستی وە دووەم ( کە لەم فەرمودەیەدا هاتووە) بە مانای ئەندام دێت ، وە مەبەستی لە چوکی پیاوە ( کێری پیاو)

واتە : عائیشە دەڵێت پێغەمبەری الله بەرۆژوو بوو وە ماچی دەکردم و لێی دەخشاندم بەڵام چوکی ڕەق نەدەبوو.

واتە محمد توانای ئەنجامدانی کاری سێکسی نەبووە.

وە عثمان بن عفان لە بنی امية بوو. بنی امية دووژمنی سەرسەختی علی بن ابی طالب بوون

وە کاتێك عثمان دەکوژرێت ، بنی امية و عائیشة و الزبير و طلحة ، عەلی تاوانبار دەکەن بە کوشتنی عثمان ، هەر لەبەر ئەوە شەڕی جمل ڕودەدات.

هەواڵنامەی کتێب

ابن كثير له البداية و النهاية ج٤ لاپەره ٢٢١-٢٣٦ باسی هۆكاری هەڵگیرسـانی شـەری جمل و رەوتی رووداوەكانی ئەم شـەرە دەكات كە تيايدا هەزارەها موسـلمان دەكوژرێن

بە گوێرەی ابن كثير كاتێك عثمان بن عفان لە مدينة دەكوژرێت عائيشـە بۆ حج لە مەككە دەبێت، طلحة و الزوبير لە مەدينەوە دەچن بۆ مەككە بۆ قسـە كردن لەگەل عائيشـە بۆ ئەوەی سـوپايەك ئامادە بكەن و بەرەو عيراق بكەونە رێ بۆ ئەوەی داوا لە علی بكەن كە تۆڵەی خوێنی عثمان بكاتەوە. وە عائيشـە لە حج وتار پيشـكەش بە خەڵك دەكات و داوای تۆڵەی خوێنی عثمان دەكات ، سـوپا كۆدەكەنەوە و بەرەو عيراق بەرێ دەكەون وە شـەرێكی گەورە لە نێوان سـوپاكەی عائيشـە و طلحة و الزبير لە لايەك وە سـوپاكەی علی كورِی ابی طالب رِودەدات.

لەم شەرەدا طلحة و الزبير دەكوژرێن

الذهبی لە سير اعلام النبلاء ج١ لاپەره ٣٨ دەڵێت ابی حبيبة كە مەولای طلحة بوو گوتويەتی :

دخلت على علي مع عمران بن طلحة بعد وقعة الجمل، فرحب به وأدناه، ثم قال: إني لأرجو أن يجعلني الله وأباك ممن قال فيهم :ونزعنا ما في صـدورهم من غل إخوانا على سرر متقابلين ( ئايەتی ٤٧ سورەتی الحجر)

لە دوای شـەرِی جمل لەگەل عمران كورِی طلحة چووم بۆ لای علی كورِی ابی تالب ، علی بەخێر هاتنی كورەكەی طلحەی كرد ئينجا گوتی : خۆزگە دەكەم كە الله من و باوكت وەك ئەوكەسانە لێبكات كە لە ئايەتی ٤٧ سورەتی الحجر ئاماژەی پێيان كردووە:

رق و قينمان لە دڵيان لابرد ، كردمانن بە برا وە لە سـەر قەرەوێلە لەبەرامبەر يەك دانيشتوون.

وە السيوطی لە الدر المنثور في التفسير بالماثور لە تفسيری ئەم ئايەتەدا دەڵێت

وأخرج ابن أبي حاتم وابن عسـاكر عن كثير النواء قال: قلت لأبي جعفر إن فلاناً حدثني عن علي بن الحسين، إن هذه الآية نزلت في أبي بكر وعمر وعلي { ونزعنا ما في صـدورهم من غل } قال: والله إنها لفيهم أنزلت. وفيمن تنزل إلا فيهم؟ قلت: وأي غل هو؟ قال: غل الجاهلية. إن بني تميم وبني عدي وبني هاشـم، كان بينهم

في الجاهلية. فلما أسـلم هؤلاء القوم تحابّوا وأخذت أبا بكر الخاصرة، فجعل علي يسخن يده فيكوي بها خاصرة أبي بكر. فنزلت هذه الآية

ابن ابي حاتم و ابن عساكر له كثير النواء فەرموودەيەكيان اخراج كردووه كه دەلێت به ابو جعفرم گوت كه فلانه كەس باسی علی بن الحسـێنی بۆ كردم كه گوتویەتی ( ئايەتی ٤٧ سورەتی الحجر) لەسەر ابی بكر و عومەر و علی دابەزیووه.گوتی سوێند به الله راسـته لەسـەر وان دابەزیووه، وه ئەگەر ئەوان نەبن ئەی لەسـەر كێ دابەزیووه؟ گوتم ئەوه چ رق و قینێكه؟ گوتی رق و قینی جـاهیلی. له نێوان بنی تميم و بنی عدی و بنی هاشم رق و قین له نێوانیان بوو لەسەردەمی جاهيلی .

وه علی بن ابی طالب دەلێت ئەم ئايەته سەبارەت به ٣ تیرەی عەرەب دابەزی : بنی هاشم و بنی عدی و بنی تميم وه ابو بكر و عومەر

علی بن ابی طالب له بنی هاشـم بووه ، ابوبكرو طلحة له بنی تميم بوون وه عومەر له بنی عدی بووه وه عثمان و معاوية له بنی امية بوون.

پوخته :

ململانێ له نێوان بنی تميم و بنی هاشـم و بنی عدی و بنی امية بەردەوام بووه له پێناو دەسەڵات.

وه كاتێك محمد بۆ تبوك دەڕوات علی بن ابی طالب له شـوێنی خۆی وەك بەرپرس و حاكمی مدينة جێدەهێڵێت ئەوه دەبێته هۆی نیگەرانی و شلەژانی عومەر و ابو بكر و طلحة و الزبير

محمد وڕێنه دەكات:

محمد صـلعم له سـەره مەرگدا داوای پێنوس و ئێسـقی شـان دەكات بۆ ئەوەی وەیسـەت بنوسـێت ، عومەر دەلێت پێغەمبەری الله وڕێنه دەكات ، پێنوس و ئێسقی شانی بۆ نەهێنن.

صحيح البخاری كتاب كتاب العلم باب كتابة العلم ژماره ١١٤ :

ابن عباس دەلێت كاتێك ئازار تینی بۆ پێغەمبەری الله هێنا ، گوتی : پێنوس و شـتێكم بۆ بێنن له سـەریدا وەسـيەتتان بۆ بنوسـم بۆ ئەوەی له دوای من بەلارێدا نەڕۆن ، عومەر گوتی : ئـازار زۆری هێنـاوه بۆ پێغەمبەری الله وه پەرتوكی الله

(قورئان) مان هەیە ، وە ناکۆکی و پرتە بۆڵە دروســـت بوو ، پێغەمبەر گوتی بڕۆنە دەرەوە نابێت لای من ناکۆکی بکەن.

عومەر بە محمدی گوتوە پێویست بە وەسیەت ناکات وە قورئانمان هەیە

ابن تیمیة لە منهاج السنة النبویة ج٦ لاپەرە ١٩ فصل موقف عمر رضی الله عنه عند مرض رسول الله صلعم و وفاته دەلێت:

فقال عمر ان رسول الله یهجر ،حسبنا کتاب الله

واتە عومەر گوتی : پێغەمبەری الله وڕێنە دەکات وە پەرتوکی الله مان بەسە

صحیح مسلم کتاب الوصیة باب ترك الوصیة لمن لیس له شیء یوصی فیه ژمارە ٣٠٨٩ وە ١٦٣٧ : ابن عباس گوتی

ڕۆژی پینج شـەممە ، جا ئێوە چوزانن ڕۆژی پینج شـەممە چییە. دەلێت کاتێك ابن عباس وایگوت دەستی بە گریان کرد تاوەکو فرمیسکەکانی بەردیان تەڕ کرد .سعید بن جبیر دەلێت گوتم ئەی ابن عباس ڕۆژی پینج شـــەممە چییە؟ گوتی ئازار زۆری بۆ پێغەمبەری الله هێنا ، گوتی شتێکم بۆ بێنن وەسـیەتتان بۆ بنوسم بۆ ئەوەی لە دوای من توشی بەلارێدا چوون نەبن و ناکۆکی دروســـت نەبێت ، بەڵام لەگەل ئەوەش نابێت لای پێغەمبەر ناکۆکی بێتە ئاراوە ، یاوەرەکان ناکۆکیان دروست کرد

واتە عومەر گوتویەتی محمد وڕێنە دەکات وە هەروەها ســـەرپیچی بڕیارەکەی پێغەمبەری اللەی کردووە

کەواتە بە گوێرەی ئایەتی ١٤ سـورەتی النساء عومەری کوڕی خەتاب بۆ هەمیشـە لە دۆزەخدا دەبێت

**وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُّهِينٌ**

وە هەر کەسێك سەرپێچی الله و پێغەمبەرەکەی بکات وە سنورەکانیان ببەزێنێت ، دەخرێتە دۆزەخەوە ، بۆ هەمیشـــە تیایدا دەمینێتەوە وە ئەشـــکەنجەیەکی قورس دەدرێت.

سەرچاوە ئیسلامیە سونیەکان پێمان دەڵێن کە عومەر کەسێکی مونافیق بووە.

ابن اثیر لە الکامل في التاریخ ج٢ لاپەرە ١٨٠ دەڵێت

لە مانگی محرمی سـاڵی ١١ کۆچی ، پێغەمبەر سـوپایەکی بە سـەرکردایەتی اسامة بن زید نارد بۆ شام

فتكلم المنافقون فى امارته و قالوا امر غلاما على جلة المهاجرين و الانصار
واته مونافیقەکان نارەزایەتیان دەربری دەبارەی سەرکردایەتی اسامة وە گوتیان هەرزەکارێکی کردووە بە بەرپرسی کۆچکردووەکان و ئەنسارەکان.

مسند احمد لە مسند المكثرين من الصحابة منسد عبدالله بن عمر بن الخطاب رضى الله تعالى عنهما بە ژمارە ٥٨١٤ دەڵێت

کاتێك پێغەمبەر اسامەی کرد بە سەرکردەی لەشکرەکە خەلکانێك تانایان لە اسامة دا و عەیب داریان کرد ، پێغەمبەری الله هەلسا و گوتی : ئێوە اسامة عەیبدار دەکەن و تانە لە سەرکردایەتییەکەی دەدەن وە پیشووتر هەمان کارتان کرد بەرامبەر بە باوکی

ئەم خەڵکە مونافیقە کێن بوون؟

ابن الجوزی لە المنتظم في تاريخ الملوك و الامم ج٤ لاپەرە ١٦ دەڵێت:

کاتێك بەیانی رۆژی پینج شەممە بوو ، پێغەمبەر ئاڵای بە اسامة دا و گوتی بە ناوی الله غەزو بکە وە هەر کەسێك کە ئیمانی بە الله نییە شەڕی لەگەڵدا بکە ، وە هەرچی ئەنسار و کۆچکردوو بوو لە سوپاکەیدا بوون بە ابوبکر و عمر و سعد بن ابی وقاص و سعد بن زيد و ابو عبيدة و قتادة بن نعمان هتد ، وە خەڵکانێك قسەیان کرد و گوتیان ئەم هەرزەکارە دەکات بە سەرکردە بەسەر کۆچکردووە سەرەتاییەکان ( المهاجرين الاولين). دەڵێت پێغەمبەر زۆر تورە بوو .

واتە عومەری کوری الخطاب یەکێك بووە لە مونافیقەکان

ئایەتی ١٤٥ سورەتی النساء دەڵێت:

**إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا**

مونافیقەکان لە خوارەوەی دۆزەخ دەبن وە هیچ پشت و پشتیوانیەکیان نابێت

پوختە :

یەکەم : عومەر بڕوای بە پێغەمبەرایەتی محمد نەبووە

دووەم: عومەر هەوڵی تیرۆرکردنی محمدی داوە

سێهەم : عومەر سەرپیچی بریارەکانی محمدی کردووە

چوارەم : عومەر کەسێکی مونافیق بووە وە جێگای خوارەوەی دۆزەخە

# ڕەفتاری عومەر لەگەڵ خانەوادەی محمد

محمد صلعم رۆژی  لە رۆژی دووشـەممە لە مانگی رەبیعی یەکەم سـاڵی ١١ کۆچی دەمرێت .

سەرچاوە ئیسلامیەکان پێمان دەڵێن کە محمد لە کت و پڕێکدا نەخۆش دەکەوێت وە چەند رۆژێکی کەمی پێدەچێت و دەمرێت.

محمد لە باروۆخێکی زۆر تەم و مژاویدا دەمرێت و هۆکاری مردنەکەی زۆر ڕون نی یە بەڵام بە شـێوەیەکی گشـتی بە گوێرەی سـەرچاوەکانی سـونە ، دەکرێت مردنی محمد صلعم  بە یەکێك لە ٣ هۆکار بووبێت:

یەکەم :ژەهر کە ژنێکی یهودی بە محمدی دابوو لە کاتی فتحی خەیبەر

دووەم : ژەهر خوارد کردنی محمد لە لایەن ژنەکانیەوە

سێهەم : تای تایفەس

ژەهر خوارد کردنی محمد لە لایەن ژنێکی یهودی لە خەیبەر:

بە گوێرەی سـەرچاوە ئیسـلامیەکان فتحی خەیبەر لە سـاڵی ٧ کۆچی بووە لە دوای پەیمانی حـدیبیة. کاتێك محمـد فتحی خەیبەر دەکات، ژنێکی یهودی بەرخێکی سـورەوەکراو کە ژەهری تێکردووە ، بۆ محمد دەهێنێت ، وە محمد و یاوەرەکانی دەخۆن ، کاتێك محمد دەبینیت یەکێك لە یاوەرەکانی بە ناوی بشرـ کوڕی براء ، رەنگی سەوز بوو ، وە یەکسەر مرد ، محمد دەڵێت : دەستتان بکیشنەوە و مەخۆن ، بەرخەکە ئاگاداری کردمەوە کە ژەهراویە

ابن حجر لە فتح الباری ج٧ لاپەرە ٣١٨ دەڵێت:

**بعد فتح خيبر أهدت له زينب بنت الحرث امرأة سلام بن مشكم شاة مشوية وكانت سـألت أي عضـو من الشـاة أحب إليه قيل لها الذراع فأكثرت فيها من السـم فلما تناول الذراع لاك منها مضـغة ولم يسـغها وأكل معه بشرـ بن البراء فأسـاغ لقمته فذكر القصة وأنه صفح عنها وأن بشر بن البراء** مات منها

دوای فتحی خەیبەر ، زەینەب کچی الحرث کە ژنی سلام کوڕی مشکم بوو بەرخێکی سـورەوەکراوی پیشـکەش بە پێغەمبەر کرد ، وە زەینەب پیشـووتر پرسیاری کردبوو

که محمد حەزی لە کامە شوێنی بەرخە ، پێیان گوتبوو باسك . وە ژەهری زۆری لە باســكدا كردبوو ، كاتێك پێغەمبەر باســكەكەی خوارد ، وە پارچەیەكی خســتە دەمیەوە وە هیشـتا قوتی نەدابوو، وە بشر بن البراء لەگەڵی دەخوارد وە لوقمەیەكی قوت دابوو ، بشر بن البراء مرد

وە محمد داوای ژنەكە دەكات و بۆی دەهێنن وە لە ژنەكە دەپرسێت بۆ ئەم كارەت كرد لە وەڵامدا ژنەكە ( زەینەب) دەڵێت

أن النبي صـلى الله عليه وسـلم قال لها ما حملك على ما فعلت قالت قتلت أبي وعمي وزوجي وأخي

ژنەكە گوتی : باوكم و مامم و مێردم و براكانت كوشتم

وە ژنەكە ( زەینەب) دەڵێت

**قالت أردت إن كنت نبيا فيطلعك الله وإن كنت كاذبا فأريح الناس منك**

گوتم ئەگەر پێغەمبەر بێت ئەوا الله پێت دەڵێت كە ژەهراویە وە ئەگەر پێغەمبەرێكی درۆزن بێت ئەوا ( دەمرێت) وە خەڵك لە دەستت رزگاری دەبێت

سنن ابی داود كتاب الديات باب فيمن سقى رجلا سما او اطعمه فمات ايقاد منه ( ئەگەر كەسـێك ژەهری بە خواردنەوە یان خۆراك بە پیاوێك دا وە پیاوەكە مرد ئایا تۆڵەی لێ دەكرێتەوە) ژمارە ٤٥١٢ دەڵێت

جابر دەڵێت پێغەمبەری الله فەرمانی كرد و ژنەكە كوژرا

وە محمد لە سـەرە مەرگدا دەڵێت هەسـت دەكەم ئەم ژەهرەی ژنە یهودیەكە لە خەیبەر دەرخواردی دام شاخوێنبەری بڕیوم

صحيح البخاری كتاب المغازی باب مرض النبي صلعم و وفاته ژمارە ٤١٦٦ :

محمد لە سەرە مەرگدا بە عائیشە دەڵێت:

**يا عائشـة ما أزال أجد ألم الطعام الذي أكلت بخيبرفهذا أوان وجدت انقطاع أبهري من ذلك السم**

ئەی عائیشــە تا ئێســتاش هەســت بە ئازاری ئەو خواردنە دەكەم كە لە خەیبەر خواردم ، ئەوكات هەستم كرد كە شاخوێنبەرم بە ژەهرەكە بڕدراوە

خودی ئەم ڕوداوە چەند خاڵێك دەســەلمێنێت وە هەندێك دەقی قورئان بەتاڵ دەكاتەوە

یەکەم : ئایەتی ٦٧ سورەتی المائدة دەڵێت

**وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ**

( ئەی محمد) الله لە خەڵکت دەپارێزێت

الطبری لە جامع البیان فی تفسیر القران لە شرۆڤەی ئەم دەقە دەڵێت:

یمنعك من أن ینالوك بسوء ( الله ڕێگا دەگرێت کە خراپەکاریەکت بەسەر بێت)

الجلالین دەڵێن : ان یقتلوك ( واتە الله دەتپارێزێت لە کوشتن)

الرازی لە تفسیر الکبیر ، مفاتیح الغیب دەڵێت : أن المراد یعصمه من القتل ( مەبەست پاراستنیەتی لە کوشتن)

الزمخشری لە الکشاف دەڵێت المراد ان الله یعصمه من القتل ( مەبەست ئەوەیە کە الله لە کوشتن دەیپارێزێت)

ابن الجوزی لە زاد المیسر دەڵێت :

**أنه عصمه من القتل والأسرِ وتلفِ الجملة**

الله دەیپارێزێت لە کوشتن و بە دیل گرتن و زیان

وە ئایەتی ٤٨ سورەتی الطور دەڵێت :

**وَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا**

وە دان بە خۆتا بگرە ئەی محمد بۆ حوکمی خوداکەت ، تۆ لە ژێر چاودێری ئێمەیت

الطبری دەڵێت:

فإنك بمرأى منا نراك ونرى عملك، ونحن نحوطك ونحفظك، فلا یصل إلیك من أرادك بسوء من المشركین

ئەی محمد تۆ لە بینیایی ئێمەیت ، دەتبینین و کارەکانت دەبینین ، وە ئێمە دەورەمان گرتوویت وە دەتپارێزین ، وە هیچ موشریکێك ناتوانێت پێت بگات ئەگەر بیەوێت زیانت پێبگەیەنێت

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت

والله یعصمك من الناس ( وە الله لە خەڵك دەتپارێزێت)

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت :

**نراك ونحفظك ونحوطك ونحرسك ونرعاك** ( دەتبینین و دەتپارێزین و دەورەمان گرتویت و پاسەوانیت دەکەین و ئاگامان لێتە)

ڕوداوی ژەهر خوارد کردنی محمد لە لایەن ژنێکەوە ( ناقص العقل هەروەك ئیسلام دەڵێت) ئەم دوو دەقەی قورئان بەتاڵ دەکاتەوە و بەدرۆ دەخاتەوە.

دووەم: تای تایفەس:

تای تایفەس نەخۆشیەکی بەکتریایی یە کە لە ڕێگای ئەسپێ بڵاو دەبێتەوە و مرۆڤ توشی دەبێت. نیشانەکانی : تایەکی بەرز ، سەرئێشەیەکی توند و بەردەوام ، لێرهاتن لە لەش ، ورێنە و ئاڵوگۆڕهاتن بە سەر ئاگاهی . زۆربەی نەخۆشانی توش بوو، ئەگەر چارەسەر نەکرێن . دەمرن

واتە لەم ساتەوەی میکرۆبەکە دەچێتە لەشی مرۆڤەوە تاوەکو دەمرێت ٢ هەفتە دەخایەنێت

بۆ ئەوەی ئەگەری مردنی محمد صلعم بە نەخۆشی تایفەس بە نزیکترین ئەگەر دابنێین ئەوا دەبێت ٣ خاڵ بسەلمێنین :

یەکەم : ماوەی نێوان نەخۆش کەوتنی و مردنی

دووەم: ئایا پێغەمبەری الله ئەسپێی هەبووە؟

سێهەم : نیشانەکانی ئەم نەخۆشیەی کە بە هۆیەوە پێغەمبەری الله مرد

یەکەم :

ابن حجر لە فتح الباری ج٨ لاپەرە ٩٩ دەڵێت علی کوڕی ابی طالب گوتویەتی:

اشتكى رسول الله صلى الله عليه وسلم يوم الأربعاء لليلة بقيت من صفر فاشتكى ثلاث عشرة ليلة ومات يوم الاثنين لاثنتي عشرة مضت من ربيع الأول

پێغەمبەر نەخۆش کەوت ڕۆژی چوار شەممە ، شەوێك مابوو لە مانگی صفر ، ١٣ شەو نەخۆش کەوت ، وە لە ڕۆژی دوو شەممە ، ١٢ ڕۆژ تێپەڕ ببوو بە سەر مانگی ربیعی یەکەم مرد.

واتە محمد صلعم کت و پڕ نەخۆش کەوتووە وە ماوەی نێوان نەخۆش کەوتنی بۆ مردنی تەنها ١٤ ڕۆژ بووە ( دوو هەفتە بووە)

دووەم: محمد صلعم و ئەسپێ

صحیح البخاری كتاب التعبير باب الرؤيا بالنهار ژمارە ٦٦٣٦ وە صحيح مسلم كتاب الامارة باب فضل الغزو في البحر ژمارە ٣٥٣٦ انس بن مالك دەڵێت:

**كان رسـول الله صـلى الله عليه وسـلم يدخل على أم حرام بنت ملحان وكانت تحت عبادة بن الصامت فدخل عليها يوما فأطعمته وجعلت تفلي رأسه**

پێغەمبەر الله دەچوو بۆ لای ام حرام کچی ملحان کە ژنی عبادة کوڕی الصـــامت بوو ، ڕۆژێکیان پێغەمبەر چوو بۆ لای وە ام ملحان خواردنی بە پێغەمبەر دا ئینجا سەری پێغەمبەری اللەی بۆ ئەسپێ پشکنی.

وە سنن ابی داود کتاب الخراج و الامارة و الفیء باب في احیاء الموات ژمارە ٣٠٨٠ زەینەب بن جحش ( ژنی پێغەمبەر) دەڵێت:

انها کانت تفلي راس رسول الله صلى الله علیە و سلم و عندە امراة عثمان بن عفان و نساء من المهاجرات

دەڵێت : ســەری پێغەمبەری اللەم دەپشــکنی وە ژنی عثمان کوڕی عفان و ژنانی کۆچکردووم لابوو.

الطبراني لە المعجم الكبير مسند النسـاء مسـند کلثوم الخزاعي عن ام سـلمة ژمارە ٧٣٣ ام سـلمة ( یەکێك بوو لە ژنەکانی پێغەمبەر) دەلێت سـەری پێغەمبەری اللەم دەپشکنی ، زەینەبی ژنی عبداللە کوڕی مسعود هات بۆ لام ، قسەم لەگەڵیدا دەکرد و قســەی لەگەڵمدا دەکرد وە چاوی بەرز دەکردەوە و ســەیرم دەکرد.پێغەمبەری الله گوتی سەیری ئەسپێ بکە ، خۆ تۆ بە چاوەکانت قسە لەگەڵ زەینەبدا ناکەیت.

وە مسند احمد بن حنبل : باقي مسند الانصار : حدیث السیدة عائیشة رضی الله عنها ژمارە ٢٥٦٢٢ : عائیشە دەلێت :

پێغەمبەری الله مرۆڤێك بوو وەك هەر مرۆڤێكی تر جلەکانی خۆی دەپشــکنی بۆ ئەسپێ وە بزنەکەی خۆی دەدۆشی و خزمەتی خۆی دەکرد.

وە توش بوون بە ئەســپێ بەڕادەیەك زۆر و باو بووە لە دورگەی عەرەبی کە هیچ پەرتوکێكی فیقهی ئیسـلامی نی یە قســە نەکات لەســەر ئەســپێ الهیثمی لە مجمع الزوائد و منبع الفوائد کتاب الصلاة باب فیمن وجد قملة و هو في السجد ( ئەوەی ئەسـپێیەکی دۆزیەوە وە لە مزگەوت بوو) ژمارە ٢٠١٦ پێغەمبەری الله صلعم گوتی اذا وجد القملة فی ثوبە فلیصرها ولا یلقیها فی المسجد

واتە ئەگەر کەســێك ئەســپێیەکی دۆزیەوە لە کراســەکەی ئەوا با بیگرێت وە لە مزگەوت فرێی نەدات

کەواتە دەردە ئەسپێ لە دوورگەی عەرەبی باو بووە وە محمد ئەسپێی هەبووە
سێهەم : نیشانەکان
محمد صلعم هەموو نیشانەکانی تای تایفەسی هەبووە.
تای بەرز :
المســـتدرك على الصــحيحين كتاب الايمان ج١ لاپەرە ٩٩ ژمارە ١١٩ وە ســنن الكبرى للبيهقى كتاب الجنائز ج٣ لاپەرە ٥٢١ ژمارە ٦٥٣٣ وە مســند ابو يعلى الموصــلى ج٢ لاپەرە ٣١٣ ژمارە ١٠٤٥ وە ابن ســعد الطبقات الكبرى ج٢ لاپەرە ٢٠٦ ژمارە ١٤٩٢ ابو ســعيد الخدرى دەلێت کاتێك پێغەمبەر نەخۆش بوو سەردانم کرد وە شتێکی پیادا دابرابوو ، دەستم خستە سەری ، هەستم بە گەرمی تایەکەی کرد لەسەر پۆشاکەکە ، گوتم ئەی پێغەمبەری الله تایەکەت چەند گەرم و سەختە .
محمد صلعم لە وەڵامدا دەلێت پیاوانی ساڵح توشی دەردە ئەسپێ دەبن و ئەسپێ دەیانکوژێت
فقال ابو سعيد : ما اشد حر حماك يا رسول الله
محمد دەلێت : ثم الصالحون .. يبتلى بالقمل حتى تقتله
الحاكم دەلێت هذا حديث صــحيح على شرط مســلم . وە دەڵێت ئینجا ئەم فەرمودەیە شایەتحالی زۆری هەیە
سەرئێشە :
محمد لەم نەخۆشیەی کە بە هۆیەوە مرد سەرئێشەیەکی سەختی هەبوو ، تەنانەت کەلەشاخی لە کەلە سەری و نێوچەوان و ڕومەتەکانیدا دەکرد
ابن رجب الحنبلى لە کتاب لاپەرە ١٢٢ دەڵێت:
أن أول مرضه كان صداع الرأس والظاهر أنه كان مع حمى فإن الحمى اشتدت به في مرضه فكان يجلس في مخضب ويصب عليه الماء من سبع قرب لم تحلل أوكيتهن يتبرد بذلك
سەرەتای نەخۆشیەکەی بە سەرئێشە بوو وە دیارە کە تای لەگەڵدا بووە، وە تاکەی لە کاتی نەخۆشیەکەی زۆری بۆی هێنا ، لەسەر دارێك دادەنیشت وە بە ٧ دەولك ئاویان بەسەریدا دەکرد، بۆ ئەوەی تایەکەی سارد بێتەوە.

صــحيح البخارى كتاب الجمعة باب من قال في الخطبة بعد الثناء اما بعد ژماره ٨٨٥ ابن عباس دەڵێت :

صعد النبي صلى الله عليه وسلم المنبر وكان آخر مجلس جلسه متعطفا ملحفة على منكبيه قد عصب رأسه بعصابة دسمة

پێغەمبەر چووە سەر مینبەر وە دوا بەشداری بوو لە مزگەوت ، چاكەتێكی خستبووە سەر شانەكانی وە پەرۆكێكی چەوری لەسەر بەستابوو

صحيح البخارى كتاب الرضى باب قول المريض اني وجع او وا راساه او اشـتد بي الوجع ( كاتێك نەخۆش دەڵێت ئازارم هەیە یان ئای سـەرم وە یان ئازارەكەی توند دەبێت) ژماره ٥٣٤٢ : عائیشە دەڵێت رۆژێكیان پێغەمبەر گەڕایەوە گوتم

وا رأساه فقال النبي صلى الله عليه وسلم بل أنا وا رأساه

ئای سەرم پێغەمبەر گوتی بەڵكو من ئای سەرم

وە لە صحيح البخارى كتاب الطب باب الحجم من الشقيقة و الصداع ( كەلەشاخ بۆ شەقیقە و سەرئێشە) ژماره ٥٣٧٤ ابن عباس دەڵێت :

پێغەمبەری الله كەلەشاخی لە تەپڵی سەریدا كرد

ئازاری لەش:

وە ابن رجب الحنبلی لە كتاب لطائف المعارف لاپەرە ١٢٢-١٢٥ :

عائیشە دەڵێت :ما رأيت أحدا كان أشد عليه الوجع من رسول الله صلى الله عليه

هیچ كەسێكم نەبینووە كە بە قەدد پێغەمبەری الله ئازاری هەبووبێت.

ســنن ابى داود كتاب الطب باب في موضــع الحجامة ( شــوێنی كەلە شــاخ كردن) ژماره ٣٨٦٠ انس دەڵێت :

أن النبي صلى الله عليه وسلم احتجم ثلاثا في الأخدعين والكاهل

پێغەمبەر صلعم ٣ جار كەلەشاخی لە تەنیشتە مل و شانەكانی كرد

سنن ابى داود كتاب الطب باب في موضع الحجامة ژماره ٣٨٦٣ جابر دەڵێت

أن رسول الله صلى الله عليه وسلم احتجم على وركه

پێغەمبەری الله كەلە شاخی لە ڕانەكانیدا كرد

وڕێنە و گۆڕانكاری بە سەر ئاگاهی:

ومن شدة وجعه كان يغمى عليه في مرضه ثم يفيق وحصل له ذلك غير مرة فأغمي عليه مرة وظنوا أن وجعه ذات الجنب فلدوه فلما أفاق أنكر ذلك وأمر أن يلد من ولده وقال: إن الله لم يكن ليسلطها علي - يعني ذات الجنب- ولكنه من الأكلة التي أكلتها يوم خيبر

وه به هۆی توندی و سـەختی ئازارەکەی لە نەخۆشـیەکەیدا ، ئاگاهی نەدەما ( هۆشی لە خۆی دەچوو) ئینجا هۆشی دەهاتەوە ( بە ئاگاه دەهاتەوە)، وە چەند جارێك توشی ئەم حالەتە بوو ، جارێکیان هۆشی نەما وایان زانی کە توشی ( ذات الجنب) هەوکردنی پەردەکانی سی بووە ، لەبەر ئەوە دەرمانیان دایێ ، کاتێك بە ئاگاە هاتەوە ، رەتی کردەوە کە هەوکردنی پەردەی سـیەکانی هەبێت ، وە فەرمانی کرد کە هەر هەموویان هەمان دەرمان بخۆن ، وە گوتی الله ئەم دەردە بەسـەر مندا زاڵ ناکات -واتە هەوکردنی پەردەی سیەکان-بەلکو بە هۆی ئەو خواردنەوە نەخۆشە کە لە خەیبەر خواردوویەتی.

پوختە :

محمد ئەسـپێی هەبووە ، لەسـەرەمەرگدا ئیعتراف دەکات کە الله پیاوانی سـالح بە دەردە ئەسـپێ دەکوژێت ، وە هەموو نیشـانەکانی تای تایفەسی هەبووە ، بە کت و پڕ نەخۆش کەوتووە ، ماوەی نێوان نەخۆش کەوتن و مردنی ٢ هەفتە بووە، وە سەرتاپای گیانی ئازاری هەبووە ، وە سەرئێشەیەکی قورسی هەبووە وە تایەکەی زۆر گەرم بووە وە ورێنەی کردووە و ئاگاهی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

کەواتە ئەگەری زۆر هەیە محمد بە تای تایفەس مردبێت ، تایفەس نەخۆشـیەکە کە ئەسپێ دەیگوێزێتەوە.

سێهەم : ژەهر خوارد کردنی محمد لە لایەن خانەوادەکەی

هەرچەندە ئەم ئەگەرەیان کەمتر بەهێزترە لە چاو دوو ئەگەرەکەی تر بەڵام هەندێك بەڵگە هەن کە ئاماژ دەکەن کە محمد صلعم لە لایەن هەندێك لە ژنەکانیەوە بە تایبەتی عائیشە و حفصة وە بە فەرمانی ابو بکر و عومەرژەهر خوارد کرابێت.

وە لە مسـند احمد مسـند العشـرة المبشـرين بالجنة مسـند المكثرين من الصـحابة مسـنـد عبدالله بن مسـعود بە ژمارەی فەرموودە ٣٩٩٤ هاتووە کە عبدالله بن

مسـعود دەڵێت نۆ بە نۆ سـوێند دەخۆم ( دیارە ٣ ژنی هەبووە لەبەر ئەوە ٩ بە نۆ سوێندی خواردووە) کە پێغەمبەری الله کوژرا

وە الحاکم لە المسـتدرك علی الصـحیحین ج٣ لاپەرە ٦١ کتاب المغازی و السرـایا ژمارە ٤٣٩٥ بە اسنادێکی صحیح دەڵێت:

داود بن یزید الاودی گوتی گوێم لە الشعبی بوو سوێندی بە الله خوارد کە پێغەمبەر ژەهر خوارد کرا.

ئایا لە بەرژەوەندی عومەر و ابو بکر بوو کە محمد لەم کاتەدا بمرێت؟

ئەم پرسیارە وەڵام دەدرێتەوە لە رێگای ڕونکردنەوەی چەند خاڵێك

محمد کاتێك نەخۆش دەکەوێت وە ٣ رۆژ بەر لە مردنی داوای پێنوس و شـــتێك دەکات کە وەســـیەتی لەســـەر بنوســـێت بەڵام عومەر رێگری دەکات و دەڵێت پێغەمبەری الله ورێنە دەکات وە قورئانمان بەسە و پیویستیمان بە وەسیەت نییە.

بۆچی عومەر رێگری کرد کە محمد وەســیەت بنوســێت ؟ عومەر لەوە ترســا کە محمد لە وەسیەتەکەدا علی بکات بە خەلیفە. وە محمد پیشووتر چەند جارێك بە قســە و بە کردەوە هێمای بۆ ئەوە کردبوو کە لە دوای خۆی دەبێت عەلی ببێت بە خەلیفە.

یەکەم : کاتێك ســوپاکەی محمد بۆ تەبوك بەڕێکەوت ، لە مانگی رەجەبی ســاڵی ٩ کۆچی، علی بن ابی طالبی لە شوێنی خۆی وەك بەرپرس و حاکمی مەدینە دانا.

لە مسند احمد مسند العشرة المبشرین بالجنة مسند (ابی اسحاق) سعد بن ابی وقاص ژمارە ١٥٣٥ هاتووە کە سعد بن ابی وقاص دەڵێت

کاتێك پێغەمبەری الله بۆ تبوك دەرچوو علی لە شــوێنی خۆی لە مدینە دانا و بە علی گوتی پێغەمبەری الله ئـارەزووم دەکرد کە لەگەڵتـدا دەربچم ، پێغەمبەر لە وەڵامدا گوتی ئەی علی ئارەزوو ناکەیت کە هارون بۆ موســـا چۆن بوو تۆ بۆ من وابیت، هەرچەندە لە دوای من پێغەمبەر نابێت.

محمد لە رێگای ئەم فەرموودەیە و کارەی پەیامێك دەدات : کە عەلی کوری ابی طالب جێگرەوەیەتی

ئەم کارەی محمد زەنگێکی ترسـناك بووە بۆ بەرژەوەندی ابو بکر و عومەر وە ڕەنگ بێت ئەوە هۆکار بوبێت کە عومەر و ابو بکر دەسـتیان هەبووبێت لە هەوڵدان بۆ تیرۆرکردن یان ژەهر خوارد کردنی محمد.

وە لە سـنن اکبری للبیهقی کتاب قسـم الفيء و الغنيمة جماع ابواب تفريق الخمس باب سهم ذي القربى من الخمس ژمارە ١٢٥٩٨ هاتووە کە بريدة الاسلمی دەڵێت پێغەمبەری الله علی بن ابی تالیبی بۆ یەمەن بۆ لای خالید کوڕی وەلید نارد بۆ کۆکردنەوەی یەك لە پێنجی غنيمة (خمس) . علی کچە کۆیلەیەکی لە غەنیمەکان هەڵبژارد، شـەو سـێکسی ـ لەگەڵدا کرد وە کاتێك بەیانی هاتە دەرەوە قژی ئاوی لێ دەچۆڕی ( واتە غوسـلی کردبوو) . بريدە دەڵێت خالید گوتی سـەیری علی ناکەیت چی دەکات؟ بريدة دەڵێت زۆر ڕقم لە علی دەبۆوە تاوەکو گەرامەوە مدينة و بە پێغەمبەری اللهم گوت کە علی چی کردووە. پێغەمبەری گوتی ئەی بريدة قینت لە عەلی یە؟ دەڵێت گوتم بەڵێ. گوتی خۆشت بووێت چونکە عەلی شایستەی زیاترە لە خمس ( واتە لە کچە کۆیلەیەك)

وە الهيثمی لە مجمع الزوائد و منبع الفوائد کتاب المناقب باب مناقب علی بن ابی طالب باب منه جامع فيمن يحبه و من يبغضه ژمارە ١٤٧٣٢ وە مسند احمد باقي مسـند الانصار :حديث بريدة الاسـلمي ژمارە ٢٢٥٠٣ ، فەرموودەکە هەمان ڕوداو باس دەکات بەڵام لە کۆتایی فەرموودەکەدا هاتووە کە بريدة دەڵێت پێغەمبەری الله گوتی

لا تقع فى علي ، فانه مني و انا منه ، و هو وليكم بعدي

واتە هێرش مەکە سەر عەلی ، عەلی لە منە و منیش لە علیم ، وە لە دوای من علی بەرپرستانە

وە البخاری لە کتاب المغازی باب بعث علي بن ابي طالب عليه السلام و خالد بن الوليد رضى الله عنه الى اليمن قبل حجة الوداع ژمارە ٤٠٩٣ ئاماژە بە هەمان ڕوداو دەکات بەلام کۆتاییەکەی بڕیوە و قرتاندوویەتی و دەڵێت پێغەمبەری الله بە بريدة ی گوت

ئەی بريدة قینت لە عەلی دەبێتەوە؟ گوتم بەڵێ . گوتی قینت لێی نەبێتەوە چونکە لە خمس شایستەی زیاتر لەوەی کردوویەتی و بردوویەتی.

و ابن حجر له فتح الباری کتاب المغازی ج٩ لاپەره ٤٨٧ ژماره ٤٣٥٠ دەڵێت:
پێغەمبەر گوتویەتی : هیچ کەسێك به قەد عەلی لای من خۆشەویست نی یه . وه هیرش مەکەره سەر عەلی، عەلی له منه وه من له عەلیم ، وه عەلی ( خەلیفه) له دوای من وەلیتانه.
وه ابن حجر دەڵێت : احمد و النسائی ئاماژەیان بەم فەرموودەیه کردووه
وه دەلێت : الحاکم ( له المستدرك علی الصحیحین) به شێوەیەکی درێژ ئاماژەی بەم فەرموودەیه کردووه که دەڵێت : کاتێك بریدة گوتی قینم له عەلیه ، پێغەمبەر دەم و چاوی سور هەڵگەڕا ( تورە بوو) و گوتی : هەر کەسێك منی پێ ڕابەرو بەرپرسی ( وەلی) خۆی بووبێت ئەوا عەلی بەرپرسیەتی و ڕابەریەتی
وه محب الدین الطبری ( که فقیهێکی مەزهەبی شافیعی بووه) له پەرتوکی الریاض النضرة فی مناقب العشرة ج٣ لاپەره ١٠٥ فصل: ذکر اختصاصه ان من اذاه ، ئاماژه به چەند فەرمودەیەك دەکات که محمد دەربارەی عەلی گوتویەتی:
ژماره ١٣١٦ : ئەوەی عەلی خۆش بووبێت ئەوا منی خۆش ویستووه وه ئەوەی منی خۆش بووێت ئەوا الله خۆشی ویستووه، وه ئەوەی قینی له عەلی بێت ئەوا قینی له منه وه ئەوەی قینی له من بێت ئەوا قینی له اللهیه
ژماره ١٣١٨ دەڵێت : ئەی عەلی تۆ گەورەیت له دونیا و له قیامەت ، ئەوەی تۆی خۆش بووێت ئەوا منی خۆش ویستووه ، وه خۆشەویستی تۆ خۆشەویستی اللهیه ، وه دووژمنی تۆ دووژمنی منه وه دووژمنی من دووژمنی اللهیه، قوڕ بەسەر ئەو کەسەی ڕق و قینی له تۆیه.
وه هەمان سەرچاوەی پیشوو لاپەره ١٠٧ ئاماژه به دوو فەرموودەی تر دەکات:
ژماره ١٣٣٦ : دەلێت پێغەمبەری الله له ڕۆژی غدیر خم گوتی : من کنت مولاه فعلي مولاه ( ئەوەی من پیشرەوی بووم ئەوا عەلی پیشرەوی دەبێت)
ژماره ١٣٣٨ البراء بن عازب دەڵێت : له غدیرخم له ژێر درەختێك پێغەمبەر گوتی : الستم تعلمون انی اولی بالمؤمنین من انفسهم قالوا بلی و اخذ بید علي و قال اللهم من کنت مولاه فعلي مولاه اللهم وال من والاه و عاد من عاداه. قال فلقیه عمر بعد ذلك فقال هنیئا لك یا ابن ابي طالب اصبحت و امسیت مولی کل مؤمن و مؤمنة

واتە : لە غدیر خم  پێغەمبەری  لە ژێر درەختێك گوتی : ئەی نازانن کە من لە پیشترم بۆ ئیمانداران لە خودی خۆیان؟ گوتیان بەڵێ . پێغەمبەر دەستی علی گرت و گوتی : الله هەر کەسێك من ڕابەری بووبم ئەوا عەلی ڕابەریەتی وە پشتیوانی لەوانە بکە کە پشتیوانی عەلی دەکەن وە دژایەتی ئەوانە بکە کە دژایەتی دەکەن.
البراء دەڵێت دوای ئەوە عومەرهات بۆ لای عەلی و گوتی : ئەی کوڕی ابی تالب لە شەو و ڕۆژێکدا بوویت بە رابەری پیاوانی ئیماندار و ژنانی ئیماندار.
وە الحاكم بە اسنادێکی صحیح لە المستدرك علی الصحیحین ج١ ژمارە ٤٥٧٧ دەڵێت:
زیدبن الارقم گوتی : پێغەمبەری الله لە نێوان مەککە و مەدینة لای پێنج درەختەکە دابەزی ( لە کاتی گەڕانەوەی کە حجی ماڵئاوایی ) وە وتاری پیشکەش کرد و گوتی : من دوو شتتان لە دوای خۆم بۆ جێدەهێلم کە ئەگەر پیادەیان بکەن ئەوا هەرگیز بەلاڕێدا نارۆن : پەرتوکی الله و خانەوادەکەم کە لە منن ، ئینجا ٣ جار گوتی : ئایا دەزانن کە من بۆ موسلمانان لە پێشترم لە خودی خۆیان ؟ خەڵکەکە گوتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری الله ، وە گوتی من بۆ هەر کەسێك ڕابەر بووبم ئەوا عەلی ڕابەریەتی.
غدیر خم : محمد لە مانگی ذي القعدة ساڵی ١٠ کۆچی حەجی ماڵئاوایی دەکات لە کاتی گەڕانەوەی لە حج لە ١٨  مانگی ذی الحجة لە شوێنێك بە ناوی غدیر خم موسلمانان کۆدەکاتەوە و وتارێك پیشکەش دەکات.
لەم وتارەیدا  محمد ناراستەوخۆ بە موسلمانان دەڵێت کە لە دوای مردنی دەبێت عەلی بکەن بە خلیفە ، بەڵام  محمد  لە مونافیقەکان دەترسێت  کە راستەخۆ و راشکاوانە بە موسلمانان  بڵێت کە علی بکەن بە خەلیفە، هەر لەبەر ئەوە دواتر ئایەتێك لە سورەتی المائدة دادەبەزێنێت ( ئایەتی ٦٧ سورەتی المائدة) کە دەڵێت:
**يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۖ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ ۚ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ**
ئەی پێغەمبەر ئەوە ڕابگەیەنە کە لە لایەن خوداکەتەوە بۆت دابەزیووە ، وە ئەگەر ئەم کارە نەکەیت ئەوا پەیامەکەیت ڕانەگەیاندووە ، وە الله لە خەڵك دەتپارێزێت وە الله هیدایەتی خەڵکانێکی کافر نادات.
ئەم ئایەتە دوو شت دەڵێت

یەکەم : پەیامێك هەبووە کە محمد ڕاینەگایندووە ( واتە ترساوە ڕاییگەیەنێت)
دووەم: دەڵێت ڕاییگەیەنە و مەترسە ، ئێمە لە خەڵك دەتپارێزین
الالوسی البغدادی لە روح المعانی لە شرڤەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت:
وعن ابن عباس قال: نزلت هذه الآية في علي كرم الله تعالى وجهه حيث أمر سبحانه أن يخبر الناس بولايته فتخوّف رسول الله صلى الله عليه وسلم أن يقولوا حابى ابن عمه وأن يطعنوا في ذلك عليه، فأوحى الله تعالى إليه هذه الآية فقام بولايته يوم غدير خم، وأخذ بيده فقال عليه الصلاة والسلام: من كنت مولاه فعلي مولاه اللهم وال من والاه وعاد من عاداه، وأخرج الجلال السيوطي في «الدر المنثور» عن أبي حاتم وابن مردويه وابن عساكر راوين عن أبي سعيد الخدري قال: نزلت هذه الآية على رسول الله صلى الله عليه وسلم يوم غدير خم في علي بن أبي طالب كرم الله تعالى وجهه، وأخرج ابن مردويه عن ابن مسعود قال: كنا نقرأ على عهد رسول الله صلى الله عليه وسلم { **يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ** } إن علياً ولي المؤمنين { **وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ** }
وە ابن عباس گوتی : ئەم ئایەتە سەبارەت بە عەلی دابەزی کە الله فەرمان بە پێغەمبەر دەکات بە خەڵك رابگەیەنێت کە دەبێت عەلی لە دوای خۆی ببێت بە خەلیفە ، بەڵام پێغەمبەری الله ترسا لەوەی خەلك رەخنەی لێبگرن و تانەی لێبدەن و بلێن ئامۆزای خۆی هەڵبژارد ، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی لە غدیر خم بۆ پێغەمبەر دابەزاند وە پێغەمبەر دەستی عەلی گرت و گوتی : ئەوەی من ڕابەری بووبم ئەوا عەلی ڕابەریەتی ، الله پشتیوانی هەرکەسێك بکە کە پشتیوانی لە عەلی دەکات وە دژایەتی هەرکەسێك بکە کە دژایەتی عەلی دەکات. وە السیوطی لە الدر المنثور ئاماژەی بە فەرموودەیەکی ابی حاتم و ابن عساکر کردووە کە ابن سعید الخدری دەڵێت: ئەم ئایەتە بۆ پێغەمبەر دابەزی لە غدیر خم سەبارەت بە عەلی کوڕی ابی تالب . وە ابن مردویة ئاماژەی بە فەرموودەیەکی ابن مسعود کردووە کە دەلێت : ئەم ئایەتەمان لە سەردەمی پێغەمبەر بەم شێوەیە دەخوێندەوە ( ئەی پێغەمبەر ئەوە رابگەیەنە کە لە لایەن خوداکەتەوە بۆت دابەزیووە کە عەلی وەلی ئیماندارانە ، وە ئەگەر ئەم کارە نەکەیت ئەوا پەیامەکەیت ڕانەگەیاندووە)

له کە متر بە دوو مـانـگ لە دوای گەڕانەوەی لە حەجی مـاڵئـاوایی ، محمـد بە شێوەیەکی کت و پڕ نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت.
لەبەر ئەوە ئەگەری زۆر هەیە کە محمـد بە فەرمـانی ابو بکر و عومەر لە لایەن عائیشة و حفصة ژەهر خوارد کرابێت .
لە صحیح البخاری کتاب المغازی باب مرض النبی صلی الله علیه وسلم و وفاته ژمارە ٤١٨٩ وە صـحیح مسـلم کتاب السـلام باب کراهیة التداوی باللدود ژمارە ٢٢١٣هاتووە عائیشـە دەڵێت کاتێك پێغەمبەر نەخۆش کەوت وە هۆشی لە خۆی نەبوو دەرمانمان خسـتە دەمیەوە . محمد بە هۆی ئەوەی شـك و گومانی زۆری لە ژنەکانی دەبێت پەرچەکردارێکی سەیر و نامۆی دەبێت .عائیشە دەڵێت
لددنا رسـول الله صلى الله عليه وسلم في مرضه فأشار أن لا تلدوني فقلنا كراهية المريض للدواء فلما أفاق قال لا يبقى أحد منكم إلا لد غير العباس فإنه لم يشهدكم
کاتێك پێغەمبەر نەخۆش کەوت ویستمان دەرمان بخەینە دەمیەوە ، ئیشـارەتی کرد کە ئەم کارە نەکەین . گوتمان نەخۆشــە و ئارەزوو لە دەرمان ناکات بەڵام کاتێك بێهۆش بوو دەرمـانمـان خســـتە دەمیەوە ، کاتێك هۆشی هـاتەوە و زانی دەرمـانی دراوەتێ گوتی هەر هەمووتان تەنها العباس( مامی محمد) نەبێت ،دەبێت هەمان دەرمان بخەنە دەمتانەوە.
ئەم فەرمودەیە پێمان دەڵێت محمد متمانەی بە ژنەکانی نەبووە . وە شك و گومانی کردووە کە ژەهریـان دابێتێ ، لەبەر ئەوە فەرمـانی کردووە کە دەبێـت هەموویـان هەمان دەرمان بخەنە دەمیانەوە تەنها العباس ( مامی) نەبێت
محمد هیچ متمانەیەکی بە عومەر نەبووەوە هەروەها متمانەی بە عائیشـــە ( کچی ابو بکر) وە حفصة ( کچی عومەر ) نەبووە
وە ســـورەتی التحریم بە تایبەت دابەزیووە لە ســـەر حفصـــة و عائیشـــە چونکە لایەنگری یەك بوون و سەر بەهەمان بەرە بوون
ئایەتی ٤ سورەتی التحریم دەڵێت
**إِن تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَـغَتْ قُلُوبُكُمَا ۖ وَإِن تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ ۖ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ**

هەردووکتـان تۆبە بکەن چونکە دڵتـان بەلارێـدا چووە  وە ئەگەر هەردووکتـان بەردەوام بن لە  ســەنگەرگرتن لە پێغەمبەر و دژایەتی کردنی ، ئەوا الله وجبرایل و پیاوانی سالح و فریشتەکان پشتیوانی پێغەمبەرن

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت دوو ژن لە ژنەکانی محمد سـەنگەریان لە محمد گرتووە وە دڵیان بەلاڕیدا چووە.

وە لە صــحیح البخاری کتاب النکاح باب موعظة الرجل ابنته لحال زوجها ژمارە ٤٨٩٥ کاتێك عومەر ئەمیری ئیمانداران دەبێت ، ابن عباس لە عومەر دەپرســێت ئەم دوو ژنە کێن کە الله لە سـورەتی التحریم ئاماژەی پێیان کردووە ، عومەر دەڵێت عائیشە و حفصة

وە لە صــحیح البخاری کتاب الهبة و فضــلها والتحرض علیها باب من اهدی الی صــاحبه وتحری بعض نســائه دون بعض ژمارە ٢٤٤٢ عائیشــە دەڵێت ژنەکانی پێغەمبەر دوو بەرە یان گروپ بوون

کن حزبین فحزب فیه عائیشة وحفصة و  صفیة و سودة و الحزب الاخر ام سلمة وسائر نساء رسول الله

ژنەکانی پێغەمبەر دوو دەســتە  بوون ، دەســتەیەکیان  ( کە لەهەمان بەرەدا بوون) عائیشـە و حفصـة و صـفیة و سـودة بوون وە بەرەیەکیان ام سـلمة و ژنەکانی تری بوون

لە گروپی یەکەمدا :

عائیشـە کچی ابو بکرە . کاتێك محمد تەمەنی ٥٢ سـاڵ بووە  عائیشـەی کردووە بە هاوسەری خۆی و سێکسی لەگەڵدا کردووە ، ئەوکات عائیشە تەمەنی ٩ ساڵ بووە. بەم کارەی محمد ژیانی منداڵی و هەرزەکاری لە عائیشە ساندۆتەوە و لە خۆشیەکانی منداڵی بێبەشی کردووە. وە  محمد  بە دەقێکی قورئان هاوســەرگیری ژنەکانی لە دوای خۆی  حرام دەکات. واتە عائیشــە نە توانی قۆناغێکی منداڵی وە نە قۆناغێکی هەرزەکاری وە نە قۆناغێکی گەورەیی ئاسایی بژیت.

وە عائیشە بەردەوام  شك و گومانی لە پێغەمبەرایەتی محمد کردووە .

صحيح مسلم كتاب الرضاع باب جواز هبتها نوبتها لضرتها ژماره ١٦٤٦ وه صحيح البخارى كتاب تفسـير القران باب قوله ترجىء من تشـاء منهن و تؤوى اليك من تشاء ژماره ٤١٥٠ عائیشه دەڵێت به پێغەمبەرم گوت:

و الله ما ارى ربك الا يسارع في هواك

سوێند به الله تەنها دەبینم خوداکەت پەله پەلیەتی له دابین کردنی هەوەسەکانت.

وه له مسـند ابى يعلى الموصـلى مسـند عائيشـة ژماره ٤٦٠٢ وه الهيثمى له مجمع الزوائد و منبع الفوائد كتاب النكاح باب غيرة النساء ژماره ٧٦٩٤ عائیشه به محمد دەڵێت

الست تزعم انك رسول الله فهلا عدلت ؟

ئەی تۆ ئیدعا ناکەیت که پێغەمبەری اللەیت ، ئەی بۆ دادپەروەری ناکەیت

لێرەدا عائیشـــه به محمد دەڵێت ئیدعا دەکەیت. واته عائیشـــه شـــك و گومانی هەبووه.

حفصـــة کچی عومەر بن خەتاب بووه وه محمد گەورەترین ســوکایەتی پێدەکات کاتێك له ماڵەکەی و لەســەر جێگاکەی لەگەڵ ژنێکی تر ( ماریەی قبتی) ســێکس دەکات

سنن الدار قطنى كتاب الطلاق و الخلع و الايلاء ج٤ لاپەره ٢٨ ژماره ٢٨ وه الطبرى له جامع البيان في تفسير القران ( تفسیری ئایەتی ١ سورەتی التحريم ) وه الواحدى له اسباب النزول ( ئایەتی ١ سورەتی التحريم) دەڵێت:

پێغەمبەری الله لەگەل ماریەی قبتی له ماڵی حفصـــة خەریکی گان کردن بوو، حفصة بەسەردا هاتەوه و گوتی : ئەی پێغەمبەری الله ماریه دەهێنیت بۆ ماڵەکەی من ؟ ئایا دەتوانیت ئەم کاره لەگەل ژنەکانی ترتدا بکەیت؟ .

دواتر به هۆی ئەوەی حفصة هەواڵەکه بڵاو دەکاتەوه ( هەروەك پیشوو ئاماژەمان پێکرد) محمد تەلاقی دەدات ئینجا دەیگێڕێتەوه.

وه سـورەتی التحريم دادەبەزێت که سـەرتاپای سـورەتەکه هەرەشـەیه له عائیشـه و حفصة .

صفية کچی حویەی :

محمد کینانەی مێردی بە ئازار و ئەشـــکەنجەوە دەکوژێت وە لە ڕێگای گەڕانەوەی لە خەیبەر بۆ مدینة لە بطحاء دەسـت درێژی دەکاتە سـەری و سـێکسیـ لەگەڵدا دەکات

صحیح البخاری کتاب المغازی باب غزوة خیبر ژمارە ٣٩٧٤ انس دەڵێت :

کاتێك پێغەمبەری الله فتحی خەیبەری کرد، لە غنیمە ، صفیەی بۆ خۆی هەڵبژارد ، وە صفیة تازە بووك بوو ، پێغەمبەر مێردەکەی کوشت ، وە لە ( سد صبهاء ) ( بەنداوی صبهاء) ڕەشماڵی هەڵدا و شەو لە صفیة بە زاوا بوو.

صبهاء بەنداوێکە نزیك بە خەیبەر

سودە کچی زمعة :

کاتێك خدیجە لە ســـالی ١٠ پێغەمبەرایەتی محمد دەمرێت ، محمد کەســێك نادۆزێتەوە شـوی پێ بکات ، خولة بنت حکیم، سـودة کچی زمعة بۆ محمد ڕێك دەخات . سـودة یەکێك لەم ژنانە دەبێت کە زوو ئیمان بە محمد دەهێنێت. دوای کۆچ کردنی بۆ مدینە و هاوسـەرگیری کردنی لەگەل عائیشـە ، محمد سـودة تەلاق دەدات ، دواتر ســـودة دەپارێتەوە کە بیگێرێتەوە و تەلاقی نەدات لەبەرامبەر بەوە نۆرەی خۆی دەدات بە عائیشە.

سـنن الکبری للبیهقی کتاب النکاح جماع ابواب ما خص بە رسـول الله صلعم دون غیره مما ابیح له و خطر علی غیره باب ما یسـتدل به علی ان النبي من خصـائصـه من الحکم بین الازواج لا یخالف حلاله حلال الناس ژمارە ١٣٠٦١ دەلێت:

پێغەمبەری الله سـودەی تەلاق دا ، کاتێك پێغەمبەر بۆ نوێژ کردن دەرچوو ، سـودە یەخەی کراسەکەی پێغەمبەری گرت و گوتی : پێویستیم بە پیاو نی یە ( بۆ سەرجێی کردن) بەڵام دەمەوێت لە ڕۆژی حشرـــ وەك ژنت بمێنمەوە ، ئەوەبوو گێڕایەوە وە سودە نۆرەی خۆی بە عائیشە دا

وە الواحدی النیسابوری لە اسباب النزول ( ئایەتی ١٢٨ سورەتی النساء ) ئاماژەی بە هەمان چیرۆك کردووە.

هەروەك ڕونە کە ئەم چوار ژنە ئـازاریـان چێژاوە بە دەســـت محمـد وە محمـد ســوکایەتی پێیان کردووە . وە ئەوە خاڵی هاوبەشـیان بووە بۆ پێك هێنانی بەرەیەکی هاوبەش بۆ دژایەتی کردنی محمد و ژنەکانی تری محمد.

هەمەڕەنگەی کتێب

لەبەر ئەوە ڕێگای تێدەچێت کە عائیشـــە و حفصـــة بە فەرمانی ابوبکر و عومەر محمدیان ژەهر خوارد کردبێت .
وە کاتێـك محمـد بۆ مـاوەی ١٣ ڕۆژ لە نەخۆش دەکەوێـت ، ابو بکر و عومەر خەریکی پیلان دارشتن دەبن بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات.
مێژوو نوسانی ئیسلام دەڵێن محمد لە ڕۆژی دووشـەمە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١١ کۆچی مرد بەڵام بۆ نمونە ابن کثیر لە البدایة و النهایة دەڵێت لە ١٢ ربیعی یەکەمی سـاڵی ١١ کۆچی واتە ٨ حوزەیرانی سـاڵی ٦٣٢ زاینی مرد. وە کاتێك محمد دوا هەناسە دەدات و دەمرێت ابو بکر و عومەر ئامادە نابن .
ابن حجر لە فتح الباری شرح صحیح البخاری ج٧ لاپەرە ٧٣٦ دەڵێت
و ناکۆکی نی یە لەسـەر ئەوەی کە پێغەمبەر لە دووشـەممە  لە مانگی ڕەبیعی یەکەم مرد.
ابن کثیر لە البدایة و النهایة ج٨ لاپەرە ١٠٥ دەڵێت:
کاتێك ئازاری پێغەمبەری الله توند بوو عائیشـە بە دوای ابو بکر و حفصة بە دوای عومەر و فاطمة بە دوای علی نارد ، وە کۆنەبوونەوە تاوەکو مرد ، وە کاتێك مرد سەری لەسەر سینگی عائیشە بوو وە بەرەبەیانی بوو کاتیك تازە خۆر هەڵدەهات
الذهبی لە سیر اعلام النبلاء ج٩ لاپەرە ١٦٠ دەڵێت:
ابو بکر هات دوای ئەوەی پێغەمبەر مرد  ئینجا خۆی بەسـەریدا داهێناو ماچی کرد وە گوتی دایکم و باوکم بە قوربانت بن ئەی پێغەمبەری ژیانـت و مردنت چەنـد نایاب بوو
وە دەڵێت : ڕۆژێك و شـەوێك هیشـتیانەوە و لە گۆڕیان نەنا تاوەکو سـکی ئاوسـا و پەنجەکانی چەمانەوە
وە ابن سعد لە الطبقات الکبری ج٢ لاپەرە ٢٠٣ وە تاریخ الطبری ج٣ لاپەرە ١٩٧ وە ابن الجوزی لە مناقب عمر بن الخطاب لاپەرە ٥٢ دەڵێن:
انس بن مـالـك دەڵێت کاتێك پێغەمبەر مرد خەڵـك گریا وە عومەر لە مزگەوت ووتاری پیشـکەش بە خەڵك کرد وە گوتی ڕێگا نادەم هیچ کەسـێك بڵێت پێغەمبەر مرد ، بەڵکو چووە بۆ لای الله هەروەك چۆن موسـا کوڕی عەمران بۆ ماوەی چل

شەو لە خەڵکەکەی دابڕا وە سوێند بە الله هەر کەسێك بڵێت مردووە ئەوا دەست و پێی دەبڕم.

وە لە ژمارە ٢٢٤٦ دەڵێت :

ابي سلمة کوڕی عبدالرحمن دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر مرد خەڵك بە لیشاو چوون بۆ ماڵی عائیشە ، وە سەیری پێغەمبەریان دەکرد وە گوتیان چۆن دەبێت بمرێت وە شایەتە بەسەر ئێمەوە وە ئێمە شایەتین بەسەر خەڵکەوە ، مرد وە بەسەر خەڵك سەرنەکەوت؟ نەخێر سوێند بە اللە نەمردووە، بەڵکو بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان ( بۆ لای الله) هەروەك چۆن عیسا کوڕی مریەم بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان، وە بە دڵنیاییەوە دەگەڕێتەوە وە بەڵێنیان بەم کەسانە دا کە گوتیان مردووە ، کە پێغەمبەر دەگەڕێتەوە، وە لەبەردەم دەرگای عائیشە هاواریان کرد و گوتیان لە گۆڕی مەنێن چونکە نەمردووە.

وە لە ژمارە ٢٢٤٥ هاتووە:الحسن دەڵێت کاتێك پێغەمبەر مرد یاوەرەکان کۆبوونەوەیان کرد وە گوتیان لە نێو خۆتان چاوتان لەسەر پێغەمبەری الله بێت ڕەنگ بێت بۆ ئاسمانەکان بەرزکرابێتەوە ، سەیریان کرد تاوەکو سکی ئاوسا

وە لە سنن الدارمي ج١ لاپەرە ٣١ کتاب المقدمة باب في وفاة النبي ژمارە ٨٣ عکرمة دەڵێت:

پێغەمبەری الله ڕۆژی دوو شەممە مرد وە تاوەکو شەوی چوارشەممە نەنێژرا وە گوتیان پێغەمبەری الله نەمردووە بەڵکو ڕۆحی بۆ ئاسمان چووە هەروەك چۆن ڕۆحی موسا بۆ ئاسمان ڕۆیشت ، عومەر هەلسایەوە و گوتی پێغەمبەری الله نەمردووە بەڵکو ڕۆح بردراوە بۆ ئاسمان هەروەك ڕۆحی موسا بۆ ئاسمان بردرا . سوێند بە الله پێغەمبەری الله نامرێت تاوەکو دەست و زمانی هەندێك کەس نەبڕێت، عومەر بەردەوام وایدەگوت تاوەکو لێواری لێوەکانی کەفی کرد . العباس هەڵسایەوە و گوتی : پێغەمبەری الله مرد وە پێغەمبەر مرۆڤە وە لاشەی وەك هەر مرۆڤێکی تر تێك دەچێت ، جا ئەی خەڵکینە هەلسن و بینێژن ، زۆر لەوە بەرێزترە کە الله دوو جار بیمرێنێت ، الله جارێك ئێوە دەمرێنێت بەڵام دوو جار پێغەمبەر دەمرێنێت؟ وە بە لای اللهوە قورس نی یە ئەگەر نەمردبێت ئەوا لە ژێر خاکدا دەریبهێنێت.

امام احمد بن حنبل له باقى مسند الانصار حديث السيدة عائيشة رضى الله عنها ژماره ٢٤٢٦٩ دەڵێت عائيشه گوتى:

پێغەمبەرى الله رۆژى دووشەممە مرد وە شەوى چوارشەممە نێژرا

البيهقى له دلائل النبوة ج٧ لاپەره ٢٥٣ دەڵێت

على بن ابى طالب پێغەمبەرى شۆرى و كفنى كرد وە چوار كەس ناشتيان : عەلى و العباس و الفضل و صالح

ابن ابي شيبة له المصنف كتاب المغازى ج٢٠ لاپەره ٥٧٩ ژماره ٣٨٢٠١ دەڵێت

ابوبكر و عومەر له كاتى له گۆڕ نانى پێغەمبەرى الله ئاماده نەبوون ، لەناو خەڵكى ئەنسار بوون ، بۆ كۆكردنەوەى بەيعەت.

السيوطى له تاريخ الخلفاء لاپەرەى ١٥٦ دەڵێت:

ابوبكر لەم رۆژەى پێغەمبەر مرد بەيعەتى پێدرا ، كه رۆژى دووشەممە ١٢ رەبيعى يەكەم سالى ١١ كۆچى بوو

وەالبيهقى له ج٧ لاپەره ٢٥٥ دەڵێت

مكحول دەڵێت پێغەمبەر مرد وە بۆ ٣ رۆژ مايەوە و نەنێژرا

وە له مسند احمد بن حنبل باقى مسند الانصار حديث السيدة عائيشة رضى الله عنها ژماره ٢٣٨١٢ هاتووه عائيشه دەڵێت:

گوێمان له ناشتنى پێغەمبەرى الله نەبوو تاوەكو شەوى چوارشەممه

ابن عساكر له تاريخ مدينة دمشق ج٦٣ لاپەره ١٠١ و الذهبى له ميزان الاعتدال ج٢ لاپەره ٦٤٩ وە ابن الجوزى له المنتظم في تاريخ الامم ابواب ذكر المخلوقات باب وكيع بن الجراح بن عدى ژماره ٩٨٤ دەڵێت

عبدالله البهى دەلێت كاتێك پێغەمبەرى الله مرد نەناشترا تاوەكو سكى ئاوسا و پەنجەكانى چەمانەوە

وە دەڵێت مدينة شوێنێكى گەرمه ، رۆژى دووشەممە مرد وە وازى لێهێنرا تاوەكو چوارشەممە نەنێژرا

پوخته :

يەكەم : محمد كت و پڕ نەخۆش دەكەوێت ، ماوەى نێوان نەخۆش كەوتن و مردنى ١٤ رۆژ دەبێت

دووەم: رۆژی دووشــەمە بەیانی زوو دەمرێت وە شــەوی چوارشــەممە دەنێژرێت.
کاتێك محمد دەمرێت مانگی رەبیعی یەکەمی ســاڵی ١١ کۆچی واتە حوزەیرانی ســاڵی ٦٣٢ دەبێت

ســێهەم : تەرمی محمد بۆگەن دەکات وە بێگومان بۆگەن دەکات کاتێك بۆ ماوەی ٦٠ کاتژمێر لە پلەی گەرمای دورگەی عەرەبی بێ ناشتن دەمینێتەوە

لە مانگی حوزەیران پلەی گەرمی مدینة لە سەرەوەی ٤٠ پلەی سەدیە

وە ئەم ڕوداوە ئەم فەرمودەیەی محمد بەتاڵ دەکاتەوە کە دەڵێت الله لە زەوی لاشەی پێغەمبەرانی حرام کردووە

سەرچاوە سنن ابي داود كتاب الصلاة تفريع ابواب الجمعة باب فضل يوم الجمعة و ليلة الجمعة ژمارە ١٠٤٧

چوارەم: کاتێك محمد لە سەرەمەرگا بووە وە دوا هەناسەی داوە و مردووە ، عومەر و ابو بکر ئـامـادە نەبوون ، وە خەریکی پیلانگێڕی بوون بۆ بەدەســتەوە گرتنی دەسەڵات

پێنجەم : ابو بکر و عومەر لە شــۆرین و کفن کردن و لە گۆڕنانی محمد نـاویان نەهێزراوە

شــەشــەم: ڕوداوی مردنی محمد پێمان دەڵێت کە خەڵکی دوورگەی عەرەب چەند گەوج و نەزان بوون ، وایان زانیووە کە محمد وەك عیسا و رۆحی موسا رۆیشتووە بۆ ئاسمانەکان

ململانێ لە پێناو دەسەڵات:

ابن قتيبة الدينوری کە مێژوو نوس و فقیهێکی ســونی بوو لە نێوان ســاڵی ٢١٣ تاوەکو ٢٧٦ کۆچی ژیاوە لە پەرتوکی الامامة و الســیاســة ج١لاپەرە ٩-١٥ بەم شێوەیە باسی ململانێی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات دەکات

کاتێك پێغەمبەر مرد ، ئەنســارەکان ( خەڵکی مدینە) لە دەورەی ســعد بن عبادة کۆبوونەوە و پێیان گوت پێغەمبەر مرد ، سـعد بە قەیسی-کوڕی گوت ، من ناتوانم قسە بۆ خەڵك بکەم و دەنگ هەڵبڕم چونکە نەخۆشم ، من قسـەت بۆ دەکەم وتۆ قسەکانم بە خەڵك بڵێ، سعد قسەی بە قەیس دەگوت و قەیس دەنگی هەڵدەبڕی و بە خەڵکی دەگوت ، دوای ئەوەی ســوپای اللەی کرد و اللەی شــکۆمەند و مەزن

کرد گوتی : ئەی خەڵکی ئەنسار ئێوە پێشینەتان لەم ئاینە هەیە وە فەزلتان بەسەر ئیسلامەوە هەیە کە هیچ خێڵێکی عەرەب نیەتی، پێغەمبەر بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لە ناو قەومەکەی مایەوە ، داوای لێیان دەکرد رەحمان بپەرستن و دەستبەرداری بتپەرستی بن ، بەڵام جگە لە چەند کەسێکی کەم ، خەڵك ئیمانی پێی نەهێنا

ئیسلام لە رێگای ئێوەوە سەرکەوت وە عەرەب قەرزاری شمشێرەکانی ئێوە یە وە پێغەمبەر بەر لەوەی بمرێت لە ئێوە رازی بوو ، لەبەر ئەوە توند دەست بخەنە ناو دەستی یەك بۆ ئەم مەسەلەیە ، ئێوە لە هەموو کەسێك شایستەترن .

دەڵێت : خەڵکەکە هەمووی هاوڕا بوون لەگەل سعد بن عبادة وە گوتیان تۆ پیاوێکی سالحیت و شایستەی ئەم پۆستەیت.

کاتێك هەواڵەکە گەیشتە ابو بکر ، ابوبکر زۆر شلەژا و ترسا ، بە پەلە لەگەل عومەر بەرێکەوتن بۆ سقیفة بنی ساعدة ، لە رێگا توشی ابی عبیدة الجراح بوون و لەگەڵ خۆیان بردیان و تاوەکو گەیشتنە سقیفەی بنی ساعدة، وە پیاو ماقولان لەگەڵ سعد بن عبادة دانیشتبوون. عومەر ویستی دەست بە قسە بکات بەڵام ابو بکر دەستی بە قسە کرد و گوتی : اللهی شکۆمەند و مەزن محمدی نارد بۆ هیدایەت وە بە ئاینی هەق وە بانگیشەی کرد بۆ ئیسلام ، الله پەرچەم و دڵی ئێمەی گرت بۆ بانگیشەکە ، ئێمەی کۆچ کردوو یەکەم کەسین کە بووین بە ئیسلام ئینجا خەڵك بە دوای ئێمە کەوت ، ئێمە کەس و کاری پێغەمبەرین ، ئێمە ناوەراسترین رەچەلەکی عەرەبین وە هیچ خێلێکی عەرەبی نییە کە مندالێکی لە قورەیش نەبووبێت وە ئێوەش سوێند بە الله پشتیوانیتان کرد و ئاینەکەتان سەرخست ، ئێوە لە ئایندا وەزیری ئێمە و وەزیری پێغەمبەرن وە ئێوە لە پەرتوکی الله (قورئان) برا و لە ئایندا هاوبەشی ئێمەن.

دواتر ابو بکر دەڵێت : من داواتان لێ دەکەم بەیعەت بە ابی عبیدة یان عومەر بدەن . عومەر و ابو عبیدة گوتیان ئەی ابوبکر هیچ کەسێك لە تۆ زیاتر شایستەی ئەم پۆستە نییە، تۆ یەکێك بوویت لەم دوو کەسە کە لەگەل پێغەمبەر لە ئەشکەوتەکە بوویت ( ثاني اثنين) وە پێغەمبەر ( بەر لە مردن) فەرمانی بە تۆ کرد کە نوێژ بە ئیمانداران بکەیت. تۆ لە هەموو کەسێك زیاتر شایستەتریت بەم پۆستە.

ئەنســـارەکان گوتیان : ئەگەر پیاوێك لە ئێمە هەڵبژێرن وە پیاوێك لە خۆتان ئەوە ڕازین بۆ ئەوەی ئەگەر دانەیەکیان مرد ئەوا ئەوەی تر لە شوێنیدا ببێت بە خەلیفە.
ابو بکر گوتی ئێمە خەلیفە و ئێوە وەزیر
الحباب بن منذر بن زید بن حرام ( ئەنسـاری بوو) هەلسـایەوە و گوتی ئەی پیاوانی ئەنسار دەست بخەنە ناو دەستی یەك ، خەلك لە ریزی ئێوە و سێبەری ئێوەیە.ئێوە ئیسـلامتان سـەرخسـت .ئێوە خاوەنی ماڵ و ئیمانن لە پێش ئەوان . سـوێند بە الله لە زێدی خۆیان ( مەککە) اللهیان بە ئاشکرا نەپەرست تاوەکو نەهاتن بۆ لای ئێوە (مدینە) ، وە نوێژی جماعەتیان نەکرد تاوەکو نەهاتن بۆ ئێرە و لە مزگەوتەکانی ئێوە نەبێت کردیان ، وە عەرەب ملکەچی ئیســلام نەبوو تەنها بە شـــمشـــێرەکانی ئێوە نەبێت، ئێوە شـاسـیسـتەترن بە خەلافەت ، وە ئەگەر رەتیان کردەوە ئەوا دەبێت ئەمیرێك لە ئێمە و ئەمیرێك لە وان بێت .
عومەر هەلســایەوە و گوتی هیهات دوو شــمشــێر لە یەك دەبان جێگای نابێتەوە، ســـوێنـد بە الله عەرەب رازی نابێت ئێوە ئەمیر بن وە پێغەمبەر لە ئێوە نی یە ، دەبێت ئەمیر و خەلیفە لە کەسانێك بێت کە پێغەمبەر لە خۆیانە ، وە ئێمە یاوەر و کەس و کاری پێغەمبەرین.
الحباب هەلسـایەوە و گوتی : ئەی پیاوانی ئەنسار دەسـتی یەك بگرن و ڕێگا مەدەن ئەم مەسەلەیە لە دەستتان دەربچێت.وە گوێ لە عومەر و هاوڕیکانی مەگرن
ابی عبیدة الجراح هەڵسایەوە و گوتی : ئەی پیاوانی ئەنسار ئێوە یەکەم کەس بوون کە پشتیوانی ئیسلامتان کرد و سەرتان خست ، یەکەم کەس مەبن کە بگۆڕدرێن
بشـیر بن سـعد ( گەورە پیاوێکی ئەنساری بوو) کاتێک بینی هەموو پیاوەکانی ئەنسـار هاوڕان بۆ بەیعەت دان بە سـعد بن عبادة وەك ئەمیر ، ئیرەیی هات و هەلسـایەوە و گوتی : ئەی پیـاوانی ئەنســـــار پێغەمبەری الله، پیـاوێکی قورەیشی ـــ بوو ، وە قەومەکەی شایستەترن بە دەسەلات وەك میراتگرەوەی
ئینجا ابو بکر گوتی من داواتان لێدەکەم کە بەیعەت بە یەکێك لەم دووانە بدەن : ابی عبیدة یان عومەر . عومەر گوتی تۆ شایستەتریت بەم کارە

بشـیر الانصـاری هەلسـایەوە و بەیعەتی بە ابو بکر دا ، وە هەندێک لە پیاوەکانی تر هەلسـانەوە و بەیعەتیان دا . الحباب بن منذر هەلسـایەوە شـمشـێرەکەی دەرهێنا بەڵام شمشێرەکەی لێ سەندرا.

سـعد بن عبادە  بە عومەری گوت سـوێند بە اللە ئەگەر توانای هەلسـانەوەم هەبووایە ئەوا هەلدەسـتامەوە و پڕ بە دەنگم هاوارم دەکرد تاوەکو هەموو خەڵکی ناوچەکە  لێتان کۆدەکردەوە،  تۆ و هاوڕیکەتیان دەربەدەر بکردایە، وە تۆم دەناردەوە بۆ لای ئەم خەلکانەی کە تیایاندا کەسێکی پاشکۆ و هیچ بوویت ، نەك کەسـێکی رابەر و ئازیز . ئەوەبوو هەموو خەڵکەکە بەیعەتیان بە ابو بکر دا . وە لە سعدیان دا و ویستیان بیکوژن. سعد گوتی دەتانەوێت بمکوژن؟

دوای چەند رۆژێك ابو بکر ناردی بە دوای سـعد بن عبادة بۆ ئەوەی بەیعەت بدات ، سـعد لە وەلمدا گوتی سـوێند بە اللە ئەگەر هەموو جنۆکە و مرۆڤ بەیعەتتان پێ بدات ئەوا من نایدەم تاوەکو بە خوداکەم دەگەم.

کاتێك عومەر دەبێت بە خلیفە ، سعد بن عبادة مدینە بەجێدەیلێت و دەچێت لە شام جێگیر دەبێت ، عومەر کەسێك دەنێرێت و لە شام تیرۆری دەکات.

البلاذری لە انساب الاشراف ج١ لاپەرە ٥٨٩ بە ژمارە ١١٩٣ دەڵێت:

کاتێك سعد بن عبادة بەیعەتی بە ابوبکر نەدا ، چوو بۆ شام ، عومەر پیاوێکی بۆی نارد و بە پیاوەکەی گوت ئەگەر بەیعەتی دا وازی لێبێنە وە ئەگەر نەیدا ئەوا ناوی اللەی لێبهێنە و بیکوژە

وە دەڵێت سعد بن عبادەیان کوشت کاتێك خەریکی میز کردن بوو.

وە سـەرچاوە ئیسـلامیەکان دەڵێن جنۆکە سـعد بن عبادەیان کوشـت چونکە لە چاڵێك میزی دەکرد وە چال شوێنی ژیانی جنۆکەکانە.وە کاتێك جنۆکەکان کوشتیان دانەیەکیان هاواری دەکرد :

سعد بن عبادة گەورەی هۆزی خزرجمان کوشت

تیرێکمان تێیگرت بێ هەڵە کردن بە دڵی کەوت

وە بنی هاشـم لە ماڵی علی کۆبونەوەیان دەکرد وە الزبیر بن العوام لەگەلیاندا بوو . وە بنی امیة لە ماڵی عثمان بن عفان کۆبوونەوەیان دەکرد. وە بنی زهرة لە دەورەی سعد بن ابی وقاص و عبدالرحمن بن عوف کۆببونەوە لە مزگەوت. کاتێك بەیعەت

به ابو بكر درا  عومەر پێیانی گوت ئەوە چی یە لە دەورەی یەك كۆبوونەتەوە ، یەڵە هەڵسـن و بەیعەت بە ابو بكر بدەن. عثمان و بنی امیة بەیعەتیان بە ابوبكر دا  وە سعد و عبدالرحمن و بنی زهرة بیعەتیان بە ابو بكر دا.

عومەر داوای لە علی بن ابی تالب و العباس بن عبدالمطلب و ئەوانەی لەگەڵیان بوون لە بنی هاشـم و الزبیر بن العوام  كرد كە بەیعەت بە ابو بكر بدەن ، بەڵام رەتیان كردەوە كە بەیعەت بدەن

عومەر لەگەل اسـید بن حضـیر و سـلمة بن اسـلم و كۆمەڵێك پیاو چوون بۆ مالی عەلی و داوای لێیان كرد بچن بەیعەت بە ابو بكر بدەن بەڵام رەتیان كردەوە . الزبیر بن العوام بە شمشێر بۆیان هاتە دەرەوە ، پیاوەكانی عومەر گرتیان و داركاریان كرد و بردیان بۆ لای ابو بكر وە ناچاریان كرد بەیعەت بدات .

وە عومەر فەرمان دەكات كە خەلكەكە لە سعد بن عبادە بدات :

الطبری تاریخ الرسل و الملوك ج٣ لاپەرە ٢٢٢

هەندێك كەس لە هاوڕیكانی سـعد گوتیان : ئاگاداری سـعد بن بەسـەریدا نەكەون .عومەر گوتی بیكوژن ، الله لەناوی بەرێت . ئینجا عومەر لەسـەر سـەری سـعد وەسـتا و گوتی هاتۆتە سـەرم لێت بدەم تاوەكو هەموو ئەندامەكانت لە لەشـتدا دەردەچن . قەیس بن سعد (كوڕی سعد بن عبادة) ریشی عومەری گرت  و گوتی : سـوێند بە الله یەك توك لە لەشی باوكم دەربكەیت هەرچی ددان لە دەمتدا هەیە دەریدەكەم. ابو بكر گوتی : لەسـەرخۆبە  ئەی عومەر ، بە بەزەیی بە ، ئەوەبوو عومەر لێی دوور كەوتەوە

وە سعد گوتی : سوێند بە الله ئەگەر هێزم تیادا بووایە و بمتوانیایە هەڵبەستمەوە ، دەبوایە وەك شـێر هاوار بكەم كە دەنگم لە هەموو شـوێنێك و رێگایەك ببیسـترایە تاوەكو تۆ و هاورێكەت دەربەدەر دەكران ، ئەوكات سوێند بە الله دەمناردیەوە  تۆم (عومەر) دەناردەوە بۆ لای خەڵكانێك كە تیایاندا پاشكۆ و هیچ بوویت نەك رابەر و ئازیز.

وە صـحیح البخاری كتاب الحدود باب رجم الحبلی من الزنا اذا احصـنت ژمارە ٦٤٤٢ ئاماژە بە ڕوداوەكانی سقیفة بنی ساعدة  دەكات:

هەولێرنامە بێتێز

ابن عباس دەلێت: عومەری کوڕی خەتاب چووە ســەر مینبەری مزگەوت و گوت پێیان گوتم کە پیاوێك گوتویەتی ســوێند بە الله ئەگەر عومەر مرد ئەوا بەیعەت بە فلانە کەس دەدەم ، وە خەڵك هەلمەخەڵەتێنن و بڵێن خیلافەت فڕێندرا و بەیعەت بە ابوبکر بە شـێوەیەکی کت و پڕ بوو . بەڵام سـەرکەوتوو بوو . گومانی تێدا نییە کە وایە بە شێوەیەکی کت و پڕ بوو .

ئینجا عومەر دەڵێت : وە گومانی تێدا نییە کە لە دوای مردنی پێغەمبەر ئەنسـارەکان لە گەڵ ئێمە ناکۆك بوون وە پێمان ڕاگەیاندرا کە هەر هەموویان لە ســقیفة بنی ساعدة کۆبوونەتەوە

وە هەروەها عەلی و الزبیر وە ئەوانەی لەگەڵیان بوون ، لەگەڵ ئێمە ناکۆك بوون . کۆچکردووەکان لە دەورەی ابوبکر کۆبوونەوە ، وە بە ابوبکرم گوت ئەی ابو بکر با بچین بۆ لای براکانمان لە ئەنسارەکان.

ئەوەبوو چووین بۆ ســقیفة بنی ســاعدة ، پیاوێکیان تیادابوو کە خۆی پێچابۆوە ، گوتم ئەم پیاوە کێیە ، گوتیان سعد بن عبادة یە. گوتم چییەتی گوتیان نەخۆشە.

ئینجا عومەر دەڵێت : پیشووتر شتێکم ئامادە کردبوو کە بیخوێنمەوە کە زۆر نایاب بوو بەڵام کاتێك ویستم قسە بکەم ابو بکر گوتی ئەی عومەر بێدەنگ بە .

ئینجا عومەر باسی دەمەتەقێ و قسە و باسەکانی نێون خۆیان و ئەنسارەکان دەکات ( وەك لەســەرەوە ئاماژەی پێکرا) ئینجا دەڵێت: من و ابو عبیدة الجراح و کۆچ کردووەکان و ئەنسارەکان بەیعەتمان بە ابو بکر دا

وە دەڵێت : بەم شێوەیە سەرکەوتین بە سەر سعد بن عبادة وە کەسێك گوتی سعد بن عبادەت کوشت ، منیش گوتم الله لەناوی بەرێت

تێبینی :

ئەوەی سەیرە عومەری کوڕی خەتاب ، سعد بن عبادەی نەناسیووە.

لە صحیح ابن حبان ج١٤ لاپەرە ١٧٣ هاتووە و دەڵێت

ســعد بن عبادة یەکێك بوو لەم کەســانەی کە لە عەقەبەی دووەم بەیعەتی بە محمد دا ( کە لە مانگی ذي الحجة بوو ٣ مانگ پیش کۆچ کردنی محمد بۆ مدینة)

وە الذهبی لە سیر اعلام النبلاء ج١ لاپەرە ٢٧١ دەڵێت:

سـعد بن عبادة گەورەی هۆزی خزرج بوو . عروة دەڵێت سـعد بەشـدار بوو لە شـەڕی بدر بەڵام هەندێك دەڵێن بەشـدار نەبوو ، وە ابن سـعد دەڵێت : خۆی ئامادە دەكرد بۆ دەرچوون بۆ بدر وە دەچوو بۆ ماڵی ئەنسـارەكان و هانی دەدان بۆ بەشدار بوون. وە البخاری دەڵێت سعد لە بدر بەشدار بوو.

ئەوەی سەیرە لەم فەرموودەیەی بوخاریدا ، عومەر ، سعد بن عبادة ناناسێت.

وە لە الریاض النضرة ج١ لاپەرە ١٦٤ هاتووە:

فلما بويع أبو بكر أقبلت الجماعة التي بايعته تزفه زفا إلى مسـجد رسـول الله صلعم فصعد منبر الرسول فبايعه الناس حتى أمسى. وشغلوا عن دفن رسول الله حتى كانت ليلة الثلاثاء

كاتێك ابو بكر بەیعەت كرا ، ئەم خەڵكانەی بەیعەتیان كرد بە ئاهەنگ بردیان بۆ مزگەوتی پێغەمبەری الله ، ابو بكر چووە سەر مینبەری پێغەمبەری الله ، وە خەلك تاوەكو شـەو بەیعەتیان پێی دا، وە تاوەكو شـەوی سێشـەممە بە بەیعەت سـەرقاڵ بوون

ابو بكر لە مزگەوت ووتارێك پیشكەش بە خەڵك دەكات

دلائل النبوة للبيهقی ج٧ لاپەرە ٢١٥ وە الطبقات الكبرى لابن سـعد ج ٢ لاپەرە ٢٦٧ فەرموودەیەك هاتووە كە دەڵێت

ابو بكر گوتی : ئەوەی الله دەپەرسـتێت ئەوا الله زیندووە و نامرێت وە ئەوەی محمدی دەپەرست ئەوا محمد مرد ، ئینجا گوتی تۆ مردوویت وە ئەوان دەمرن

**إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ** (ئایەتی ٣٠ سورەتی الزمر)

عومەر گوتی ئەی ابو بكر ئەوە لە قورئاندا هەیە؟ ابو بكر گوتی بەڵێ

وە الیعقوبی لە تاریخ الیعقوبی ج٢ لاپەرە ١٢٦ دەڵێت

وبلغ أبا بكر وعمر أن جماعة من المهاجرين والأنصار قد اجتمعوا مع علي بن أبي طالب في منزل فاطمة بنت رسـول الله، فأتوا في جماعة حتى هجموا الدار، وخرج علي ومعه السـيف، فلقيه عمر، فصارعه عمر فصرعه، وكسر سـيفه، ودخلوا الدار فخرجت فاطمة فقالت: والله لتخرجن أو لأكشفن شعري ولا عجن إلى الله! فخرجوا وخرج من كان في الدار وأقام القوم أياما.

وە هەواڵ هات بۆ ابو بکر وعومەر کە کۆمەڵێك لە کۆچکردووەکان و ئەنسارەکان لەگەڵ عەلی کوڕی ابی تالب لە ماڵی فاتیمەی کچی پێغەمبەر کۆبوونەتەوە ، عومەر لەگەڵ کۆمەڵێك پیاو هات و هیرشیان کردە سەر ماڵەکە ( ماڵی فاتیمە)، عەلی بە شمشێرەوە هاتە دەرەوە ، عومەر ڕوی بە ڕوی بۆوە و شمشێربازیان کرد ، شمشێرەکەی عەلی شکا ، ئینجا عومەر و پیاوەکانی چوونە ژوورەوە ، فاتیمە هاتە دەرەوە و گوتی : سوێند بە اڵلە یان دەچنە دەرەوە وە یان قژم نیشان دەدەم. ئەوەبوو لە ماڵەکەی دەرچوون.

وە امام قتیبة الدینوری لە پەرتوکی الامامة و السیاسة ج١ لاپەرە ١٥ دەڵێت:

ئینجا عەلی کوڕی ابی تالب هێنرا بۆ لای ابو بکر وە دەیگوت : من بەندەی الله و برای پێغەمبەری اللهم . پێیان گوت دەی بەیعەت بە ابو بکر بدە . گوتی من شایستەترم بەم پۆستە، بەیعەتتان پێ نادەم ، ئێوە دەبێت بەیعەت بە من بدەن ، ئەم پۆستەتان لە ئەنسارەکان وەرگرت بە بیانوی ئەوەی ئێوە نزیکن لە پێغەمبەری الله وە بە زۆری لە ئێمەی کەس و کاری پێغەمبەر دەسێنن؟

عومەر گوتی وازت لێناهێنین تاوەکو بەیعەت نەدەیت. عەلی گوتی ئەی عومەر سوێند بە الله قسەکەت قبوڵ ناکەم و بەیعەت بە ابوبکر نادەم.

ابوبکر گوتی ئەی عەلی ئەگەر بەیعەتیشم پێ نەدەیت ئەوا ڕقم لێت نابێتەوە. ابو عبیدة الجراح گوتی ئەی ئامۆزا تۆ تەمەنت بچوکە وە ئەوانە گەورە پیاوانی قەومەکەتن، وەك ئەوانە ئەزمونت نی یە و ئاشنایەتیت بە بابەت و کێشەکان نی یە، وە ابو بکر لەم بابەتانە لە تۆ بەهێزترە، لەبەر ئەوە خلافەت بۆ ابو بکر جێبهێلە، وە ئەگەر ژیاییت و تەمەنت درێژ بوو ئەوا نۆرەی تۆش دێت.

عەلی گوتی ئەڵا ئەڵا ئەی پیاوانی کۆچ کردوو ، دەسەڵاتی محمد کە لە ناو عەرەبدا هەیەتی لە ماڵەکەی دەرمەهێنن و بۆ ماڵەکانی خۆتان و بۆ خۆتان ببەن وە پلە و پایەی کەس و کارەکەی لە ناو خەڵکدا وەلاوە مەنێن.سوێند بە الله ئەی پیاوانی کۆچکردوو ئێمە شایستەترین بە خلافەت چونکە ئێمە لە خانەوادەی پێغەمبەرین ( اهل البیت).

وە ئیمام قتیبة الدیوری لە لاپەرە ١٦ پەرتوکەکەی دەڵێت:

ابوبکر زانی کۆمەڵێك پیاو لەگەڵ عەلی لە ماڵی فاتیمە کۆبوونەتەوە ، عومەری بۆیان نارد ، عومەر هات و لەبەردەم ماڵی عەلی ( فاتیمە) بانگی کردن، رەتیان کردەوە بێنە دەرەوە ، عومەر داوای داری کرد و گوتی : ســوێند بە الله یان دێنە دەرەوە یان ماڵەکەتان بەسەردا دەسوتێنم ، بە عومەریان گوت: ئەی باوکی حفص ، فاتیمە لە ناو ماڵەکەیە، گوتی : با فاتیمە لە ماڵەکەدا بێت. ئەوەبوو پیاوەکان هاتنە دەرەوە تەنها عەلی نەبێت ، وە چوون بەیعەتیان بە ابو بکر دا . وە دەڵێن عەلی گوتی : ســوێندم خواردووە کە لە ماڵەوە نەیەمە دەرەوە تاوەکو قورئان کۆنەکەمەوە. فاتیمە هاتە بەر دەرگا و گوتی : پابەندی خەڵکانێك نابم کە بە شێوەیەکی زۆر خراپ و ناشیرین لەبەردەم ماڵەکەم ئامادە دەبن ، تەرمی پێغەمبەری اللهتان وازلێهێنا و خەریکی یەکلاکردنەوەی خلافەت بوون لە نێوان خۆتاندا.

عومەر گەڕایەوە بۆ لای ابو بکر وە گوتی عەلی بەیعەت نادات . ابوبکر، عومەر و کۆمەڵێك پیاوی ناردەووە بۆ ماڵی فاتیمە ، هاتن و لەدەرگایان دا ، کاتێك فاتیمە گوێی لە دەنگیان بوو ، پڕ بە دەنگی هاواری کرد : ئەی باوکە ئەی پێغەمبەری الله ســەیرکە لە دوای تۆ کوڕی خەتاب ( عومەر) و کوڕی قحافة (ابوبکر) چیم لێدەکەن.کاتێك خەڵك گوێیان لە دەنگی فاتیمە بوو دەســتیان بە گریان کرد و ڕۆیشــتن. عومەر و پیاوەکانی مانەوە تاوەکو عەلی چووە دەرەوە ، گرتیان و لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ لای ابوبکر وە گوتیان بەیعەت بدە ، گوتی ئەی ئەگەر بەیعەت نەدەم چی دەکەن؟ گوتیان ســوێند بەم خودایەی کە هیچ خودایەك نی یە تەنها خۆی نەبێت لە ملت دەدەین

امام قتیبة الدینوری دەڵێت:

فاتیمە چوو خۆی پاڵ خســت لەســەر گۆڕی باوکی و هاواری کرد ، دەگریا و بانگی کرد: ئەی باوکە قەومەکەت ستەمیان لێ کردم وە خەریك بوو بمکوژن.

وە هەروەها دەڵێت : دوای ئەوەی عەلی ناچار بوو کە بەیعەت بە ابوبکر بدات ، ابو بکر گوتی با بچین بۆ لای فاتیمە تورەمان کردووە. ابو بکر هات بۆ لای ، فاتیمە ســەیری نەکردن و ڕوی خۆی لە دیوار کرد. ابوبکر گوتی ئەی خۆشــەویســتەکەی پێغەمبەری الله ، سوێند بە الله تۆ لامەوە لە عائیشة خۆشەویستریت وە خۆزگەم دەکرد ئەو ڕۆژە بمرم کە تیایدا باوکت مرد.

دەڵێت: فاتیمە داوای بەشـە میراتی باوکی کرد ، ابو بکر گوتی ئەم بەشـە میراتەی کە مافی خۆتە پێمدەدایت بەڵام گوێم پێغەمبەری الله  بوو گوتی ( لا نورث ، ما ترکناه هو صدقة) واتە  ( ئێمە میرات گرەوەمان نابێت ، ئەوەی هەمانە دەبێت بە صدقە)
وە الشهرستانی لە الملل و النحل لاپەرە ٥١ دەڵێت
عومەر لە رۆژی بەیعەت  لە سکی فاتیمەی دا و فاتیمە منداڵێکی لەبەرچوو. عومەر هاواری دەکرد : ماڵەکەیان بەسەردا بسوتێنن.
وە الطبری لە تاریخ الرسل و الملوك ج٣ لاپەرە ٢٠٢ دەڵێت:
عومەر هات بۆ ماڵی عەلی ، وە طلحة و الزبیر و هەندێك لە پیاوانی کۆچکردوو لە ژوورەوە بوون ، عومەر گوتی ســوێند بە الله یان بەســەرتاندا دەســوتێنم وە یان دەبێت بێنە دەرەوە و بەیعەت بدەن، الزبیر بە شمشێرەوە هاتە دەرەوە ، ساتمەیەکی کرد و شمشێرەکە لە دەستی بەربۆوە ، گرتیان و بردیان بۆ بەیعەت دان.
وە ابن ابي شيبة لە المصنف ج٧ لاپەرە ٤٣٣ ژمارە ٣٧٠٣٤ دەڵێت:
کاتێك بەیعەت بە ابوبکر درا ، عەلی و الزبیر دەچوون بۆ ماڵی فاتیمە بۆ ئەوەی پرس و راوێژی پێ بکەن ، کاتێك عومەر بەمەی زانی ، هات بۆ لای فاتیمە و گوتی : ئەی کچەکەی پێغەمبەری الله ،ســوێند بە الله هیچ کەســێك بە قەد باوکت لامانەوە خۆشــەویســت نی یە ، وە هیچ کەسـێك بە قەد تۆ لە دوای باوکت ، لامانەوە خۆشــەویســت نی یە، بەڵام ئەوە رێگام لێناگرێت ماڵەکەت بەســەردا بسوتێنم ، ئەگەر ئەم پیاوانە لە ماڵەکەت کۆبوونەوە بکەن.
ابن عبد ربە لە العقد الفريد ج٥ لاپەرە ١٣ دەڵێت:
عەلی و العباس و الزبیر و سـعد بن عبادة بەیعەتیان بە ابو بکر نەدا . کاتێك عەلی و العباس و الزبیر لە ماڵی فاتیمە دانیشــتبوون ، ابو بکر ، عومەری کوڕی خەتابی بەدوایاندا نارد بۆ دەرچوون لە ماڵی فاتیمە و بەیعەت دان ، وە ابوبکر  بە عومەری گوت ئەگەر سەرپێچیان کرد ئەوا شەڕیان بکە ، عومەری کوڕی خەتاب بە ئاگرەوە هات وە نیازی وابوو کە ماڵەکەیان بەسـەردا بسـوتینێت . فاتیمە گوتی ئەی کوڕی خەتاب هاتوویت ماڵەکەم بسـوتێنیت؟ عومەر گوتی بەڵێ ئەگەر نەیەن و بەیعەت نەدەن.
البلاذری لە انساب الاشراف ج١ لاپەرە ٥٨٦ ژمارە ٦٩٤ دەڵێت:

ابوبکر به دوای عەلی نارد کە بچێت بەیعەت بدات بەڵام عەلی نەچوو . عومەر بە ئاگرەوە هات ، وە فاتیمە لەبەردەم دەرگا وەستا و گوتی : ئەی کوڕی خەتاب دەبینم بە ئاگرەوە لەبەردەم ماڵەکەمیت و دەتەوێت بیســوتێنیت؟ عومەر گوتی بەڵێ وە ئەوەیان ( ئاگر) بەهێزترە لەوەی باوکت هێناویەتی ( قورئان ) .

وە البلاذری لە اسناب الاشراف ج١ لاپەرە ٥٨٧ دەڵێت

ابن عباس گوتی کاتێك علی بەیعەتی بە ابوبکر نەدا و لە ماڵەوە دانیشت ، ابو بکر ، عومەری بە دوای علی نارد ، وە بو عومەری گوت بە زەبر و زەنگ بیهێنە بۆ ئەوەی بەیعەت بدات.

الیعقوبی لە تاریخ الیعقوبی ج٢ لاپەرە ١٢٦ دەلێت:

ثم جعل الواحد بعد الواحد يبايع، ولم يبايع علي إلا بعد ســتة أشــهر وقيل أربعين يوما

ئینجـا ( ئەوانەی لەگەل عەلی بوون ) یەك لە دوای یەك وایـان لێكرا بەیعەت بدەن، بەڵام عەلی بەیعەتی نەدا تاوەکو ٦ مانگ تیپەڕ نەبوو وە هەندێك دەڵێن لە دوای ٤٠ رۆژ بەیعەتی بە ابو بکر دا.

خەلیفەی یەکەمی ئیمانداران بەم شــێوەیە دیاری کراوە. ئەمە جگە لە گاڵتەجاری شــتێکی تر نییە . وە هەروەك بەڵگەکان ئاماژەیان کرد : چوار بنەماڵە لە ململانێ و ناکۆکیان بوون لە پێناو بە دەســتەوە گرتنی دەســەڵات : بنی زهرة ، بنی امیة ، بنی تمیم ، بنی هاشم

وە عومەر خۆی بە بنی تمیمەوە هەڵواســیبوو، چونکە عومەر داپیرە و بـاپیرەی حەبەشین وە ئەسلی قورەیشی نییە.

وە لە دەمەتەقێکاندا ڕونە کە باسەکە سەبارەت بە دەسەلاتی عەرەبی بووە.

عومەری کوڕی خەتـاب لە پێنـاو بەدەســتەوە گرتنی دەســەلات هەموو کارێکی نائەخلاقی کردووە وەك

١-هەرەشە و لێدان و کوشتن

٢-ئازار و ئەشکەنجەی جەسەدی و سایکۆلۆجی فاتیمە

لە صحیح البخاری کتاب فضائل الصحابة باب مناقب فاطمة علیها السلام ژمارە ٣٥٥٦ هاتووە محمد صلعم گوتویەتی

فاتیمە پارچەیەکە لە من ئەوەی تورەی بکات ئەوا منی تورە کردووە
وە لە صحیح مسلم کتاب فضائل الصحابة باب مناقب فاطمة علیها السلام ژمارە ٤٤٨٧ هاتووە محمد صلعم گوتویەتی
ئەی فاتیمە رازی نابیت کە ببیت بە گەورەی ژنانی ئیمانداران وە یان گەورەی ژنانی ئەم میللەتە.
وە لە دوای مردنی محمد فاتیمة بە ماوەیەکی کەم دەمرێت.
ابن حجر لە فتح الباری ج٧ لاپەرە ٨١-٨٢ دەڵێت:
فاتیمە لە ســاڵی ١١ کۆچی ٦ مانگ لە دوای پێغەمبەر مرد. وە دەڵێن ٨ مانگ وە دەلێن ٣ مانگ وە دەڵێن ٢ مانگ وە دەڵێن ١ مانگ دواتر مرد
٣-ابوبکر و عومەر فەرموودەیەك دروست دەکەن ، بە فاتیمة دەڵێن میراتت نابێت بەڵام ئەوەی سەیرە قورئان دەڵێت پیغەمبەران میراتگریان دەبێت
ئایەتی ١٦ سورەتی النمل دەڵێت:
وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُودَ
وە سلێمان میراتگری داود بوو
٤-بە هۆی ململانێی گەیشــتن بە دەســەڵات ،عومەر و ابو بکر نە لە کاتی مردنی محمد وە نە لە کاتی شــۆرینی وە نە لە کاتی لە کفن نانی وە نە لە کاتی لە گۆڕ نانی ئامادە نەبوون
٥-عومەر دەڵێت ئاگر بەهێزترە لەوەی محمد هێناویەتی
تەمەنی دەسەڵاتەکەی ابو بکر تەنها دوو ساڵ و ٦ مانگ دەبێت دواتر ژەهر خوارد دەکرێت و دەمرێت
ابن سعد لە الطبقات الکبری ج٣ لاپەرە ١٩٨ دەڵێت:
أن أبا بكر والحارث بن كلدة كانا يأكلان خزيرة أهديت لأبي بكر فقال الحارث لأبي بكر ارفع يدك يا خليفة رسول الله والله إن فيها لسم سنة وأنا وأنت نموت في يوم واحد قال فرفع يده فلم يزالا عليلين حتى ماتا في يوم واحد
ابو بکر و الحارث بن کلدة ( خزيرة) ( گۆشــت و دانەوێڵە)یان خوارد کە بە دیاری هـاتبوو بۆ ابوبکر ، الحـارث بن کلـدة گوتی دەســتـت هەڵبگرە ئەی خەلیفەی

ئیمانداران ، ســـوێند بە الله  ژەهری تێدایە ، وە من و تۆ لە هەمان رۆژدا دەمرین ، ئەوەبوو هەردووکیان نەخۆش کەوتن تاوەکو لە هەمان رۆژدا مردن

وە الطبری لە تاریخ الرسـل و الامم ج٣ لاپەرە ٤١٩ ، السـیوطی لە تاریخ الخلفاء لاپەرە ٦٥ وە ابن اثیر لە اسد الغابة ج ٣ لاپەرە ٢٢٣ ، ئاماژەیان بوە کردووە کە ابو بکر ژەهر خوارد کرا و مرد.

ابن شـبة النمیري لە تاریخ المدینة ج٢ لاپەرە ٦٧٨ وە ابن الجوزی لە مناقب عمر بن الخطاب لاپەرە ٦٠  وە ابن سعد لە الطبقات الکبری ج٣ لاپەرە ٢٠٨ دەڵێن:

کاتێك پێغەمبەر مرد، بە ابوبکریان دەگوت خەلیفەی پێغەمبەری الله بەلام کاتێك ابوبکر مرد ، بە عومەریان گوت : خلیفة خلیفة رســـول الله  ( خەلیفە خەلیفەی پێغەمبەری الله ؟) ، عومەر گوتی ( ان هذا لکثیر ) واتە ( ئەوە زۆرە بۆ من ؟) بەڵام ئەگەر من مردم و کەسـێکتان لە شـوێنی من دانا ئەوا پێی دەڵێن خەلیفە خەلیفەی پێغەمبەری الله . ئینجا گوتی دەی  ئێوە ئیماندار و من ئەمیری ئیمانداارنم ، بەم شێوەیە نازناوی خۆی گۆری بۆ ئەمیری ئیمانداران.

واتە : بەلای خەڵکەوە سەمەرە و نامۆ بووە کە بە عومەر بڵێن خەلیفەی پێغەمبەری الله    ( خلیفة رســـول الله) چونکە خلیفە واتە جێگرەوەی پێغەمبەر . وە عومەر دەلێت :بۆ نازناوی خەلیفە بۆ من بە زۆر دەزانن ( واتە نازناوەکە لە ئاســـتنی مندا نییە) ؟  لەبەرئەوە عومەر نازناوی ئەمیری ئیمانداران هەڵدەبژێرێت.

کاتێك عومەر دەبێت بە ئەمیری ئیمانداران و دەچێت بۆ دیمشق ، بیلالی حەبەشی دەیبینێت وە بیلال گاڵتەی دێت عومەر ئەمیری ئیماندارانە

المصـنف لابن ابی شـیبة ج١٨ لاپەرە ٣١٩ کتاب البعوث و السـرایا ژمارە ٣٤٥٣٧ دەڵێت:

بیلال حەبەشی هات بۆ لای عومەر کاتێك لە شـــام بوو وە ئەمیری ســـوپاکان لە دەورەی دانیشتبوون ، بیلال گوتی : ئەی عومەر ، عومەر گوتی من عومەرم ئەوەتام ، بیلال گوتی تۆ لە نێون ئەوانەن و اللهیت، وە لە نێوان تۆ و الله هیچ کەسێك نییە ، ســـەیری راســـتەی خۆت بکە وە ســـەیری چەپەی خۆت بکە وە ســـەیرکە کێ لە پێشـــتە و کێ لە پشـــتە ، ســـوێند بە الله ئەوانەی دەوروبەرت هیچ شـتێك ناخۆن تەنها گۆشتی باڵندە نەبێت. عومەر گوتی راست دەکەیت.

بیلال بەلایەوە سەیر بووە کە عومەری کوڕی خەتاب بووە بە ئەمیری ئیمانداران
وە ژنێك بە ناوی خولة کچی حکیم ( خولة کچی مالك کوڕی ثعلبە ) دەڵێت لە عمیری شوان بوو بە عومەری ئەمیری ئیمانداران

الاستیعاب لمعرفة الاصحاب لابن عبدالبر کتاب النساء وکناهن باب الخاء (خولة بنت ثعلبة) ج٤ لاپەرە ١٨٣١ دەڵێت:

قتادە گوتی : عومەر لە مزگەوت دەرچوو ، الجارود العبدی لەگەڵدا بوو ، ژنێك لە سەر رێگا بەدیارکەوت ، عومەر سڵاوی لێ کرد وە ژنەکە وەڵامی دایەوە ، ژنەکە گوتی

هیهات یا عمر ( هاوار هاوار ئەی عومەر) ، تۆم بینی ، بە عومەیر بانگیان دەکردیت و بە دارەکەت مەڕت دەلەوەڕاند لە بازاری عوکاز ( عکاظ) ، رۆژگار نەرۆیشت ناویان لێنایت عومەر ، ئینجا رۆژگار نەرۆیشت تاوەکو ناویان نایت ئەمیری ئیمانداران ، لە الله بترسە بەرامبەر بە خەڵك ، وە بزانە ئەوەی لە بەڵێن ( رۆژی قیامەت) بترسێت ئەوا دووری لێ نزیك دەبێتەوە وە ئەوەی لە مەرگ بترسێت ئەوا لە سات دەترسێت. الجارود گوتی ئەی ژن زۆر زمان درێژیت کرد بەرامبەر بە ئەمیری ئیمانداران ، عومەر گوتی وازی لێبێنە ئەوە خولة کچی حکیمە ژنی عبادة بن الصامت ، ئەوەی الله لە سەرەوەی ئاسمانی حەوتەمەوە گوێی لە دەنگی بوو

قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ (ئایەتی ١ سورەتی المجادلة)

عەرەب : عومەیر لە شوێنی عومەر بەکار دەهێنێت وەك سوکایەتی وە وەك بچوکردنەوەی کەسەکە

دەرەنجام :

عومەری کوڕی خەتاب بۆ یەك سات بڕوای بە پێغەمبەرایەتی محمد نەبووە وە ئەگەر گریمان کە بڕوای هەبووبێت ، ئەوا مونافیق بووە . عومەر کەسێك بووە کە هەموو کارێکی نائەخلاقی کردووە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

## جەهل و نەزانی عومەر بە قورئان و سونە

محمد صلعم لە فەرمودەیەکدا دەڵێت عومەر پێغەمبەر نییە بەڵام لە هەمان کاتدا لە مەقام و ئاستی پێغەمبەردایە وە فریشتەکان ووتە دەخەنە سەر زمانی عومەر
صـــحیح البخاری کتاب فضـــائل الصـــحابة باب مناقب عمر بن الخطاب ژمارە ٣٤٨٦ محمد صلعم گوتویەتی :

لقد كان فيما قبلكم من الأمم محدثون فإن يك في أمتي أحد فإنه عمر

پێش ئێوە میلەتان هەبوون  کە نوێکەرەوەیان تیادا بوو ، ئەگەر لە میلەتەکەی من هەبێت ئەوا عومەر دەبێت

ابن حجر لە فتح الباری ج٧ لاپەرە ٤٠-٤١ دەڵێت :

( محـدثون ) هو رجل الصـــادق الظن  وهو من ألقى في روعه شئ من قبل الملا الاعلى   واتە پیاوێکی راسـتگۆ کە تێڕوانینەکانی ڕاسـتن وە فریشـتەیەك لە دەسـتەی باڵای فریشتەکان  شتێك دەخاتە ناخیەوە

وقيل من يجري الصواب على لسانه من غير قصد وقيل مكلم أي تكلمه الملائكة بغير نبوة

وە دەڵێن واتە راسـتی لە زمانیەوە دێتە دەرەوە بێ ئەوەی مەبەسـتی بێت وە دەڵێن قسەی لەگەڵدا دەکرێت واتە : فریشتە قسەی لەگەڵدا دەکات بێ ئەوەی پێغەمبەر بێت.

المحدث الملهم بالصواب الذي يلقي على فيه

عائیشـــە گوتویەتی : واتە قســـەکەرێك کە ئیلهامی دەخرێتە ســـەر زمانی و ڕاســـت دەڵێت

الصالی الشامي لە سبل الهدی و الرشاد ج ١١ لاپەرە ٢٦٩ دەڵێت:

ابن عدي و ابو نعیم لە "فضـائل الصـحابة" و الدلیمي و ابن عسـاکر دەگێڕنەوە کە ابن عباس گوتویەتی پێغەمبەری الله فەرمووی :

ما في السماء ملك إلا وهو يوقر عمر، ولا في الأرض شيطان إلا وهو يفر من عمر

لە ئاسماندا هیچ فریشتەیەك نییە کە هاوڕا نەبێت لەگەڵ عومەر وە لە زەویدا هیچ شەیتانێك نییە کە لە عومەر ڕانەکات.

بە کورتی واتە ئیسلام تەنها یەك پێغەمبەری نییە بەڵکو دوو دانەی هەیە کە محمد و عومەرن.
بەڵام کاتێك لە کار و کردەوەکانی عومەر ووردەبیتەوە دەبینێت کەسێکی جاهیل و نەزان بووە بە قورئان و سونە وشەریعەت.

عومەر ١٢ ساڵ خەریك بووە تاوەکو توانیویەتی سورەتی البقرة لەبەر بکات وە کاتێك لەبەری کردووە لە خۆشیان چەندها وشتری سەر بڕیوە.
لە شرح الزرقاني على موطا الامام مالك کتاب الصلاة باب ما جاء في سجود القران ج٢ لاپەرە ٢٧ هاتووە:
ابن عمر قال : تعلم عمر البقرة في اثنتي عشرة سنة فلما ختمها نحر جزورا
ابن عمر ( کوڕی عومەری بن الخطاب) گوتویەتی : عومەر کوڕی خەتاب بە ١٢ ساڵ فێرە سورەتی البقرة بوو وە کاتێك ( سورەتی البقرة) ی تەواو کرد چەندەها وشتری سەربڕی.
چەند نمونەیەك سەبارەت بە نەزانی و جەهلی عومەر بە قورئان و سونە:
یەکەم : ئایەتی ٣٠ سورەتی الزمر ( تۆ مردوویت و ئەوان مردوون)
لە دلائل النبوة للبيهقي ج٧ لاپەرە ٢١٥ وە الطبقات الكبرى لابن سعد ج ٢ لاپەرە ٢٦٧ فەرموودەیەك هاتووە کە دەڵێت
ابو بکر گوتی : ئەوەی الله دەپەرستێت ئەوا الله نامرێت و زیندووە وە ئەوەی محمدی دەپەرست ئەوا محمد مرد ، ئینجا گوتی تۆ مردوویت و ئەوان دەمرن .
إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ (ئایەتی ٣٠ سورەتی الزمر)
عومەر گوتی ئەی ابو بکر ئەوە لە قورئاندا هەیە؟ ابو بکر گوتی بەڵێ
ئەم دەقە وەك ئایەتێکی ژمارە ٣٠ سورەتی الزمر لە قورئاندا هەیە ، وە ئەم ڕوداوە یەکێك لە دوو راستی دەسەلمێنێت :
١-عومەر نەیزانیووە چونکە لە بنەڕەتەوە ئایەتێکی قورئان نەبووە بەڵام ئیستا لە قورئاندایە.واتە ووتەیەك کە ابو بکت کردوویەتی لە قورئاندا هەیە
٢-ئایەتێکی قورئان بووە بەڵام عومەر بە هۆی جهل ونەزانی بە قورئان نەیزانیووە

عومەر بە هۆی جهلی بە قورئان وایزانیووە محمد نامرێت وە کاتێك محمد مردووە گوتەیەتی هەرگیز نـامرێـت بەلکو وەکو موســا چـل شــەو بۆ لای خوداکەی بەرزکراوەتەوە و دەگەڕێتەوە ، وە ڕێگایان گرتووە بنیژرێت تاوەکو العباس گوتویەتی ئێوە جـارێك دەمرن بەلام پێغەمبەر دەبێت اللهکەی دووجـار بیمرێنێت. لەگەل ئەوەش ئایەتێکی ڕۆشن لە قورئاندا هەیە کە دەلێت محمد دەمرێت

دووەم: ئایەتی ١٤٤ سورەتی ال عمران ( ئەگەر بمرێت یان بکوژرێت)

**وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُــولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُــلُ ۚ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَىٰ أَعْقَابِكُمْ**

وە محمد تەنها پێغەمبەرێکە وەك پێغەمبەرانی تری پیش خۆی ، ئەگەر مرد یان کوژرا ئەوا رادەکەن و لە ئیسلام هەلدەگەرێنەوە.

ئەم دەقە کە دەلێت محمد دەکوژرێت یان دەمرێت زۆر ڕۆشــنە بەلام لەبەر ئەوەی عومەر جاهل بووە بە قورئان وایزانیووە کە محمد نابێت بمرێت.

سێهەم :ئایەتی ٢٠ سورەتی النساء ( قەنتەرەیەك لە مارەیی)

وَإِنْ أَرَدتُّمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا

وە ئەگەر ویســتتان ژنێك بە ژنێکی تر بگۆڕنەوە وە قەنتارتان وەك مارەیی پێیاندا ئەوا هیچیان لێ وەرمەگرنەوە

قنطار = یەك رەتل = نزیك بە ٥٠٠ کیلۆ

المبارکفوری لە تحفة الاحوذی ج٤ لاپەرە ٢١٥ وە محمد القاریء مرقاة المفاتیح شرح مشکاة المصابیح ج٢ لاپەرە ٢١٠٠ دەلێن :

عومەری کوڕی خەتـاب لە مینبەری مزگەوت گوتی ئەی پیـاوان زیـاتر لە ٤٠٠ درهەم مارەیی مەدەن وە هەر کەســێك زیاتر بدات ئەوا زیادەکە دەخرێتە بیت المال ، ژنێك گوتی ئەی ئەمیری ئیمـانداران نهی دەکەیت پیاوان زیاتر لە ٤٠٠ درهەم مارەیی بدەن ؟ عومەر گوتی بەلێ .ژنەکە گوتی : گوێت لە قورئان نەبووە چی دەلێت؟ عومەر گوتی : چی دەلێت؟ ئەی نەتبیســتووە کە دەلێت ( ئایەتی ٢٠ ســورەتی النســاء) ؟ عومەر گوتی اللهم بمبورە ، هەموو کەسێك لە عومەر باشـتر دەزانێت

وەعومەر گوتی : ژنێك راستی كرد و پیاوێك هەڵەی كرد
ابن كثیر لە شرۆڤەی ئەم ئایەتە باسی ئەم فەرموودەیەی كردووە و دەڵێت ابویعلی ئاماژەی پێكردووە وە دەڵێت اسنادەكەی بەهێزە ( فەرموودەیەكی بەهێزە)
چوارەم :ئایەتی ٤٣ سـورەتی النسـاء و ئایەتی ٦ سـورەتی المائدة ( خۆ پاك كردنەووە و دەست نوێژ گرتن بە خۆڵی پاك- تەیەموم)
**وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰ أَوْ عَلَىٰ سَـفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لَامَسْـتُمُ النِّسَـاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ**
وە ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سـەفەر بوون یان لە گوكردن گەڕانەوە یان لەگەڵ ژنان بەریەك كەوتن ( دەستتان بەر دەستی ژنان كەوت یان گانتان لەگەڵیاندا كرد) ئاوتان دەست نەكەوت ئەوا بە خۆڵ تیمم بكەن بە سیما و دەستەكانتان بسرنەوە
ابن عباس دەڵێت اللمس والمس والمباشرة : الجماع ( اللمس و المس و المباشرة واتە گان )
صحیح مسلم كتاب الحیض باب التیمم ژمارە ٣٦٨ دەڵێت:
پیاوێك هات بۆ لای عومەر و گوتی ئەی ئەمیری ئیمانداران من لەشم پیسە ( پیس بوونی دوای گان كردن) وە ئاو نییە ( غوسل بكەم) ، عومەر گوتی نوێژ مەكە .عمار گوتی ئەی ئەمیری ئیمانداران بەبیرت نایەت كە من و تۆ لە گروپێك دەرچووبووین ، لەشـــمان پیس بوو وە ئاومان دەســـت نەكەوت ، تۆ نوێژت نەكرد بەڵام من بە خۆڵ تیمم كرد و نوێژم كرد ، پێغەمبەری الله گوتی بەسـە كە دەسـتەكانت لە زەوی بدەیت و فو لە دەستەكانت بدەیت ئینجا دەم و چاو و دەستەكانت پێ بسڕیتەوە
واتە عومەر جاهل بووە بە تیمم و دوو دەقی قورئان و سونەتی محمد
پێنجەم : ئایەتی ١١ و ١٢ و ١٧٦ سورەتی النساء ( ئایەتەكانی میرات )
ابن عساكر لە تاریخ مدینة دمشق ج٤٤ لاپەرە ٢٨٨ دەڵێت :
عبدالله بن مســـعود گوتی عومەر هەر رێگایەكی گرتبێت ئەوا پیادەمان كردووە چونكە ئاســـان بووە ، وە دەڵێت جارێكیان پیاوێك مرد وە لە دوای خۆی ژنێك و كوڕێك (كوڕیكی منداڵ) و باوك و دایكی جێهێشـــت وە عومەر بەم شـــێوەیە میراتەكەی دابەش كرد

ژنەکە ٤/١ ، ئینجا ئەوەی مایەوە ٣/١ بۆ دایك ، ئینجا ئەوەی مایەوە دای بە باوکی پیاوەکە

واتە ئەگەر پیاوەکە :٢٤ وشـــتری هەبووبێت ، کەواتە عومەر ٦ وشـــتری بە ژن و منداڵی پیاوەکە داوە ئینجا لەم ١٨ ووشـــترەی ماوەتەوە ، ٦ ووشـــتری بە دایکی پیاوەکە داوە وە ١٢ ووشتری بە باوکی پیاوەکە داوە

ئەگەر بەگوێرەی ئایەتی ١١-١٢ دەبێت دابەش کردنەکە بەم شێوەیە بێت:

کوڕەکە دەبێت ١٣ ووشـتری بەرکەوێت ، ژنەکە دەبێت ٣ ووشـتری بەرکەوێت وە دایکەکەی ٤ ووشتری بەرکەوێت وە باوکەکەی ٤ ووشتری بەرکەوێت.

جیاوازیەکە زۆرە وە عومەر منداڵە بچوکەکەی لەگەڵ دایکی داناوە و بەشی نەداوە.

المصنف لعبدالرزاق کتاب الفرائض ج١٠ لاپەرە ٢٤٩-٢٥٠ ژمارە ١٩٠٠٥ :

الحکم بن مسعود الثقفي دەڵێت : ژنێك مرد و لە دوای خۆی مێرد و دایك و برا ( لە دایکی) وە برا ( لە باوکی) جێهێشـت ، عومەر یەك لە سـێی میراتەکەی بە براکانی لە دایکی و یەك لە سێی بە براکانی لە باوکی و یەك لە سێی بە دایکی دا. پیاوێك گوتی ئەی ئەمیری ئیمانداران فلانە سـاڵ بەم شـێوەیە دابەشـت نەکرد ، عومەر گوتی دەی ئیمرۆ وامان دابەش کرد وە ئەوکات بە شێوەیەکی تر دابەشمان کرد.

الحاکم لە المسـتدرك علی الصـحیحین کتاب التفسـیر تفسـیر سـورة المائدة ج٢ لاپەرە ٣٣٩-٣٤٠ ژمارە ٣٢٠٩ بە اسنادێکی صحیح دەڵێت:

پیاوێك هات بۆ لای ابن عباس و گوتی : ئەی ابن عباس پیاوێك مرد وە لە دوای خۆی کچێك و خوشکێکی ( خوشك لە دایك و باوك) جێهێشت . ابن عباس گوتی کچەکە نیوە میرات دەبات و خوشـــکەکە هیچ نابات . پیاوەکە گوتی عومەری کوڕی خەتاب واینەکرد بەڵکو نیوەی میراتەکەی بە کچی پیاوەکە و نیوەکەی تری بە خوشکی پیاوەکە دا. ابن عباس گوتی ئێوە یان الله باشتر دەزانن؟

وە ئاماژە بە ئایەتی ١٧٦ سورەتی النساء دەکات کە دەڵێت:

إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ

وە ئەگەر پیاوێك مرد کە منداڵی نەبوو وە تەنها یەك خوشکی هەبوو ( دایك و باوك و ژنی نەبوو) ئەوا نیوەی میرات دەبات.

کەواتە عومەر یان جاهیل بووە بە بە قورئان یان پابەندی قورئان نەبووە.

وە ناکرێت بگوترێت کە عومەر نامەبەستانە هەڵەی کردووە یان هەڵەی ژمێریاری کردووە چونکە

١-عومەر یەکێك بووە لە ١٣ پیاوە خوێندەوارەکەی مەککە

٢-ناکرێت بگوترێت نامەبەستانە هەڵەی کردووە چونکە لە هەڵەکە ئاگادار کراوەتەوە بەڵام خۆی راست نەکردۆتەوە و فەرامۆشی کردووە.

شەشەم: ئایەتی ١٥ سورەتی الاحقاف و ئایەتی ٢٣٣ سورەتی البقرة ( ماوەی دووگیان بوون و شیرەخۆری):

وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلَاثُونَ شَهْرًا ( ماوەی دووگیان بوون و شیرەخۆی ٣٠ مانگە)

الْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ( دایکان بۆ دوو ساڵی تەواو شیر بە منداڵەکانیان دەدەن)

واتە : دووگیان بوون+ شیرە خۆری = ٣٠ مانگ . وە ماوەی شیرەخۆری ٢٤ مانگە کەواتە ماوەی کەمی دووگیان بوون = ٦ مانگ

ابن قدامة لە المغني ج١٠ لاپەرە٤٦٦ ژمارە ٨٨٤٩ن وە السيوطي لە الدر المثور لە شرۆڤەی ئایەتی ١٥ سورەتی الاحقاف ئاماژەی بە فەرموودەیەك کردووە کە عبدالرزاق و ابن المنذر اخراجيان کردووە کە دەڵێت:

ژنێکیان هێنا بۆ لای عومەر کە بە ٦ مانگی منداڵی ببوو ، عومەر ویستی رەجمی بکات . عەلی بە عومەری گوت بۆت نییە ئەم کارە بکەیت ( واتە رەجمی بکەیت) چونکە قورئان دەڵێت ( ماوەی دووگیان بوون و شیرەخۆری ٣٠ مانگە) وە دەڵێت ( دایکیان بۆ ماوەی دوو ساڵ شیریان دەدەنێ) گوتی ( حول ) واتە ساڵ چەند مانگە؟ عومەر گوتی ١٢ مانگە عەلی گوتی کەواتە ٢٤ مانگ دەکاتە ٢ ساڵی تەواو ( حولان کاملان) . (واتە دەکرێت منداڵ بە ٦ مانگ ببێت) دەڵێت ژنەکە رەجم نەکرا.

واتە عومەر بە هۆی جەهلی بە قورئان ویستویەتی ژنێکی بێتاوان رەجم بکات

حەوتەم : رەجم کردنی ژنێکی زیناکەری شێت:

لە سنن سعيد بن المنصور كتاب الطلاق باب المراة تلد لستة اشهر ( ژن منداڵی دەبێت بە ٦ مانگ) ج٢ لاپەر ٩٤ ژمارە ٢٠٧٨ ، الحاكم لە المستدرك على الصحيحين كتاب الامامة و صلاة الجماعة باب رفع القلم عن ثلاث عن

المجنون المغلوب على عقله و غيره ژماره ٩٨٨ به اسـندێكی صـحيح ، مسـند احمد مسند العشرة المبشرين بالجنة مسند على بن ابى طالب ژماره ١٣٣٠ ، سنن ابى داود كتاب الحدود باب في المجنون يسرق او يصب احدا ژماره ٤٣٩٩ وه ابن حجر له فتح البارى كتاب الحدود ج١٥ لاپەرە ٦٠٨ دەڵێن:

ابي ضـبيان دەڵێت : ژنێكى زيناكەرى شـێتيان بۆ لاى عومەر هێنا ، عومەر فەرمانى كرد كە ڕەجمى ژنەكە بكەن ، عەلى ژنەكەى بينى كە كۆمەڵێك منـداڵ بە دواى كەوتبوون ، عەلى گوتى ئەوە چييە؟ گوتيان ژنێكى شــێتە و زيناى كردووە وعومەر فەرمانى كردووە كە ڕەجمى بكەين . عەلى گوتى پەلە مەكەن و لە شــوێنى خۆتان بووەســتن. عەلى هات بۆ لاى عومەر و گوتى ئەى ئەميرى ئيمانداران نازانيت كە پێغەمبەر فەرموويەتى پێنوس لەسەر ٣ كەس هەڵگيراوە : منداڵ و شێت و خەوتوو . عومەر گوتى وايە . ئەوە بوو ژنەكە ڕەجم نەكرا

كەواتە عمر بن الخطاب بە هۆى جەهلى بە ســونە ويســتويەتى ژنێكى بێتاوانى شێت ڕەجم بكات .

هەشتەم :ڕەجم كردنى ژنێكى دووگيان

عومەرى كوڕى خەتاب ويســتويەتى ژنێكى زيناكەرى دووگيان ڕەجم بكات، پيش ئەوەى منداڵەكەى ببێت.

المصنف لابن ابي شيبة ج٦ لاپەرە ٥٥٩ دەڵێت:

فضل بن كعب گوتى عومەرى كوڕى خەتاب ويستى ژنێكى زيناكەرى دووگيان ڕەجم بكات ، معاذ بە عومەرى گوت ئەگەر ڕەجمى بكەيت ئەوا گوناهى ئەو منداڵە چييە كە ســكيدايە؟ بۆچى دووكەس دەكوژيت بۆ گوناهى كەســێك؟ دەڵێت عومەرى وازى لە ژنەكە هێنا تاوەكو منداڵەكەى بوو ئينجا ڕەجمى كرد.

وە سنن سعيد بن منصور كتاب الطلاق باب المراة تلد لستة اشهر ج٢ لاپەرە ٩٤ ژمارە ٢٠٧٦ دەڵێت :

پياوێك لە ســەردەمى عومەرى كوڕى خەتاب بۆ دوو ســاڵ ســەفەرى كرد و لە ژنەكەى دوور كەوتەوە، كاتێك پياوەكە گەڕايەوە ، بينى ژنەكەى دووگيانە ، پياوەكە عومەرى كوڕى خەتابى ئاگادار كردەوە ، عومەر فەرمانى كرد ژنەكە ڕەجم بكرێت ، معاذ گوتى دەسەلاتت بەسەر ژنەكەدا دەشكێت و دەتوانيت سزاى بدەيت بەڵام

منداڵەکەی سـکی هیچ گوناهێکی نییە ، عومەر ژنەکەی بەند کرد تاوەکو منداڵێکی کوڕی بوو ، کاتێك پیاوەکە کوڕەکەی بینی گوتی : کوڕی منە کوڕی منە . خەڵك گوتیان بەداخەوە کە ژنان هیچیتر پیاوانێکی وەك معاذ یان نابێت ، ئەگەر معاذ نەبووایە ئەوا عومەر تیادا دەچوو

تێبینی : لە ئیسلامدا دەکرێت ماوەی دووگیان بوو تاوەکو ٤-٥ ساڵ بێت.

الله اعلم

عومەر بە هۆی جەهلی بە سونە ویستویەتی ژنێکی دووگیان رەجم بکات.

نۆیەم : رەجم کردنی ژنێك دەستدرێژی کراوەتە سەر

ئایەتی ١٧٣ سورەتی البقرة دەڵێت:

**فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ**

هەرکەســێك ناچاربوو ، نەك خۆی ئارەزوو بکات وە نەك ســنور ببەزێنێت ، ئەوا گوناهی ناگات

واتە : هەر کەسێك ناچار بوو کارێك بکات وە خۆی کارەکەی بە شێوەیەکی ئارەزوو مەندانە نەکرد وە سنوری نەبەزاند ، ئەوا ئەگەر ئەم کارەی کرد گوناهی ناگات

سنن سـعید بن المنصـور کتاب الطلاق باب المراة تلد لسـتة اشـهرج٢ لاپەرە ٩٦ ژمارە ٢٠٨٣ دەڵێت

ژنێك هات بۆ لای عومەری کوری خەتاب و گوتی زینام کردووە . عومەر فەرمانی کرد کە ژنەکە رەجم بکرێت . عەلی گوتی لەم ژنە بپرســە کە بۆچی زینای کردووە بەڵکەم پاساوێکی هەیە . ئەوەبوو عومەر لە ژنەکەی پرسی ، ژنەکە گوتی تینوم بوو وە ئاوم لا نەبوو ، داوام لە وشــتروانێك کرد کە شــیر یان ئاوم بداتێ ، وشــتروانکە گوتی ناتدەمێ تاوەکو رێگام نەدەیت ســێکســت لەگەڵدا بکەم ، لە ســەرەتا رەتم کردەووە بەڵام دواتر خەریك بوو بمرم بە هۆی تینویەتیەوە رێگام پێیدا . عەلی گوتی الله اکبر ، دەبینم ئەم ژنە پاساوی هەیە چونکە قورئان دەڵێت :

**فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ**

ئەوەبوو ژنەکە رەجم نەکرا

واتە : عومەر بە هۆی جەهلی بە قورئان ویستویەتی ژنێکی بێگوناه بکوژێت.

دەیەم : سورة لم یکن

هەواڵنامەی کتێب

صحيح البخارى كتاب الرقاق باب ما يتقى من فتنة المال ژماره ٦٠٧٥ ، صحيح مسلم كتاب الزكاة باب لو ان لابن ادم واديين لابتغى ثالثا ژماره ١٠٤٨ وه سنن الترمذى كتاب الزهد باب ماجاء لو كان لابن ادم واديان من مال لابتغى ثالثا ژماره ٢٣٣٧ ، مسند احمد باقى مسند المكثرين مسند انس بن مالك رضى الله عنه ژماره ١١٨١٩ و مصنف عبدالرزاق كتاب الجامع باب حب المال ژماره ١٩٦٢٤ ، سنن الدارمي كتاب الرقاق باب لوكان لابن ادم واديان من مال ژماره ٢٧٧٨ ، الطبراني المعجم الاوسط ژماره ١٢٩٣ و مجمع الزوائدو منبع الفوائد كتاب التفسير باب سورة لم يكن ژماره ١١٥١٠ دەڵێن :

ئەوەی وەك وەحی بۆ پێغەمبەری الله دابەزی سورەتێك بوو كە بەشێكی دەیگوت

**لَوْ كَانَ لِابْنِ آدَمَ وَادِيَانِ مِنْ مَالٍ لَابْتَغَى وَادِيًا ثَالِثًا وَلَا يَمْلَأُ جَوْفَ ابْنِ آدَمَ إِلَّا التُّرَابُ وَيَتُوبُ اللَّهُ عَلَى مَنْ تَابَ**

ئەگەر مرۆڤێك دوو دۆڵ پارەی هەبێت ئەوا داوای دۆڵی سێهەم دەكات وە هیچ شتێك ناخی مرۆڤ پڕ ناكات تەنها خۆڵ نەبێت وە الله دەبوورێت لە كەسێك كە داوای لێبووردەیی دەكات.

الهیثمی لە مجمع الزوائد و منبع الفوائد كتاب التفسیر باب سورة لم یكن ( سورەتی لم یكن) ژماره ١١٥١٠ بە اسنادێكی صحیح هاتووە كە ابن عباس دەڵێت: پیاوێك هات بۆ لای عومەر، داوای پارە و كۆمەكی دەكرد ، عومەر جارێكیان سەیری سیمای دەكرد جارێكیان سەیری قاچەكانی دەكرد ، بۆ ئەوەی بزانێت هەژاری پێوە دیارە ئینجا عومەر گوتی مولك و مالت چەندە ؟ پیاوەكە گوتی ٤٠ ووشتر ، ابن عباس دەڵێت گوتم الله و پێغەمبەرەكەی راستیان گوتووە: ئەگەر مرۆڤ دوو دۆڵ لە ئاڵتونی هەبێت ئەوا داوای سێهەم دەكات ، وە ناخی مرۆڤ هیچ شتێك پڕی ناكات تەنها خۆڵ نەبێت وە الله لەم كەسە دەبوورێت كە داوای لێبووردەیی دەكات. عومەر گوتی ئەوە چییە؟ گوتم ابي بن كعب بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە . دەڵێت عومەر گوتی بمبە بۆ لای ابي ، ئەوەبوو چووین بۆ لای ابي . عومەر گوتی كێ ئەم دەقەی گوتووە؟ دەڵێت ابي گوتی : پێغەمبەری الله بەم جۆرە دەیخوێندەوە . عومەر گوتی لە قورئاندا بینوسم ؟ ابي گوتی بەڵێ

الهیثمی دەڵێت احمد ئەم فەرمودەیەی گێڕاوەتەوە وە پیاوەكانی راستن.

یانزەهەم : ئایەتی رەجم
صحيح البخاری کتاب الحدود باب الاعتراف بالزنا ژمارە ٦٦٤١ ، صحيح مسلم کتاب الحدود باب رجم الثيب من الزنی ژمارە ١٦٩١ ، الزيعلی لە تخريج الاحاديث و الاثار ج٣ لاپەرە ٩٣ ، السيوطی لە الدر المنثور ج١ لاپەرە ١٠٦ :
السيوطی دەڵێت عبدالرزاق و احمد و ابن حبان فەرمودەیەکیان اخراج کردووە کە عومەری کوڕی خەتاب گوتویەتی : الله محمدی بە هەق نارد وە پەرتوکی ( قورئان) لەگەڵیدا دابەزاند وە یەکێك لەم ئایەتانەی بۆی دابەزی ئایەتی رەجم بوو، کە پێغەمبەر خۆی رەجمی بەم ئایەتە کرد وە ئێمە لە دوای ئەوە رەجممان بەم ئایەتە کرد
الزيعلی دەڵێت : عومەر دەڵێت ئایەتەکە دەیگوت :
**الشَّيْخُ وَالشَّيْخَةُ إِذَا زَنَيَا فَارْجُمُوهُمَا الْبَتَّةَ نَكَالًا مِنَ اللهِ وَاللهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ**
پیاو و ژن ئەگەر زینایان کرد ئەوا وەك سزایەکی الله سەنگەساریان بکەن وە الله عزیز و حکیمە.
وە الزيعلی دەڵێت ابن حبان لە ( صحيحەکەیدا) ئاماژەی پێکردووە وە هەروەها الحاكم لە المستدرك وە دەڵێن اسنادەکەی صحيحە، وە احمد لە مسند وە الطبرانی لە الاوسط ئاماژەیان پێکردووە. وە سنن النسائی ئاماژەی پێکردووە.
الزرقاني لە شرح الزرقانی علی موطا الامام مالك ج٤ لاپەرە ١٧٨ کتاب الحدود دەڵێت :
الزركشیـ لە البرهان دەڵێت : نوسینی ئەم ئایەتە لە قورئاندا جائیزە بەڵام قسەی خەڵك رێگر بووە
واتە ئیمام الزركشی دەڵێت پێویستە ئایەتی رەجم لە قورئانی ئێستادا بنوسرێت بەڵام ئەگەر بینوسین ئەوا خەڵك دەڵێن بزانە دەقێك بۆ ماوەی ١٤٠٠ ساڵ لە قورئاندا نەبوو ، ئێستا نوسیان
بە کورتی و بە پوختی امام الزركشی دەڵێت ئایەتی ٩ سورەتی الحجرات کە دەڵێت **إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ** ( ئێمە قورئانمان دابەزاند وە ئێمە لە دەستکاری دەیپارێزین ) قسەیەکی بێبنەما و پرو پوچە.
وە الشوكانی لە فتح القدير ج٤ لاپەرە ٢٥٩ دەڵێت :

هەوالنامەی کتێب

ئەم سەرچاوانەی ئاماژەیان بەوە کردووە کە ژمارەی ئایەتەکانی سورەتی الاحزاب بە قەد ژمارەی ئایەتەکانی سورەتی البقرة بووە یان زیاتر بووە وە ئایەتی رەجمی تیدابووە:

١-المصنف لعبدالرزاق

٢-الطيالسی

٣-سنن سعيد بن منصور

٤-زوائد المسند لعبدالله بن احمد

٥-ابن منيع

٦-سنن النسائی

٧-ابن المنذر

٨- المصاحف لابن الانباري

٩-سنن الدارقطني

١٠-المستدرك على الصحيحين للحاكم وە بە صحيحی داناوە

١١-ابن مردوية

١٢-الضياء في المختارة

وە هەروەها سنن الكبرى للبيهقی و المحلی لابن حزم ئاماژەیان پێکردووە.

وە دەڵێت فەرموودەکە دەڵێت:

زرِ دەڵێت ابي بن كعب لێی پرسیم چەند ئایەت لە سورەتی الاحزاب دەخوێننەوە ؟ گوتم ٧٣ ئایەتە ، گوتی هەرگیز هەرگیز وانییە ، من بینیم بە قەد سورەتی البقرة بوو وە یان لە سورەتی البقرة زیاتر بوو ، وە ئایەتی رەجمی تێدابوو کە دەیگوت :

**الشَّيْخُ وَالشَّيْخَةُ إِذَا زَنَيَا فَارْجُمُوهُمَا الْبَتَّةَ نَكَالًا مِنَ اللهِ وَاللهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ**

ژمارەی ئایەتەکانی سورەتی البقرة ٢٨٦ ئایەتە وە ژمارە ئایەتەکانی سورەتی الاحزاب ٧٣ ئایەتە ، کەواتە لایەنی کەم ٢١٣ ئایەت وونە.

وە السيوطی لە الدر المنثور ج١ لاپەرە ١٠٦ دەڵێت عومەر کوڕی خەتاب دەڵێت چەند ئایەتێکی تر لە قورئان وونە وەك :

یەکەم : الولد للفراش و للعاهرالحجر ( منداڵ بۆ جێگا و لەش فرۆش بۆ بەرد)

دووەم: جاهدوا كما جاهدتم اول مرة ( جیهاد بكەن هەروەك چۆن جاری یەكەم جیهادتان كرد)

سێهەم : لا ترغبوا عن ابائكم فانه كفر بكم

السـیوطی له الدر المثنور ج١ لاپەرە ١٠٦ دەڵێت ابن عمر ( عبدالله كوڕی عومەر كوڕی خەتاب ) گوتویەتی : هیچ كەسـێك نەڵێت هەموو قورئانم لەبەردەسـتە وە چوزانێت هەموو چییە ؟ قورئـانێكی زۆر وون بوو ، تەنهـا بـا بڵێـت ئەوەی پێم گەیشتووە لەبەردەستمە.

وە الطبرانی له المعجم الاسـوط ج٥ لاپەرە ٧٤ ژمارە ٦٦١٦ وە السـیوطی لە الاتقان فی علوم القران ج١ لاپەرە ٧٠ وە الهیثمی له مجمع الزوائد و منبع الفوائد كتاب التفسیر باب منه في فضل القران و من قراه ژمارە ١١٦٥٣ دەڵێن:

عومەری كوڕی خەتاب گوتی قورئان ملیۆنێك و ٢٧ هەزار پیتە ، وە هەر كەسـێك خوێندیەوە ئەوا بۆ هەر پیتێك حۆریەیەك وەردەگرێت

قورئانی بەردەست تەنها ٣٢٠٠١٥ پیتە

واتە ٧٥ ٪ قورئان وون بووە.

## عومەر نسخی ئایەت و داهێنان لە شەریعەت دەكات

عومەری كوڕی خەتاب كاتێك دەبێت بە ئەمیری ئیمانداران ڕێگا لە نوســینەوەی فەرموودەكانی محمد دەگرێت :

المتقی الهندی لە كنز العمال ج١٠ لاپەرە ٢٩٣ وە ابن عســاكر لە تاریخ مدینة دمشــق ج٤٠ لاپەرە ٥٠٠ ابراهیم بن عبدالرحمن بن عوف دەڵێت سـوێند بە الله عومەری كوڕی خەتاب نەمرد تاوەكو بە دوای یاوەرەكانی پێغەمبەری اللهی نەنارد و كۆینەكردنەوە : عبدالله بن مســعود و حذیفة و ابي درداء و ابي ذر و عقبة بن عـامر ، وە گوتی ئەم فەرموودانە چیین كە دەربـارەی پێغەمبەری الله لە هەموو شـوێنێك بڵاوتان كردۆتەوە ؟ گوتیان ڕێگامان لێ دەگریت؟ عومەر گوتی سـوێند بە الله لە من جیا نابنەوە تاوەكو لە ژیاندا بم تەنانەت ڕێگای بە عبدالله بن مســعود نەدا بچێت بۆ كوفە.

ابن حزم لە الاحكام ج٢ لاپەرە ١٣٩ دەڵێت:

عومەری كوڕی خەتـاب چووە سـەر مینبەر و گوتی : ئەی خەڵكینە ، پێم ڕاگەیاندراوە كە شــت دەنوســن ، دەمەوێت هەر هەمووی ببینم و بخوێنمەوە و رای خۆمی لەسەر بدەم . ئەم خەڵكانەی كە فەرموودەكانیان نوسیبوو وایان زانی كە عومەر دەیەوێت ســەیرێكیان بكات ، هەموویان بۆی هێنا و كۆیكردنەوە ئینجا هەموو فەرموودەكانی سوتاند

وە الحاكم لە المســتدرك علی الصــحیحین كتاب العلم باب و منهم یحیی بن ابی مطاع القرشي ژمارە ٣٤٥ ( الحاكم دەڵێت حدیث صحیح) دەڵێت عومەری كوڕی خەتاب بە ابن مسـعود و ابی درداء وابي ذر ی گوت ئەو فەرموودانە چین لەسـەر پێغەمبەر كۆی دەكەنەوە ، ئەوە بوو ڕێگای لێیان گرت وە نەیهێشــت مەدینة جێبهێڵن تاوەكو مرد.

ابن سعد لە الطبقات الكبری ج٥ لاپەرە ١٤٣ دەڵێت :

فەرموودەكان زۆر بوون لە ســەردەمی عومەری كوڕی خەتاب وە داوای كرد بۆی بهێنن ، وە كاتێك بۆیان هێنا ، هەر هەمووی سوتاند

هەواڵنامەی كتێب

ابن كثير له البداية و النهاية ج٤ لاپەره ١١٣ وكنز العمال للمتقى الهندى ج١٠ لاپەره ٢٩١ ژماره ٢٩٤٧٢ وه ابن عساكر له تاريخ مدينة دمشق ج٦٧ لاپەره ٣٤٣ دەڵێت:

السائب بن يزيد دەڵێت : گوێم له عومەرى كوڕى خەتاب بوو به ابو هريرەى گوت ئەگەر واز له فەرمووده دەهێنيت ئەوا باشــه ئەگينا دەتنێرمەوه بۆ خاكى دەوس وه به كعب الاحبارى گوت ئەگەر واز له فەرمووده دەهێنيت ئەوا باشــه ئەگينا ڕەوانەت دەكەم بۆ خاكى مەيمونەكان

تێبينى : كعب الاحبار به ئەسڵ يهودى بووه و دواتر دەبێت به ئيسلام لەبەر ئەوه عومەر پێى دەڵێت بۆ خاكى مەيمونەكان ( احفاد القردة ).

وه عومەرى كوڕى خەتاب بەشێك له شەريعەتى ئيسلامى ( قورئان و سونه) له كار دەخات و كارى پێناكات وه هەندێك داهێنان دەهێنێته ناو ئيسلامەوه.

لەم ڕێگاى ئەم كارانەى عومەرى كوڕى خەتاب ســەرپيچى چەند دەقێكى قورئان و سونەتێكى محمدى كردووه:

ئايەتى ٥٠ سورەتى المائدة دەڵێت:

**أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ**

ئايا حوكمى جاهيليتان دەوێت ، وه كێ هەيه حوكمەكەى له حوكمى الله باشـتر بێت ، بۆ خەڵكانێك كه دڵنيان له ئيمانياندا

ئايەتى ٤٤ سورەتى المائدة دەڵێت

**وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَـٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ**

وه هەر كەسێك حوكم بەوه نەكات كه الله دايبەزاندووه ، ئەوا كەسێكى كافره

وه ئايەتى ٤٧ سورەتى المائدة دەڵێت:

**وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَـٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ**

وه هەر كەسێك حوكم بەوه نەكات كه الله دايبەزاندووه ئەوا كەسێكى خراپەكاره

ئايەتى ٤٥ سورەتى المائدة دەڵێت:

**وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَـٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ**

وه هەر كەســێك حوكم بەوه نەكات كه الله دايبەزاندووه ئەوا كەســێكى بەلارێدا چووه

هەولێنامەى كتێب

ئایەتی ٢١ سورەتی الاحزاب دەڵێت:
لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا

وە بۆ ئێوە لە پێغەمبەری الله رابەرایەتیەکی جوان هەیە بۆ هەر کەسێك کە ئاواتە خوازە بە الله و رۆژی دوایی بگات وە زۆر زیکری الله دەکات

ئایەتی ٧ سورەتی الحشر دەڵێت:
**وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۖ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ**

وە ئەوەی پێغەمبەر پێتان دەدات وەریبگرن وە ئەوەی نەهیتان لێدەکات دەستبەرداری بن ، وە لە الله بترسن ، بێگومان الله لە ئەشکەنجەدا بە زەبر و زەنگە

ئایەتی ٣-٤ سورەتی النجم
**وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ**

وە محمد لە خۆیەوە قسەناکات بەڵکو قسەکانی وەحیین و بۆی دادەبەزێت

ئەم ئایەتانەی سەرەوە پێمان دەڵێن :
کە هەرکەسێك پابەند نەبێت بە قورئان و ووتەکانی محمد ئەوا فاسق و کافر و بەلاریدا رۆیشتووە.

وە لە کنز العمال في سنن الاقوال و الافعال ج١ لاپەرە ٢٦٥ ژمارە ٢٤٦٥ ، ابن حجر لە لسان الميزان ج٤ لاپەرە ٣٩٢ ژمارە ١١٩٣ محمد لە فەرموودەیەکدا دەڵێت:

من تهاون بحديثي فقد تهاون بالقران و من تهاون بالقران خسر الدنيا و الاخرة

ئەوەی فەرموودەکانم فەرامۆش بکات ئەوا قورئانی فەرامۆش کردووە وە ئەوەی قورئان فەرامۆش بکات ئەوا دونیا و قیامەتی دۆڕاندووە.

لە موطا مالك كتاب الجامع باب القدر : النهی عن القول بالقدر ژمارە ١٦٦١ هاتووە کە محمد گوتویەتی :

تركت فيكم أمرين لن تضلوا ما تمسكتم بهما كتاب الله وسنة نبيه

دوو شتم تیاتاندا جێهێشت کە بە پابەند بوونیان هەرگیز بەلارێدا ناڕۆن : پەرتوکی الله (قورئان) وە سونەتی پێغەمبەرەکەتان.

وه الحاكم له مستدرك على الصحيحين كتاب العلم باب خطبته صلى الله عليه وسلم في حجة الوداع ژماره ٣٢٤ ( به اسنديَكى صحيح) دەڵێت پێغەمبەرى الله له وتارى حجى ماڵئاوايى گوتى :

يا ايها الناس اني قد تركت فيكم ما ان اعتصمتم به فلن تضلوا ابدا كتاب الله و سنة نبيه

ئەی خەڵكینه له ناوتاندا جیمهێشتووه ، كه ئەگەر دەستی پێوه بگرن هەرگیز توشی بەلارێدا چوون نابن : پەرتوكی الله و سونەتی پێغەمبەرەكەی.

وه شيخ الالبانى له صحيح الترغيب و الترهيب وه السلسلة الصحيحة ج٤ ژماره ٣٥٥ ئاماژەی پێكردووه.

واته :

موسلمان دەبێت پابەندی قورئان و سونه بێت وه قورئان و سونه وەك یەك گرنگیان هەیه و تەواوكەری یەكن ، وه هەركەسێك پابەندی سونەت و فەرمودەكانی محمد نەبێت ئەوا پابەندی قورئان نەبووه وه هەر كەسێك پابەندی قورئان نەبووبێت ئەوا الله له رۆژی قیامەت دەڵێت بیگرن و سكه زنجیرێكی ٧٠ باسكی تێببرن.

**خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ثُمَّ الْجَحِيمَ صَلُّوهُ ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ**

(ئایەتی ٣٠-٣٢ سورەتی الحاقة)

(الله دەڵێت) بیگرن و كۆت و بەندی بكەن ، ئینجا له دۆزەخ بیسوتێنن ، ئینجا سكه زنجیرێكی ٧٠ باسكی تێببرن

من وەك دكتۆرێك پێتان دەڵێن كه كه سكه زنجیری سورەوەكرا بۆ مایسیری باشه و خراپ نییه.

وه سەبارەت به نهی كردنی داهێنان و بدعة له ئیسلامدا محمد چەندەها فەرموودەی هەیه

لێره ئاماژه به چەند فەرموودەیەك دەكەین:

صحيح مسلم كتاب الجمعة باب تخفيف الصلاة و الخطبة ژماره ١٤٣٥ وه ٨٦٧

محمد صلعم دەڵێت:

اما بعد فان خير الحديث كتاب الله وخير الهدى هدى محمد وشر الامور محدثاتها وكل بدعة ضلالة ( وه له فەرموودەیەکدا دەڵێت وکل ضلالة فی النار)

واته ئینجا باشترین ووته پەرتوکی الله یه (قورئان) وه باشترین هیدایەتکەر هیدایەتی محمده ، وه خراپترین شـــت نوێکاریه ، وه هەموو داهێنانێك ( بدعة) بەلارێدا ڕۆیشتنه وه هەموو ( ضلالەتێك) بەلارێدا ڕۆیشتنێك بۆ ناو دۆزەخه

واته به هیچ جۆرێك نابێت نوێکاری له ئایندا بکرێت وه هەر کەســێك نوێکاری بکات ئەوا بۆ ناو دۆزەخه.

وه له الاربعین النووية فەرموودەی ژماره ٥ ( که بوخاری و مســلم ئاماژەیان پێکردووه) هاتووه که محمد صلعم دەڵێت:

من احدث من امرنا هذا ما ليس منه فهو رد ( بوخاری)

هەرکەسێك نوێکاریەك له ئاینەکەمان بکات که تیایدا نییه ، ئەوا هەڵگەڕاوەیه

من عمل عمل ليس عليه امرنا فهو رد ( مسلم )

وه هەر کەســێك کارێك بکات که پەیوەندی به ئاینەکەمانەوه نییه ئەوا هەڵگەڕانەوەیه

وه الذهبی له میزان الاعتدال ج٢ لاپەره ٥٦٠ ژماره ٤٨٦٠ دەڵێت پێغەمبەری الله صلعم فەرموویەتی :

من قال في ديننا برايه فاقتلوه

هەرکەسێك قسەی له ئاینەکەمان کرد به بیروڕای خۆی ، ئەوا بیکوژن

پوخته:

واته نابێت هیچ نوێکاریەك له ئیسلامدا بکرێت ، چونکه نوێکاری ( بدعة) بەلارێدا ڕۆیشتن و ضلالەته وه هەموو ضلالەتێك بۆ ناو دۆزەخه

وه هەرکەسێك شتێکی نوێ بهێنێته ناو ئیسلام ئەوا دەبێت ڕەت بکرێتەوه

وه هەرکەسێك به بیروڕای خۆی قسەی له ئیسلام کرد ، ئەوا دەبێت بکوژرێت.

لەم برگەیەدا به چەندەها بەڵگه دەیســەلمێنین که عومەری کوڕی خەتاب چەند ئایەتێکی قورئانی نســخ کردووه وکاری پێیان نەکردووه وه داهێنانی هێناوەته ناو ئیسلامەوه وبه بیروڕاو و بۆچوونی خۆی بڕیاری داوه وکاری کردووه.

واته  دەیسـەلێنین کە عومەری کوڕی خەتاب کەسێکی کافر و فاسیق و ضال بووە وە دەبوایە موســـلمانان بیکوژن بەڵام پیرۆز نهاوەندی لە جیاتی موســـلمانان ئەم کارەی کرد.

یەکەم : امهات الولد  ( کەنیزەیەك کە دایکی منداڵە)

ابن قدامة له المغني ج١٠ لاپەره ٤٦٥  كتاب عتق امهات الاولاد ، پێناســـەی ( امهات الاولاد) دەکات و دەڵێت:

أم الولد : هي التي ولدت من سـيدها في ملكه . ولا خلاف في إباحة التسـري ووطء الاماء لقول الله تعـالى ( والـذين هم لفروجهم حـافظون الا على ازواجهم او ما ملكت ايمانهم فانهم غير ملومين ) ( المؤمنون ٥-٦) و قد كانت مارية القبطية ام ولد النبى عليه الســـلام ، و هي ام ابراهيم ابن النبي و كانت هاجر ام اســـماعيل ، سرية ابراهيم خليل الرحمن و كان لعمر بن الخطاب رضى الله عنه امهات اولاد، و كان لعلى رضى الله عنه امهات الاولاد  و لكثير من الصحابة.

دایکی منـداڵ : ئەم ژنە کۆیلەیە کە لە خـاوەنەکەی منـداڵی دەبێـت . وە هیچ ناکۆکیەك نییە کە بەدەســـت هێنانی ژنە کۆیلە ( لە کاتی جیهاد) و گاینی ژنە کۆیلە ڕێگا پێدراوە چونکە الله لە ئایەتی ٥-٦ ســورەتی المؤمنون گوتویەتی ( ئەم پیاوانەی نێوگەڵیـان دەپارێزن تەنها لە ژنەکانیـان و ژنە کۆیلەکانیـان نەبێت ، ئەوانە لۆمە نـاکرێن) ، وە ماریەی قبتی دایکی منداڵی پێغەمبەر بوو ، کوڕەکەی پێغەمبەر ، وە هـاجر دایکی ئیســـماعیل ، ژنە کۆیلەی ابراهیم خلیلی الله بوو ، وە عومەر دایکی منداڵانی هەبوو وە عەلی دایکی منداڵانی هەبوو وە زۆرێك لە یاوەرەکان.

واتە دایکی منـداڵ ( امهـات الاولاد)  ژنە کۆیلەیەکە کە منـداڵێکی لە خـاوەنەکەی دەبێت.

لە سەردەمی محمد و ابو بکر ، ڕێگا پێدراو بوو کە  پیاوێك لە دوای ئەوەی منداڵێکی لە ژنە کۆیلەیەك دەبێت ، ژنە کۆیلەکە بفرۆشـــێت. بەڵام عومەری کوڕی خەتاب ئەم کارە حرام دەکات و ڕێگا نادات پیاوان ئەم ژنە کۆیلانە بفرۆشـــن کە منداڵێکیان لێیان بووە.

هەرچەندە ئەم کارەی عومەر کارێکی باش و مرۆڤانە بووە ، بەڵام دژ بە شـــەریعەتی ئیسلامی بووە.

الحاكم ( به اسنادێکی صحیح) له المستدرك علی الصحیحین کتاب البیوع باب لا یجوز بیعان في بیع ما لا یملك ولا سـلف و بیع و لا شرطان في بیع ژماره ۲۲۳۵ ، سـنن ابن ماجة کتاب العتق باب امهات الاولاد ژماره ۲۰۱۷ وه مسـند احمد باقي مسند المکثرین مسند جابر بن عبدالله رضی الله تعالی عنه ژماره ۱٤۰۳۷ وه سنن ابی داود کتاب العتق باب في عتق امهات الاولاد : جابر بن عبدالله دەڵێت:

کنا نبیع سرارینا و امهات اولادنا و النبي صلى الله علیه وسلم فینا حي لا یری بذلك باسا

جابر بن عبدالله دەڵێت : ژنە کۆیلە و دایکی منداڵەکانمان دەفرۆشت وە پێغەمبەر لە ژیاندا بوو وە کێشەیەکی لەوەدا نەدەبینی

وە جابر دەڵێت : بعنا امهات الاولاد علی عهد رسـول الله صـلعم و ابوبکر ، فلما کان عمر نهانا فانتهینا

واتە : لە سـەردەمی پێغەمبەری الله و ابو بکر دایکی منداڵانمان فرۆشـت ، کاتێك عومەر بوو بە ئەمیری ئیمانداران نەهی لێمان کرد ئەم کارە بکەین ، ئەوەبوو هیچیتر نەمان کرد

واتە محمد بەلایەوە ئاسـایی بووە کە پیاوەکانی و یاوەرەکانی ژنانێکی کۆیلە بفرۆشـن کە منداڵیان لێیان هەبووە. بەڵام دواتر عومەر ئەم کارە قەدەغە دەکات

لەم کارەدا، ئەخلاقی عومەر بەرزتر بووە لە ئەخلاقی الله اکبر و محمد.

گرنگ ئەم کارەی عومەر سەرپێچی کاری محمد بووە. وە شەریعەتی گۆڕیووە.

دووەم : عومەر گاڵتەی بە بەردە ڕەشەکە و تەواف بە دەورەی کعبە دێت:

صحیح البخاری کتاب الحج باب ما ذکر في الحجر الاسود ژماره ۱۵۲۰ دەڵێت :

عومەر هات بۆ لای بەردە رەشـەکە ماچی کرد و گوتی : دەزانم تۆ بەردێکیت کە نە سـودت هەیە وە نە زیان ، وە ئەگەر نەمبینیایە کە پێغەمبەر ماچی کردیت ئەوا ماچم نەدەکردیت.

واتە عومەر گاڵەتەی بە بەردە رەشـەکە دێت .ئەم قسـەیەی عومەر هەموو ئەم فەرموودانە ڕەت دەکاتە کە محمد سەبارەت بە گرنگی بەردە ڕەشەکە کردوویەتی.

وە الحاکم لە المسـتدرك علی الصـحیحین کتاب اول کتاب المناسـك باب الحجر الاسود یمین الله التی صافح بها خلقه ( بەردە رەشەکە دەستە راستی اللهیە کە لە

ڕێگایەوە تەوقە لەگەل خەڵقەکانیدا دەکات) ژمارە ١٧٢٥ بە اسـنادێکی صـحیح هاتووە کە ابي سعید الخدری دەڵێت حجمان لەگەل عومەری کوڕی خەتاب کرد ، کاتێك چوو بۆ لای بەردەکە گوتی ئەی بەرد دەزانم کە تۆ بەردێکیت نە زیانت هەیە وە نە سـود ، وە ئەگەر نەمبینیـایە کە پێغەمبەر مـاچی کردیـت ئەوا مـاچم نەدەکردیت. دەڵێت عەلی کوڕی ابی طالب گوێی لەم قسـەیەی عومەر بوو و پێی گوت : بەڵێ ئەمیری ئیمـانداران ئەم بەردە زیانی هەیە و سـودی هەیە ، وە من شایەتی دەدەم کە گوێم لە پێغەمبەری الله بوو گوتی : ڕۆژی قیامەت بەردە رەشەکە دەهێنرێت کە دوو چاوی هەیە و دوو لێو و زمانێکی هەیە وە شـایەتی دەدات بۆ کەسێك کە سەردانی کردووە.

ابن حجر لە فتح الباری ج٣ لاپەرە ٣٧٠ پاساو بۆ عومەر دەهێنێتەوە و دەڵێت ابن عباس گوتی : عومەر بە بەردە رەشـەکەی گوت ئەی بەرد دەزانم کە نە زیانت هەیە وە نە سـود وە ئەگەر نەمبینیایە کە پێغەمبەر مـاچی کردیت ئەوا مـاچم نەدەکردیت

ابن حجر ئینجا دەڵێت : الطبری گوتویەتی : عومەر وایگوت چونکە خەڵك تازە وازیان لە بت پەرستی هێنابوو وە لەوە ترسابوو نەوەك خەڵکی نەزان بڵێن سەیرکەن چۆن بەردەکە مەزن و شکۆمەند دەکەن.

وە لە سنن ابو داود کتاب مناسك باب الرمل ژمارە ١٨٨٧ هاتووە وە الالبانی دەڵێت فەرموودەکە صحیحة کە دەڵێت :

زید بن اسـلم دەڵێت باوکم گێڕایەوە کە گوێی لە عومەری کوڕی خەتاب بوو لە کاتی حج گوتی : چ پیویسـت دەکات کاتێك تەواف بەدەورەی کعبەدا دەکەین ( رمل) بە هەروەلە بڕۆین و شانی راستەمان ڕوت بکەین ، ئێستا الله ئیسلامی سەرخسـت و کوفری لەناو برد ، بەلام چارمان ناچارە دەبێت ئەم کارە بکەین چونکە پێغەمبەر وایدەکرد.

لە سنن ابی داود کتاب المناسك باب الاضطباع فی الطواف ژمارە ١٨٨٤ وە مسند احمد : و من مسند بني هاشم : مسند عبدالله بن العباس بن عبدالمطلب : بداية مسند عبدالله بن العباس ژمارە ٢٧٨٣ هاتووە کە عبدالله بن العباس دەڵێت:

پێغەمبەری الله لە جعرانـة جلی حجی لەبەر کرد ، ٣ جـار بەدەورەی کعبەدا هەروەلەیان کرد و ٤ جار بە دەوریدا ڕۆیشتن

وە سنن ابی داود دەڵێت : شانی راستەیان ڕوت کرد و شانی چەپەیان داپۆشی

هەروەك لەم فەرموودانەی سـەرەوە ڕونە کە عومەر گاڵتەی هاتووە بە حج و بەردە ڕەشەکە.

سێهەم : لە کارخستنی ئایەتی ( مؤلفة القلوب)

ئایەتی ٦٠ سورەتی التوبة دەڵێت

**إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ**

داهاتی صـــەدەقە ( زەکات) بۆ خەڵکانی هەژار و دەســـت کورت و کرێکارانێکە کە کۆیدەکەنەوە و بۆ کەسـانێکە کە لە ڕێگایەوە دڵیان نەرم دەکرێت بۆ ئەوەی ببن بە ئیسلام

واتە بە شـێك لە داهات و پارەی سـەدەقە وەك بەرتیل دەدرێت بە کەسـانێکی کافر بۆ ئەوەی ببن بە ئیسـلام . عومەری کوڕی خەتاب لە سـەردەمی دەسـەلاتەکەی کە بۆ ١٠ ساڵ بەردەوام دەبێت ئەم دەقە لە کار دەخات و کاری پێناکات.

هەندێك لە سەرچاوەکان دەڵێن ابوبکر کاری بەم ئایەتە نەکرد و ئەم بەرتیلەی بڕی.

السیوطی لە الدر المنثور ج٣ لاپەرە ٢٥٢ دەڵێت:

وأخرج البخاري في تاريخه وابن المنذر وابن أبي حاتم وأبو الشيخ عن الشعبي رضي الله عنه قال: ليســت اليوم مؤلفة قلوبهم، إنما كان رجال يتألفهم النبي صــلى الله عليه وسلم، فلما أن كان أبو بكر رضي الله عنه قطع الرشا في الإسلام.

بوخاری لە پەرتوکەکەی "تاریخ" وە ابن منذر و ابن ابی حاتم و ابو الشـیخ الشـعبی گوتویانە لە ئیمرۆدا ( مؤلفة قلوبهم) نەماوە ، بەڵکو پیغەمبەر ئەم کارەی دەکرد بەرامبەر بە هەندێك پیاو بۆ ئەوەی دڵیان بۆ ئیسـلام نەرم بێت ، کاتێك ابوبکر بوو بە خەلیفە ئەم ( ڕەشوة ) بەرتیلەی بڕی.

وە الطبری لە جامع البیان في تفســیر القران وە ســنن الکبری للبیهقی کتاب قســم الصدقات باب سهم الرقاب ج ٧ لاپەرە ٣٢ ژمارە ١٣١٨٩ دەڵێت:

عینیة بن حصن هات بۆ لای عومەر بن خەتاب وە داوای پارەی کرد لە ژێر ناوی ( مؤلفة قلوبهم ) ، عومەر گوتی

الحق من ربكم فمن شــاء فلؤمن ومن شــاء فليكفر ( هەق لای خوداکەتانە هەر کەســێك ئارەزوو بکات با ئیمان بهێنێت وە هەر کەســێك ئارەزوو دەکات با کافر بێت)

الطبری دەڵێت واتە ( مؤلفة قلوبهم ) نییە.

وە الطبری دەڵێت : عامر گوتی

إنما كانت المؤلفة قلوبهم على عهد النبيّ صلى الله عليه وسلم، فلما وُلي أبو بكر رحمة الله تعالى عليه انقطعت الرشا

مؤلفة قلوبهم لە سەردەمی پێغەمبەر بوو ، کاتێك ابوبکر بوو بە خەلیفە ، رەشوە و بەرتیلی بڕی.

ئەوەی ســەیرە محمد لە فەرمودەیەکەدا دەڵێت نەفرەت لەم کەســەی رەشــوە (بەرتیل) دەدات و رەشوە (بەرتیل) وەردەگرێت .

مسند احمد باقي مسند المكثرين مسند ابي هريرة رضي الله عنه ژمارە ٢٧٤٧٧ وە سنن الترمذی كتاب الاحكام عن رسول الله صلعم باب ما جاء في الراشي و المرتشي في الحكم ( ئەوەی هاتووە سەبارەت بەم کەسەی رەشوە دەدات و ئەم کەسەی رەشوە وەردەگرێت ) ژمارە ١٣٣٦ وە دەڵێت فەرموودەکە حسن صحيحة

لعن رسول الله صلى الله عليه و سلم الراشي و المرتشي في الحكم

پێغەمبەری الله نەفرەتی کرد لە کەسێك کە رەشوە ( بەرتیل) دەدات وە کەسێك بەرتیل وەردەگرێت

واتە محمد نەفرەتی لە خۆی و الله اکبر کردووە.

گرنگ عومەر دەقێکی قورئانی لە کار خستووە و کاری پێ نەکردووە.

چوارەم : سزای دز ( ئایەتی ٣٨ سورەتی المائدة)

**وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِّنَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ**

دەستی پیاوی دز و ژنی دز ببڕن وەك سزایەکی الله.

عومەری کوڕی خەتاب لە ســاڵی الرمادة ، ئەم دەقەی لە کار خســتووە و کاری پێ نەکردووە.

ساڵی الرمادة کۆتایی ساڵی ١٧ و سەرەتای ساڵی ١٨ کۆچی دەبێت وە بۆ ماوەی ١٠ مانگ بەردەوام دەبێت، کە وشکە ساڵی و نەهاتی دەبێت. عومەر لەم ساڵەدا کار بەم ئایەتە ناکات و دەستی دز نابڕێت.

ابن قيم الجوزية لە اعلام الموقعين عن رب العالمين ج١ لاپەرە ١٩ دەڵێت:

عومەری کوڕی خەتاب دەستبەرداری سزای دەست بڕینی دز بوو لە ساڵی ( مجاعة) برسیەتی.

هیچ دەقێکی قورئان نییە کە بڵێت نابێت دەستی دز ببڕدرێت لە کاتی گرانی و نەهاتی و وشکەساڵیدا.

واتە عومەر کاری بە دەقێکی قورئان نەکردووە.

پێنجەم : نوێژی تراویح

السيوطی لە تاريخ الخلفاء لاپەرە ٢٥٤ دەڵێت

اول من سن قيام شهر رمضان

( عمر ) یەکەم کەس بوو کە نوێژی مانی رەمەزانی کرد بە بە سونەت ( نوێژی تراویح)

ابن حجر لە فتح الباری شرح صحيح البخاری ج٤ لاپەرە ٢٩٤-٢٩٥ ژمارە ١٩٥٨ باب فضل من قام رمضان دەڵێت:

عبدالرحمن بن عبدالقاري دەڵێت شەوێك لە شەوەکانی رەمەزان لەگەڵ عومەری کوڕی خەتاب چووم بۆ مزگەوت ، بینیمان هەر کەسێك بۆ خۆی نوێژی دەکرد وە یان پیاوێك نوێژی بە کۆمەڵێك دەکرد ، عومەر گوتی من وایدەبینم گەر هەر هەموویان لە دوای پیاوێك نوێژ بکەن باشترە ، ئینجا پێداگری کرد و هەر هەموویان لە دوای ابي بن كعب کۆکردەوە ، ئینجا شەوێکی تر لەگەڵ عومەر چوومەوە بۆ مزگەوت بینیم هەر هەموویان لە دوای ابي نوێژ دەکەن ، عومەر گوتی : نعم البدعة هذه ( ئەوەیان باشترین بدعەیە)

عومەر خۆی دان بەوەدا دەنێت کە بدعەی کردووە وە محمد دەڵێت هەر کەسێك بدعە بکات ئەوا جێگاکەی دۆزەخە.

شەشەم : هەشتا قامچی لە ئەرەق خۆر

محمد به نعل و لقی دارخورما یان ٤٠ جار لێدان به قامچی سزای ئەرەق خۆرانی داوه وه ابو بکر پابەند بووه به ٤٠ لێدان بەڵام کاتێك عومەر بووه به خلیفه کردوویەتی به ٨٠ قامچی.

صـحيح البخارى كتاب الحدود باب ما جاء في ضرب شـارب الخمر ژماره ٦٣٩١ :انس بن مالك دەڵێت پێغەمبەری الله به نعل و گەڵای دارخورما له مشروب خۆری دا وه ابو بکر ٤٠ قامچی لێیدا.

صـحيح مسلم كتاب الحدود باب حد الخمر ژماره ١٧٠٦ انس بن مالك دەڵێت پیاوێکیان هێنا بۆ لای پێغەمبەری الله که ئەرەق خواردبۆوه ، پێغەمبەر ٤٠ قامچی لێیدا ، وه کاتێك ابو بکر بوو به خلیفه هەمان کاری کرد ( ٤٠ قامچی) بەڵام کاتێك عومەر بوو به ئەمیری ئیمانداران ، راوێژی به یاوەرەکان کرد ، عبدالرحمن بن عوف گوتی ٤٠ قامچی کەمه ، ئەوەبوو عومەر کردی به ٨٠ قامچی.

وه السـيوطى له تاريخ الخلفاء لاپەره ٢٥٤ دەڵێت عومەری کوڕی خەتاب یەکەم کەس بوو که ٨٠ قامچی له ئەرەق خۆر دا

واته عومەری کوڕی خەتاب سزاکەی محمدی دووقات کردۆتەوه.

حەوتەم : متعة ( گانگانۆکێی خۆشی)

السيوطى له تاريخ الخلفاء لاپەره ٢٥٤ دەڵێت :

اول من حرم المتعة ( عومەر یەکەم کەس بوو متعەی حرام کرد)

واته له سەردەمی محمد و ابوبکر حرام نەبوو بەڵام عومەر حرامی کرد.

صـحيح مسلم كتاب النكاح باب نكاح متعة ژماره ١٤٠٥ جابر بن عبدالله دەڵێت به مشـتێك خورما و ئارد له سـەردەمی پێغەمبەری الله و ابوبکر لەگەڵ ژنان راماندەبوارد تاوەکو عومەر هات و قەدەغەی کرد به هۆی بابەتی عمرو بن حريث

الدارقطنى له علل ج٢ لاپەره ١٥٦ ژماره ١٨٢ دەڵێت :عومەر گوتی

دوو متعة له سـەردەمی پێغەمبەری الله حلال بوون وه من قەدەغەیان دەکەم : متعەی ژنان و متعەی حج

صـحيح مسلم كتاب الحج باب في التعة بالحج و العمرة ژماره ١٢١٧ ابي نضرة دەڵێت:

ابن عباس فەرمانی دەکرد بە متعة وە ابن الزبیر نەهی دەکرد لە متعة . دەڵێت بە جابرم ڕاگەیاند ، جابر گوتی لە ســەردەمی پێغەمبەری الله متعەمان دەکرد کاتێك عومەر بوو بە ئەمیری ئیمانداران گوتی : الله هەرچیەکی دەویست بۆ پێغەمبەرەکەی حلالی دەکرد وە قورئان بۆی دابەزی و دەڵێت ( فاتموا الحج و العمرة لله – حج و عومەرە بۆ الله بکەن)  هەوەك الله فەرمانی پێتان کردووە بەڵام نابێت لەگەل ژنان گان بکەن ، وە هەر پیاوێك ژنێك بگێت ئەوا بە بەرد رەجمی دەکەم

لەم فەرمووودەیەدا عومەر دەڵێت من گوێ بەوە نادەم کە محمد و الله چیان حلال کردووە ، من وەك عومەری کوڕی خەتاب حرامیان دەکەم.

وە کیشــە دروســت دەبێت لە نێوان ابن عباس و عبدالله بن الزبیر ســەبارەت بە متعة ، ابن عباس بە ابن الزبیر دەڵێت بڕۆ لە دایکت بپرســە ، کاتێك ابن الزبیر لە دایکی دەپرسێت ( دایکی اسماء خوشکی عائیشەیە) دایکی پێی دەڵێت کە ابن عباس ڕاست دەکات وە بە عبداللهی کوڕی دەڵێت کە بە متعة لە دایك بووە.

الاصفهاني لە محاضرات الادباء محاورات الشعراء و البلغاء لاپەرە ٢٣٤ دەڵێت : عبدالله بن الزبیر ابن عباسی لەکەدار کرد ســەبارەت بە حلال کردنی متعة ، ابن عباس گوتی بڕۆ لە دایکت بپرســە . کاتێك لە دایکی پرسی دایکی گوتی : کوڕم تۆ منداڵی متعەیت

وە الرازی لە تفسیری ئایەتی ٢٤ سورەتی النساء دەڵێت

**فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ**

ئەی پیاوان هەر کاتێك بە نێوگەڵتان خۆشیتان لە ژنان کرد پارەکانیان پێ بدەن

الرازی دەڵێت :

و القول الثانى أن المراد بهذه الآية حكم المتعة، وهي عبارة عن أن يســتأجر الرجل المرأة بمال معلوم إلى أجل معين فيجامعها، واتفقوا على أنها كانت مباحة في ابتداء الاســلام، روي أن النبي صــلى الله عليه وســلم لما قدم مكة في عمرته تزين نســاء مكة، فشكا أصحاب الرسول صلى الله عليه وسلم طول العزوبة فقال استمتعوا من هذه النساء

واتە : قسەی دووەم : مەبەست لەم ئایەتە متعەیە ، وە متعة بریتیە لەوەی پیاوێك ژنێك بە کرێ دەگرێت بەرامبەر بە برێك پارەی دیاریکراو بۆ کاتێکی دیاریکرا و گانی لەگەڵدا دەکات ، وە هاوڕایی هەیە کە لە سەرەتای ئیسلام رێگا پێدراو بوو ، وە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر صلعم کاتێك هات بۆ مەککە ( لە دوای فتحی مەککە) و عومرەی کرد ، ژنانی مەککە خۆیان رازاندبۆوە ، یاوەرەکانی پێغەمبەر شەکوایان کرد کە ماوەیەکە گانیان نەکردووە ، پێغەمبەر گوتی بڕۆن لەگەل ئەم ژنانە ڕابوێرن و خۆشیان لێ بکەن.

وە الرازی دەڵێت الطبری گوتویەتی کە علی کوڕی ابی طالب گوتویەتی ئەگەر عومەر متعەی قەدەغە نەکردبایە ئەوا هیچ کەسێك زینای نەدەکرد .

الرازی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

قد بينا أنه لو كان مراده أن المتعة كانت مباحة في شرع محمد صلى الله عليه وسلم وأنا أنهي عنه لزم تكفيره وتكفير كل من لم يحاربه وينازعه

هەروەك ڕونمان کردەوە ئەگەر مەبەستی عومەر ئەوە بووبێت کە متعة لە سەردەمی پێغەمبەر رێگا پێدراو بووە وە ئەو قەدەغەی دەکات ، ئەوا کافر بووە وە هەموو کەسێك کافر بووە کە شەڕیان نەکردووە و ململانێیان لەگەڵدا نەکردووە.

وە عمران بن حصین دەڵێت ئایەتی متعة لە پەرتوکی الله دابەزی وە دواتر ئایەتێك دانەبەزی نسخی بکات ، وە پیغەمبەری الله فەرمانی پێمان کرد متعة بکەین وە پێغەمبەر مرد بەڵام هەرگیز نەهی لە متعة نەکرد، ئینجا پیاوێك هات ( عومەر ) بە کەیفی خۆی قسەی لەسەر متعة کرد ( واتە قەدەغەی کرد).

وە لە صحیح مسلم کتاب النکاح باب نکاح المتعة ژمارە ١٤٠٤ هاتووە عبدالله بن مسعود دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەری الله غەزومان دەکرد وە بە پێغەمبەرمان گوت خۆمان بخەسێنین ؟ پێغەمبەر قەدەغەی کرد کە خۆمان بخەسێنین و گان نەکەین وە مۆڵەتی پێمان دا کە بە کراسێك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو گان لەگەڵ ژنان بکەین ( متعة بکەین) ئینجا عبدالله ئەم ئایەتەی خوێندەوە ( ئایەتی ٨٧ سورەتی المائدة) کە دەڵێت

**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا ۚ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ**

ئەی ئیمانداران ئەم شتە نایابانە لە خۆتان حرام مەکەن کە الله بۆی حلال کردوون بەڵام سنور مەبەزێنن ، الله دەستدرێژی کەرانی خۆش ناوێت

واتە عومەری کوڕی خەتاب دەقێکی قورئانی لە کار خستووە وە حلالێکی الله اکبر و محمدی حرام کردووە.

پوختە :

عومەری کوڕی خەتاب کەسێکی کافر و فاسیق و ضال بووە. بە واتایەکی تر لە ئیسلام هەڵگەراوەتەوە دەبووایە بە دەستی موسلمانان بکوژرێت هەروەك الرازی دەڵێت. بەڵام کیشەیەك نییە پاڵەوانی مێژوو پیروز النهاوندی ئەم کارەی کرد.

عومەری کوڕی خەتاب بدعەی کردووە وە جێگای دۆزەخە

هەواڵنامەی کتێب

# ئەخلاق و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی عومەر

ابن عساكر لە تاريخ مدينة دمشق ج٤٤ لاپەرە ٧٢ ئاماژە بە فەرموودەیەکی محمد دەکات ( بە اسنديکی صحيح) :

علی بن ابی طالب گوتی پێغەمبەری الله فورمووی خۆتان لە توڕەبوونی عومەر بپارێزن چونکە الله توڕە دەبێت ئەگەر عومەر توڕە بوو

اتقوا غضب عمر ، فان الله يغضب اذا غضب عمر.

وە ابن عساكر لە ج٤٤ لاپەرە ١٣٧ دەڵێت ابي بن كعب گوتی پێغەمبەری الله فەرمووی جبرايل هات بۆ لام و ئاماژەی بە فەزلی عومەر کرد . گوتم ئەی جبرايل فەزلی عومەر لە چ ئاستێکە ؟ گوتی ئەی محمد ئەگەر بە قەد تەمەنی نوح لەگەڵتدا دابنیشم و باسی فەزڵی عومەر بکەم ئەوا تەواو نابێت.

وە ابن عساكر لە لاپەرە ٧١ دەڵێت ، پێغەمبەری الله فەرمووی کە توڕەیی عومەر شانازیە و رازی بوونی دادپەروەرییە.

هەواڵنامەی کتێب

# عومەر و گۆپاڵ و کوتەك

ئەوەی جێگای شـــەرمەزارییە لای خەلکانێکی خاوەن ئاکار و رەوشـــت ، لای موسـلمانان و ئیسـلام جێگای شـانازییە. پەرتوکەکانی مێژووی ئیسـلام و ژیاننامەی عومەری کوڕی خەتاب زۆر بە شـــانازییەوە دەڵێن عومەری کوڕی خەتاب یەکەم کەس بوو لە ئیسلام کە گۆپاڵی هەڵگرت بۆ کوتان و دارکاری کردنی خەڵك

السیوطی لە تاریخ الخلفاء لە لاپەرە ٢٥٤ دەڵێت:

هو اول من اتخذ الدرة ، وكان يقول لدرة عمر اهيب من سيفيكم

واتە عومەر یەکەم کەس بوو ( لە ئیسلام) گۆپاڵی هەڵگرت وە دەیگوت گوپاڵەکەی عومەر ترسناکترە لە شمشێرەکانتان.

دەتوانم بڵێم کەســێك ، لە منداڵ و گەورە ، ئازاد و کۆیلە ، پیاو و ژن ، نەماوە کە عومەری کوڕی خەتاب گۆپاڵی پیادا نەکیشابێت، زۆربەی کاتەکان بێهۆکار بووە.

پیاوی نامەرد هەمیشـە وایە ، کاتێك دەسـەلاتی نابێت ، ترسـنۆك و نامەردە وە لە شـەڕی ڕوبەڕوبوونەوە ڕادەکات ، بەڵام کاتێك دەسـەڵاتی دەبێت ، دەیەوێت لە ڕێگای زەبر و زەنگ قەرەبووی کەم و کوڕی کەسایەتی خۆی بکاتەوە. ئەوە عومەری کوڕی خەتابە. وە نمونەی زۆری چەشنی عومەری کوڕی خەتاب لە مێژوودا هەن

فەیلەسوفی یۆنانی یوریپیدس دەڵێت

مرۆڤی نامەرد لە جەنگ لەبەر چاو ناگیرێت ، لە جەنگدایە بەڵام لە جەنگ بەشدار نییە

شاعیری ئەلمانی جۆهان وۆلفەنگ گۆیثی دەڵێت

مرۆڤی ترسنۆك و نامەرد تەنها ئەوکاتە هەرەشە دەکات کە دەزانێت سەلامەتە

ڕەخنەگری ئەمریکی مارڤین کیتمان دەڵێت

پیاوی ترسنۆك و نامەرد تەنها ئازایە بەرامبەر بە ژن و منداڵ

عـومەری کـوڕی خەتـاب مرۆڤـێکی نـامەرد و تـرســـنۆك بـووە ، لە شـــەڕی ڕوبەڕووبوونەوەدا ڕایکردووە بەڵام کـاتێـك دەبێـت بە دەســـەڵاتـدار و ئەمیری ئیماندااران ، خەڵک نامینێت بە گۆپاڵەکەی دارکاری نەکات بۆ قەرەبووکردنەوەی ترسنۆکیەکەی و نامەردیەکەی .

ابن شبة النميرى له تاريخ المدينة ج٢ لاپەره ٦٧١ ، الشهرستانى له الملل و النحل لاپەره ١٥٤ وه ابن الجوزى له مناقب عمر بن الخطاب لاپەره ٥٠ دەڵێن:

لما حضرت ابا بكر الوفاة بعث الى عمر يستخلفه ، فقال الناس : استخلف علينا فظا غليظا

کاتێك ابوبكر له سەرەمەرگدا بوو ، به دوای عومەری نارد كه ببێت به خەلیفه وه خەڵك گوتیان : كەسێكی وشك و توند و تیژ بوو به خەلیفه.

وه ابن قتيبة الدينورى له الامامة و السياسة ج١ لاپەره ٢٢ دەڵێت عومەری كوڕی خەتاب گوتی :

ئاگادار بن شەیتانێكم هەیه جار به جارێك تورەم دەكات ئەگەر تورە بووم ئەوا خۆتان دووربخەنەوه

به راستی سەیره : بڕیار وابوو شەیتان له دەستی عومەر ڕابكات كەچی عومەر دەڵێت شەیتانێكم هەیه.

دەكرێت چەندەها پەرتوك سەبارەت به عومەری كوڕی خەتاب و گۆپاڵەكەی بنوسرێت ، لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین كه ئاماژه چەند فەرموودەیەك بكەین لەسەر ئەم كەسانەی عومەری كوڕی خەتاب داركاری كردوون.

به بەرد له پیاوێك دەدات :

له المصنف لعبدالرزاق ج١١ لاپەره ٣٣٢ ژمارە ٢٠٦٩١ وه الهيثمى له مجمع الزوائد و منع الفوائد كتاب المناقب باب ما جاء في عثمان بن حنيف ژماره ١٥٩٩٤هاتووه و دەڵێت

فأخذ عمر من البطحاء قبضة فرجمه بها، فأصاب حجر منها جبينه فشجه، فسال الدم على لحيته

کاتێك عثمان كوڕی حنيف ( كه كرێكارێكی عومەر بوو) قسەی لەگەڵ عومەری كوڕی خەتاب دەكرد ، عومەر لێی تورە بوو ، عومەر مشتێك بەردی كۆكردەووه و تێیگرت تاوەكو نێوچەوانی بریندار و لەت كرد وه خوێن به ریشیدا هاته خوارەوه.

الهيثمى دەڵێت : الطبرانى ریوایەتی كردووه وه پیاوەكانی صحيحن.

كراس لەبەر پیاوێك دەدڕێنێت:

وه له المصـــنف لعبدالرزاق ج١١ لاپەرە ٨٠ ژمارە ١٩٩٧٧ هاتووە ،ابن ســـيرين دەڵێت:
أن رجلا دخل على عمر بن الخطاب وعليه ثوب ملالا فامر به عمر فمزق عليه فطاير في ايدي الناس
پیاوێك هات بۆ لای عومەری کوڕی خەتاب کراســێکی درەوشـــاوەی لەبەردابوو ، عومەر فەرمانی کرد و خەڵك لە بەریدا دڕندایان .
معمر دەڵێت عومەر وایزانی کراسەکە ئاوریشمە ( بەڵام ئاوریشم نەبوو)
کاتێك نامەی منت بەدەست گەیشت دارکاریەکی باشی بکە:
لە کنز العمال للمتقهی الهندی ج١٠ لاپەرە ٣٠٩ ژمارە ٢٩٥٥٠ هاتووە و دەڵێت
عومەری کوڕی خەتاب بۆ ابو موســـا الاشـــعری نوسی : کاتێك ئەم نامەیەیت بەدەست گەیشت فڵانە کەس جەلد بکە ئینجا لە کارەکەی دووریبخەرەوە
خەلیفەی خورما وکراس فرۆش:
ابن شیبة النمیری لە تاریخ المدینة ج٢ لاپەرە ٢٧٠ دەڵێت:
ابن ابي بلتعة و عثمان بن عفان هاوکاربوون و بە یەکەوە بازرگانیان دەکرد وە خورمایان لە العالیة بۆ بازاڕی مدینة دەهێنا، ڕۆژێکیان عومەر بەلایانەوە تێپەڕ بوو ، بە قاچی لە الغرارة ( کۆیلەی ابن ابی بلتعة و عثمان بوو ) دا وگوتی ئەی ابن بلتعة نرخی خورما زیاد بکە ئەگینا لە بازاڕەکەمان بڕۆ دەرەوە.
عومەر داوای کردووە کە نرخی خورماکەیان زیاد بکەن بۆ ئەوەی خورماکەی خۆی بفرۆشرێت ، چونکە کاتێك عومەر دەبێت بە خەلیفە خەریکی بازرگانی دەبێت وە کۆیلە لەسەر دوکانەکانی دادەنێت بۆ فرۆشتنی کاڵاکانی
ابن عساکر تاریخ مدینة دمشق ج٤٤ لاپەرە ٣٤٥ دەڵێت:
عومەری کوڕی خەتاب بازرگانی دەکرد کاتێك خەلیفە بوو
ابن شبة النمیری تاریخ المدینة ج٢ لاپەرە ٧٤٨ دەڵێت:
عومەری کوڕی خەتاب لەگەل ابو ذر دەرچوو بۆ بازاڕ ، بەلای کۆیلەیەکی خۆیدا تێپەڕ بوو و پێی گوت : ئەگەر کراسێکی گەورەت نیشاندا ئەوا بە وەستاوی نیشانی بدە وە ئەگەر کراسێکی بچوکت نیشان دا ئەوا بە دانیشتوویی نیشان بدە. ابو ذر

گوتی ئەی ئەمیری ئیمانداران لە اللە بترسە . عومەر گوتی کیشـەیەك نابینم لەوەی کاڵاکەت جوان بکەیت.
وە دەڵێت : ابو موسا الاشعری دەلێت لەگەل عومەری کوڕی خەتاب دەرچووین بۆ بازار ، وە عومەر بەلای کۆیلەیەکی خۆیدا تێپەڕ بوو کە خورمای بۆی دەفرۆشت. عومەر پێی گوت بازارت چۆنە ؟ وە گوتی خورماکان جوان پەرش و بڵاو بکە. دەلێت گوتم ئەی ال عمر خەلك لە خشـــتە مەبەن ، عومەر گوتی ئەوە بـازارە ئەوەی بیەوێت دەکرێت وە ئەوەی نەیەوێت ناکرێت. وە دەلێت بەلای کۆیلەیەکی تریدا تێپەڕ بووین کراسی بۆ عومەر دەفرۆشـــت ، عومەر گوتی بـازار چۆنە؟ وە گوتی ئەگەر کراســەکە گەورە بوو بووەســتە ئینجا بە دەســتەوە بگرە و نیشــانی بدە وە ئەگەر کراسەکە بچوك بوو ئەوا دابنیشە ئینجا بەدەستەوە بگرە و نیشانی بدە، ئەوا باشـــترە بۆ بازار. گوتم ئەی ال عمر خەڵك لە خشـــتە مەبەن . گوتی ئەوە بازارە ئەوەی بیەوێت دەیکرێت وە ئەوەی نەیەوێت نایکرێت.
ئەگەر پرسیاری بکەیت دارکاری دەکرێت:
السیوطی لە الدر المنثور لە تفسیری سورەتی الذرایات دەڵێت:
البزار و الدارقطنی و ابن عساکر و ابن مردویة ئاماژەیان بە فەرموودەیەك کردووە کە سـعید بن مسـیب دەڵێت : صـبیغ التمیمی هات بۆ لای عومەری کوڕی خەتاب و گوتی ئەی ئەمیری ئیمـانـداران ( و الـذاریات ذروا ) چییە؟ عومەر گوتی بایە وە ئەگەر گوێم لە پێغەمبەری اللە نەبووایە کە وایگوت ئەوا پێم نەدەگوتی. گوتی ئەی ( فالحاملات وقرا) چییە؟ گوتی هەورە وە ئەگەر گوێم لە پێغەمبەری اللە نەبووایە کە وایگوت ئەوا پێم نەدەگوتی . گوتی ئەی ( فالجاریات یسـرا) گوتی کەشـتییە وە ئەگەر گوێم لە پێغەمبەری اللە نەبووایە کە وایگوت ئەوا پێم نەدەگوتی. گوتی ئەی ( فالمقســـمات امرا) چییە؟ گوتی فریشـــتەیە وە ئەگەر گوێم لە پێغەمبەری اللە نەبووایە کە وایگوت ئەوا پێم نەدەگوتی ، ئینجا عومەر فەرمـانی کرد کە جەلـدی بکەن ئەوەبوو ١٠٠ قـامچیـان لێیـدا ، ئینجـا بەنـدی کرد کاتێك بە هۆش خۆی هاتەوە، ١٠٠ قامچی تری لێیدا ، ئینجا ســـواری کەری کرد و ناردیەوە وە بۆ ابو موسا الاشعری نوسی بە هیچ جۆرێك رێگا مەدە هیچ کەسێك لەگەڵیدا دابنیشێت.
السیوطی لە جامع الجوامع ج١١ لاپەرە ٣٩٩ ژمارە ١٩٥٧ دەڵێت:

کاتێك صــبیغ هۆش خۆی هاتەوە گوتی ئەی ئەمیری ئیمانداران ئەگەر دەتەوێت بمکوژیت ئەوا کوشــتنێکی جوان بمکوژە وە ئەگەر دەتەوێت چارەم بکەیت ، ئەوا تەواو چارەسەر بووم.

ابن الجوزی لە مناقب عمر بن الخطاب لاپەرە ١٢٢ دەڵێت:

عومەری کوڕی خەتاب قۆڵی کراســەکەی هەڵکرد و دارکاریەکی باشی صــبیغی کرد تاوەکو مەندیلەکەی بەربۆوە

وە دەڵێت بە ســواری وڵاغ نەردیەوە بۆ بەسرا وە نامەیەکی بۆ ابو موســا الاشــعری نارد کە رێگا نەدات هیچ کەسێك لەگەڵیدا دابنیشێت.

ئەوەی ســەیرە عومەر شرۆڤەی ئایەتەکانیشی_ بۆ کردووە بەڵام لێیداوە بۆ ئەوەی جارێکی تر پرسیار نەکات ، چونکە پرسیار کردن بە دەقی قورئان نەهی لێکراوە

موطا مالك کتاب الجهاد باب ما جاء في السلب من نفل ( ئەوەی هاتووە سەبارەت بە تاڵانی لە انفال) ژمارە ٩٨٠و ٩٨١: دەلێت

پیاوێك لە ابن عباسی پرسی ( انفال) چییە؟ ابن عباس گوتی ئەســپ ئەنفالە و تاڵانی ئەنفالە. پیاوەکە دووبارە گەڕایەوە و لە ابن عباسی پرسی : انفال چییە؟ ابن عباس هەمان وەڵامی دایەوە .ئینجا پیاوێك گوتی ئەنفال ئەوەیە کە لە قورئاندایە. وە پیاوەکە بەردەوام پرسیاری دەکرد ( واتە ڕونکردنەوەی زیاتری دەویست) تاوەکو خەریك بوو ابن عباس شەرمەزار بکات . ابن عباس گوتی مەسەلەی ئەم پیاوە وەك صبیغ وایە کە عومەری کوڕی خەتاب دارکاری کرد.

ئایەتی ١٠١ -١٠٢ سورەتی المائدة دەڵێت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ

قَدْ سَأَلَهَا قَوْمٌ مِّن قَبْلِكُمْ ثُمَّ أَصْبَحُوا بِهَا كَافِرِينَ

ئەی ئیمانداران پرسیار سەبارەت بە شتانێك مەکەن کە ئەگەر بۆتان ڕوونکرایەوە خراپ بێت بۆتان ، خەڵکانێك پێش ئێوە پرسیاریان کرد ، بەهۆیەوە کافر بوون

ئەوەیان بۆ عومەر و گۆپاڵەکەیەتی :

ئایەتی ٣١ سورەتی عبس

وَفَاكِهَةً وَأَبًّا

السیوطی لە الدر المنثور لە تفسیری ئەم ئایەتە دەڵێت:

سـعيد بن منصـور و ابن جرير و ابن سـعد و عبد بن حميد و ابن المنذر و ابن مردوية و البيهقى له شعب الايمان و و الخطيب و الحاكم ( وه به صحيحى داناوه) ئاماژەیان به فەرموودەیەك كردووه كه انس بن مالك گوتویەتی :

عومەری كوڕی خەتاب لە مینەری مزگەوتدا ئەم ئایەتانەی خوێندەوە ( ئایەتی ٢٧-٣١ سورەتی عبس)

**فَأَنبَتْنَا فِيهَا حَبًّا وَعِنَبًا وَقَضْبًا وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا** ( لە زەویدا دانەوێڵە و ترێ و گیا و زەیتون و دارخورمانان ڕواند)

تاوەكو گەیشتە ئایەتی ٣٢ كە دەڵێت ( و ابا)

وە عومەر گوتی دەزانین هەموو ئەوانە مانایان چیە ، بەلام ( ابا) مانای چییە؟ ئینجا گۆپاڵەكەی دەستی بەرزكردەوە گوتی ئەوەیان بۆ عومەری الله یە ، وە پێویست ناكات بزانیت مانای چییە.

واته عومەر گوتویەتی هەر كەسێك بپرسێت ( ابا) مانای چییە ئەوا داركاری دەكەم.

لەسەر ڕێگا لاچۆ :

تاريخ الطبرى ج٣ لاپەرە ٢٩٠ دەڵێت:

عومەری كوڕی خەتاب بە بازاڕدا تێپەڕ بوو، گۆپاڵەكەی لە دواوە بە پیاوێك كیشا ، لەگەڵ لێدانەكە كراسی پیاوەكەی دڕاند ، پیاوەكە گوتی ئەخەر بۆ؟ عومەر گوتی لەسەر ڕێگا لاچۆ.

ئێ خۆ من هیچم نەگوتووە:

المستدرك على الصحيحين كتاب معرفة الصحابة ج ٣ لاپەرە ٣٨١ ژمارە ٥٤٢٢ ( الحاكم دەڵێت صحيح الاسناد) دەڵێت:

قبيصة بن جابر الاسدى دەڵێت پیاوێك قسەی لەگەڵ عومەری كوڕی خەتاب دەكرد ، لە ناكاوێكدا گۆپاڵیكی پیادا كیشا ، ئینجا بۆ من هات و ویستی گۆپاڵم پیادا بكێشێت ، گوتم ئەی ئەمیری ئیمانداران ئێ بۆ ؟ خۆ من هیچم نەگوتووە. دەڵێت وازی لێم هێنا.

ئەی هاوار ژنمە :

كنز العمال للمتقهى الهندى ج٥ لاپەرە ٤٦٣ ژمارە ١٣٦٢٣ دەڵێت:

عومەر بەلای پیاوێك تێپەڕ بوو كە لەگەڵ ژنێك قســەی دەكرد ، عومەر گۆپاڵی لە پیاوەكە بەرزكردەوە ، پیاوەكە گوتی ئەی ئەمیری ئیمانداران ژنمە ، ئەوەبوو عومەر لە پیاوەكەی نەدا ، وە پیاوەكە گوتی لیت بووڕام ئەی ئەمیری ئیمانداران . عومەر گوتی لێبووردەیی بە دەست تۆ نییە.

كەلەشێر بكوژن :

البخاری لە الادب المفرد باب قمار الديك لاپەرە ٧١٦ ژمارە ١٢٦١ دەڵێت:

دوو پیاو قوماریان كرد لەســەر دوو كەلەشــێر ، عومەر فەرمانی كرد بە كوشــتنی كەلەشــێرەكان ، پیاوێكی ئەنســاری بە عومەری گوت : دەتەوێت كەلەشــێرێك بكوژیت كە تسبیحات بۆ الله دەكات . ئەوەبوو عومەر وازی لە كەلەشێرەكە هێنا و نەیكوشت

چونكە لە صحيح البخاری كتاب بدء الخلق ژمارە ٣١٢٧ هاتووە كە محمد صلعم دەڵێت كاتێك كەلەشێر دەقوقێنێت ئەوا فریشتەی بینیوە وە كاتێك كەر دەزەڕێنێت ئەوا شەیتانی بینیوە.

لێدان لە ڕاست و چەپ :

الذهبی لە ســير اعلام النبلاء ج٢ لاپەرە ٤٤٨ وە الهيثمی لە مجمع الزوائد و منبع الفوائد ابواب العيدين ژمارە ٣٣٣٦ دەڵێت

عومەر لە دوای عصر چوو بۆ مزگەوت وە بینی خەڵك نوێژ دەكەن ، دەستی كرد بە لێدانیان تاوەكو گەیشــتە تميم الداري كە بە عومەری گوت ئەم نوێژە دەكەم و دەســتبەرداری نابم وە لەگەڵ كەســێك كردوومە كە زۆر لە تۆ باشــتر بووە ( واتە لەگەل محمد صــلعم كردوویەتی) ، عومەر گوتی ئەگەر خەڵك وەك تۆ بن ئەوا گوێم پێ نەدەدا.

الهيثمی دەڵێت احمد و الطبرانی ریوایەتی ئەم فەرمودەیان كردووە وە پیاوەكانی الطبرانی صحيحن.

حوكمی قەرەقۆش :

جامع الاحاديث لاپەرە ٤٤٥ ژمارە ١٦٨١ :

هەوالنامەی كتێب

پیاوێك هەقی بە سـەر ام سـلمة هەبوو وە سـوێندی خوارد کە هەقی لای ام سـلمة هەیە ، عومەریکوڕی خەتاب ٣٠ قامچی لە پیاوەکە دا کە جێگای لێدانەکەی دیار بوو.

نابێت شت لە فلانە کەس بکڕیت:

ابن شبة النميري تاريخ المدينة ج٢ لاپەرە ٧٥٠ دەڵێت:

عومەری کوڕی خەتاب قەدەغەی دەکرد کە پشـــتیوانی و کۆمەکی خەڵکی یەمەن بکرێـت وە نەهی لە خەڵـك دەکرد کە لە فرۆشـــیارەکانی یەمەن شـــت بکڕن .خزمەتکارەکەی عومەر ، مالك بن عياض ، شـتێکی کڕی لە فرۆشـیارێکی یەمەنی . عومەر بە گۆپاڵ دارکاری کرد وە گوتی بۆ شــتت لێیان کڕی لەکاتێکدا من نەهیم لە خەڵك کردووە شـتیان لێ بکڕن؟ مالك داوای لێیبووردنی کرد.عومەر بە گۆپاڵ لێیدا ، ئینجا مالك سەری خۆی نزم کردەوە ئەوەبوو عومەر بە دەست گرتی و بە بۆکس کەوتە سەری، ئینجا عومەر گوتی : هەر کەسێك لە ال عمر ( خانەوادەی عومەر ) شتێك لە کەسێك بکڕێت کە نەهیم لێ کردووە ئەوا سزاکەی دووقات دەبێتەوە.

وەك پولی دۆمینە :

ابن شبة النميري تاريخ المدينة ج٢ لاپەرە ٦٨١ دەڵێت

عومەر بە رێگادا دەرۆیشـــت و کۆمەڵێك لە یاوەرەکانی لە دواوەی دەرۆیشـــتن ، لە ناکاوێکدا ئاورێکی دایەوە ، هەر هەموویان، لە ترسانا ، کەوتن.

من لە کچ نازانم جا نۆرەی دایکە :

محمد طاهر الكردى لە تاريخ القران الكريم لاپەرە ١٣٦ دەڵێت:

عومەری کوڕی خەتـاب چـاوی بە پیـاوێکی ( اعرابی -بەدەوی -کۆچەر ) کەوت ، عومەر لێی پرسی خوێندنەوە دەزانیت؟ گوتی بەڵێ . گوتی دەباشە لە ام الكتاب ( لە دایکی پەرتوك واتە قورئان ) بۆمان بخوێنەوە ، پیاوەکە گوتی : من لە کچ نازانم جا نۆرەی دایکە. عومەر بە گۆپاڵەکەی پیای کێشا.

ابن شبة النميري لە تاريخ المدينة ج٢ لاپەرە ٧٥٠ دەڵێت:

عومەری وکڕی خەتاب دوکانێکی لە بازاڕ بینی ، تێکیدا چونکە نۆژەن کرابۆوە.

وا لێیدەدات لەسەر قون دەکەوێت :

صحيح مسلم كتاب الايمان باب الدليل على ان من مات على التوحيد دخل الجنة قطعا ژماره ٤٦ دەڵێت:

ابو هريرة دەڵێت چووم بۆ لای پێغەمبەری الله و هەردووك نەعلەكەی خۆی بە من دا و گوتی ئەی ابو هريرة بەم جوت نەعلەی من برۆ بۆ پشـــت ئەم دیواره وە توشی هەر كەسێك بوویت وە بە دڵەوە گوتی اشـهد ان لا اله الا الله ، ئەوا مژدەی بەهەشـــتی پێبدە . ابو هريرة دەڵێت یەكەم كەس توشی بووم عومەر بوو . كە لێی پرســـیم ئەم جوت نەعلە چییە؟ گوتم نەعلەكانی پێغەمبەرە وە منی ناردووە بۆ ئەوەی هەر كەســـێك بڵێت لا اله الا الله ئەوا مژدەی بەهەشـــتی پێبدەم . دەڵێت عومەر مستێكی لە سینگم دا كەوتمە سەر قونم .

لە ژن و خزمەتكار دەدات :

المصنف لابن ابي شيبة ج١٣ لاپەرە ١٠٢ كتاب الادب باب في الرجل يؤدب امراته ژماره ٢٥٩٦٥ وە المصنف لعبدالرزاق ج٩ لاپەرە ٤٤١ باب ضرب النساء و الخدم ژماره ١٧٩٣٨ دەڵێت :

عومەر لە ژنان وخزمەتكارەكانی دەدا

بومەلەرزە و ئاگر لە عومەر دەترسێت:

محمد رضـا لە پەرتوكی الفاروق عمر بن الخطاب لە لاپەرە ٥٢ وە النيســابوری لە تفسير غرائب القران و رغائب الفرقان ج٤ لاپەرە ٤١٦ وە النبهانی لە جامع كرامات الاولياء ج١ لاپەرە ١٢٨ وە الرازی لە التفسير الكبير ج٤ لاپەرە ٣٠٠ دەڵێت:

بومەلەرزە لە مدينة ڕویدا ، عومەری كوڕی خەتاب گۆپاڵێكی كێشا بە زەوی و گوتی بە مۆڵەتی الله بوەســـتە ئەوەبوو بومەلەرزەكە وەســـتا وە دوای ئەوە بومەلەرزە لە مدينة ڕوینەدا.

وە محمد رضا لە پەرتوكەكەی لە لاپەرە ٥٣ دەڵێت:

ئاگر لە بەشـــێكی مدينة هەڵگیرســـا ، عومەر نامەیەكی نوسی بۆ ئاگرەكە كە تیایدا نوسرابوو ئەی ئاگر بە مۆڵەتی الله بكوژێرەوە ، نامەكەیان فڕێ دایە ناو ئاگرەكە و ئاگرەكە دەستبەجێ كوژایەوە.

## عومەر هەڕەشە لە ڕوباری نیل دەکات

ابن عســاکر لە تاریخ مدینة دمشــق ج٤٤ لاپەرە ٣٣٧ وە ابن کثیر لە البدایة و النهایة ج٤ لاپەرە ٩٧ -٩٨ دەڵێن :

کاتێك عمرو بن العاص فتحی میسر دەکات خەڵکەکە دەیانەوێت قوربانی بکەن بۆ ڕوباری نیل بۆ ئەوەی ئاوەکەی کەم نەکات ، عمرو بن العاص نامەیەك دەنوسێت بۆ عومەری کوڕی الخطاب و کێشــەی ڕوباری نیلی بۆ باس دەکات ، عومەر دوو نامە دەنوسێت دانەیەك بۆ عمرو وە دانەیەك بۆ ڕوباری نیل ، بە عمرو دەڵێت ئەم نامەیەی من فڕێ بدە ناو ڕوباری نیل ؛ عومەر لە نامەکەی نوسیبوو

لە بەندەی الله عومەر ئەمیری ئیمانداران بۆ ڕوباری نیل : ئەگەر پێشوو لە خۆتەوە دەڕۆیشــتیت ئەوا مەڕۆ بەڵام ئەگەر الله ئاوەکەی تۆی دەڕواند ئەوا داوا لە اللەی قهار دەکەین بە ئاوەکەت بڕوێنێت ( لەبەرت بڕوات)

عمرو نامەکەی فڕێ دایە ناو ڕوباری نیل ڕۆژێك بەر لە ڕۆژی خاچ ، کاتێك خەڵك لە ڕۆژی خاچ لە خەو هەڵسا بینیان ئاوی ڕوباری نیل ١٦ باسك بەرز بۆتەوە.

ئێستا عومەر لە کوێ بێنین بۆ ڕوباری دیجلە و فورات ؟

## ئاڵودەبوونی عومەر بە قون و کۆم

سـەرچاوە ئیسـلامیەکان پێمان دەڵێن کە عومەر ئاڵودە بووە بە قون و کۆم . وە پێموایە کە پێویستە موسلمانان بە زووترین کات هەوڵ بدەن ناوی عومەری کوڕی خەتاب بخەنە ناو پەرتوکی گینیەس ریکۆرد ، چونکە بە ناو بانگرتین لە مێژوودا کرابێت ئەوا تڕەکەی عومەری کوڕی خەتابە کە لە مزگەوتی پێغەمبەر کردوویەتی.

## قورئان و قون و تڕ

وە عومەر ناهەقی نەبووە کە خەمی قون و کۆمی بێت چونکە لە قورئاندا ئایەت هەن کە کۆم و دبر و تڕ دەکەن

ئایەتی ٢٨ سورەتی الانسان دەڵێت:

نَّحْنُ خَلَقْنَاهُمْ وَشَدَدْنَا أَسْرَهُمْ

ئێمە دروستمان کردوون وە شوێنە نهێنیەکانمان پتەو کردوون

القرطبی دەڵێت مجاهید دەڵێت ( الاسر) هو الشرج ( واتە قون و کۆم) وە دەڵێت کاتێك گو و میز دەردەچن کونەکان دادەخرێن.

وە ئایەتی ٣١ سورەتی البقرة دەڵێت:

وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا

وە الله ئادەمی فێرە هەموو ناوەکان کرد

لە تفسیری الطبری و ابن کثیر هاتووە کە ابن عباس گوتویەتی : تەنانەت الله ئادەمی فێرە ناوی فس و تڕ کرد ( الفسوة والضرطة)

وە ئایەتی ٢٩ سورەتی العنکبوت دەڵێت:

وَتَأْتُونَ فِي نَادِيكُمُ الْمُنكَرَ

وە لە کۆبوونەوەکانتان شتی ناپەسەند ( منکر) دەکەن

الطبری و البغوی و الشوکانی و الطبرسی دەڵێن :

كان ذلك أنهم كانوا يتضارطُون في مجالسهم
واته : له كۆبوونەوەكانیان تڕیان دەكرد
وه الطبرى و ابن الجوزى له تفسیرەكەیان دەڵێن عائیشه دایكی ئیمانداران له تفسیری ئەم ئایەتە گوتویەتی :
الظراط ( واته تڕ)
البیضاوى له تفسیر انوار التنزیل و اسرار التاویل دەڵێت
( المنكر) كاجماع و الظراط ( وەك گان و تڕ)
السیوطى له الدر المنثور دەڵێت:
البخارى له "التاریخ" و ابن جریر و ابن المنذر و ابن مردویة ئاماژەیان به فەرموودەیەك كردووه كه عائیشه گوتویەتی واته تڕ
وه دەڵێت واته تڕیان له كۆبوونەوەكانیان دەكرد
كەواته : عومەرى كوڕى خەتاب ناهەق نەبووه ئاڵوده بێت به قون و كۆمیەوه.
له الطبقات الكبرى لابن سعد ج٣ لاپەره ٢٦٩ هاتووه كه عومەرى كوڕى خەتاب گوتویەتی :
ما بقى في شيء من امر الجاهلية الا اني لست ابالى الى اي الناس نكحت و ايهم انكحت
هیچ شتێكی جاهیلم تیادا نەماوه بەڵام گوێ بەوە نادەم كه گێم گاوه و كێ منی گاوه.
ڕەنگ بێت ئەوه هۆكار بووبێت كه عومەرى كوڕى خەتاب تڕی كردبێت . چونكه شوێنەكه به پەتەوی نەماوه وه كەم تا زۆر فشۆڵ بووه.

## به ناوبانگترین ترِ له مێژوودا

الراغب الاصفهانی له محاضرات الادباء ج١ لاپەره ٤٤٦ دەڵێت
وه دەگێرنەوه که عومەری کوڕی خەتاب ووتاری پیشـــکەش کرد و گوتی : ئەی خەڵکینه من له نێوان ترس له الله و ترس له ئێوه ، ترسی اللهم هەلبژارد ، له راستیدا ترێکم کرد ، دەچم دەست نوێژ دەگرمەوه و دێمەوه.
وه عومەر قبڵ ناکات خەڵك ترِ بکات و دەست نوێژ نەشۆرێتەوه:
المعجم الکبیر للطبرانی باب الجیم من اســمه جریر :جریر بن عبدالله : من اخباره ژماره ٢٢١٣ جریر دەڵێت:
عومەری کوڕی خەتاب نوێژی به خەڵك کرد وه ترێك له کەسێك دەرچوو ، عومەر گوتی موکرِم لەســەر ئەوەی خاوەنی ترەکه هەلســێتەوه و بچێت دەســت نوێژ بشــوات و بگەڕێتەوه. جریر دەڵێت گوتم ئەی ئەمیری ئیمانداران باشــتره که موکرِ بیت لەســەر ئەو کەســانەی که گوێیان له ترەکه بووه بچن دەســت نوێژ بگرن و بگەڕێنەوه. عومەری گوتی بیرۆکەیەکی باشه ، جزاك الله خیرا ، ئەوەبوو فەرمانی کرد که وابکەن.

## عومەر پیاوێك دەترێنێت

ابن شبة له تاریخ المدینة ج٢ لاپەڕه ٦٨٣ دەڵێت :
ســعید بن الهیلة ســمێڵی وەك ســمێلی عومەری کوڕی خەتاب لێکردبوو، کاتێك عومەر بینی ترساندی ، وه له ترسانا سعید ترێکی کرد ، عومەر گوتی لێمان ترسایت ، ئەوەبوو ٤٠ درەهمی پێی بەخشی.

هەولێرکەی کتێب

## میز کردن و پتەوکردنی قون

السیوطی لە جمع الجوامع ج١٢ لاپەرە ٤٨ مسند عمر بن الخطاب ٢٤٢٠ وە کنز العمال للمتقی الهندی ج٩ لاپەرە ٥٢٠ ژمارە ٢٧٢٤٤ دەڵێت :

عومەری کوڕی خەتاب گوتی : البول قائما احصن للدبر و البول جالسا ارخی للدبر

واتە : میز کردن بە وەستان کۆم پتەو دەکات وە بە دانیشتن کۆم فشۆڵ دەکات.

وە لە الاوســـط في الســـنن والاجماع و الاختلاف لابن المنذر ج١ لاپەرە ٣٢١ ژمارە ٢٥٢ هاتووە کە عومەری کوڕی خەتاب دەڵێت

میز کردن بە وەستانەوە قون پتەو دەکات و دەیپاریزێت لە تڕ کردن

## عومەر و هاوڕەگەزباز

وە صـــحیح البخاری لە کتاب الحدود باب نفي اهل المعاصي و المخنثين بە ژمارە ٦٤٤٥ پێمان دەڵێت کە پیاوی هاورەگەز باز لە ماڵی عومەردا ژیاون . فەرموودەکە دەڵێت:

پێغەمبەری الله نەفرەتی کرد لە پیاوانی ژنانی و ژنانی پیاوانی ، وە گوتی لە ماڵەکانتان دەریان بکەن ، ئەوەبوو عومەر دانەیەکی لە ماڵەکەی خۆی دەرکرد وە پێغەمبەری الله دانەیەکی لە ماڵەکەی دەرکرد

## دەیكات بە دواوەی ژنەكەی

مســند احمد مســند بني هاشــم مســند عبدالله بن العباس بن عبدالمطلب بداية مسند عبدالله بن العباس ژمارە ٢٩٦٤ وە سنن الترمذی كتاب تفسير القران باب و من سورة البقرة ژمارە ٢٩٨٠ عبدالله بن العباس دەڵێت:

عومەری كوڕی خەتـاب هـات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی ئەی پێغەمبەری الله تیا چووم . پیغەمبەر گوتی بۆچی تیا چوویت ؟ عومەر گوتی شەوی ڕابردوو شوێنەكەم گۆڕی . پێغەمبەر بێدەنگ بوو وە هیچ وەڵامێكی نەدایەوە تاوەكو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند كە دەڵێت : نساؤكم حرث لكم .

## دەستت بە قونت بسڕەوە

لە كنز العمال للمتقی الهندي ج١٢ لاپەرە ٦٣٢ بە ژمارە ٣٥٩٤٩ هاتووە و دەڵێت :

الجارود لە ماڵی عومەری كوڕی خەتـاب نانی خوارد ، كاتێك تەواو بوو ، گوتی دەســتەسڕم بۆ بێنن ( بۆ ئەوەی دەســتی پاك بكاتەوە) عومەر گوتی دەســتت بە قونت بسڕەوە.

وە تەنانەت عومەر دەســتی خســتۆتە ناو قونی وشــتر بۆ ئەوەی بزانێت پتەوە یان فشۆڵە :

السیوطی لە تاریخ الخلفاء لاپەرە ١٠٨ وە البلاذری لە انساب الاشراف ج٧ لاپەرە ٦٦ وە ابن الجوزی لە المنتظم في تاریخ الملوك و الامم ج٤ لاپەرە ١٤١ دەلێت:

عومەری كوڕی خەتاب دەستی دەخستە قونی وشترەوە و دەیگوت دەترسم خەڵك بپرسن ئەوە چییەتی

## عومەر تڕ بە شەیتان دەکات

ابن عساکر لە تاریخ مدینة دمشق ج٤٤ لاپەرە ٨٧ دەڵێت:
عبداللە بن مسعود دەڵێت پیاوێك لە یاوەرەکانی پێغەمبەر لە یەکێك لە کۆڵانەکانی مدینة توشی شـەیتان بوو ، وە عبداللە بن مسـعود دەڵێت لێیان پرسـیم ئەم پیاوە کێیە؟ دەڵێت گوتم جگە لە عومەر دەبێت کێ بێت . زۆرانبازیان کرد وە عومەر شـەیتانی دا لە زەوی و لەسـەر سـینگی دانیشـت و پەرچەمی گرت . شـەیتان گوتی : بەرمبدە وە ئەگەر بەرمبدەیت ئەوا شـتێکت پێ دەڵێم زۆر سـودی بۆت دەبێت. عومەر لەســەر هەلدەســتێت و شــەیتان بە عومەری گوت ســورەتی البقرة دەخوێنینتەوە؟ عومەر گوتی بەڵێ . شـەیتان گوتی کاتێك هەر ئایەتێکی دەخوێنیتەوە ئەوا شەیتان رادەکات وە وەك کەر دەتڕێت.

هەواڵنامەی کتێب

## عومەر و خانەوادە

عومەر کۆمەڵێك ژن و کەنیزە و منداڵی هەبووە وە رەفتار و هەلسـوکەتی لەگەڵیاندا زۆر دڕندانە بووە.

مێژوونوسـان ناکۆکن سـەبارەت بە ژمارەی ژن و کەنیزەکانی عومەری کوڕی خەتاب بەڵام دەڵێن لایەنی کەم ٦ ژنی هەبووە وە ٣ کەنیزەکی ( ام ولد) ی هەبووە

ژنەکانی : ١-زینب بنت مظعون ٢-ام کلثوم بنت جرول ٣-جمیلة بنت ثابت ٤-ام حکیم بنت هشام ٥-عاتیکة بنت زید ٦-ام کلثوم بنت علی بن ابی طالب

کەنیزەکانی ( ام ولد)  ١-لهیة ٢- فکیهة ٣-ام عبدالرحمن الاصغر

## عومەرو بەچەبازی

کاتێك عومەری کوڕی خەتاب تەمەنی نزیك بە ٥٥ ساڵ دەبێت داوای دەستی ام کلثومی خوشکی عائیشە دەکات . ام کلثوم لە دوای مردنی ابوبکر لە دایك دەبێت . واتە کاتێك عومەر داوای دەکات ام کلثوم تەمەنی بچوکتر دەبێت لە ٨ ساڵ ، بەڵام ام کلثوم عومەر ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت پیاوێکی توڕە و توندە و لەگەل ژنان باش نییە.

الطبری لە تاریخ الملوك و الرسل ج٣ لاپەرە ٢٦٩ سەبارەت بە تەمەنی عومەری کوڕی خەتاب کاتێك مرد دەڵێت:

ڕاسترین قسە ئەوەیە کە تەمەنی ٦٠ ساڵ بوو

الطبری لە لاپەرە ٢٧٠ و ابن عبد البر لە الاستعاب في معرفة الاصحاب ج٤ لاپەرە ١٨٠٧ وە ابن کثیر لە البداية و النهاية ج٤ لاپەرە ١٣٥ دەڵێت:

وە المدائنی دەڵێت : عومەری کوڕی خەتاب داوای دەستی ام کلثوم کچی ابو بکری لە عائیشە کرد کە بچوك بوو ، ام کلثوم گوتی پێویستیم بە عومەر نییە. عائیشە گوتی ئەمیری ئیمانداران ڕەت دەکەیتەوە؟ گوتی پیاوێکی توڕە و توندە و خراپە لەگەڵ ژنان

اوجز المسالك الى موطا مالك لە ج١١ لاپەرە ٥١٠ کتاب الرضاع وە الاصابة في تمييز الصحابة ج٨ لاپەرە ٤٨ ژمارە ٢٧١ دەڵێت:

ام کلثوم لە دوای مردنی ابوبکری باوکی لە دایك بوو

واتە عومەری کوڕی خەتاب تەمەنی نزیك ٦٠ ساڵی بووە ،داوای دەستی کچێکی خوارەوەی ٨ ساڵی کردووە بۆ هاوسەرگیری.

چونکە عومەر لە دوای مردنی ابوبکر دەبێت بە ئەمیری ئیمانداران وە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە دەسەلات دەبێت تاوەکو دەکوژرێت وە ام کلثوم لە دوای مردنی ابوبکر لە دایك دەبێت .

دواتر عومەر هاوسەرگیری لەگەل ام کلثومی کچی عەلی دەکات

الطبری له تاریخ الملوك و الرسل ج٣ لاپەره ٢٧٠ دەڵێت:

عومەری کوڕی خەتاب هاوسەرگیری لەگەڵ ام کلثومی کچی علی و فاطیمة کرد ، وه ٤٠ هەزار مارەیی دا.

الذهبی له سیر اعلام النبلاء ج٣ لاپەره ٥٠١ دەڵێت:

عومەر داوای دەستی ام کلثومی له عەلی کرد بەڵام عەلی گوتی منداڵه ، دەلێت عومەر پێداگری کرد ، ئەوەبوو عەلی گوتی باشه ، ام کلثوم بۆ لات دەنێرم و سەیری بکه.

دەڵێت : عەلی کراسێکی دا به ام کلثوم و گوتی ئەم کراسه ببه بۆ لای ئەمیری ئیمانداران وه پێی بڵێ که بەدڵیەتی. دەڵێت : ام کلثوم به کراسەکەوه چوو بۆ لای عومەر . عومەر پێی گوت رازیم و الله لێت رازی بێت ، وه عومەر کراسەکەی ام کلثومی هەڵماڵی و دەستی له قاچەکانی دا. ام کڵثوم گوتی : ئەم کاره دەکەیت ؟ ئەگەر ئەمیری ئیمانداران نەبووایت ئەوا لوتم دەشکاندیت. ام کلثوم گەڕایەوه بۆ لای باوکی ( عەلی) وه گوتی منت بۆ لای پیرەمێردێکی خراپ ناردووه.

، فقالت : اتفعل هذا؟ قد رضيت رضي الله عنك، ووضع يده على ساقها، فكشفها

لولا أنك أمير المؤمنين، لكسرت أنفك، ثم مضت إلى أبيها، فأخبرته و قالت بعثتني الى شيخ سوء

الذهبی دەلێت : ام کلثوم له دەوروبەری ساڵی ٦ کۆچی له دایك بووه.

واته کاتێك عومەر هاوسەرگیری لەگەلدا کردووه ئەوپەر ١٢-١٣ ساڵ بووه

## عومەر دەستدرێژی سێکسی دەکات

ابن سـعد لە الطبقات الکبری ج٨ لاپەڕە ٢٦٥ وە المتقی الهندی لە کنز العمال ج١٣ لاپەرە ٦٣٣ ژمارە ٣٧٦٠٧ دەڵێت:

عـاتیکە کچی زەیـد ژنی عبـدالله کوڕی ابی بکر بوو ، بەر لەوەی عبـدالله بمرێت داوای لێیکرد کە شـوو نەکاتەوە ، هەرچی خوازبێنی دەهات ، ڕەتی دەکردنەوە ، عومەر بە خزمەتکارەکەی عەتیکەی گوت ، بۆ من قسـە لەگەل عەتیکە بکە . عەتیکە عومەریشی ڕەت کردەوە . عومەر بە خزمەتکارەکەی گوت لێم مارە بکە ، ئەوەبوو عەتیکەی لە عومەر مارە کرد ، وە عومەر چوو بۆ ماڵی عەتیکە و پەلاماری دا، وە عەتیکە زۆر هەوڵیدا بەڵام عومەر لە کۆتاییدا عەتیکەی خسـتە ژێر خۆی و گای وە کاتێك عومەر گانەکەی کرد لە ماڵی عەتیکە هاتە دەرەوە و دەیگوت ئۆف ئۆف ئۆف . دواتر عەتیکە بە دوایدا نارد وە بوو بە ژنی عومەر.

واتە عومەر دەسـت درێژی سـێکسی کردووە وە هاوسـەرگیریەکە بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلامی هاوسەرگیریەکی شەرعی نەبووە لەبەر ئەم هۆکارانە:

١-خزمەتکار بە بەرپرسی ژن دانانرێت تاوەکو ژن بە شـوو بدات ( تەنها بۆ باوك و باپیرە و برا هەیە ببێت بە والی بۆ مارە کردن ، وە ئەگەر نەبوو ژنەکە دەتوانێت خاڵ یان مام یان کەسێکی تر دیاری بکات)

٢-ژنی بێوەژن دەبێـت رای وەربگیرێـت کە ئـایا رازیە یـان نـارازیە. وە هەروەك فەرمووەدەکە دەڵێت عومەری ڕەت کردۆتەوە.

واتە عومەری کوڕی خەتاب دەسـتدرێژی و زینای کردووە وە دەبووایە بەردباران بکرێت.

## له ژنێکی و حفصەی کچی دەدات

صـــحیح مســـلم کتاب الطلاق باب بیان ان تخییر امراته لا یکون طلاقا الا بالبینة ژماره ١٤٧٨ دەڵێت :

عومەر چوو بۆ مـاڵی پێغەمبەر بینی پێغەمبەر نیگەران و بێـدەنگە وە ژنەکـانی لەگەڵیدا دانیشـتوون ، عومەر گوتی ئێسـتا قسـەیەك دەکەم کە وادەکەم پێغەمبەر پێبکەنێت، عومەر گوتی ئەی پێغەمبەری الله خۆزگە بتبینیایە کاتێك کچی خارجة ( یەکێک لە ژنەکانی عومەر) داوای پارەی کرد ، بۆی هەڵسامەوە و یەك شەقم دا لە پشــتە ملی . پێغەمبەر پێکەنی و گوتی ئەی ئەوانەی دەوروبەرم داوای پارە دەکەن. دەڵێت ابوبکر هەلسایەوە لە عائیشەی دا و عومەر هەلسایەوە لە حفصەی دا.

## لەبەر چاوی میوان لە ژنێکی دەدات

ســـنن ابی داود کتاب النکاح باب ضرب النســـاء ژماره ٢١٤٧ وە المســـتدرك علی الصـــحیحین کتاب الاطعمة باب لا تنم الا علی الوتر ژماره ٧٤٢٢ وە مســـند احمد مســـند العشـــرة المبشـــرة بالجنة مســـند الخلفاء الراشـــدین : اول مســـند عمر بن الخطاب ژماره ١٢٣ الاشـــعث بن قیس دەڵێت شـــەوێك لە ماڵی عومەری کوڕی خەتاب مامەوە ، عومەر ژنەکەی گرت و لێیدا وە گوتی ئەی الاشـعث لە پێغەمبەر گوێم لێ بووە کە نابێت لە پیاو پرسیار بکرێت بۆچی لە ژنەکەی دەدات.
الحاکم دەڵێت حدیث صحیح
وە ابن عســـاکر لە تاریخ مدینة دمشـــق ج٤٤ لاپەرە ٣٢٦ ئاماژە بە فەرموودەیەك دەکات کە دەڵێت: ابو موسا الاشعری فەرشێکی بە دیاری  بۆ عاتیکە بن زەید هێنا کە ژنی عومەر بوو، کاتێك عومەر بینی گوتی : ئەمەت لە کوێ بوو ؟ عاتیکە گوتی ابو موســا بۆی هێنام بە دیاری ، عومەر کەوتە ســەر عاتیکە و دارکاری کرد تاوەکو ســـەری ئاوســـا . وە کاتێك عومەر ابو موســـای بینی گوتی بۆچی دیاری بۆ ژنەکەم دەهێنیت؟ وە عومەر دیاریەکەی دایەوە بە ابو موسا وە لێی دا
دەڵێن عاتیکە گەنج بووە وە زۆر جوان بووە. ئاخیری خێر بێت و الله اعلم.

## داوا لە محمد دەکات  کەرێگا بدات پیاوان لە ژنان بدەن

سنن ابي داود كتاب النكاح باب ضرب النساء ٢١٤٦ وە سنن ابن ماجة باب ضرب النساء ژمارە ١٩٨٥ وە المستدرك على الصحيحين كتاب النكاح باب حق الزوجة على الزوج ژمارە ٢٨١٩ دەڵێت :

عومەری کوڕی خەتاب هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی ژنان سەرپێچی بەرامبەر بە مێردەکانیان دەکەن ، پێغەمبەر گوتی لێیان بدەن ، ئەوەبوو ژنێکی زۆر لێیان درا و هاتن بۆ لای ژنەکانی پێغەمبەر گازاندەیان لە مێردەکانیان دەکرد.

الحاكم و شيخ الالبانى دەڵێن حديث صحيح

## لە منداڵێکی بچوکی خۆی دەدات

السيوطى لە تاريخ الخلفاء لاپەرە ١١٤ دەڵێت:

کوڕێکی عومەر ، لە عومەر هاتە ژوورەوە کە قژی خۆی شانە کرد بوو وە جلێکی جوانی لەبەر کردبوو ،عومەر بە گۆپاڵ کەوتە سەری و لێیدا تاوەکو گریا ، حفصة گوتی بۆچی لێتدا ؟ عومەر گوتی بینیم خۆشی بە خۆی دەهات ، لێمدا تاوەکو بشکێتەوە.

## لە کوڕیکی دەدات کە خاوەن ژن و منداڵە

سنن ابی داود کتاب الادب باب فیمن یتکنی بابی عیسی ژمارە ٤٩٦٣ :

عومەری کوڕی خەتاب لە کوڕێکی خۆیدا چونکە نازناوی کردبوو بە ابا عیسی_ واتە باوکی عیسـا وە المغیرة بن شـعبة نازناوی باوکی عیسـا بوو ، عومەر بە المغیرەی گوت بیگۆڕە بۆ عبداللە ، گوتی پێغەمبەری اللە ناوی لێناوم باوکی عیسـا ، گوتی پێغەمبەری اللە ، اللە لە گوناهەکانی پیشوو و دواتری خۆش بوو وە عومەر بەردەوام بە ابا عبداللە بانگی دەکردم تاوەکو مرد.

المبارکفوری لە تحفة الاحوذي بشرح جامع الترمذي ج١ لاپەرە ٢٢٤ دەڵێت

عومەری کوڕی خەتاب لە کوڕێکی خۆی دا چونکە نازناوی باوکی عیسـای لە خۆی نابوو وە عومەر پێی گوت عیسا باوکی نییە ناوی خۆت بگۆڕە.

ابن شبة النمیری لە تاریخ المدینة ج٢ لاپەرە ٧٥٣ دەڵێت:

عبدالرحمانی کوڕی عومەرهات و لێی دەدا و دەیگوت ئایا عیسـا باوکی هەیە ؟ نازناوی خۆت ناوە باوکی عیسـا .عیسـا باوکی هەیە؟ ئەی نازانیت کە عەرەب نازناوی ابو سلمة ، ابو حنظلة ، ابو عرفطة ، ابو مرة لە خۆیان دەنێن.

ابن شبة النميری لە تاريخ المدينة ج٣ لاپەرە ٨٤٢ دەڵێت:

عومەری کوڕی خەتاب سزای کوڕێکی خۆی دا کە نەخۆش بوو ، وە گوتی باوکە منت کوشت ، عومەر گوتی کاتێك خوداکەت بینی بڵێ عومەر سزای دام

ابن عبدالبر لە الاستذكار ج٨ لاپەڕە ٦ دەڵێت:

کوڕێکی عومەر بە ناوی عبداللە لە میسر ئەرەق خواردەوە ، عمرو بن العاص سزای دا و جەلدی کرد ، ئینجا عومەر داوای کرد و ناردیەوە بۆ مدینة ، کاتێك گەیشتەوە مدینە عومەر جارێکی تر جلدی کرد ، وە کاتیك کورەکەی گەرایەوە مەدینە لە سەرەمەرگدا بوو ، کوڕەکەی گوتی ئەی باوکە منت کوشت ، عومەر گوتی کاتێك بە خوداکەت گەیشتیت ئەوا پێی بڵێ عومەر سزای دام.

ابن عساکر لە تاريخ مدينة دمشق ج٤٤ لاپەرە ٣٢٨ وە تاريخ المقريزی الكبير ج٤ لاپەڕە ٣٤ دەڵێن:

عبدالرحمن بن عوف گوتی ئەی ئەمیری ئیمانداران کوڕەکەت ( عبدالرحمن) جارێك لە میسر لە لایەن عمرو بن العاص سزا دراوە ( جلد کراوە) ، نابێت بۆ جاری دووەم سزای بدەیت و جەلدی بکەیت، عومەر گوێی پێی نەدا وە بە قامچی لێی دا ، کورەکەی هاواری دەکرد : من نەخۆشم و تۆ دەمکوژیت ، ئەوەبوو جەلدی کرد و مرد.

ابن عساکر دەڵێت هەندێك کەس دەڵین یەکسەر نەمرد بەڵکو لە دوای مانگێك مرد

المقريزی دەڵێت خەڵکی عیراق دەڵێن عومەر کوڕەکەی مرد لە ژێر قامچی عومەر

ابن شبة النميري لە تاريخ المدينة ج٢ لاپەرە ٧٥٩ دەڵێت :

شەوێکیان عومەر بەلای ماڵێکدا تێپەڕ بوو ، ژنێك لە ماڵەکەدا دەیگوت :

ئەم شەو درێژ بوو وە تەنیشتەکانی سەوز بوون

وە پیاوێك نیە خەوم بزڕێنێت و دەستگەمەم لەگەڵدا بکات

سوێند بە الله ئەگەر الله نەبووایە هیچ شتێك ڕێگری لێ نەدەکردم

وە ئەم قەرەوێلەیەی دەجولاندم

کاتێك عومەر چووە ژوورەوە بینی ژنەکە مێردەکەی بۆ جیهاد لە پێناو الله ڕۆیشتووە وە عومەر بەدوای مێردەکەیدا نارد و لە جیهاد گەڕایەوە.

المغیرة دەڵێت ئینجا عومەر هات بۆ لای حفصةی کچی و لێی پرسی: کاتێك پیاو لە ژن دوو دەبێت دوای ماوەی چەند ژن حەزی لە پیاو ( گان) دەبێت ؟ حفصة گوتی دوو مانگ گوێی پێنادەم ، ٤ مانگ دەدەم و نادەم ، ٦ مانگ بە دڵنیاییەوە، ئەوەبوو عومەر دوور کەوتنەوەی پیاوانی لە ژنەکانیان بۆ جیهاد کرد بە ٦ مانگ.

## عومەر و ژنانی کۆیلە

کۆی گشــتی کۆیلەکانی عومەری کوڕی نەزانراوە ، بەڵام لە هەموو پەرتوکەکانی مێژوو و مناقبی عومەری کوڕی خەتاب ئاماژە کراوە کە کۆیلەی پیاو و منداڵ و کچ و ژنی هەبووە.چونکە لە دوای مردنی محمد ( خمس – یەك لە پێنجی غەنیمە) بۆ خەلیفەکان دەبێت. وە هەلس و کەوت و ڕەفتاری عومەری کوڕی خەتاب زۆر خراپ دەبێت لەگەل کۆیلەکان

لە صــحیح البخاری کتاب فرض الخمس باب ما کان النبي صــلعم یعطی المؤلفة قلوبهم و غیرهم من الخمس ژمارە ٢٩٧٥ دەڵێت:

پێغەمبەری الله لە بەشە غەنیمەکەی خۆی ( یەك لە پێنج) کە لە حنین بەدەستی هێنابوو، دوو کچە کۆیلەی دا بە عومەری کوڕی خەتاب.

ابن حجر العســقلانی لە المطالب العالیة بزوائد المســاند الثمانیة ج١ لاپەرە ٣٤٧ ژمارە ٦٧٣ دەڵێت :

عومەر ویســتی گان لەگەڵ ژنە کۆیلەیەکی بکات ، ژنەکە گوتی ســوڕی مانگانەمە ، بەڵام عومەر گوێ پێی نەدا و گانەکەی کرد . عومەر بینی ژنەکە راســت دەکات و سوڕی مانگانەیەتی ، هات بۆ لای پێغەمبەری الله و گوتی کارێکی وامکرد، پێغەمبەر گوتی الله لێت ببورێت ئەی باوکی حفص ، نیو دینار بکە بە خێر.

ابن حجر دەڵێت : حسن صحیح

الســیوطی لە جامع الاحادیث لاپەرە ٢٧٩ ژمارە ٣٣٦٢ بە اســنادێکی صــحیح دەڵێت:

عومەری کوڕی خەتـاب ژنە کۆیلەیەکی هەبوو کە گـانی لەگەڵـدا دەکرد بەڵام تۆواوەکەی لە دەرەوە فڕێ دەدا ، بەلام ژنە کۆیلەکە دووگیـان بوو ، عومەر زۆر نیگەران بوو وە نیزای دەکرد و دەیگوت :

اللهم لا تلحق بال عمر من لیس منهم ( الله کەسێك بە بنەماڵەی عومەر مەلکێنە کە لە بنەماڵەکەی نین ) ، ژنە کۆیلەکە منداڵێکی ڕەشی بوو ، عومەر لێی پرسی ئەم منداڵە منداڵی کێیە؟ ژنەکە گوتی منداڵی وشتروانەکەیە. عومەر گەشایەوە.

## عومەر لە ڕەمەزان لەگەل کچێکی کۆیلە گان دەکات

ابن سعد له الطبقات الكبرى ج٢ لاپەره ٣٣٩ وه السيوطى له جمع الجوامع ج١٢ لاپەره ١١٢ ژماره ٢٩٤٨ وه البلاذرى له انساب الاشراف لاپەره ١٧٧ دەڵێن :

سعيد بن المسيب قال خرج عمر بن الخطاب على أصحابه يوما فقال أفتوني في شئ صنعته اليوم فقالوا ما هو يا أمير المؤمنين قال مرت جارية لي فأعجبتني فوقعت عليها وأنا صائم قال فعظم عليه القوم وعلي ساكت فقال ما تقول يا بن أبي طالب فقال جئت حلالا ويوما مكان يوم فقال أنت خيرهم

سعيد بن المسيب گوتى : عومەرى كورِى خەتاب ڕۆژێكيان هات بۆ لاى ياوەرەكان و گوتى پێم بڵێن ( فەتوا بدەن) دەربارەى شتێك كە ئیمرِۆ كردوومە ، گوتيان چيت كردووە ئەى ئەميرى ئيمانداران؟ گوتى كچە كۆيلەيەكم بەلامەوە تێپەڕ بوو، دڵم بۆى چوو ، كەوتمە سەرى و گام وه بەرۆژوو بووم . سعيد دەڵێت : خەڵكەكە ئەم كارەيان پێ شتێكى گەورە بوو بەڵام عەلى بێدەنگ بوو . عومەر گوتى تۆ چى دەڵێيت ئەى كورِى ابى تالب . عەلى گوتى شتێكى حلالت كردووە. ڕۆژێكى تر لە جياتى بەرۆژوو بە . عومەر گوتى ئەى عەلى تۆ لە هەموو باشتريت.

## عومەر كچەكانى يزدگرد دەكات بە كۆيلە

الزمخشرى له ربيع الابرار ج٢ لاپەره ٨ دەڵێت:

كچەكانى يەزدگردى كورِى شەهريار كورِى كيسرا بە كۆيلەيى بۆ لاى عومەر هێنران ، عومەر ويستى بيانفرۆشێت ، عەلى گوتى باشتر وايە دابەشيان بكەيت ، ئەوەبوو دانەيەكيانى دا بە الحسێن كورِى عەلى وه دانەيەكيانى دا بە محمد كورِى ابو بكر وه دانەيەكيانى دا عبدالله كورِى عومەر ( واتە كورِى خۆى).

## هەڵس و كەوتى عومەر لەگەڵ ژنانى كۆيلە

عومەری کوڕی خەتاب ڕێچکەی محمدی گرتووە لە چۆنیەتی مامەلە کردن لەگەل کۆیلە  وە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە مامەلەی لەگەڵ کۆیلەدا کردووە.

ابن قدامة لە المغنی ج١ لاپەرە ٣٥١ دەڵێت:

عومەر بە گۆپاڵ لە کچەکۆیلەیەکی  خانەوادەی ئەنەسی دا و گوتی حیجابەکەت فڕێ بدە ، نەکەیت لاسایی ژنانی ئازاد بکەیتەوە.

ابن سعد لە الطبقات الکبری ج٧ لاپەرە ١٢٧ دەڵێت:

عومەری کوڕی خەتاب ئەمیری ئیمانداران لە مەدینەدا دەسوڕایەوە ، ئەگەر ژنێکی کۆیلەی ببینیایە کە خۆی پۆشیوە ، بە گۆپاڵەکەی لێی دەدا و سەرپۆشەکەی پێی فڕێ دەدا و دەیگوت نەکەن خۆتان بە ژنانی ئازاد بچوێنن.

سنن سعید بن منصور ج٢ لاپەرە ٩٨ ژمارە ٢٠٩٦ دەڵێت:

ابي قلابة دەلێت : عومەر لە سەردەمی خەلافەتەکەی ڕێگای نەدەدا کە هیچ ژنە کۆیلەیەك سەرپۆش بکات وە دەیگوت : سەرپۆش بۆ ژنانی ئازادە بۆ ئەوەی ئازار نەدرێن

ئایەتی ٥٩ سورەتی الاحزاب :

يا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ

ئەی پێغەمبەر بە ژنەکانت و کچەکانت و ژنانی ئیمانداران بڵێ کە پۆشاکەکەیان بەسەر خۆیاندا بهێنن ، ئەوە کەمترین شتە بۆ ئەوەی بناسرێنەوە وە بەم شێوەیە ئازار نادرێن

عمر لەم کارەیان پابەند بووە بەم ئایەتەی قورئان چونکە حیجاب و نیقاب تەنها بۆ ژنانی ئازادن و بۆ ژنانی کۆیلە نین.

الطبری لە تفسیری ئەم ئایەتە دەڵێت

إدناؤهن جلابيبهن إذا أدنينها عليهن أقرب وأحرى أن يعرفن ممن مررن به، ويعلموا أنهن لسن بإماء فيتنكبوا عن أذاهن

شۆڕکردنەوەی سەرپۆشەکانیان بەسەر خۆیاندا باشترە بۆ ئەوەی لە لایەن ئەم کەسانەوە بناسرێنەوە کە بەلایانەوە تێپەڕ دەبن ، وە دەزانن کە ئەم ژنانە کۆیلە نین وە بەم شێوەیە ئازاریان نادەن

ابن کثیر دەڵێت:

أن يأمر النساء المؤمنات بأن يدنين عليهن من جلابيبهن ، ليتميزن عن سمات نساء الجاهلية وسمات الإماء

الله بە پێغەمبەرەکەی دەڵێت کە فەرمان بە ژنانی ئیماندار بکات سەرپۆشەکانیان بەسەر خۆیاندا شۆڕبکەنەوە ، بۆ ئەوەی لە ژنانی جاهیلی و ژنانی کۆیلە جیا بکرێنەوە

القرطبی دەڵێت:

ذلك أدنى أن يعرفن أي الحرائر ، حتى لا يختلطن بالإماء فإذا عرفن لم يقابلن بأدنى من المعارضة مراقبة لرتبة الحرية ، فتنقطع الأطماع عنهن. وكان عمر رضي الله عنه إذا رأى أمة قد تقنعت ضربها بالدرة ، محافظة على زي الحرائر

ئەوە کەمترین شتە بۆ ئەوەی بناسرێن واتە ژنانی ئازاد ، بۆ ئەوەی لەگەڵ ژنانی کۆیلە تێکەڵ نەکرێن چونکە ئەگەر بناسرێنەوە ئەوا ڕوبەڕوی کەمترین ئازار نابنەوە بە هۆی ئەوەی ئازادن ، بەم شێوەیە پیاوان ئارەزوویان ناکەویتە سەریان . وە عومەر ڕەزای الله لێبێت کاتێك ژنە کۆیلەیەکی دەبینی کە خۆی داپۆشیوە بە گۆپاڵ لێی دەدا ، بۆ پارێزگاری کردن لە جلی ژنانی ئازاد

لە سنن ابو داود کتاب اللباس باب في قوله عز و جل و قل للمؤمنات يغضضن من ابصارهن ژمارە ٤١١٤ وە البيهقى لە السنن الكبرى كتاب الصلاة جماع ابواب الصلاة باب عورة الامة ژمارە ٣١٢٥ محمد صلعم دەڵێت:

عەورەتی ژنە کۆیلە لە نێوان ناوك و ئەژنۆیە .

هەواڵنامەی ئێزیدی

البيهقی لە السنن الكبری كتاب الصلاة باب عورة الامة ژمارە ٣٢٢٤ محمد صلعم گوتویەتی :

كێشـەیەك نییە ئەگەر پیاو ژنە كۆیلەیەك پاش و پیش بكات ئەگەر ویسـتی بیكڕێت وە سـەیری هەموو شـوێنێكی بكات تەنها عەورەتی نەبێت وە عەورەتی ژنە كۆیلە دەكەوێتە نێوان ناوك و ئەژنۆ.

واتە سـینگ و مەمك و قاچ و قژ و سـیما عەورەت نییە وە ئاسـاییە كە ژنە كۆیلە ئەم شوێنانە ڕوت بكەن .

كنز العمال ج١٥ لاپەرە ٤٨٦ ئاماژە بە چەند فەرموودەیەك دەكات :

ژمارە ٤١٩٢٥: انس دەڵێت :

عومەر ژنە كۆیلەیەكی بینی سەرپۆشی لەسەر بوو ، بە گۆپاڵ لێی دا و سەرپۆشەكەی پێی فڕێ دا

لە كنز العمال ج١٥ لاپەرە ٤٨٦ ژمارە ٤١٩٢٧ وە سـنن الكبری للبیهقی ژمارە ٣٢٢٢ هاتووە انس دەڵێت

لە ماڵی عومەر بووین ، ژنە كۆیلەكانی بە سەر ڕوتی دەهات و دەچوون و مەمكەكانیان بەریەك دەكەوت و دەهەژایەوە.

شـیخ الالبانی لە ارواء الغلیل ج٦ لاپەرە ٢٠٤ دەڵێت اسـنادە جید ، و قال البیهقی ئەم شتانە سەبارەت بە عومەری كوڕی خەتاب ڕاستن.

سـنن سـعید بن منصـور باب ما جاء في المراة تزوج عبدها ( ژنێك شـوو بە پیاوە كۆیلەكەی دەكات) ژمارە ٧١٢ دەلێت:

ژنێكیان هێنا بۆ لای عومەری كوڕی خەتاب كە شـووی بە پیاوێكی كۆیلە كردبوو ، عومەر پرسی بۆچی ئەم كارەت كردووە؟ ژنەكە گوتی كۆیلەی خۆمە و شـووم پێی كردووە. عومەر فەرمانی كرد داركاری ژنەكە بكەن

الهیثمی له مجمع الزوائد و منبع الفوائد کتاب المناقب باب مناقب سـعد بن ابي وقاص باب اجابة دعوته  ژماره  ١٤٨٥٣ :

کچه کۆیلەیەکی سعد به ناوی زیرا له ماڵەوه دەرچوو ، بایەك هەڵی کرد و جلەکەی لەبەریدا بوو هەڵدایەوه ، عومەر به گۆپاڵ لێی دا

الهیثمی دەڵێت الطبرانی ڕیوایەتی کردووه وه جێگای متمانەیه.

## عومەر و ژنانی ئازاد

المصـنف لعبدالرزاق الصـنعانی کتاب الاعتکاف باب طیب المراة ثم تخرج من بیتها ژماره ٨١٠٧ دەڵێت:

له سـەردەمی عومەری کوڕی خەتاب ، ژنێك له ماڵەوه دەرچوو بۆنی له خۆی دابوو ، عومەر هەسـتی به بۆنەکەی کرد و گۆپاڵەکەی لێی بەرز کردەوه  ئینجا گوتی بۆن له خۆتان دەدەن ئینجا له ماڵەوه دەردەچن ، ئەی نازانن شـەهوەتی پیاوان له ژێر لوتیانه.

مسند احمد مسند العشرة المبشرة بالجنة : و من مسند بنی هاشم ژماره ٢٩٧٨ دەڵێت:

کاتێك عثمان بن مظعون مرد ، ژنان دەگریان ، عومەر دەسـتی کرد به لێدانیان به قامچی

پێغەمبەر گوتی  وازیان لێ بێنه با بگرین

المتقی الهندی له کنز العمال ج١٥ لاپەره ٧٣٠ ژماره ٤٢٩٠٥ دەڵێت:

کاتێك خالید کوڕی وەلید مرد ، ژنان له ماڵی میمونة  ( ژنێکی محمد بوو) کۆبوونەوه و دەگریان ، عومەر به گۆپاڵەوه هات و ابن عباسی لەگەڵدا بوو، عومەر به ابن عباسی گوت بڕۆ ژوورەوه ، به دایکی ئیمانداران ( میمونة ) بڵێ خۆی حیجاب بکات ئینجا فەرمان به ژنەکان بکه بێنه دەرەوه ، ژنەکان دەهاتنه دەرەوه و عومەر

به گۆپاڵ لێیانی دەدا ، بە لێدانی عومەر ، ژنێکیان سەرپۆشەکەی لەسەر کەوت ، گوتیان ئەی ئەمیری ئیمانداران سەرپۆشەکەی کەوت ، عومەر گوتی وازی لێ بێنن ، حورمەتی نییە .

وە لە هەمان سەرچاوەی پێشوو بە ژمارە ٤٢٩٠٦ وە ابن شبة لە تاريخ المدينة ج٣ لاپەرە ٧٩٩ هاتووە:

شەوێکیان عومەر لە ماڵێکی مدینە گوێی لە سەردولکەی ژنێك بوو ، لێی بەژوورەوە کەوت و بە گۆپاڵ لێی دا تاوەکو سەرپۆشەکەی لەسەر بۆوە.

لە تاريخ الطبری ج٢ لاپەرە ٢١٧ ، ابن سعد لە الطبقات الکبری ج٣ لاپەرە ٢٠٨ هاتووە:

کاتێك ابوبکر مرد ، عائیشە تازیەی ژنانی بۆ دانا و ژنان دەگریان و سەردولکەیان دەگوت ، عومەر هات لەبەردەم دەرگای ژووری عائیشە وەستا و ڕێگای لێیان گرت بگرین بەڵام لە گریان نەوەستان ، عومەر بە هشام بن الولیدی گوت برۆ ژوورەوە کچی ابی قحافة ( واتە عائیشە) و خوشکی ابی قحافة ( خوشکی ابو بکر) م بۆ دەربکە ، کاتێك عائیشە گوێبیست بوو گوتی من لە ماڵەکەی خۆم بێمە دەرەوە، عومەر بە هشامی گوت برۆ ژوورەوە ، من مۆڵەتم پێت داوە بچیتە ژوورەوە، هشام چووە ژوورەوە و خوشکی ابو بکر ( ام فروة) هاتە دەرەوە ، عومەر گۆپاڵەکەی لێی بەرز کردەوە و لێی دا وە ژنان پەرش و بڵاویان لێ کرد.

# عومەر و سیما و پۆشاك

عومەری کوڕی خەتاب کابرایەکی شـــپڕێو و پیَ پەتی و پیس و پۆخڵ و ســـمێڵ زل و توڕە و توند بوو ، تەنانەت هەندێك جار بینراوە کە قونی ڕوت بووە و دەســـتی لە کێری داوە

محمد لە چەندەها فەرموودە فەرمان بە موســـلمانان دەکات کە ســـمێڵیان بتاشـــن یان قوت بکەن وە تەنانەت لە فەرموودەیەکی صـــحیحدا دەڵێت هەر کەســـێك سمێڵ قوت نەکات ئەوا لە ئێمە نییە ( واتە موسلمان نییە). کەچی عومەری کوڕی خەتاب پابەندی فەرمانەکەی محمد نەبووە و سمێڵی زل بووە.

سنن الترمذی کتاب الادب باب ما جاء في قص الشارب ( ئەوەی هاتووە سەبارەت بە سمێل قوت کردن) ژمارە ٢٧٦٢ هاتووە کە زید بن ارقم دەڵێت

پێغەمبەری الله گوتی من لم یاخذ من شاربە فلیس منا

واتە : هەر کەسێك سمێڵی قوت نەکات ئەوا لە ئێمە نییە.

الترمذی دەڵێت هذا حدیث حســـن صـــحیح وە شـــیخ الالبانی لە الروض النضـــیر بە ژمارە ٣١٣ وە لە المشکاة بە ژمارە ٤٤٣٨ دەڵێت ئەم فەرموودەیە صحیحە

وە لە صـــحیح مســـلم کتاب الطهارة باب خصـــال الفطرة ژمارە ٢٥٧ هاتووە کە محمد صلعم فەرموویەتی

الفطرة خمس أو خمس من الفطرة الختان والاســـتحداد وتقليم الأظفار ونتف الإبط وقص الشارب

پێنج شـــت لە فیترەتن : خەتەنە کردن ، بەرتاشـــین ، نینۆك کردن ، دەرهێنانی تووکی ژێر باڵ وە سمێل قوت کردن.

لە مسند احمد مسند العشرة المبشرين بالجنة : باقي مسند المكثرين من الصحابة ژمارە ٨٤٧١ هاتووە کە محمد صلعم  فەرمان بە موسلمانان دەکات و دەڵێت :

أَعْفُوا اللِّحَى ، وَخُذُوا الشَّوَارِبَ ، وَغَيِّرُوا شَيْبَكُمْ ، وَلَا تَشَبَّهُوا بِالْيَهُودِ وَالنَّصَارَى

ریش بهێلنەوە و سمێڵ قوت بکەن ، وە روخساری پیریتان بگۆڕن وە لە یهودی و مەسیحی نەچن

وە لە صحیح البخاری کتاب اللباس باب تقلیم الاظافر ( نینۆك کردن) ژمارە ٥٥٥٣ هاتووە محمد صلعم گوتویەتی :

خالفوا المشركين وفروا اللحى وأحفوا الشوارب

پێچەوانەی موشریکەکان بکەن : ریشتان بهێلنەوە و سمێڵتان بتاشن

الهیثمی لە مجمع الزوائد و منبع الفوائد ج٥ لاپەرە ١٣١ دەڵێت :

یا رسول الله يقصون عثانينهم ويوفرون سبالهم قال فقال النبي صلى الله عليه وسلم قصوا سبالكم ووفروا عثانينكم وخالفوا أهل الكتاب

ئەی پێغەمبەری الله ( یهودی و مەسیحیەکان) ریشیان دەتاشن و سمێڵیان دەهێلنەوە ، پێغەمبەری الله صلعم گوتی ئێوە ریشتان بهێلنەوە و سمێڵتان قوت بکەن وە پێچەوانەی ئەهلی کتاب بکەن

الهیثمی دەلێت احمد و الطبرانی ریوایەتیان کردووە و فەرموودەکە صحیحە

الشیخ العثیمین لە سلسلة لقاءات الباب المفتوح ١١/٢١٧ لە وەڵامی پرسیاری ( حوکمی سمێڵ هیشتنەوە و ریش تاشین چییە؟) دەڵێت:

ئەوە نابێت ، واجب ئەوەیە کە ریش بهێلیتەوە و سمێڵ قوت بکەیت ئەوەیان بە تاکید سونەتە وە لەبەر ئەوە لە فەرموودەیەکدا هاتووە ( ئەوەی سمێڵی قوت نەکات لە ئێمە نییە) ، هەندێك لە ئەهلی عیلم دەڵێن سمێڵ هیشتنەوە بە گوناهی گەورە دادەنرێت ( إنَّ ترك الأخذ من الشارب من كبائر الذنوب) چونکە پێغەمبەر صلعم خۆی لێی بێبەری کردووە، وە ابن حزم دەڵێت : ریش هیشتنەوە و سمێڵ قوت کردن فەرزە.

هەواڵنامەی ئێکس

پوختە :

**یەکەم :** موسـلمان دەبێت لە سـەر و سـیما پێچەوانەی کافر و موشریك و ئەهلی کتاب بکات

**دووەم:** هەر کەسـێك سـمێڵی قوت نەکات و ریشی ـ نەهێڵێتەوە ئەوا لە کافر و مشریك و ئەهلی کتاب دەچێت وە محمد لێی بێبەری و بە موسلمانان دانانرێت
لە ابن سـعد لە الطبقات الکبری ج٣ لاپەرە ٢٩٧-٣٠٥ کە هەندێك کەس بەم شێوەیە عومەری کوڕی خەتابیان بینیووە:
السـائب بن زید گوتی لە سـاڵی الرمادة عومەری کوڕی خەتابم بینی ئیزارێکی پێنج بسـت و نیوی لەبەردابوو کە لە ١٦ پارچە قوماش پێك هاتبوو وە دەیگوت : اللهم لا تجعل هلکة امة محمد علی رجلی
الله بە هیلاك بردنی میلەتی محمد لە قاچەکانی من نەهێنیتە ئاراوە.
رۆژێکیان عومەری کوڕی خەتابم بینی لە مدینە دەرچوو ، پیاوێکی کەچەڵی کەتەی باڵا بەرزی پێست رەش بوو وە بە پێی پەتی دەرۆیشت.
کاتێك عومەری کوڕی خەتاب تورە دەبوو سمێڵەکانی لول دەدا و فوی دەکرد
ابي عثمان النهدی دەڵێت عومەرم بینی بە دەورەی کعبەدا تەوافی دەکرد ، ئیزارەکەی کە لە بەریدا بوو لە ١٢ پارچەی جیاواز پێك هاتبوو، یەکێك لە پارچەکان رەنگێکی سوری تۆخ بوو.
مالك بن دینار دەڵێت عومەرم بینی ئیزارێکی لەبەردابوو کە لە ١٢ پارچە پێك هاتبوو
عبید بن عمیر دەڵێت عومەرم بینی رەجمی شـەیتانی دەکرد ، ئیزارەکەی تا ئاسـتی قونی بوو.
ابن ابي حدید لە شرح نهج البلاغة ج٢٠ لاپەرە ٢١ دەڵێت:
عومەر بە خێرایی خراپەکاری دەکرد وە جوێنی بە هەموو کەسـێك دەدا و سـوکایەتی دەکرد.
ابن عساکر لە تاریخ مدینة دمشـق ج٤٤ لاپەرە ٣٠٣ دەڵێت انس بن مالك گوتی عومەری کوڕی خەتابم بینی ئیزارێکی لەبەر دابوو ٤ پینەی هەبوو.
ابن عساکر تاریخ مدینة دمشق ج٤٤ لاپەڕە ١٩ دەڵێت:
زر بن حبیش گوتی لە رۆژی جەژن لەگەل خەڵکی مدینە دەرچووین و عومەری کوڕی خەتابمان لەگەڵدا بوو کە بە پێی پەتی دەرۆیشت.
هەمان سەرچاوەی پیشوو ج٤٤ لاپەرە ٤ دەڵێت کاتێك عومەر بۆ شام هات بە پێی پەتی بوو وە نەعلەکانی خستبووە بن باڵیەوە.

الطبرانی له المعجم الكبير ج١ لاپەره ٦٦ ژماره ٥٤ دەڵێت :
عیسا کوڕی الطباع دەڵێت : ئیمام مالك بن انسم بینی سمێڵی زۆر بوو گوتم چۆنه سمێڵت زۆره ؟ گوتی عامر بن عبدالله بن الزبیر گوتویەتی :
ان عمر بن الخطاب کان اذا غضب فتل شاربه و نفخ
کاتێك عومەری کوڕی خەتاب توڕە دەبوو سمێڵی لول دەدا و فوی دەکرد
ابن عساکر له تاریخ مدینة دمشق ج٤٤ لاپەره ١٧ دەڵێت :
عومەری کوڕی خەتاب سمێڵی گەورە بوو.
ابن حجر له فتح الباری ج ١٠ لاپەره ٣٦٢ دەڵێت :
ئیمام مالك دەڵێت : کاتێك عومەر توڕە دەبوو، به دەست سمێڵی لول دەدا
انساب الاشراف ج١٠ لاپەره ٤٠٥ دەڵێت :
عبدالله بن الزبیر بن اسلم دەیگوت کاتێك عومەر توڕە دەبوو بەم شێوەیه سمێڵی لول دەدا و فوی دەکرد
واته کاتێك عومەری کوڕی خەتاب ئەمیری ئیمانداران بووه سمێڵی به ڕادەیەك گەورە بووه که توانیویەتی به دەست بیگرێت و لولی بدات
کەواته: شێوازی عومەری کوڕی خەتاب له مشریك و کافر و ئەهلی کتاب چووه وه محمد لێی بێبەری یه .
البیهقی له السنن الکبری کتاب الطهارة باب الوضوء من مس الذکر ( دەست نوێژ شۆرین کاتێك دەستت له کێر دا) ج ج١ لاپەره ٢٠٨ ژماره ٦٣٢ ابن ابي ملیکة دەڵێت :
ڕۆژێکیان عومەر پیش نوێژی بۆ خەڵك دەکرد ، دەستی خزا و به کێری کەوت ، به خەڵکی گوت که له شوێنی خۆتان بمێننەوه ، ئینجا چوو دەست نوێژی شۆریەوه و گەڕایەوه و نوێژەکەی به خەڵك تەواو کرد
کەواته جلەکەی بەڕادەیەك کورت بووه که کێری به دیار کەوتووه ئەگینا چۆن دەست به کێر دەکەوێت. چونکه به گوێرەی شەریعەتی ئیسلامی ئەگەر لەسەر جل دەست به نێوگەڵ بکەوێت پێویست به دەستنوێژ شۆرینەوه ناکات.
له سنن الدار قطنی ج١ لاپەڕە ٩٩ هاتووه:
کاتێك عومەر میزی دەکرد کێری به دیوار یان بەردێك دەسڕیەوه وه دەستی به ئاو نەدەشۆری.
البلاذری له فتوح البلدان ج١ لاپەره ١٠٠ ژماره ٢٥٦ دەڵێت:
ابو هریرة گوتی عومەری کوڕی خەتاب منی له بحرین کرد به بەرپرس ، ١٢ هەزار دینارم بۆ خۆم کۆکردەوه .کاتێك هاتم بۆ مدینة عومەر گوتی ئەی دووژمنی الله و دووژمنی موسلمانان پارەی اللەت دزیووه؟ گوتم نه دووژمنی الله م و نه دووژمنی

موســـلمانانم وه نه دووژمنی پەرتوکی اللهم  بەڵکو من دووژمنی ئەو کەســـەم کە دووژمنی الله و موسلمانانه. ئەم پارەیە پارەی ئەسپەکانمه ،زاوزێیان کرد و زۆر بوون و فرۆشتمن ، ئەوەبوو عومەر ١٢ هەزار دینارەکەی لیَ وەرگرتمەوە.

ابن سعد له الطبقات الكبرى ج٣ لاپەرە ٢٩٢ دەڵێت:
له دوای مردنی عومەری کوڕی خەتاب ، ابو هريرة دەیگوت رەحمەتی اللهت لێبێت کوڕی حنتمة ( حنتمة دایکی عومەرە) ، له ســاڵی (الرمادة)  بینیم  کە دوو گونیەی له سەر پشتی دانابوو و گۆسکەیەك زەیتی بەدەستەوە بوو.

## عومەر وەك عەرەبێکی فاشیست

زانای فیزیایی لوریتی ستیڤن وەرگری خەڵاتی نوبل دەڵێت :

خەلانێك کە ئاینیان هەبێت وە یان ئاینیان نەبێت ، باشـەکەیان کاری باش دەکات و خراپەکەیان کاری خراپ دەکات بەڵام  بۆ مرۆڤی باش ئاین پێویســـت دەکات بۆ ئەوەی کاری خراپ بکات.

ابن عســـاكر له ج٤٤ لاپەرە ٢٧٧ دەڵیت : عومەری کوڕی خەتاب بە  ســـەرکردە ســەربازیەکانی گوت : عەرەب جەلد مەکەن چونکە عەرەب بە جەلد کردن ریســوا دەبێت

# اجلاء اليهود و النصارى

یەكێك لە دوا وەسیەتەكانی محمد لە سەرەمەرگا ، دەرکردنی یهودی و مەسیحیەكان بووە لە دورگەی عەرەب، كاتێك عومەر دەبێت بە ئەمیری ئیمانداران ، لە دورگەی عەرەب دەریان دەكات.

صحيح مسلم كتاب الجهاد و السير باب اخراج اليهود و النصارى من جزيرة العرب ژمارە ١٧٦٧ دەڵێت عومەری كوڕی خەتاب گوتی گوێم لە پێغەمبەری الله بوو فەرمووی كە هەر دەبێت یهودی و مەسیحیەكان لە دوورگەی عەرەب دەربكەم ، وە نابێت جگە لە موسلمان هیچ كەسێكی تر لە دوورگەی عەرەبی بمینێت.

صحيح مسلم كتاب الجهاد و السير باب اجلاء اليهود من الحجاز ژمارە ١٧٦٦ ابن عومەر دەلێت : پێغەمبەری الله یهودیەكانی بنی نضیری ئاوارە و دەربەدەر كرد وە سزای یهودیەكانی بنی قورەیزەی دا ، پیاوەكانی كوشتن و ژن و منداڵەكان و سامانەكانیانی بەسەر موسڵمانان دابەش كرد ، وە پێغەمبەری الله هەرچی یهودی مدينة بوو ئاوارەی كردن ، وە یهودەكانی بنی قنيقاع و بنی حارثة.

صحيح البخاری كتاب الخمس باب ما كان النبی صلعم يعطی المؤلفة قلوبهم و غيرهم من الخمس ژمارە ٢٩٨٣ دەڵێت

كاتێك عومەری كوڕی خەتاب بوو بە ئەمیری ئیمانداران : اجلی اليهود و النصارى من ارض الحجاز ( یهودی و مەسیحیەكانی ئاوارە كرد لە حیجاز)

ابن حجر لە فتح الباری ج٥ لاپەرە ٣٨٧ دەڵێت :

( الاجلاء ) واتە دەركردن لە نیشتمان و ماڵ بە زۆری و زەبر و زەنگ

ابن سعد لە الطبقات الكبرى ج٣ لاپەرە ٢٦٣ دەڵێت :

عومەری كوڕی خەتاب یهودیەكانی دەركرد لە حیجاز و ئاوارەی كردن بۆ شام وە مەسیحیەكانی نجرانی ئاوارە و دەربەدەركرد بۆ كوفە.

# سوتاندنی پەرتوکخانە

ئیسلام هەر شوێنێکی داگیر کردبێت وێرانی کردووە وە موسلمانان لە هەر شوێنێك ژیابن بێئەخلاقیان تیادا بڵاوکردۆتەوە .١٤٠ سەدەیە ئیسلام و موسلمانان خەریکی کاولکارین و تەگەرەن بۆ پیشکەوتن و شارستانیەت. بەڵام ئەلبەتە رۆشنایی خۆر بە بێژەنگ ناگیرێت و خەون و خەیاڵی شەمشەمەکوێر بۆ جیهانێك کە هەمیشە و بەردەوام تاریك بێت نایەتە دی.

ابن خلدون لە پەرتوکی المقدمة بەشی ٢٦ لاپەرە ١٨٧ دەڵێت

أن العرب إذا تغلبوا على أوطان أسرع إليها الخراب

ئەگەر عەرەب لە هەر وڵاتێك باڵادەست بێت ئەوا ئەم وڵاتە بە خێرایی کاول دەبێت.

وە دەڵێت هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە چونکە میلەتێکی درندەن وە یاسا و رێسای درندە دەسەپێنن . وە ئەم درندەییە بووە بە بەشێك لە سروشتیان

وە دەڵێت ئەم سروشتە ( درندانەیە) دژ بە بنیات نان و شارستانیەتە

وە دەڵێت بروایان بە رێگری و تاڵانی هەیە وە رزقەکانیان لە ژێر سێبەری رمەکانیانە ( أن رزقهم في ظلال رماحهم)

( ان رزقهم فی ظلال رماحهم ) فەرموودەیەکی محمدە کە ابن خلدون ئاماژەی پێدەکات

سەرچاوە : صحیح البخاری کتاب الجهاد و السیر باب ما قیل في الرماح ژمارە .٢٧٥٧

وە ابن خلدون لە لاپەرە ١٩٩ دەڵێت :

سەیری ئەم وڵاتانە بکەن کە عەرەب داگیریان کردوون و تیایاندا باڵادەستن، چۆن بنیاتەکانی وێران بوون وە خەڵکەکەی روت و رەجاڵ و برسی بوون وە سیمای ئەم خاکانە بەتەواوی گۆردرا .

وە وڵاتی فارس و شامیان وێران کرد

ئینجا دەڵێت دەتوانن پێمان بڵێن ئەم هەموو پەرتوکەی پیش فتحی ئیسلام بۆ ولاتی فارس و میسر هەبوون ، چیان بەسەر هات؟

جرجی زیدان لە پەرتوکی تاریخ التمدن الاسلامی ج١ لاپەرە ٥٢-٥٣ وە المقریزی لە المواعظ و الاعتبار ج١ لاپەرە ١٥٩ وە ابن ندیم لە الفهرس لاپەرە ٣٤٤ دەڵێن:

کاتێك عمرو بن العاص فتحی میسر. ئینجا ئەسکەندەریەی کرد یحیا الغراماطیقی لە ژیاندا بوو ، یحیا رۆژێکیان چوو بۆ لای عمرو بن العاص ، وە عمرو دەیزانی کە یحیا پیاوێکی ژیر و دانایە و رێزی لێ دەگرت، یحیا بە عمروی گوت : دەستت بەسەر هەموو کونج و کەلەبەرێکی ئەسکەندەریەدا گرتووە ، هەرچی سودی بۆ ئێوە تیادا بێت رێگات لێ ناگرین بەڵام ئەوەی سودی بۆ ئێوە تیا نییە با بۆ ئێمە بێت. عمرو گوتی وەك چی ؟ یحیا گوتی پەرتوکەکانی حیکمەت لە پەرتوکخانەی پادشایی. عمرو گوتی من ناتوانم ئەم بریارە بدەم تاوەکو مۆڵەت لە ئەمیری ئیمانداران وەرنەگرم. عمرو نامەیەکی نوسی بۆ عومەری کوڕی خەتاب و عومەر وەڵامی دایەوە و گوتی :

بەڵام ئەم پەرتوکانەی ئاماژەت پێکردوون ، ئەگەر شتێکیان تیادا بێت کە هاوڕابن لەگەل قورئان ، ئەوا قورئان بەسمانە وە ئەگەر شتانێکیان تیادا بێت کە ناکۆکن لەگەل قورئان ئەوا پێویستیمان پێیان نییە ، لەبەر ئەوە لەناویان ببە.

ئەوەبوو عمرو بن العاص دەستی کرد بە دەرهێنانیان لە پەرتوکخانەی ئەسکەندەریە و دابەش کردنیان بەسەر گەرماوەکانی ( حمام ) ئەسکەندەریە و دەستیان کرد بە سوتاندنیان وە بە ٦ مانگ هەر هەموویان سوتاندن . یحیا کاتێك ئەوەی بینی سەری سوڕما.

ابن خلدون لە پەرتوکی المقدمة ج١ لاپەرە ٣٨ دەڵێت

وە عومەری کوڕی خەتاب نەیدەزانی ئەم پەرتوکخانانە چیان تێدایە لەبەر ئەوە لەسەر بنەمایەکی هەڵە بریاری دا کە ئاکامەی کارەسات بوو بۆ هەموو جیهان چونکە پەرتوکخانەی ئەسکەندەریە تۆمارێکی وورد و تەواوی تێدابوو سەبارەت بە چۆنیەتی دروست بوونی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و بنەماکانی فیکری و فەرهەنگی و

هەوڵنامەی کتێب

زانستی وه له‌گه‌ل له ناوبردنی ئه‌م تۆماره ، زانسته‌كان له ناو چوون وه شارستانیه‌تی مرۆڤایه‌تی بۆ چه‌نده‌ها سه‌ده بۆ دواوه گه‌ڕایه‌وه

وه به فه‌رمانی عومه‌ری كوڕی خه‌تاب ، سـعد بن ابی وقاص ، په‌رتوكه‌كانی په‌رتوكخانه‌كانی ئیمپراتۆریه‌تی ساسانی له‌ناو ده‌بات .

جرجی زیندان له تاریخ التمدن الاسلامی ج١ لاپه‌ره ٥٧ ده‌ڵێت :

له زۆر سـه‌رچاوه‌ی مێژوویی ئیسـلام ئاماژه به سـوتاندنی په‌رتوكخانه‌كانی فارس و گشـت شـوێنه‌كانی تر كراوه، وه نوسـه‌ری "كشـف الظنون " له ج١ لاپه‌ره ٤٤٦ پوختی كردۆته‌وه و ده‌ڵێت:

كاتێك موسـلمانان وڵاتی فارسـیان فتح كرد و په‌رتوكه‌كانیان كه‌وته ده‌ست ، سـعد بن ابی وقاص بۆ عومه‌ر بن خه‌تابی نوسی كه مۆڵه‌تی پێ بدات بیانگوێزێته‌وه بۆ دوورگه‌ی عه‌ره‌ب. عومه‌ر وه‌ڵامی دایه‌وه و گوتی : فڕێیان بده‌ره ئاوه‌وه ، ئه‌گه‌ر شـتێكیان تێدابێت هیدایه‌ت بێت ئه‌وا قورئانمان هه‌یه بۆ هیدایه‌ت وه ئه‌گه‌ر شـتێكیان تیادا بێت ( ضـلاله‌ت) بێت ئه‌وا الله ئێمه‌ی پاراسـتووه له زه‌لاله‌ت. ئه‌وه‌بوو په‌رتوكه‌كانیان فڕێ دا ئاوه‌وه ( ده‌ریا و ڕووبار) وه هه‌ندێكیان سـوتاند ، وه ئه‌وه‌ی زانست هه‌بوو فه‌وتا.

هه‌زارانه‌ی كتێب

## العهدة العمرية

عومەر بە پابەند بوونی بە قورئان و ڕێنماییەکانی محمد ، فاشـــیســـترین مەرج بە سـەر ناموســلمانان ( ئەهلی پەرتوك ) دەســەپێنێت ، وە ئەم مەرجانە بە پەیمانی عومەری ناسراون.

بۆ نمونە محمد لە فەرموودەیەکدا کە صـحیح مسـلم لە کتاب السـلام باب النهی عن ابتداء اهل الکتاب بالسلام و کیف یرد علیهم ( نەهی کردن لە دەست پێکردنی ســڵاو لە ئەهلی کتاب وە کاتێك ســڵاویان کرد چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە) ژمارە ٢١٦٧ دەڵێت

ئێوە دەســت پێکی ســڵاو لە یهودی و مەســیحیەکان مەبن وە ئەگەر لە ڕێگا توشی کەسێکیان بوون ئەوا ناچاریان بکەن بە تەسکترین شوێندا تێپەڕ بن.

قودس لە ساڵی ١٦ فتح دەکرێت وە عومەر لە هەمان کاتدا سەردانی قودس و شام دەکات وە فاشــســترین مەرج بەســەر خەلکانێك دەســەپێنێت کە دەســتبەرداری ئاینەکەیان نابن . هەموو پەرتوکەکانی مێژوو ئاماژەیان بە بەندەکانی ئەم پەیمانە کردووە.

کتاب احکام اهل الذمة لە ج٣ لاپەرە ١١٦٢ وە ابن کثیر لە تفســیری ئایەتی ٥ سورەتی التوبة ئاماژە بە مەرجەکان دەکەن و دەڵێن

-نابێت بە هیچ شێوەیەك کەلیسا یان دێر دروست بکەن

-نابێت ئەم کەلیساییانەی کە روخێندراون نۆژەن بکرێنەوە

-دەبێت دەرگای کەلیســـاکانتان ئاوالا بکەن بۆ هەر موســـلمانێك کە پیایدا تێپەڕ دەبێت وە دەبێت ڕێگای بدەن کە بۆ ماوەی ٣ شـــەو تیایدا بمینێتەوە وە دەبێت خواردنی پێ بدەن

-نابێت سیخور لەماڵەکانتان ڕابگرن وە یان نهێنی لە موسلمانان بشارنەوە

-نابێت منداڵەکانتان فێرە قورئان بکەن

-نابێت هیچ جۆرە شرکێك نیشان بدەن

-نابێت ڕێگا لە کەس و کارتان بگرن ئەگەر بیانەوێت ببنە ئیسلام

-دەبێت لە دانیشتنەکان شوێنی خۆتان بە موسلمانان بدەن ئەگەر موسلمانان ویستیان دانیشن

-نابێت شیوازی جلەکانتان لە جلی موسلمانان بچێت

-نابێت ناو و نازناوی موسلمانان بەکاربهێنن

-نابێت کورتان و زین لەسەر وڵاغەکانتان دابنێن

-نابێت بە هیچ شێوەیەك شمشێر هەڵبگرن

- نابێت ئەرەق بفرۆشن

-دەبێت پەرچەمتان ( بەشی پیشەوەی قژ ) یان بتاشن یان بیبەستن

-دەبێت پشتێنە لە نێوقەدتان ببەستن

-نابێت خاچ لە سەر کەلیساکانتان دابنێن وە نابێت لەم شوێنانەی موسلمانان هاتوچۆی بۆ دەکەن خاچ هەڵبگرن وە یان پەرتوکەکانتان نیشان بدەن

-نابێت گۆڕستانەکانتان لە تەك گۆڕستانی موسلمانان بێت

-نابێت لە کەلیساکانتان بە دەنگی بەرز زەنگوڵ لێ بدەن وە تەنها بۆتان هەیە کە لە ناو کەلیساکانتان وە بە دەنگی نزم زەنگوڵ لێ بدەن

-وە نابێت لە کاتی خوێندنەوەی پەرتوکەکانتان لە ناو کەلیساکان دەنگتان بەرز کەنەوە

-نابێت لەگەل جەنازەکانتان دەنگتان بەرزکەنەوە وە یان چرایان لەگەڵدا هەڵبگرن

-نابێت ئەم کۆیلانە بکڕن کە موسلمانان دەیانەوێت بیکڕن

هەواڵنامەی کتێب

-وە نابێت هیچ جۆرە بازرگانیەك بكەن مەگەر موسلمانان داواتان لێ بكەن

-نابێت لە موســـلمانان بچن نە لە جل وە نە لە مەندیل وە نە لە نەعل وە نە لە شێوازی قژ

-نابێت گوستیلەكانتان بە پیتی عەرەبی بنەخشێنن

-نابێت لە جەژن و بۆنەكانتان گردبوونەوە بكەن ( وەك ئیستەر)

- دەبێت دەرگای مالەكانتان بۆ موســـلمانانی گەرۆك بكەنەوە و رێگایان بدەن بۆ ٣ شەو لە ماڵەكانتان بمێننەوە و خۆراكیان بدەنێ

-نابێت بەراز ڕابگرن و پەروەردە بكەن لەم شوێنانەی موسلمانانی تیدایە

- نابێت هەوڵ بدەن موسلمانان بگۆڕن بۆ سەر ئاینەكەیان

تێبینی : هەر ئاینێك ڕەنگێك بۆ پشـتێن و مەندیلەكەی دیاری كرابوو : رەنگی شـین بۆ مەســـیحیەكان و ڕەنگی زەرد بۆ یهودیەكان و رەنگی ڕەش بۆ زەردەشـــتیەكان بۆ ئەوەی بناسرێنەوە كە سەر بە كامە ئاینن

هەولێرەی كتێب

## هاوار فریمان کەوە ( یا غوثاه)

ئیســـلام وەك كەلتێك و ئایۆلۆژیایەكی فاشـــیســـتی عەرەبی ســـەرمایە و داهاتە ئابوریەكەی لە تاڵانی و داهاتی زەوی و ســەرانەی تاكی هاوڵاتی ئەم ولاتانە بووە كە داگیری كردوون لە ژێر ناوی فتوحات و الله اكبر

ڕاو روت و تاڵانی لە ئیسلامدا بە دەقی قورئان هەیە و حلالە

ئایەتی ١ سورەتی الانفال دەڵێت:

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنفَالِ ۖ قُلِ الْأَنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ

ئەی محمد پرســیارت لێ دەكەن ســەبارەت بە ئەنفال بڵێ ئەنفال بۆ الله و پێغەمبەرەكەیەتی

الانفال واته الغنائم .

لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا هاتووە: غنائم واتە ئەوەی بە زەبر و زەنگ لە دووژمن دەسێنرێت

وە ئایەتی ١٩-٢٠ سورەتی الفتح دەڵێت

وَمَغَانِمَ كَثِيرَةً يَأْخُذُونَهَا وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا

وە دەستكەوتێكی زۆر بەدەست دەهێنن وە الله عزیز و حكیمە

وَعَدَكُمُ اللَّهُ مَغَانِمَ كَثِيرَةً تَأْخُذُونَهَا

الله بەڵێنتان پێدەدات كە ( غنیمة) دەستكەوتێكی زۆر بەدەست دەهێنن

ئایەتی ٤١ الانفال دەڵێت:

وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ

وە هەر شتێكتان بەدەست هێنا ئەوا یەك لە پێنجی بۆ الله و پێغەمبەرە

هەوالنامەی کتێب

وە چوار لە پێنجی بە سەر شەرکەرەکان دابەش دەکرێت

ئایەتی ٧ سورەتی الحشر دەڵێت:

**مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى**

ئەوەی اللە بۆ پێغەمبەرەکەی لە خەڵکی گوندان بەدەستی هێناوە

ما افاء الله : واتە داهاتی زەوی

ئایەتی ٢٩ سورەتی التوبة دەڵێت:

**قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّىٰ يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ**

شەڕی ئەوانە بکەن کە ئیمانیان بە اللە و بە ڕۆژی دوایی نییە وە ئەوە حرام ناکەن کە اللە و پێغەمبەرەکەی حرامیان کردووە ، وە پیادەی ئاینی هەق ( ئیسلام ) ناکەن ، ئەوانەی پەرتوکیان بۆ هاتووە ( مەسیحی و یهودی) تاوەکو بەدەستێك سەرانە دەدەن ئینجا بچوك و ریسوان

هەولێرنامە کتێب

ئایەتی ٦٩ الانفال دەلێت

**فَكُلُوا مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَالًا طَيِّبًا ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ**

بخۆن بە خۆشی و بە حەلالی ئەوەی بەدەستتان هێناوە وە لە اللە بترسن وە اللە هەمیشە لێبوردە و بەخشندە بووە.

واتە بەشێکی سەرەکی لە داهاتی کەلتی بیابان بریتییە لە تالانی و ڕاو ڕوت و فەرهودی و داگیرکاری و زەوتکردن . وە بەشێکی بریتییە لە داهاتی زەوی و زار و سەرانە لە کەسانێك کە نابن بە ئیسلام

وە هەروەها بە کۆیلە کردنی مرۆڤ و فرۆشتنیان لە بازاڕی کۆیلە ( بازرگانی کۆیلە)

امام الشافعی لە پەرتوکی الام کتاب اللقیط ج٤ لاپەڕە ٧٤ دەڵێت:

سبى رسول الله صلى الله عليه وسلم نساء بني قريظة وذراريهم فباعهم من المشركين فاشترى أبو الشحم اليهودي أهل بنت عجوز ولدها من النبي صلى الله عليه وسلم وبعث رسول الله صلى الله عليه وسلم بما بقي من السبايا أثلاثا ثلثا إلى تهامة وثلثا إلى نجد وثلثا إلى طريق الشام فبيعوا بالخيل والسلاح والإبل والمال ، وفيهم الصغير والكبير

پێغەمبەری الله صلعم ژن و منداڵەکانی بنی قورەیزەی بە کۆیلە کرد وە فرۆشتنی بە موشریکەکان ، ابو الشحم الیهودی هەندێکی لە پێغەمبەر کڕیەوە وە ئەوەی مایەوە پێغەمبەر کردی بە ٣ کۆمەڵەوە : یەك لەسەر سێیانی نارد بۆ نجد وە یەك لە سێیانی نارد بۆ تهامة وە یەك لە سێیانی نارد بۆ ڕێگای شام ، وە فرۆشران بە ئەسپ و چەك و وشتر و پارە وە گەورە و بچوکیان تێدابوو.

الواقدی لە المغازی لاپەرە ج١ لاپەڕە ٥٢٤-٥٢٥ دەڵێت:

كان يومئذ يفرق بين الأختين إذا بلغتا ، وبين الأم وابنتها إذا بلغت وكانت الأم تباع وولدها الصغار من المشركين من العرب ، ومن يهود المدينة وتيماء وخيبر

لەم ڕۆژەدا (قورەیزە) دوو خوشك ئەگەر هەرزەکار بوونایە لە یەك جیا دەکرانەوە وە دایك و منداڵ ، ئەگەر منداڵەکە هەراش بووایە ، لەیەك جیا دەکرانەوە ، وە دایك دەفرۆشرا و منداڵە بچوکەکەی دەفرۆشرا بە موشریکەکانی عەرەب وە بە یهودیەکانی مەدینە و تیماء و خەیبەر.

محمد بن مسلمة ابتعت يومئذ من السبي ثلاثة امرأة معها ابناها ، بخمسة وأربعين دينارا ، وكان ذلك حقي وحق فرسي من السبي

محمد بن مسلمة دەڵێت لەم ڕۆژەدا ( قورەیزە) ٣ ژن و منداڵەکانیانم بەدەست هێنا وە بە ٥٤ دینار فرۆشتمن ، وە ئەوە بەشە غەنیمەی خۆم و ئەسپەکەم بوو .

لما سبي بنى قريظة -النساء و الذرية – باع رسول الله صلعم منهم من عثمان بن عفان وعبد الرحمن بن عوف طائفة وبعث طائفة إلى نجد ، وبعث طائفة إلى الشام مع سعد بن عبادة ، يبيعهم ويشتري بهم سلاحا وخيلا ، ويقال باعهم بيعا من عثمان بن عفان وعبد الرحمن بن عوف ، فاقتسما فسهمه عثمان بمال كثير ،

وجعل عثمان على كل من جاء من سـبيهم شـيئا موفيا ، فكان يوجد عند العجائز المال ولا يوجد عند الشـواب فربح عثمان مالا كثيرا و سـهم عبدالرحمن و ذلك ان عثمان صار في سهمه العجائز .

کاتێك ژن و منداڵەکانی بنی قورەیزە بە کۆیلە کران ، پێغەمبەری الله هەندێکیانی بە عثمان کوڕی عفان و عبدالرحمن کوڕی عوف فرۆشت ، وە کۆمەڵێکی بۆ نجد نارد وە کۆمەڵێکی لەگەڵ سعد بن عبادة بۆ شام نارد ، فرۆشران و بە پارەکەیان چەك و ئەسـپ کڕدران ، وە ئەم کۆمەڵەی عثمان کوڕی عفان و عبدالرحمن کوڕی عوف کڕیانەوە ، دابەشیان کرد بەڵام بەشەکەی عثمان گەورەتر بوو ، وە عثمان لەسەر هەر دانەیەکیان نرخێکی باشی دانا ، وە کۆیلە پیرەکان پارەیان لابوو بەڵام گەنجەکان پارەیان نەبوو ، وە عثمان پیرەکانی بۆ خۆی دانا و گەنجەکانی بە عبدالرحمن دا ، بەم شێوەیە عثمان قازانجێکی زۆری کرد.

عبد الحميد بن جعفر عن أبيه قال كان السبي ألفا من النساء والصبيان

عبـدالحمیـد کوڕی جعفر لە جعفری بـاوکی گوێی لێ بوو کە ژمـارەی ئەم ژن و منداڵانەی بە کۆیلە کران هەزار کەس بوون.

واتە سەرچاوەی داهاتی ئیمپراتۆریەتی کەڵتی بیابان بریتی بووە لە :

یەکەم : فەرهودی و تاڵانی

دووەم: داهاتی زەوی و زاری جوتیاران ( ئەم جوتیارانەی کە وڵاتەکەیان لە لایەن موسلمانانەوە داگیر کراوە)

سێهەم : سەرانە ( جزية ) بۆ هەر کەسێك کە نابێت بە ئیسلام

چوارەم : بە کۆیلە کردن و بازرگانی کۆیلە

هەر لەبەر ئەوە محمد لە فەرموودەیەکی صـحیحدا کە سـنن ابي داود لە کتاب الاجازة باب في النهى عن العينة ژمارە ٣٤٦٢ و مسـند احمد مسـند المكثرين من الصحابة مسند عبدالله بن عمر بن الخطاب ٤٨١٠ هاتووە دەڵێت:

إذا تبايعتم بالعينة وأخذتم أذناب البقر ورضـيتم بالزرع وتركتم الجهاد سـلط الله عليكم ذلا لا ينزعه حتى ترجعوا إلى دينكم

ئەگەر خەریکی کڕین و فرۆشتن بن وە خەریکی مەڕداری بن وە بە کاری کشت و کاڵی رازی بن وە دەسـتبەرداری جیهاد بن ئەوا الله ریسـوایتان بەسـەردا دەهێنێت کە لاینابات تاوەکو نەگەڕێنەوە بۆ ئاینەکەتان ( واتە جیهاد)

واتە پێویست ناکات کار بکەن ، لە ڕێگای جیهاد ، غنیمە بەدەست دەهێنن و ژیانی خۆتان مسۆگەر دەکەن.

وە محمد لە فەرموودەیەکی تردا کە صـحیح البخاری کتاب المزارعة باب ما یحذر من عواقب الاشتغال بالة الزرع ژمارە ٢١٩٦ هاتووە کە دەڵێت :

عن أبي أمامة الباهلي قال ورأى سـكة وشـيئا من آلة الحرث فقال سـمعت النبي صلى الله عليه وسلم يقول لا يدخل هذا بيت قوم إلا أدخله الله الذل

ابی امامة الباهلی دەڵێت پێغەمبەری الله هەندێك ئامێری کشـت و کاڵی لەبەردەم ماڵێکدا بینی و گوتی : هەر کەسێك بچێتە ئەم ماڵەوە ئەوا الله ریسوای دەکات.

هەر لەبەر ئەوە عومەری کوڕی خەتـاب ڕێگری کردووە کە موسـلمـانـان ، لەم ولاتانەی کە فتحیان کردووە ، کاری کشت و کاڵی بکەن .

ابن حجر لە الاصابة ج٣ لاپەرە ٢٧٩ دەڵێت:

شریك بن سـمي الغطيفی یەکێك بوو لە سـەربازەکانی عمرو بن العاص کە بەشـدار بوو لە فتحی میسر ، داوای لە عمرو کرد کە ڕێگای بدات خەریکی کاری کشت و کاڵی بێت لە میسر ، عمرو گوتی من ناتوانم بڕیار بدەم ، دەبێت نامە بۆ عومەری کوڕی خەتاب بنوسـم ، وە شریك بێ مۆڵەتی عمرو دەسـتی کرد بە کاری کشـت و کاڵی ، عومەر نامەی نوسـیەوە بۆ عمرو و گوتی دەسـتبەجێ شریکم بۆ بنێرە ، ئەوەبوو شریکی بۆ مدینة بۆ لای عومەر نارد ، عومەر گوتی جارێکی تر خەریکی کاری کشـت و کاڵی بیت ئەوا سزات دەدەم و دەتکەم بە پەند بۆ هەر موسـلمانێك کە بیەوێت خەریکی کاری کشت و کاڵی بێت.

السرخسي له المبسوط ج١٠ لاپەرە ١٥١ و ابو بكر مسعود بن احمد الكاشانی له بدائع الصنائع ج٥ لاپەرە ١٢١ ئاماژە بە ریوایەتێك دەکەن و دەڵێن:

وروي عن سيدنا عمر رضي الله تعالى عنه أنه مر بجارية تعرض على البيع فضرب بيده على صدرها وقال اشتروا ولو كان حراما لم يتوهم منه رضي الله عنه أن يمسها ولأن بالناس حاجة إلى النظر إلى هذه المواضع ومسها عند البيع والشراء لمعرفة بشرتها من اللين والخشونة ونحو ذلك لاختلاف قيمتها باختلاف أطرافها

وە دەگێڕنەوە کە گەورەمان عومەر ڕەزای اللەی لێبێت بە لای کۆیلەیەکی کچ تێپەڕ بوو کە بۆ فرۆشتن ڕاگیرابوو ، بەدەست دەستی لە سینگی دا وە گوتی بۆم بیکڕن . وە ئەگەر حرام بووایە ئەوا عومەر رەازای الله لێبێت دەستی لێی نەدەدا ، چونکە خەڵك پیویست دەکات سەیری ئەم شوێنانە بکات و دەستی لێبدات لە کاتی کڕین و فرۆشتن بۆ ئەوە بزانێت کە ئایا ئەم نرخە دەهێنێت کە داوای دەکەن یان نا چونکە نرخەکانیان دەگۆڕێت بە گوێرەی جۆری لەشیان.

واتە : لە سەردەمی عومەر بازاڕی کۆیلە لە دوورگەی عەرەبیدا هەبووە.

لە نصب الراية لتخريج احاديث الهداية ج٣ لاپەرە ٤٤٨ هاتووە :

عومەری کوڕی خەتاب سەرانەی خستە سەر هەموو تاکێکی ئەم ولاتانەی فتح کران ، لەسەر دەوڵەمەند ٤٨ درهەم وە لەسەر کەسێك کە توانایی ناوەند بوو ٢٤ درهەم وە لەسەر هەژار ١٢ درهەم.

واتە سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەتی ئیسلامی بریتی بوون

یەکەم: تاڵانی و ڕاوڕوت و فەرهودی ( الانفال و الفيء و الغنيمة)

دووەم: جزية ( سەرانە)

سێهەم : خراج ( داهاتی زەوی و زار لە سەر جوتیاران)

چوارەم : بازرگانی کۆیلە

لە وشــكە ســاڵی و گرانی ( عام الرمادة) كە ســاڵی ١٨ كۆچی بوو كە بۆ ماوەی ١٠ مانگ بەردەوام دەبێت ، عومەری كوڕی خەتاب هاوار دەكات بۆ ســـعد بن ابی وقاص ( عیراق) و معاویة بن ابی ســفیان ( شــام) وە عمرو بن العاص ( میسرـ) بۆ ئەوەی كۆمەكیان لە خۆراك بۆ بنێرن.

ابن سعد لە الطبقات الكبری ج٣ لاپەرە ٢٧٠ و ٢٨٨ دەڵێت :

لە ســـەردەمی خیلافەتی عومەر ، طاعونی عمواس لە ســـاڵی ١٨ بلاوبۆوە وە لە هەمان ساڵدا گرانی و وشكە ساڵی ( عام الرمادة) ڕویدا كە خەلك توشی نەهامەتی و برسێتی بوو. برسێتی بۆ ماوەی ٩ مانگ بەردەوام بوو.

بەم ســاڵە دەگوترێت ســاڵی الرمادة چونكە هەموو شــتێك رەش هەڵگەڕا وە وەك لمی لێهات

لە لاپەرە ٢٨٨-٢٨٩ دەڵێت :

عومەری كوڕی خەتاب نامەیەكی بۆ عمرو بن العاص نوسی كە دەڵێت:

لە عومەری كوڕی خەتابەوە بۆ العاصی كوڕی العاصی ، ســڵاوت لێبێت ، من و خەڵكەكە بە هیلاكەت چووین ، تۆ و خەڵكەكەت چۆنن؟ هـاوار هـاوار فریامان كەوە .

عمرو بن العاص بۆ عومەری نوسیەوە :

بۆ بەندەی الله عومەر ئەمیری ئیمانداران لە عمرو كوڕی العاصـــەوە ، ســـڵاوت لێبێت، من ســـوپاســـگوزاری الله دەبم كە هیچ خودایەك نییە جگە لە ئەو ، ئەوە فریـاگوزاریم بۆت نـارد چـاوەرێ بكە چـاوەرێ ، كـاروانی وشـــترت بۆ دەنێرم كە سەرەتاكەی لای تۆ بێت و كۆتاییەكەی لای من .

كاتێك خواردنەكە گەیشت دابەشی كرد.

وە ابن ســـعد لە لاپەرە ٢٩٠ دەڵێت عومەر نامەیەكی تری بۆ عمرو نارد و تیادا نوسی

خواردنمان بۆ بنێرە بە وشتر وە لە ڕێگای دەریا ( دەریای سور)

وە معاویە بن ابی سفیان لە شام و سعد بن ابی وقاص لە عیراق خواردنیان بۆ دوورگەی عەرەبی نارد

ابن سعد لە لاپەرە ٢٩٣ دەڵێت:

عمرو بن العاص بیست کەشتی لە گەنم و دانەوێلە وە هەزار بارە ووشتر گەنمی بۆ عومەر نارد. وە معاویة ٣ هەزار بارە وشتر گەنمی نارد وە سعد بن ابی وقاص ٥ هەزار کیس گەنم و والی کوفە ٢ هەزار بارە گەنمی نارد.

پرسیارێك : ئەم هەموو بارە گەنم و دانەوێڵەیان لە کوێ هێناوە ؟ ئەڵبەتە بە زەبر و زەنگ لە جوتیارانی ئەم وڵاتانەیان وەرگرتووە.

## کچ نادات بە کەسێك کە عەرەب نییە

الاصفهانی لە حلیة الاولیاء و طبقات الاصفیاء : المهاجرون من الصحابة : سلمان الفارسی لاپەرە ١٨٧ دەڵێت:

ابن عباس گوتی سلمانی فارسی بۆ ماوەیەك وون بوو ئینجا بەدیارکەوتەوە ، عومەر بینی و گوتی تۆ بەندەیەکی باشی اللەیت. سلمان گوتی دە کەواتە کچەکەی خۆتم بدەرێ. دەڵێت عومەر بێدەنگ بوو . سلمان گوتی تۆ منت وەك بەندەیەك بۆ الله قبوڵە بەڵام منت بۆ خۆت قبوڵ نییە؟ بۆ بەیانی کەس و کاری عومەر هاتن بۆ لای سلمان و گوتیان دەبێت واز لەم بابەتە بهێنیت ( واتە هاوسەرگیری لەگەل کچەکەی عومەر). ئەوەبوو وازی هێنا.

هەواڵنامەی کتێب

## داوا لە موسلمانانی عەرەب دەکات
## کە هاوسەرگیری لەگەڵ عەجەم نەکەن

الطبری لە تاریخ الملوك و الرسل ج٣ لاپەڕە ٥٨٨ دەڵێت

دوای ئەوەی حذیفة بوو بە والی مدائن وە ژنانی موســـلمان زۆر بوون لە مدائن ، عومەر نامەیەکی نارد بۆ حذیفة : پێمیان ڕاگەیاندووە کە ژنێکت لە خەڵکی مدائن لە ئەهلی کتاب هێناوە ، دەست بەجێ تەڵاقی بدە. حذیفة بۆ عومەری نوسیەوە : تەڵاقی نادەم تاوەکو پێیم نەڵێیت کە ئایا حرامە وە ئایا مەبەســتت چیە کە دەڵێیت تەلاقی بدە؟ عومەر بۆی نوســـیەوە نەخێر حرام نییە بەڵام ژنانی عەجەم فرت و فێڵیان تێدایە ، لەبەر ئەوە تەلاقی بدە

## کوشتنی عومەر بە دەستی پاڵەوان پیروز نەهاوەندی

هەواڵنامەی کتێب

لە سەردەمی خلافەتی عومەری کوڕی خەتاب  فتوحاتی خەڵکی کورد و فارس و قبتی و ولاتی شام و ئیسرائیل  تەواو دەبێت.

٢٠٪  دەست کەوتەکانی فەرهودی دڕندەکانی دوورگەی عەرەبی ، بە ژنان و پیاوان و منداڵانی بە کۆیلە کراو دەهێنرێن بۆ دوورگەی عەرەبی .

لێرەدا بە پێویستی دەزانم  کە کورتەیەك دەربارەی فتحی جلولاء قسە بکەم؛

موســـلمانان ٨٠ هیرشـــیان لە ٨ مانگدا کرد بۆ ســـەر جلولاء تاوەکو توانیان فتحی بکەن ، کاتێك  فتحی جلولاء و حلوان و خانەقینیان کرد  نامەیان بۆ عومەری کوڕی خەتاب نوسی بەڵام عومەر بڕوای نەکرد کە جلولاء فتح کراوە .

الطبری لە تاریخ الملوك و الرســـل ج٤ لاپەرە ٢٨  وە ابن اثیر لە الکامل في التاریخ ج٢ لاپەرە ٥٢١ دەڵێت:

**وَكَتَبُوا إِلَى عُمَرَ بِفَتْحِ جَلُولاءَ وَبِنُزُولِ الْقَعْقَاعِ حُلْوَانَ وَاسْــتَأْذَنُوهُ فِي اتِّبَاعِهِمْ، فابى و قال لَوَدِدْتُ أَنَّ بَيْنَ السَّوَادِ وَبَيْنَ الْجَبَلِ سَدًّا لا يَخْلُصُونَ إِلَيْنَا وَلا نَخْلُصُ إِلَيْهِمْ**

نامەیان بۆعومەر نوسی ســەبارەت بە فتحی جلولاء و دابەزینی قعقاع بۆ حلوان و داوایان لە عومەر کرد کە مۆڵەتیان بداتێ بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە فتوحات و بەدوایانەوە بچن ، عومەر ڕەتی کردەوە و گوتی :

خۆزگە بەربەستێك دەبوو لە نێوان دەشتایی و چیاکان ، ئەوان نەیانتوانیبایە بۆ ئێمە بێن وە ئێمە نەماندەتوانیایە بۆیان بچین.

**وَلَمَّا بَعَثَ هَاشِمٌ الْقَعْقَاعَ فِي آثَارِ الْقَوْمِ، ادرك مهران بخانقين، فقتله**

**وَأَصَابَ الْقَعْقَاعُ سَبَايَا، فَبَعَثَ بِهِمْ إِلَى هَاشِمٍ مِنْ سَبَايَاهُمْ، وَاقْتَسَمُوهُمْ فِيمَا اقْتَسَمُوا مِنَ الْفَيْءِ فَاتُّخِذْنَ، فَوَلَدْنَ فِي الْمُسْلِمِينَ وَذَلِكَ السَّبْيُ يُنْسَبُ إِلَى جلولاء، فيقال سَبْيُ جَلُولاءَ، وَمِنْ ذَلِكَ السَّبْيِ أُمُّ الشَّعْبِيِّ**

وە کاتێك هاشــم، قعقاعی بە دوای خەڵکەکە ( کورد) نارد ، قعقاع لە خانقین مەهرانی گرت و کوشتی . قعقاع کۆیلەیەکی زۆری لە خانەقین بەدەست هێنا و بۆ هاشــمی ناردن وە کۆیلەکان و غەنیمەکان بەســەر موســلمانان دابەش کران ، وە هەندێکیان منداڵیان لە موسـلمانان بوو. وە ئەو سـەبایانە ( کۆیلانە) بە کۆیلەی جەلەولاء نـاودەبرێن و پێیـان دەگوترێـت کۆیلەکانی جلولاء وە یەکێـك لەم ژنە کۆیلانە دایکی الشعبی یە.

البخاری لە التاریخ الکبیر لاپەڕە ٩٥ دەڵێت:

ابن عومەر ( کوڕی عومەری کوڕی خەتاب) گوتی لە جلولاء کچێکم وەك غنیمة بەرکەوت کە گەردەنی وەك زیوی ســوراحی وابوو ، خۆم بۆ نەگیرا و ماچم کرد وە خەڵك سەیریان دەکردم.

السیوطی لە جامع الاحادیث ج٢ لاپەرە ٢٠٤ ژمارە ٢٩١١ دەڵێت:

عومەری کوڕی خەتاب نامەیەکی بۆ ابی موسا الاشـعری نوسی لە کچە کۆیلەیەکی جەلەولای پێ بفرۆشێت ئەوەبوو لێی کڕی.

البغوی لە معالم التنزیل ج٢ لاپەرە ٦٥ وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران لە تفسیری ئایەتی ٩٢ سورەتی ال عمران دەڵێت :

عومەر داوای لە ابی موسا الاشعری کرد کچە کۆیلەیەکی جەلەولای بۆ بکڕێت و بۆی بنێرێت ، کاتێك بۆی نارد ، عومەر زۆر سەرسام بوو بە جوانی.

ونفل سعد من أخماس جلولاء من أعظم البلاء ممن شهدها ومن أعظم البلاء ممن كان نائيا بالمدائن، وبعث بالأخماس مع قضاعى ابن عمرو الدؤلي من الأذهاب والأوراق والآنية والثياب، وبعث بالسبي مع أبي مفزر الأسود، فمضيا

وە سعد بن ابو وقاص یەك لە پێنجی فەرهودەکانی جلولاء-حلوان-خانەقینی بۆ هات کە ئیجگار زۆر بوو وە تەنانەت زۆر زیاتر بوو لە دەستەکوتەکانی مدائن . سعد زێڕ و شتی بەهادار و قاپ و جلەکانی ئەم یەك لە پێنجەی بە قضاعی کوڕی عمرو الدؤلی و کۆیلەکانی ( ژن و منداڵ) بە ابي مفزز الاسود بۆ عومەری کوڕی خەتاب نارد.

کاتێك عومەری کوڕی خەتاب ئەم هەموو دەستکەوتەی فەرهودی دەبینێت ، لە خۆشیانا دەست بە گریان دەکات

الطبری لە ج٤ لاپەرە ٣٠ دەڵێت:

مَّا قُدِمَ عَلَى عُمَرَ بِالأَخْمَاسِ مِنْ جَلُولاءَ، فَبَاتَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ وَعَبْدُ اللَّهِ بْنُ أَرْقَمَ يَحْرُسَانِهِ فِي صَحْنِ الْمَسْجِدِ، فَلَمَّا أَصْبَحَ جَاءَ فِي النَّاسِ فَكَشَفَ عَنْهُ

فَلَمَّا نَظَرَ إِلَى يَاقُوتِهِ وَزَبْرَجِدِهِ وَجَوْهَرِهِ بَكَى

کاتێك یەك لە پێنجی غەنیمەکانی جلولایان بۆ عومەر هێنا ، عبدالرحمن بن عوف و عبداللە بن ارقم لە مزگەوتدا پاسەوانی غەنیمەکانیان دەکرد ، کاتێك بەیانی بۆوە ، عومەر لەگەڵ خەڵك هات ، کاتێك سەیری غەنیمەکانی کرد کە یاقوت و گەوهەر و خشلی بەهاداری تێدابوو ، دەستی کرد بە گریان.

الطبری لە تاریخ الملوك و الرسل ج٤ لاپەڕە ٢٦-٢٧ دەڵێت:

وقتل الله منهم يومئذ مائة ألف، فجللت القتلى المجال فسميت جلولاء بما جللها من قتلاهم

وه لەم رۆژەدا ( جلولاء) الله سـەد هەزاری لێیان کوشـت ، کوژراوەکان سـەرتاپای گۆڕەپانی جەنگیان داپۆشـــیبوو ، لەبەر ئەوە ناوی لێنرا جلولاء چونکە کوژراوەکان خاکەکەیان داپۆشیبوو.

وه یەکێك لە موسـلمانەکان باس دەکات کە چۆن کچێکی کوردی وەك کۆیلە بەدەست هێناوە

فإذا امرأة كالغزال في حسـن الشـمس، فأخذتها وثيابها، فأديت الثياب، وطلبت في الجارية حتى صارت إلي فاتخذتها أم ولد

ژنێکم بینی وەك ئاسك کە وەك خۆر جوان بوو ، خۆی و جلەکانیم بەدەست هێنا ، جلەکانیم تسـلیم کرد ، وە داوای ئەم ژنە کۆیلەم کرد کە بۆخۆم بێت ، ئەوەبوو بۆ من بوو وە کردم بە دایکی منداڵ ( کەنیزەك).

الطبری لە تاریخ الملوك و الرسل ج٣ لاپەرە ٢٠ دەڵێت:

ابن کثیر لە البدایة و النهایة ج٤ لاپەرە ٦٥ دەڵێت

کاتێك موسـلمانان ( سـوپای عەرەب) فتحی مدائینی کرد ، کافورێکی زۆریان دەسـتکەوت وە وایان زانی خوێیە ، وە بۆ هەویر و خواردن بەکاریان هێنا وە بینیان تاڵە

وه الطبری تاریخ الملوك و الرسـل ج٤ لاپەرە ١٧ لە زمانی یەکێك لە عەرەبە درِندەکانەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

وأتينا على كافور كثير، فما حسـبناه إلا ملحا، فجعلنا نعجن به حتى وجدنا مرارته في الخبز

وه کافورێکی زۆرمان دەسـت کەوت و وامان زانی کە خوێیە ، خسـتمانە هەویرە ، بینیمان تاڵە.

کافور جۆرە بۆن و بەرامێکە کە شـەهوەت و هەوەسی مرۆڤ بۆ سـێکس کەم دەکاتەوە کەچی الله اکبر لە قورئاندا بە موسـلمانانی بەهەشـت دەڵێت شرابێکتان دەرخوارد دەدەم کەلەگەڵ کافور تێکەڵە:

ئایەتی ٥ سورەتی الانسان :

إِنَّ الْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِن كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا

پیاوانی بەهەشتی لە پێکدا شەرابێك دەخۆنەوە کە لەگەڵ کافور تێکەڵە

موفەسیرەکان بەم فەلتەیەی قورئانیان زانیووە لەبەر ئەوە دەڵێن ئەم ئایەتە دەڵێت کافور بەڵام بە مانای کافور نایەت بەڵکو بە مانای ئەوە دێت کە بۆنەکەی خۆشە.

واتە لەگەل فتوحاتی ئیسلامی ، ٢٠٪ دەستکەوت و فەرهودەکان بە ژنان و منداڵانی بە کۆیلە کراوەوە دەهێنرێن بۆ دوورگەی عەرەبی.

عومەری کوڕی خەتاب رێگای نەداوە کە پیاوانی کۆیلەی فارس و کورد بهێنرێنە ناو مدینەوە، تەنها ڕێگای داوە کچ و ژنەکان و منداڵانی بەکۆیلە کراوی کورد و فارس بهێنرێنە مدینەوە چونکە میلەتی ئیسلام میلەتی کثیر النکاحە ( واتە زۆر گانکەرە) و پێویستیان بە نێوگەڵی ژنان و کچانی کۆیلە هەیە.

عومەری کوڕی خەتاب بە خەڵکی عەجەمی (کورد و فارس) ی دەگوت علوج

ابن عساکر لە تاریخ مدینة دمشق ج٤٤ لاپەرە ٤١٦ دەڵێت کاتێك عومەر زانی کە پیروز نهاوەندی برینداری کردووە ، بە عبدالله بن العباسی گوت

کنت انت و ابوك تحبان ان یکثر العلوج بالمدینة ( تۆ و باوکت ئارەزوتان دەکرد کە ئەم علوجانە بێنە ناو مدینة)

ابن ابی شبة لە تاریخ المدینة ج٣ لاپەرە ٩٠٤ دەڵێت :

عومەر دەیگوت رێگا مەدەن هیچ کامێك لە کۆیلە پیاوەکان بێنە ناو مدینەوە تەنها کچە منداڵەکانیان نەبێت ، العباس گوتی : ئیش و کارەکانی مدینة سەختن وە مەیسەر نەبایێت تەنها بە علوجەکان نەبن.

وە عومەری کوڕی خەتاب نیزا بۆ الله دەکات و دەلێن الله بمانپاتێزە لە منداڵی بەکۆیلە کراوی جەلەولاء :

احمد النیسابوری لاپەرە ١٢٢ دەڵێت:

موسـلمانان له جەلەولاء غەنیمەیەکی زۆریان بەدەسـت هێنا کە پیشـووتر هەرگیز غەنیمەی وایان بەدەسـت نەهێنابوو ، وە سـەبایەکی زۆری کچانی وڵاتی فارسـیان بەدەســت هێنا وە دەڵێن عومەری کوری خەتاب دەیگوت : اللهم اني اعوذ بك من اولاد سبايا الجلوليات ، فادرك ابناؤهن قتال الصفين

واتە : الله پەنا دەبەینە بەر تۆ لە منداڵانی ژنانی سـەبایاکراوی جەلەولا، ئەوەبوو کورەکانیان گەورە بوون و فریای شەڕی صفین کەوتن.

ابن سـعد لە الطبقات الکبری ج٣ لاپەرە٣٢٢ وە ابن عسـاکر لە تاریخ مدینة دمشق ج٤٤ لاپەرە ٤٠٩ و ابن کثیر البدایة و النهایة ج١٠ لاپەرە ١٨٩-١٩٠دەڵێن:

المغیرة بن شـعبة ، پیروز نهاوەندی ( ابو لؤلؤة- باوکی مرواری) ی هێنایە ناو مدینەوە وە پیروز دەبوایە هەموو مانگێك ١٢٠ درهەمی بە المغیره بدابووایە واتە هەموو رۆژێك چوار درهەم . پیرۆز نەهاوەندی کەسـێکی ناخ پیس بوو، کاتێك سـەیری منداڵە کۆیلەکانی دەکرد دەسـتی بەسـەریاندا دەهێنا و دەگریا و دەیگوت : عەرەب جگەریان خواردم. کاتێك عومەر لە مەککە گەڕایەوە و چوو بۆ بازاڕ ، پیروز نەهاوەندی هات بۆ لای و گوتی ئەی ئەمیری ئیمانداران المغیرة بن شـعبة داوای کارکردنی زۆرم لێ دەکات کە لە توانامدا نییە ، عومەر گوتی لە رۆژێکدا داوای چەندت لێ دەکات ؟ پیروز گوتی چوار درهەم . عومەر گوتی چ کارێك دەکەیت؟ گوتی دەسـتاڕ دروسـت دەکەم و بێدەنگ بوو وە ئاماژەی بە کارەکانی تری نەکرد. عومەر گوتی چوار درهەم زۆر نییە و گوێڕایەڵی خاوەنەکەت بە . کاتێك عومەر ویستی بڕوات ، پیروز گوتی چۆنە دەستاڕێکت بۆ دروست بکەم کە لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەنگ بداتەوە؟ عومەر ترسا و گوتی باشە بۆم دروست بکە

ابن سعد دەڵێت لە کاتی نوێژی بەیانی لە مزگەوتی النبوی پیروز نهاوەندی لە دواوە ٣ خەنجەری لە عومەر دا وە هەندێك دەڵێن ٦ خەنجەری لێیدا وە هەروەها ١٣ لە یاوەرەکانی بریندار کرد کە ٦ دانەیان مردن ئینجا دواتر پیرۆز خۆی کوشت.

عومەر لە کاتی نوێژی بەیانی رۆژی چوارشـەممە ، ٤ رۆژ مابوو لە مانگی ذی الحجة ساڵی ٢٣ کۆچی بریندار کرا

ابو لؤلؤە ( پیروز نهاوەندی) لە بە کۆیلە کراوەکانی نهاوەند بوو وە بە ئەسـڵ پیاوێکی مجوسی ( زەردەشتی) بوو.

ابن عساکر لە تاریخ مدینة دمشق ج٤٤ لاپەرە ٤١٤ دەڵێت:

لە مزگەوت لە کاتی نوێژکردنی بەیانی پیروز نهاوەندی بە خەنجەرە دوو سەرەکەی لە عومەری کوڕی خەتاب و ١٣ لە یاوەرەکانی دا ، ئینجا خۆی کوشت . عومەری پرسی کێ منی بریندار کرد ؟ گوتیان باوکی مرواری ( پیروز نهاوەندی) گوتی : زۆر سوپاس بۆ الله دەمزانی کە بەدەستی عەرەب ناکوژرێم

ابن سعد لە الطبقات الکبری ج٣ لاپەڕە ٣٢٨ دەڵێت:

کاتێک عومەر بریندار کرا ، خەڵک گوتیان ئەی ئەمیری ئیمانداران شتێک ناخۆیتەوە، وە عومەر زۆر حەزی لە شەراب ( نبیذ) بوو گوتی شەرابم بدەنێ . کاتێک شەرابیان دایێ لە برینەکە لە گەڵ خوێن هاتە دەرەوە. ئینجا شیریان دایێ وە شیرەکە لەگەڵ خوێن لە برینکەی سکی هاتە دەرەوە، عومەر زانی کە دەمرێت.

صحیح البخاری کتاب کتاب فضائل الصحابة باب قصة البیعة و الاتفاق علی عثمان بن عفان و فیه مقتل عمر بن الخطاب رضی الله عنهما ژمارە ٣٤٩٧ دەڵێت:

عبدالله بن العباس دەڵێت نوێژی بەیانیمان لە دوو ریزدا لە دوای عومەر دەکرد وە عومەر سورەتی النحل یان یوسفی دەخوێندەوە گوتی الله اکبر ، ئینجا گوێم لە دەنگێک بوو گوتی ئەم سەگە جگەری منی خوارد، کاتێک ئەم علوجە بە خەنجەر کە عومەری دا، وە کاتێک تێپەڕ دەبوو بە خەنجەرەکەی بە ڕاست و چەپ لە خەڵکی دەدا تاوەکو ١٣ کەسی بریندار کرد ، کە ٧ کەسیان مردن ئینجا ئەم علوجە خۆی کوشت.

ئینجا دەڵێت: عومەر بە ابن عباسی گوت خەتای تۆ و باوکت بوو کە ڕێگاتان دا ئەم علوجانە بێنە ناو مدینەوە

وە دەڵێت : شەرابمان دا بە عومەر لە برینەکەی هاتە دەرەوە ، شیرمان دایێ لە برینەکەی هاتە دەرەوە ، زانی کە دەمرێت.

ابن سعد لە الطبقات الکبری ج٣ لاپەرە ٣٦٥ دەڵێت:

رۆژی چوارشـــەممە بریندار کرا و مرد وە رۆژی یەك شـــەممە ، بەیانی یەکی محرم ساڵی ٢٤ کۆچی بە خاك سـپێردرا وە ماوەی دەسـەڵاتەکەی ١٠ سـاڵ و ٥ مانگ و ١١ شەو بوو.

الی الجهنم و بئس المصير

عومەری کوڕی خەتاب لە ژێر قاچەکانی محمد و ابوبکر دەنێژرێت.

السيوطی لە تاريخ الخلفاء لاپەرە ٢٥٦ دەڵێت

کاتێك عومەر کوژرا جنۆکە دەگریان و سەردولکەیان بۆی دەگوت .

## خۆزگەکانی عومەر

هەواڵەی کتێب

بە گوێرەی فەرموودە صـــحیحەکان عومەری کوڕی خەتـاب یەکێکە لەم ١٠ کەسەی کە بەڵێنی بەهەشتی پێدراوە کەچی خۆزگەی سەیرو سەمەرەی کردووە لە ترسی دۆزەخ

ابن عساکر لە تاريخ مدينة دمشـق ج٤٤ لاپەرە ٤٢٩-٤٣٥ وە السـيوطی لە جامع الاحاديث لاپەرە ١٦١ دەڵێن

کاتێك عومەری کوڕی خەتاب بریندار کرا شـــیریان دایێ لە برینەکە هاتە دەرەوە وە کاتێك شرابیان دایێ لە برینەکە لەگەل خوێن هاتە دەرەوە وە زانی کە دەمرێت ، ئینجا گوتی

ئێستا ئەگەر هەموو دونیام هەبووایە دەمکرد بە بەلاگێڕ بۆ ئەوەی دۆزەخ نەبینم

وە ابن عباس پێی گوت مژدە ئەمیری ئیمانداران بە شەهیدی کوژرایت ، عومەر لە وەڵامدا گوتی : ئەگەر هەموو زێڕ و زیوی دونیام هەبووایە ئەوا دەمکرد بە بەلا گێڕ بۆ ئەوەی دۆزەخم نەبینیایە

وە الشـــعبی دەڵێـت : ئەمیری ئیمـانـداران گوتی : هەروەك دەزانم کە دەچمە دۆزەخەوە بەڵام خۆزگە بمزانیـایە کەی لێی دێمە دەرەوە ، وە ئەگەر هەموو ئەم

شتانەم هەبووایە کە خۆر بەسەریاندا هەڵدێت و خۆر بەسەریاندا ئاوا دەبێت ئەوا دەمکرد بە بەڵا گێر بۆ ئەوەی نەچمە دەۆزەخەوە

وە عثمان کوڕی عفان دەڵێت عومەری کوڕی خەتاب گوتی :وازم لێ بێنە قوڕ بەسەرم و قوڕ بەسەر دایکم ئەگەر الله لێم نەبوورێت قوڕ بەسەرم و قوڕ بەسەری دایکم ئەگەر الله لێم نەبوورێت

وە بە عبداللەی کوڕی سەری دەخاتە سەر ڕانی ، عومەر پێی دەڵێت لەسەر زەوی دابنێ ئینجا دەڵێت قورم بەسەر ، قوڕ بەسەر دایکم ئەگەر الله ڕەحمم پێ نەکات ، ئینجا دوا هەناسەی دا و مرد.

عومەر ئەم قسانەی کردووە چونکە ئایەتی ٧١ سورەتی مریەم دەڵێت هیچ موسلمانێك نییە نەچێتە دۆزەخەوە :

وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا

وە هیچ کەسێکتان نییە ( ئەی موسلمانان ) کە نەچنە دۆزەخەوە چونکە ئەمە شتێکە کە الله بڕیاری لەسەرداوە.

وە ابن عساکر لە تاریخ مدینة دمشق ج٤٤ لاپەرە ٣١٣ و ابن شبة النمیری لە تاریخ المدینة ج٣ لاپەرە ٢٩٠ و ابن حجر المطالب العالیة ژمارە ٤٠٠٤ و ابن ابی شیبة لە المصنف کتاب الزهد ژمارە ٣٣٨٣٤ وە محب الدین الطبری لە الریاض النضرة في مناقب العشرة ج٢ لاپەرە ٣٨٠ ژمارە ٨١٣ دەڵێن:

عبدالله بن عامر بن ربیعة گوتی ڕۆژێکیان عومەرم بینی پوش و پەڵاشی لە زەوی هەڵگرتەوە و گوتی : خۆزگە ئەم پوشە بووام و هیچ نەبووام وە دایکم منی نەبووایە ، خۆگە دایکم منی لەبار دەچوو

نهاد بن السري لە الزهد باب من قال لیتنی لم اخلق ( ئەوەی گوتویەتی خۆزگە خلق نەبووام) ژمارە ٤٤٣ وە البیهقی لە شعب الایمان ج١ ژمارە ٧٨٧ وە السیوطی لە تاریخ الخلفاء لاپەڕە ٢٥٣ وە محب الدین الطبری لە الریاض النضرة في مناقب العشرة ج٢ لاپەڕە ٣٨٠ ژمارە ٨١٢ دەڵێن:

عومەر گوتی خۆگە بەرانێك بووام ، خاوەنەكەم هەرچەند بۆیان بكرایە قەڵەویان بكردام ئینجا خەلكانێك سـەردانیان بكردانایە ، سـەریان بڕیبام بەشـێكیان سـور بكردبامایەوە وە بەشـێكیان بكوڵاندبامایە ئینجا منیان بخواردایە ئینجا منیان وەك گو فڕێ بدایە دەرەوە.

الاصـبهانی لە حلیة الاولیاء و طبقات الاصـفیاء باب كلماته في الزهد و الورع ج١ لاپەرە ٥٣ ژمارە ١٣٨ و كنز العمال للمتقی الهندی ج١٢ لاپەرە ٦٢٠ ژمارە ٣٥٩١٦ دەڵێن:

عومەری كوڕی خەتاب گوتی ئەگەر دەنگێك لە ئاسـمانەوە بێت و بڵێت ئەی خەڵكینە هەر هەمووتان دەچنە بەهەشتەوە تەنها پیاوێك نەبێت ، دەترسم كە ئەو پیاوە من بم ، وە ئەگەر بڵێت هەر هەمووتان دەچنە دۆزەخەوە تەنها پیاوێك نەبێت ئەوا خۆزگە دەكەم كە ئەم پیاوە من بم .

وە عومەر ئەم قسانەی كردووە چونكە زانیویەتی كە پیاوێكی ستەمكار بووە چونكە ئایەتی ٣٠ سورەتی فصلت دەڵێت

**إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْـتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ**

ئەوانەی گوتیان الله خودامانە ئینجا راستڕەو بوون ، فریشتە بۆیان دادەبەزێت ( لە كاتی مردن) پێیان دەڵێن : مەترسـن وە دڵتەنگ مەبن وە مژدەتان ئەو بەهەشـتەیە كە بەڵێنتان پێدراوە.

دیارە كاتێك عومەر لەسـەرەمەرگدا بووە ئەم فریشـتەیە بۆی دانەبەزیووە و پێی نەگوتوە مەترسە و غەمگین مەبە چونكە جێگات بەهەشتە. واتە عومەر كەسێكی دۆزەخییە.

ابن نعیم لە الحلیة ج١ لاپەرە ٥٤ دەڵێت:

پیاوێكی ئەنساری دەڵێت داوام لە الله كرد عومەری كوڕی خەتابم لە خەوندا نیشان بدات

دەڵێت دوای ٢٠ ساڵ لە مردنی بینیم کە ئەرەقەی نێوچەوانی دەسڕیەوە و گوتی : ئێستا ڕزگارم بوو وە ئەگەر رەحمەتی الله نەبووایە تیادا دەچووم.

ئەلبەتە ئەم پیاوە ئەنسارییە مەبەستی بووە بڵێت عومەر کەسێکی ستەمکار بوو و دۆزەخی بووە وە ئەگەر رەحمەتی الله نەبێت ئەوا لە دۆزەخ ڕزگاری نابێت.

ابن عساکر لە تاریخ مدینة دمشق ج٤٤ لاپەڕە ٣٩٩ دەڵێت:

بۆ ماوەی ٣ رۆژ بەر لە کوژرانی عومەر ، جنۆکەکان بۆی دەگریان.

هەواڵنامەی کتێب

# جاسوسی کردن

السیوطی لە الدر النثور ج٦ لاپەڕە ١٠٠ وە فتح القدیر ج٥ لاپەرە ٩٢ دەڵێن:

الخرائطی لە پەرتوکی مکارم الاخلاق ئاماژەی بە فەرمووودەیەك کردووە کە عومەری کوڕی خەتاب پاسەوانی بە شەو لە مدینەدا دەکرد ، پیاوێك لە ماڵێك گۆرانی دەگوت وە عومەر بەسەر دیواردا هەڵگەڕا و چووە ژوورەوە وە بینی ژنێکی لایە و ئەرەق دەخواتەوە ، عومەر گوتی ئەی دووژمنی الله پێت وابوو کە الله دەتپارێزێت وە تۆ سەرپێچی الله دەکەیت؟ پیاوەکە گوتی ئەی تۆ ئەی ئەمیری ئیمانداران ، پەلە مەکە ئەگەر من جارێك سەرپێچی اللەم کردبێت ئەوا تۆ ٣ جار کردووتە، الله گوتویەتی ( لا تجسسوا- سیخوی مەکەن ئایەتی ١٢ سورەتی الحجرات) بەڵام تۆ سیخوریت کرد ، وە الله دەڵێت ( و اتوا البیوت من ابوابها – لە دەرگای ماڵەکانەوە وەرنە ژوورەوە ئایەتی ١٨٩ سورەتی البقرة) بەڵام تۆ بەسەر دیواردا هاتیتە ژوورەوە وە بە بێ مۆڵەت وە الله دەڵێت ( لا تدخلوا بیوتا غیر بیوتیکم حتی تستانسوا و تسلموا علی اهلها – مەچوونە ماڵیکەوە تەنها ماڵی خۆتان نەبێت تاوەکو مۆڵەت وەردەگرن و سڵاو دەکەن ئایەتی ٢٧ سورەتی النور) بەڵام تۆ بێ مۆڵەت و سڵاو هاتیتە ژوورەوە ، عومەر ڕەزای اللەی لێبێت گوتی : لەوە باشتر هەیە کە ئەگەر لێت ببورم؟ گوتی بەڵێ . ئەوەبوو لێی بووری و وازی لێی هێنا و دەرچوو.

البیهقی لە شعب الایمان ج١٢ لاپەرە ١٦٠ ئاماژە بە فەرموودەیەکی محمد صلعم دەکات کە دەڵێت:

لا تغتابوا المسلمین و لا تتبعوا عوراتهم فانه من یتبع عورة اخیه المسلم تتبع الله عورته و من تتبع الله عورته یفضحه في جوف بیته

واتە : غەیبەتی موسلمانان مەکەن وە بەدوای کەم وکوڕیان مەکەون ، هەر کەسێك بە دوای کەم و کوڕی برا موسلمانەکەیەوە بێت ئەوا الله بە دوای کەم و کوڕیەکەیەوە دەبێت وە الله بە دوای کەم و کوڕی هەر کەسێکەوە بێت ئەوا لە ناو ماڵەکەی خۆیدا ریسوای دەکات.

واتە عومەر بەم کارەی ٣ ئایەتی قورئان و فەرموودەیەکی محمدی پێشێل کردووە.

# شراب خواردنەوە

لەگەل ئەوەش گوایە ، وەك ئاماژەم پێكرد، كە ئایەتەكانی حرام كردنی ئەلكهول لەسـەر داواكاری عومەری كوڕی خەتاب دابەزیووە، بەڵام عومەری كوڕی خەتاب بەردەوام بووە لە سەر خواردنەوەی شەراب ( نبیذ)

كورد گوتەنی خوەك گرتت بە شیری تەرك ناكەیت بە پیری.

ابن منظور لە لسان العرب ج١٤ لاپەرە ١٧٤ سەبارەت بە وشەی ( نبیذ) دەڵێت

وإنما سـمي نبيذا لأن الذي يتخذه يأخذ تمرا أو زبيبا فينبذه في وعاء أو سـقاء عليه الماء ويتركه حتى يفور فيصير مسكرا

وە پێی دەگوترێت ( نبیذ) چونكە ئەوەی دروسـتی دەكات ، خورما یان مێوژ دەهێنێت و فرێی دەداتە قاپێكەوە یان مەشـكەیەكەوە و ئاوی بەسـەردا دەكات و وازی لێدەهێنێت تاوەكو هەڵدەچێت و دەبێت بە شتێكی سەرخۆشكەر ( شراب)

صحيح مسلم كتاب الاشربة باب اباحة النبيذ الذى لم يشتد و لم يصر مسكرا (رێگا دان بە خواردنەوەی شـەراب ئەگەر بە هێز نەبێت وە سـەرخۆش نەكات ) ژمارە ٢٠٠٤ هاتووە ابن عباس دەڵێت:

كان رسـول الله صـلى الله عليه وسـلم ينتبذ له أول الليل فيشربه إذا أصبح يومه ذلك والليلة التي تجيء والغد والليلة الأخرى والغد إلى العصر فإن بقي شيء سـقاه الخادم أو أمر به فصب

پیغەمبەری الله صـلعم بۆی دەگیرایەوە لە شـەودا ئینجا ڕۆژ و شـەوی دواتر لێی دەخواردەوە وە دووبەیانی و شـەوەكەی لێی دەخواردەوە ئینجا ڕۆژی سـێهەم تاوەكو عەسرەكەی لێی دەخواردەوە ، ئەگەر شـتێك مابووایە ، ئەوا یان دەیدا بە خزمەتكارەكەی یان فڕێی دەدا

هەمان سـەرچاوەی پیشـوو بە ژمارە ٢٠٠٥ پێمان دەڵێت چۆن شرابیان بۆ محمد صلعم دروست كردووە:

ابن حزن القشـيري قال لقيت عائشـة فسـألتها عن النبيذ فدعت عائشـة جارية حبشـية فقالت سـل هذه فإنها كانت تنبذ لرسـول الله صـلى الله عليه وسـلم فقالت الحبشـية كنت أنبذ له في سـقاء من الليل وأوكيه وأعلقه فإذا أصبح شرب منه

ابن حزن القشـيرى دەلێت پرسـیارم لە عائیشـە گرت دەبارەی چۆنیەتی دروسـت کردنی نبیذ ، دەڵێت عائیشە بانگی ژنە کۆیلە حەبەشیەکەی کرد و گوتی لەوە بپرسە چونکە بۆ پێغەمبەری الله دروستی دەکرد. کۆیلە حەبەشیەکە گوتی : لە شەودا لە ناو مەشکەیەك بۆم دروست دەکرد و سەرەکەم توند دەگرت و دادەخست کاتێك بەیانی دەبۆوە لێی دەخواردەوە.

هەمان سەرچاوەی پیشوو ژمارە ٢٠١١ هاتووە جابر دەڵێت

کنا مع رسـول الله صـلى الله عليه وسـلم فاسـتسـقى فقال رجل يا رسـول الله ألا نسـقيك نبيذا فقال بلى قال فخرج الرجل يسـعى فجاء بقدح فيه نبيذ فقال رسـول الله صلى الله عليه وسلم ألا خمرته ولو تعرض عليه عودا قال فشرب

لەگەڵ پێغەمبەری الله بووین ، داوای خواردنەوەی کرد ، پیـاوێـك گوتی ئەی پێغەمبەری الله شراب ( نبیذ) دەخۆیتەوە؟ گوتی بەڵێ . پیاوەکە دەرچوو ، گەڕایەوە و بەرداغێك شرابی بۆی هێنا ، پێغەمبەر گوتی باشـتر نەبوو ( خمر بووایە) واتە ( بۆگەنی بکردایە و ببووایە بە ئەلکهول) لایەنی کەم سەرەکەیت دابخستایە ، ئینجا خواردیەوە.

محمد داوای کردووە سـەرەکەی دابخرێت بۆ ئەوەی بۆگەن بکات و ببێت بە ئەلکهول

سنن النسائى کتاب الشربة باب ذکر الاخبار التى اعتل بها من اباح شراب السکر ( ئاماژە کردن بەم هەواڵانەی کە ڕێگا دەدەن بە خواردنەوەی سـەرخۆشـکەر) ژمارە ٥٧٠٣ وە المصـنف لابن ابى شـيبة کتاب الاشربة باب في الرخصـة في النبيذ و من شربه ( مۆڵەت دان بە شـەراب و خواردنەوەی) ژمارە ٢٣٣٧٧ هاتووە ابن مسـعود دەڵێت

أَنَّ النَّبِيَّ صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ عَطِشَ وَهُوَ يَطُوفُ بِـالْبَيْـتِ حَوْلَ الْكَعْبَـةِ فَاسْتَسْقَى فَأُتِيَ بِنَبِيذٍ مِنَ السِّقَايَةِ ، فَشَمَّهُ فَقَطَّبَ فَقَالَ : عَلَيَّ بِذَنُوبٍ زَمْزَمَ ، فَصَبَّ عَلَيْهِ وَشَرِبَ ، فَقَالَ رَجُلٌ : حَرَامٌ هُوَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : لَا

پێغەمبەر بە دەورەی کعبەدا تەوافی دەکرد وە تینوی بوو و داوای خواردنەوەی کرد ، شرابیان بۆی هێنا ، بۆنی کرد و سـیمای مرِ بوو ( بە هۆی بۆنەکەی) گوتی ئاوی زەم زەمم بۆ بێنن ، ئاوی زەم زەمی بەسـەردا کرد و خواردیەوە ، پیاوێك گوتی ئەی پێغەمبەری الله حرامە ، گوتی نەخێر

وە ابن عبد ربە لە العقد الفريد ج٨ لاپەڕە ٨٠ دەڵێت:

ابن عباس گوتی پێغەمبەری الله دارێکی پێ بوو وە بە سـواری ووشـتر بە دەورەی کعبەدا تەواوی دەکرد . کاتێك تەوافی تەواو کرد داوای خواردنەوەی کرد . العباس گوتی شرابێکت بدەینێ کە لە ماڵان دروسـت دەکرێت ؟ گوتی نەخێر ئەوەم بدەنێ کە خەڵك دەیخواتەوە ، بەرداغێك شرابیان بۆی هێنا ، تامی مرد ، تاڵ بوو ، دەم و چاوی خۆی لێک دا ، وە گوتی ئاوم بۆ بێنن . دەڵێت ئاوی کردە سـەری و تامی کرد ، تاڵ بوو ، دوو جاری تر ئاوی بەسـەردا کرد ئینجا خواردیەوە ئینجا گوتی ئەگەر تاڵ بوو ئەوا ئاوی بەسەردا بکەن.

سنن الترمذی کتاب الطهارة باب ما جاء في الوضوء بالنبيذ ( دەست نوێژ شـۆرین بە شراب) ژمارە ٨١

ابن مسـعود دەڵێت پێغەمبەری الله گوتی ئاوت لایە بۆ دەسـتنوێژ ؟ گوتم شـەرابم لایە . گوتی خورمایەکی نایاب و ئاوێکی پاکە ئەوەبوو دەست نوێژی پێ شۆری

واتە : محمد لە کاتی حەجی ماڵئاوایی لە مانگی ذی الحجةی ساڵی ١٠ کۆچی بووە ، نزیك بە ٣ مانگ بەر لە مردنی ، بە سـواری ووشـتر بە دەورەی کعبەدا تەوافی کردووە ، و بە ئاوی زەم زەم شـەرابی خواردۆتەوە. ڕەنگ بێت خێر و حسـەناتەکەی زیاتر بێت بە ئاوی زەم زەم.

وە هەروەها دەست نوێژی شۆریوە بە شراب

وە هەروەهـا کـاتێـك ڕێژەی ئەلکهولەکە لە شـەرابەکە زۆر بووە داویەتی بە خزمەتکارەی بیخواتەوە.

کەواتە لە ئیسلامدا شتێك نییە بە ناوی حرام بوونی ئەلکهول.

وە عومەری کوڕی خەتاب ڕۆژانە شرابی خواردۆتەوە.

لە احکام القران للجصاص ج٤ لاپەڕە ١٢٣ هاتووە :

وقد روي عن عمر أنه قال إن الخمر حرمت وهي من خمسة أشياء من العنب والتمر والعسل والشعير والخمر ما خامر العقل وهذا أيضا يدل على أنه إنما سماه خمرا في حال ما أسكر إذا أكثر منه لقوله والخمر ما خامر العقل

لە عومەر دەگێڕنەوە کە گوتویەتی ، ئەرەق حرام کراوە کە لە پێنج شتە : ترێ و خورما و هەنگوین و جۆ ، وە ئەرەق ئەوەیە کە ئەقل سڕ دەکات ، وە ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە تەنها ئەو شتانەی ناو ناوە ( خمر) ئەرەق ئەگەر زۆر بخۆیتەوە سەرخۆش دەکەن ، وە ئەرەق ئەوەیە کە میشك و ئەقل سڕ دەکات.

وە لە لاپەرە ١٢٦ هاتووە:

عن سعيد وعلقمة أن أعرابيا شرب من شراب عمر فجلده عمر الحد فقال الأعرابي إنما شربت من شرابك فدعا عمر شرابه فكسره بالماء ثم شرب منه وقال من رابه من شرابه شيء فليكسره بالماء ورواه إبراهيم النخعي عن عمر نحوه وقال فيه إنه شرب منه بعد ما ضرب الأعرابي

سعید و علقمة دەڵێن پیاوێکی کۆچەر ( اعرابی) لە هەمان شەرابی عومەری خواردەوە ، عومەر جەلدی کرد ، پیاوەکە گوتی من لە هەمان شەرابی تۆم خواردۆتەوە ، عومەر گوتی شەڕابەکەیم بۆ بێنن ، ئەوەبوو ئاوی تیادا کرد ئینجا خواردیەوە و گوتی ئەگەر هەر کەسێك شك و گومانی لە شەرابەکەی هەبوو ئەوا با بە ئاو توندیەکەی بشکێنێت ، وە ابراهیم النخعی هەمان شت سەبارەت بە عومەر دەگێڕێتەوە و دەلێت دوای ئەوەی عومەر پیاوەکەی جلد کرد ، لە شەرابەکەی خواردەوە.

البلاذری لە انساب الاشراف ج٧ لاپەڕە ١١٠ دەڵێت:

خۆشترین خواردن لای عومەر ( ثفل) بوو وە خۆشترین خواردنەوە شراب بوو

الحاكم له المستدرك على الصحيحين كتاب معرفة الصحابة ج٣ لاپەڕە ٩٣ ژمارە ٤٥٤٣ دەڵێت :

عومەر بە خزمەتكارە كۆیلەكەی گوت : شرابت لایە ؟ گوتی بەڵێ . گوتی بیهێنە ، بۆی هێنا ، عومەر كردیە ناو قاپێكەوە ، بینی بۆنێكی ناخۆشی دێت ، ئاوی بەسەردا كرد ، ئینجا بۆنی كردەوە و بینی بۆنی دێت ، هەم دیسان ئاوی كردە سەری ، ٣ جار ئاوی كردە سەری ئینجا خواردیەوە  ئینجا گوتی ئەگەر شك و گومانتان هەبوو وەك من بكەن.

الحاكم دەڵێت حدیث صحیح الاسناد

امام الشافعی له كتاب الام كتاب الحدود و صفة النفی باب حد الخمر ج٦ لاپەڕە ١٥٦ دەڵێت:

هەندێك خەڵك دەڵێن ئەرەق حرامە وە هەموو شتێكی سەرخۆشكەر لە هەموو شتێك ، وە سەرخۆشكەر حرام نییە تاوەكو سەرخۆش نەكات ، وە كەسێك سزا نادرێت كە شەرابی خواردۆتەوە تاوەكو سەرخۆش نەبێت.

وە عومەر بەرماوەی شەرابی پیاوێكی خواردۆتەوە كە جەلدی كردووە.

البیهقی له السنن الكبری كتاب الاشربة و الحد فیها باب ما جاء في صفة نبیذهم الذی كانوا یشربونە ژمارە ١٦٨٧٧ دەڵێت:

عومەر دەیگوت : ئێمە لە شەراب شەرابێك دەخۆینەوە كە گۆشتی ووشتر لە سكمان پارچە پارچە دەكات  بۆ ئەوەی گۆشتەكە ئازارمان نەدات.

هەمان سەرچاوەی پیشوو باب ما جاء في الكسر بالماء ژمارە ١٦٩٠٣ دەڵێت:

شەرابیان بۆ عومەر هێنا،  ویستی بخواتەوە بینی بەهێزە ، ئاوی بەسەردا كرد و خواردیەوە  ئینجا گوتی ئەگەر بەهێز بوو ئاوی بەسەردا بكەن.

المتقی الهندی له كنز العمال ج١٢ لاپەڕە ٦٢٧ ژمارە ٣٥٩٣٦ دەڵێت عومەری كوڕی خەتاب بە عوتبەی گوت :

ڕۆژانە ووشتر سەردەبڕین ، کە ملەکەی بۆ خانەوادەی عومەرە  کە گۆشتێکی چیر و توندە ، لەبەر ئەوە ئەم شـــەرابە دەخۆینەوە بۆ ئەوەی لە ســـکمان پارچە پارچەی بکات بۆ ئەوەی گۆشتەکە ئازارمان نەدات.

السیوطی لە جمع الجوامع ج١٢ لاپەڕە ٢٩٤ ژمارە ٤٢٥٢ دەڵێت:

عومەر دەیگوت : ئەم شـــەرابە لەم مەشـــکەیە بخۆنەوە ، پشـــت بەهێز دەکات و خواردنی گەدە هەرس دەکات ، وە ناتوانێت ســـەرخۆشـــتان بکات ئەگەر ئاوی بەسەردا بکەن.

السرخسی لە المبسوط کتاب الاشربة ج٢٤ لاپەرە ٨ دەڵێت:

پیاوێکی مەسیحی بە عومەری گوت ئێمە شەراب دروست دەکەین ، هەندێکت بۆ بهێنم . عومەر گوتی بیهێنە ، ئەوەبوو بۆی هێنا ، عومەر گوتی  چەند لە خوێنی کوڵاوی ووشـــتر دەچێت ، ئەوە چۆن دروســـتی دەکەن؟ گوتی شـــەربەتەکەی دەکوڵێنین تاوەکو دوو لە ســـێی دەڕوات و یەك لە ســـێی دەمینێت ، عومەر ئاوی بەسەردا کرد و خواردیەوە

وە هەروەها شـــەرابی تائیفیان بۆ عومەر هێنا ، ئاوی کردە ســـەری و خواردیەوە و گوتی شەرابی تائیف زۆر نایابە.

وە دەڵێت : پیاوێکی کۆچەر( اعرابی) یان بۆ لای عومەر هێنا کە ســـەرخۆش بوو وە شەرابەکەی پێ بوو ، عومەر بەندی کرد ئینجا کاتێك هاتەوە هۆش خۆی ، جەلدی کرد  ئینجا گوتی شـــەرابەکەیم بۆ بێنن ، بینی زۆر توند و بەهێزە ، گوتی : ئۆە  ئەوە ئەم کارەی پێی کردووە ئینجا هەندێك لە شـــەرابەکەی کردە قاپێکەوە وە ئاوی بەســـەردا کرد ، خۆی خواردەوە و هەندێکی دا بە یاوەرەکان  ، وە گوتی : ئەگەر بەهێز بوو ئاوی بەسەردا بکەن.

١٤ ســـەدەیە گاڵتە بە ئەقڵی خەڵك دەکەن ، لە مینبەری مزگەوتەکان جوێن بە مشروب خۆران دەدەن ، کەچی محمد و یاوەرەکانی بە بەردەوام ئەرەق و شـەرابیان خواردۆتەوە.

# پەیوەندی عومەر لەگەل لەش فرۆشێك

ابو فضل احمد لە مجمع الامثال ج١ لاپەرە ٤٨٦ ژمارە ٢٠٤٩ دەڵێت

اشـبق من حبی ژنێکی مدینە بوو کە زۆر شـووی کردبوو ، لەگەڵ ئەوەش بە تەمەن بوو شـوی بە کوڕێکی گەنج کرد بە ناوی ابن ام کلاب . کوڕێکی بەساڵا چووی اشبق من حبی چوو بۆ لای مروان بن حکم ، کە والی مـدینە بوو ، گوتی : دایکم لەگەل ئەوەش کە خۆی بەتەمەنە و منیش بەتەمەنم شـوی بە گەنجێك کە بە کوڕم دەشێت  وە ئەوە بۆتە جێگای قسـە و باسی خەڵك. ئەوەبوو مروان اشبق من حبی لەگەڵ کوڕەکەی بەیەکەوە بانگ کرد ، اشـبق من حبی سـەیری کوڕەکەی کرد و گوتی :

ئەی کورتانی کەر ، ئەم گەنجە بالا بەرزە جوانەت نەبینیوە، سوێند بە الله سواری دایکت دەبێت لە نێوان ژوور و دەرگا ، شـەهوەتی دایکت بەتاڵ دەکاتەوە وە خۆزگەم دەکرد کە من مێینەی ( ضـب) بووام و ئەویش ( ضـب ) ی نێرینە وە بە تەنها بووابن و بەردەوام سوارم بووایە.

ئەم قسەیە بڵاو بۆوە و خەڵك مەسەلەی لسەر دەهێنایەوە.

ضـب : ئاژەڵێکی خشـۆکە کە دەکرێت بگوترێت لە شـێوەی مارمێلکەیە ، لە دوورگەی عەرەب هەیە وە خواردنی لە ئیسلامدا حلالە

وە ابو فضل احمد لە لاپەرە ٤٨٦-٤٨٧ دەڵێت:

وە ژنانی مدینة بە  ( اشـبق من حبی)یان دەگوت ( حواء ام بشرـ – حەوای دایکی مرۆڤ) چونکە ژنانی فێرە جۆرەکانی گان دەکرد ، وە ناوێکی دۆزیبۆوە بۆ هەر جۆرێك لە گان وەك قبع و غربلة و نخیر و رهز

قبع : کاتێك پیاو قاجەکانی ژن دەچەمێنێتەوە لە کاتی جوت بوون

غربلة : وەك دەستار پێیەوە دەنوسێت و دەیهاڕێت

نخیر : ئاخ و ئۆفی پێ دەکات

رهز : دەیهەژێنێت لە کاتی جوت بوون

وە دەڵێت : اشـــبق من حبی ژنی بۆ کوڕێکی هێنا ، ئینجا ســـەردانی کرد و گوتی : مێردەکەت چۆنە؟ گوتی پیاوێکی باشـــە و ئەخلاقی زۆر جوانە و زۆر دڵ فراوانە وە ماڵەکەمی پڕ کردووە لە خێر. وە کێرێکی باشی هەیە . بەڵام داوای شـتێکی قورسـم لێ دەکات .گوتی داوای چیت لێ دەکات ؟ گوتی کاتێك رەحەت دەبێت و من رەحەت دەبم ، داوام لێ دەکات ناڵەم بێت و ئاخ و ئۆف بکەم. اشـــبق من حبی گوتی : جا گان خۆشە بە بێ ئاخ و ئۆف و هەژان ؟

ئینجا شـبق من حبی دەڵێت : ئەگەرپیاوەکەم لە سـەفەر بگەرێتەوە وە من لەسـەر پشتی وشتر بم ، ئارەزوو دەکەم کە بێت و قاچەکانم لەسەر پشتی وشتر بکاتەوە وە بە جۆرێك هاوار و ئاخ و ئۆف بکەم کە هەرچی ووشتری دەوروبەر هەیە ڕابکەن

عومەری کوڕی خەتاب ئەم ژنە دەکات بە دایەنی منداڵەکانی .

ابن ابي شيبة لە تاريخ المدينة ج١ لاپەرە ١٤٦ دەڵێت:

عومەری کوڕی خەتاب خانویەکی لە عثمان بۆ اشـــبق من حبی کڕی بە ١٢ هەزار درهەم

وە اشبق من حبی منداڵەکانی عومەری پەروەردە دەکرد.

# عەرەب و وشتر

عومەر گوتویەتی عەرەب دەتوانێت لە شـوێنێك بژێت کە ووشـتر دەتوانێت تیایدا بژێت

الطبری تاریخ الملوك و الرسل ج٤ لاپەرە ٤٢

کاتێك جلولاء و حلوان و خانقین و تکریت فتح کران ، وە وەفدەکان هاتن بۆ لای عومەر ، عومەر گوتی سـوێند بە الله روخسـارتان گۆڕاوە وەك ئەوکاتە نین کە لێرە رۆیشـتن ، بەڵام کاتێك وەفدی قادسـیە و مدائن هاتن گوتی ئێوە وەك خۆتانن ، گوتیان هۆکارەکەی ئاو و هەوایە.

تێبینی:

قادسیە دەکەوێتە خواروی عیراق وە ئاو و هەواکەی وەك دورگەی عەرەبییە

جلولاء و حلوان و خانقین و تکریت : کوردستانن و ئاو هەواکەیان فێنکە

وە دەڵێت : حذیفة ( لە مدائن بوو ) نامەی بۆ عومەری کوڕی خەتاب نوسی و گوتی : عەرەبەکان کەرشـیان داناوە و باسـکەکانیان لاواز بووە وە ڕەنگیان گۆڕاوە. وە ئەوکات حذیفة لەگەل سعد بن ابی وقاص بوو.

عومەر نامەی نوسی بۆ سـعد گوتی پێم بڵێ چی ڕەنگی عەرەبەکان و سـیماکانیانی گۆڕیوە؟ سعد بۆ عومەری نوسیەوە : عەرەب ڕەنگیان کاڵ بۆتەوە بە هۆی ئاو و هەوای دجلە و مەدائینەوە.

عومەر بۆی نوسیەوە :

ان العرب لا یوافقها الا ما وافق ابلها من البلدان

هیچ وڵاتێك لە عەرەب ناکەوێت ئەگەر هاتوو لە ووشترەکەی نەکەوێت

## دابەش کردنی سامانی فەرهود کراو

ابن سعد لە الطبقات الکبری ج٣ لاپەرە ٢٨٣ دەڵێت

لەم فەرهودانەی کە لە وڵاتە فتح کراوەکان دەهات ، عومەری کوڕی خەتاب بەشی دەدا بە هەموو کەسێك وە کەسێك نەبوو بەشی نەبێت.

بۆ بەشـــدار بووانی شـــەڕی بەدر لە موهاجیرەکانی قورەیش و عەرەب : پێنج هەزار درهەم لە مـانگێك وە بۆ  خەڵکی مـدینە و موالیەکـانیـان چوار هەزار درەهەم لە مانگێك

١٢ هەزار درهەم بۆ عائیشـــە وە ١٠ هەزار بۆ ژنەکانی تری محمد بەڵام جویریە و ماریە ( چونکە کەنیزەکی محمد بوون ) شەش هەزار درهەم

## دەستەسڕی عومەر و بنەماڵەکەی

البلاذی لە انساب الاشراف ج٧ لاپەرە ١١٠ دەڵێت

کاتێك عومەر لە نان خواردن تەواو دەبوو دەســـتەکانی بە نەعلەکانی دەسڕیەوە و دەیگوت دەستەسڕی خانەوادەی عومەر نەعلەکانیانن

ابن سعد لە الطبقات الکبری ج٣ لاپەڕە ٣١٨ دەڵێت

ســـائب بن زید گوتی لە ماڵی عومەر نانی ئێوارە ( نان و گۆشـــت) م خوارد ئینجا عومەر دەستەکانی بە پێکانی سڕیەوە و گوتی ئەوە دەستە سڕی عومەر و خانەوادەی عومەرە.

لە کنز العمال للمتقی الهندي ج١٢ لاپەرە ٦٣٢ بە ژمارە ٣٥٩٤٩ هاتووە و دەڵێت:

الجـارود لە مـاڵی عومەری کوڕی خەتـاب نـانی خوارد ، کاتێك تەواو بوو ، گوتی دەســـتەسڕم بۆ بێنن  ( بۆ ئەوەی دەســـتی پاك بکاتەوە) عومەر گوتی دەســـتت بە قونت بسڕەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## خواردنی عەجەم

ابن عساكر لە تاريخ مدينة دمشق ج٤٤ لاپەڕە ٢٩٧ دەڵێت

قوتويەك شيرينی وڵاتی فارسيان بۆ عومەر هێنا ، شيرينيەكە فرە ڕەنگ بوو : زەرد و سور و سەوز ، كاتێك قوتويەكەيان بۆ كردەوە ، عومەر سەيری كرد و ئەبلەق بوو وە گوتی : بەخ بەخ چەند جوان و نايابە ئەمە

وە لە لاپەرە ٢٩٣ دەڵێت:

لە وڵاتی فارس و خراسان غەنيمەمان بۆ مدينە بۆ عومەری كوڕی خەتاب هێنايەوە وە دەلێت شيرينيمان هێنابوو كە فرە ڕەنگ بوو : زەرد و سور . عومەر تامی كرد وە بينی تام و بۆنەكەی نايابە ، ئينجا ڕوی لە ئێمە كرد و گوتی : سوێند بە اللە ئەی پياوانی موهاجير و ئەنسار ، لەسەر ئەم خواردنە باوك كوڕ دەكوژێت و برا برا دەكوژێت.

هەواڵنامەی كتێب

# نامەکەی عومەر بۆ یزدگرد و وەڵامی یزدگرد بۆ عومەر

## نامەکەی عومەر بۆ یەزدگەر ( پادشای ساسانی)

لە عومەری کوڕی خەتاب بۆ یەزدگەردی سێهەم پادشای فارسەکان

یەزدگەرد من داهاتوویەك بۆ تۆ و میلەتەکەت نابینم لەبەر ئەوە پیشنیارەکەی من قبوڵ بکە . لە سەردەمانێك نیوەی جیهان لە ژێر دەسەلاتی تۆ بوو ، بەڵام ئەمرۆ سوپاکەت لەبەر دەم سوپاکەمان شکستی هێناوە ، میلەتەکەت لەسەروبەندی هەلوەشانەوەیە. من ڕێگایەکت نیشان دەدەم بۆ رزگارکردنی خۆت و میلەتەکەت.

دەست بکە بە پەرستنی الله ، تاکە خودا کە هەموو شتێکی دروست کردووە. ئێمە ئەم پەیامەمان بۆ تۆ و هەموو جیهانە کە تەنها الله بپەرستن.

خۆت و میلەتەکەت لە پەرستنی ئاگر بووەستن چونکە ئەم کارە کارێکی هەڵەیە . پەیوەست بە بە ریزی ئێمەوە وە الله اکبر بپەرستە کە خودای راستەقینەی دروستکەری جیهانەکانە.

الله بپەرستە وە ئیسلام هەڵبژێرە وەك ڕێگای راست . دەستبەرداری کوفر بە و ببە بە ئیسلام وە الله اکبر وەك خودای رزگاریکەر هەڵبژێرە

لە ڕێگای ئەم کارەت ، ئەوا ژیانی خۆت ڕزگار دەکەیت و ئاشتی بۆ میلەتانی عەجەم دەهێنێت .

الله اکبر

عومەری کوڕی خەتاب ئەمیری ئیمانداران

## وەڵامی یەزدگەرد بۆ عومەری کوڕی خەتاب :

بە ناوی ئاهورامزدا دروستکەری ژیان و ژیری ، تۆ لە نامەکەت ڕێنماییمان دەکەیت کە الله اکبر بپەرستین بێ ئەوەی کە بزانیت ئێمە کێین و چی دەپەرستین. ئەوەی سەیرە لەگەڵ ئەوەش کە تۆ لەسەر کورسی خەلافەت دانیشتوویت بەڵام ئاستی عەقلت لە ئاستی عەقلی کەسێکی بەدەویە وە ئاستی بیرکردنەوەت لە ئاستی سەرۆك خێڵێکی عەرەبە کە ئێمە بەزەییمان پێیان دێتەوە. ئەی عومەر تۆ داوامان لێ دەکەیت کە خودایەکی تاك و تەنها بپەرستین ، بێ ئەوەی بزانیت کە ئێمە هەزارەها ساڵە خودایەکی تاك و تەنها دەپەرستین وە ڕۆژانە پێنج جار کرنۆشی بۆ دەبەین لە نوێژەکانمان . ساڵەهای ساڵە کە داب و نەریت و ئەدەب و هونەر بەشێکە لە ژیانی ئێمە . کاتێك ئێمە دروستکەری داب و نەریتی جوان و کاری باش و خانەخوێی ڕێزدارانە بووین وە هەڵگری پەیامی ( بیری باش و گوفتاری باش و کاری باش ) بووین ، ئێوە مارمێلکە و مێرووتان دەخوارد ، چونکە هیچیترتان نەبوو کە بیخۆن. وە کچەکانتان زیندە بە چاڵ دەکرد ، عەرەب نازانن ڕێز مانای چییە ، ئێوە سەری خەلك دەبڕن وە تەنانەت سەری دیلەکانتان دەبڕن وە دەست درێژی دەکەنە سەر ژنان و کچەکانتان زیندە بە چاڵ دەکەن ، وە ڕێگری لە کاروانەکان دەکەن ، وە دەکوژن و فەرهودی سامانی خەڵك دەکەن ، دڵەکانتان لەبەردە، ئێمە هەموو ئەم هەلسوکەوتە شێتانە ڕەت دەکەینەوە ، چۆن ڕێگا بە خۆتان دەدەن باسی خودا بکەن لەکاتێکدا ئەم هەموو تاوانە دەکەن. بە من دەڵێیت کە کرنۆش بۆ ئاگر نەبەم ، ئێمە خۆشەویستی دروستکەر و ڕوناکی خۆر لە کڵپەی ئاگردا دەبینین ، ئاگر و ڕوناکی وامان لێ دەکات کە تیشکی ڕاستی و هەق ببینین ، وە دڵی خۆمان بدەین بە دروستکەر بۆ ئەوەی ڕوناکی بکاتەوە. هەمیشە هەوڵمان داوە کە لەگەڵ خەڵك باش بین و ڕێگایان ڕوناك بکەینەوە ، بۆ ئەوەی خۆشەویستی بۆ هەمیشە لە دڵەکانماندا بمینێت. خوداکەمان ناوی ئاهورامازدەیە کە ئێوە ئێستا ناسیوتانە و ناوتان لێ ناوە الله اکبر . بەڵام ئێمە وەك ئێوە نین ، ئێمە خۆشەویستی لە نێوان خەڵکدا بڵاودەکەینەوە، ئێمە خۆشەویستی لە ناو خەڵکدا و لە زەویدا بڵاودەکەینەوە و پەرە پێ دەدەین. بۆ هەزارەها ساڵە ئێمە پەرە بە داب و نەریت و فەرهەنگمان دەدەین ، وە لە هەمان کاتدا ڕێز لە داب و نەریتی خەڵك دەگرین، بەڵام ئێوە لە ژێر ناوی الله ، وێرانی و فەرهود دەکەن وە خەڵك دەکوژن ، وە لەگەل خۆتان هەژاری و برسێتی دەهێنن ، وە بە ناوی خودا ترساندن و تۆقاندن و هەژاری بڵاودەکەنەوە ، ئایا ئەم خودایە فەرمانتان پێ دەکات کە بکوژن؟ وە ئایا فەرمانتان پێ دەکات کە وێران بکەن و فەرهود بکەن؟ ئایا بە ڕاستی ئێوە پیادەکەری خودان؟ لە ژێر ناوی خودا هەموو ئەم کارە قێزەوەنانە دەکەن وە یان لە ژێر ناوی

خودا بیابانی ووشــــکتان جێهێشــــتووە  وە یان لە ڕێگای داگیرکاریەکانتان  و تیغی شـمشـێرەکانتان وانەی خۆشـەویسـتی خودا بە خەڵك رادەگەیەنن؟  ئێمە هەزارەها ســـاڵە فەرهەنگی خۆمان هەیە . پێمان بڵێن کە ئێوە لە ڕێگای داگیرکاریەکانتان و دەســـتدرێژیەکانتان و کوشـــت و کوشـــتارەکانتان  لە ژێر ناوی الله اکبر چیمان فێر دەکەن؟ چیتان فێرە موســـلمانان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن خەڵکانی تر فێر بکەن؟ ئیوە چی فێربوون بۆ ئەوەی ئێســـتا بێن ، بە زەبر و زەنگ ، خەڵکانی تر فێر بکەن؟ ئەفسوس ئەفسوس سوپاکەمان لە ئێستادا شکاوە لە بەرامبەر بە سوپاکەی ئێوە ، وە ئێســـتا  دەبێت  خەڵکەکەمان کرنۆش بۆ ئەو خودایە ببەن کە بە شـــمشـــێری عەرەبەکان هاتووە. پێشـنیارت بۆ دەکەم کە سـوپاکەت کۆبکەیتەوە و بیگێڕیتەوە بۆ بیابان ، ئەم شـوێنەی کە تیایدا دەژیان ، ئەم شـوێنەی هیچ فەرهەنگێکی تیادا نییە جگە لە ترس لە ئاگری دۆزەخ. بیگێڕەوە بۆ ئەو شوێنەی کە خێلە عەرەبەکان تیایدا حوکم دەکەن و مارمێلکە دەخۆن. من و خەڵکەکەم قبول ناکەن کە ســـوپاکەت ، سـوپای عەرەب لە ولاتەکەمان بمێننەوە  کە تەنها هاتوون بۆ کوشـتار و فەرهودی ، واز بێنن لەم هەلســـوکەوتە تاوانبارانەتان ، خەڵك لێرە لێبوردە و میهرەبانە  وە بۆ هەر شـوێنێك دەچن تۆوی چاکە دەنێژن ، داواتان لێ دەکەم کە لە بیابان بمێنن وە لە شارستانیەت نزیك نەبنەوە ، چونکە ئاینەکەتان ئێرهابی و دڕندەییە.

یەزدەگردی سێهەم .

سەرچاوە ئیسلامیەکان شەرم دەکەن کە ئاماژە بەم نامەیە بکەن

ئەم نامەیە نوسراوە دوای ئەوەی سـوپای سـاسـانی لە شـەڕی قادسـیە بەرامبەر بە دڕندەکانی دوورگەی عەرەبی دەشکێت.

**چاوەڕێی پەرتوکی داهاتوو بن :**

**داگیرکردنی کوردستان لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب**